




# بەشێک لە بابەت و نووسراوەکانی

## هاوڕێ شارۆخ حەسەن زادە

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ ......... لاپەڕەی ......... ٥

١- مووشەکی کۆماری ئیسلامی و چەکی عەقڵانیی حیزب...

١- پردی بولیوار و دەربەندی کەوشەن...

٢- سەفیری شەڕ...

٣- ئەو هەمووە تانک و تۆپ و هێزە بە چ مەبەستێک؟...

٤- گرکانی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ ......... لاپەڕەی ......... ١٩

١- نەتەوە سازی و پرسی زمانی ستاندارد...

٢- کۆمەڵگەی مەدەنی ئاخێز و مێژووەکەی...

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و ئێران...

٤- کۆمەڵگەی مەدەنی خەڵک و دەسەڵات...

٥- نیشتمان، ئاوردووی ڕێژیم...

٦- میتۆلۆژیی نەورۆز...

٧- بەهاری گەلانی ئێران...

٨- دەربازبوون لە سەردەمی ڕێفۆرمخوازیی حکومەتی...

٩- دوکتور قاسملوو؛ ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد...

١٠- دوکتور قاسملوو، ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد...

١١- ورمێی کوردستان قوربانیی ڕووداوگەلی پۆپۆلیستی...

١٢- مێتۆدی "شار" بۆ بەرگری لە "قەڵا"...

١٣- ڕۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی سیاسیدا...




سەرچاوە
Serchawe

١٤- ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە مەدەنییەکاندا...
١٥- چەمک و بنەماکانی مافی مرۆڤ...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٠ ......... لاپەڕەی ......... ٩٣

١- مافی سروشتی...
٢- گەورەیی و شکۆی مرۆڤانە...
٣- دەستنیشانکردنی بەهای مافە مرۆییەکان...
٤- دادپەروەری (٥)...
٥- دادپەروەری و قازانجەکانی...
٦- دادپەروەری و قازانجەکانی...
٧- خواستی دادپەروەری لەهەمبەر مافی مرۆڤ...
٨- مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ چییە؟...
٩- مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان...
١٠- وانەکانی مافی مرۆڤ (هێندێک ڕاستی لەسەر دین)...
١١- دابەشکاریی دیرۆکیی مافی مرۆڤ...
١٢- قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ، لە ڕێنێسانس هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم...
١٣- قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ (لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا ١٩٤٨)...
١٤- قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ (لە ١٩٤٨ هەتا ئێستا)...
١٥- کۆبەندی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢١ ......... لاپەڕەی ......... ١٣٣

١- کۆمەڵگە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان...
٢- سامانی نەتەوەیی، هەویەتی و نەخۆشیی وەنداڵیزم...
٣- ئایا مێژوو ڕێسامەندە؟...
٤- پێویستی بەردەوام بوونی ڕیپۆرتێری تایبەتیی مافی مرۆڤ بۆ ئێران...
٥- دوکتورینی کۆماری ئیسلامی، مکانیزمی "مەیدان-شەڕ" و "دیپلۆماسی-فریو" ...

٦- فرۆکەکانی "گاگارین" و ژارە شیمیاییەکان کە بەسەر "شنۆ"دا ڕشتیانن...

٧- سێ پاڵنەری سەرەکی بۆ "سەربەخۆیی‌خوازی" ...

٨- تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان...

٩- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان...

١٠- جۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان...

١١- چاشۆڕش (چاکسازی - شۆڕش!)...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٢ ......... لاپەڕەی ......... ١٧٨

١- دوای کۆمارەکەمان...

٢- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...

٣- کوێستانی ئاواجیغ...

٤- ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (لە دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە هەتا ژێکاف) ...

٦- ژن، ژیان، ئازادی(لە هەناوی وێژە و فۆلکلۆری کوردییەوە) ...

٧- هەڵوێستی ماموستایانی ئایینی...

٨- پێویستیی چالاککردنی دادگای کەیفەری و دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە لەلایەن شورای ئەمنییەتەوە...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٣ ......... لاپەڕەی ......... ٢١٥

١- لە سەربەخۆییخوازانی بازنەی ئیستانبووڵ هەتا شۆرشی "ژینا"...

٢- فستیڤاڵی گێلاسی شنۆ لە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەوە بۆ پرسێکی ئەمنییەتی...

٣- قاسملوو؛ ڕینسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد...

٤- پاییز و زستان وەرزی تێکۆشینی جڤاکی؟...

٥- سێندرۆمی "قەڵا"...

٦- چاکشۆڕش، لە نێوان چاکسازی و شۆرش! ...

٧- شۆڕشیی هزری - کۆمەڵایەتیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستان و ئێران...

٨- شەڕی مەزنگوتارەکان...



سەرچاوە
Serchawe

# باتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

## مووشەکی کۆماری ئیسلامی و چەکی عەقڵانیی حیزب

هابێرماس گوتەنی "جیهانژینیی ئێمە ئێستاش نەهاتۆتە ژێر نیزامێکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی". ئێستاش عەقڵانییەتی شەڕ لە کەند و کەلەبەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆ ڕادێنێ. لە سیاسەت و دیرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنانەئارای دیسکۆرسی عەقڵانی بۆ نێو کۆمەڵگە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕا و خەبات و دەستەڵاتی سڤیل دەبیندرێ, بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ لەنێو بەشی هەرە زۆری دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا گوفتمانی شەڕ, تیرۆر و ئاژاوە بۆسەر گەلانی ئازادیخواز زاڵە و ڕۆڵی سەرەکیی توندوتیژی دەیگێڕێ.
هەڵەیە ئەگە پێمان وابێ وڵامی تەحەی پەحەیە! و دەبێ وەک بەرامبەرم بجوڵێینەوە جا بەم شێوازە ڕێگای ئازادی و دێموکراسی چەوڕێژ دەکرێ. ئەگەرچی ئەو تێز و تێرم و بۆچوونانەی لە حەوزەی سیاسی و ئەندێشە و فەلسەفەدا باس دەکرێن بە هەموو ڕێکار و یاسا و دیسپلینانەدا بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی بە پشتیوانیی ئەو تێئۆرییانەی گوتراوە ئەگەر لە جێی خۆیدا ئەزموون و لایەنی تیژ و زبری دەگەڵ نەبێ، قەدری نەرم ئامێریەکەی نامێنێ و خەباتی فرەڕەهەندی بێ مانا دەبێ.

چەند موشەکێکی زیرەک، ١٧ی خەرمانان (٨ی سپتامبر ٢٠١٨) بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکاتە ئامانج و خەسارێکی زۆری گیانی، رووحی و مادی لێ کەوتەوە, بەڵام عەقڵانییەت و دیسکۆرسی تیرۆر و شەڕ لەلایەن ڕێژیمەوە بە مانگرتنێکی ئارام و کەم تێچوو وەڵام درایەوە، بەوە نەک هەر دوژمن ئامانجەکەی بۆ نەپێکرا بەڵکوو ئەمە بە قازانجی خەڵک و بزووتنەوە شکایەوە. بەشێک لەو دەسکەوتانە دەتوانن ئەمە بن:
بەرینترکردنەوەی پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵانی زویر، یەکگرتنی بێ وێنە و بەجێی خەڵک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قاودانی پیلانگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامی، هاتنە سەرخەتی حیزب و وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوایی (لە بەرامبەر پرسی کوردی ڕۆژهەڵات کە زۆر بە غەریبی مابۆوە)، خۆ تێهاویشتن لە کێشەکانی ئاڵۆزی ناوچە (ئێران) و بوون بە ئاڵتێرناتیو بۆ داهاتووی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## پردی بولیوار و دەربەندی کەوشەن

٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵقی وەزاڵەهاتووی ئێران لەچنگ سیستەمی پاشایەتی، بەشێوەیەکی مەدەنییانە و لە ڕێی مانگرتن و ڕێپێوانە سەرتاسەرییەکان توانیان ئەو نیزامە دیکتاتۆرە سەرەوژێر بکەن. لە دەرفەتی پێکهاتوودا و بە پیلانی پێشتر بۆدارێژراو خومەینی وەک ڕێبەری سەرجەم ئەو بزووتنەوانە پێناسەی بۆ کرا و هێنایانە سەرتەختی خونکاری! دوای ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتدارەتی و شێوە ڕوانینی حاکمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ حوکمەت و خەڵک، هەم وڵاتی بریتانیا و هەمیش ئەمەریکا وەک دوو دەسەڵاتی لایەنگری ئەم گۆڕانکارییە لە حوکمەتی ئێراندا دەگەڵ ئەم خەڵکە کە بە گڕوتینەوە دەسەڵاتی پێشوویان لەسەرکار لابردبوو ئاوی ساردیان بەسەر داکرا و پەژیوان بوون!

خوڵقاندنی شەڕیماڵوێرانکەر و دوور و درێژی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بە قەولی مۆحسین ڕەزایی، فەرماندەی سپای پاسدارانی ئەو کات ئەم ڕێژیمەی بیمە کرد، ئەو شەڕە شەڕێکی جیا لەوەی لەسەر هیندێ کێشە و پرسی ڕابردوو بوو، لە هەمان کاتدا جەنگێکی ئۆلی و مەزهەبیش بوو کە بەسیج و پاسداری ئێرانی چاوەڕێی گەیشتن بە کەربەلا و نەجەف بوون و دەیانویست هەیڤی شیعی پەرە پێبدەن.

دوای کۆتاییهاتنی سەرۆککۆماریی هاشمیی ڕەفسەنجانی و هاتنی خاتەمی بە جێگەی ئەو، بۆشاییەکی دژواز لە بیرۆکەکان ساز بوو، هاوکات بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی و پەرەسەندنی گەشەی شعووری کۆمەڵانی خەڵک و پێگەشتنی نەوەی نوێ، یەکەم ڕاپەڕینی خوێندکاری (کوی دانشگاه) ساڵی ١٣٧٨ سەری هەڵدا، کە بە توندترین شێوەی مومکین (بە قەولی قالیباف «گاز انبری») سەرکوت کرا. ئەمە قۆناخێکی نوێ بوو لە دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک بە دژی دەستەڵاتدارانی پاوانخوازی ئێران.

دە ساڵ دواتر بە هۆی فرت و فێڵی بەربەرین لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆککۆماری لە ئێران جارێکیتر خەڵک ڕژانە سەر شەقام و بە دروشمی ناڕەزایەتیی وەک «دەنگی من کوا؟» و «دەنگی خۆم دەوێتەوە» ڕەوتێکی جیاوازیان بە ناوی «بزووتنەوەی سەوز» خوڵقاند کە ئەم ناڕەزایەتییانەش لەلایەن هێزە ئەمنیەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمەوە بە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدان کۆتایی پێهات. ئەو ناڕەزایەتییانەی چەند مانگ لەمەوبەر (بەفرانباری ٩٦) دەستی پێکردووە دەگەڵ ڕابوونەکانی پێشوو کە هەر دەساڵ جارێک (٧٨ - ٨٨) بۆ ماوەیەکی کورت درێژەیان دەکێشا گەلێک تەوفیر

و جوداوازی هەیە. ئەوەی ٧٨ خوێندکارانی زانکۆکان بە تایبەت تاران کە بە (کوی دانشگاه) ناوبانگی دەرکرد لە سەر داخستنی ڕۆژنامەی «سەلام» بوو و ئەوەی ٨٨یش وەک باس کرا بە فرت و فێڵی هەڵبژاردنەکان دەستی پێکرد. لێ، هی ئەم جارە زۆر جیاواترە و بۆنی ڕووخانێکی یەکجارەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لێوە دێ، کۆمەڵێک پرس و کێشەی جیدی وەک»بێکاری، گرانی، گەندەڵی و ڕانتی بەرپرسانی بالای ڕێژیم، گوێنەدان بە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەکی کۆمەڵایەتی، ڕادەربڕین، ئایینی، دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی سووریە، عێراق، یەمەن، لوبنان و ... لەسەر گیرفانی ئەو خەڵکە هەژارە، گرتن و ئازاردانی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە تایبەت جیابیران، ڕووناکبیران و زەخت و هەڵاتنی ئێلیت و نوخبەکان بەرەو وڵاتانی تر، سەرەڕۆیی بنیاتە ئەمنیەتییەکان و لەسەرەوەی هەمووان سپای تێرۆریستی پاسداران دەست و پێوەندیەکانی و...» ئەو نارەزایەتییەی ئەمجارەی لەگەڵ هاوشێوەکانی پێشوو فرە جیاواز دەکا! شتەکە ڕوونە: تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆر درێژ بووهتەوە و سیاسەتەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی بۆ خەڵک و جیهانی دەرەوە قەیرانخوڵقێنە، دراندنی بەرجام لەلایەن ترامپ و وەگەڕخستنەوەی گەمارۆکانی پێشوو بە ئیزافەی سەختترین و دیرۆکیترین گەمارۆکانی مێژوویی ئەمەریکا بۆ سەر وڵاتێک (ئێران) نیزامی کۆماری ئیسلامیی بەرەورووی کێشەی زۆر چارەنووسساز کردووەتەوە، جیدیبوونی خەڵک و ئەو دروشمانەی ڕێک ئەسڵی نیزام و کەسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە واتە خامنەییان داوەتە بەر پلاری مەدەنییانە و (مرگ بر اصل ولایت فقیه)، پشتیوانیی بێپەردەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ و سەرجەم تیمی هاوکاری لە خەبات و نارەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران چەند دیمەنێکی دیکەی گۆڕانکارییەکانی ئێرانی ئەمڕۆن.

خەڵک ڕەنگبێ چاوپۆشی لە زۆر زوڵم و ستەمکاری بکەن بەڵام کێشەی ئابووریی خەڵکی ئێران پرسێک نییە چین و شەبەنگی هەژار و کەم دەراماتی ئێرانی بتوانێ وا بە سانایی چاوی لەسەر بنووقێنێ و هەڵوێست نەگرن. ئەو وڵاتانەی سیستەمی ئابوورییان بە شێوەی ئیدۆلۆژی (کۆمۆنیستی) و ئایینی هەڵ دەسووڕێن، ئابورییەکەی دەدەست تاقمێکی حکوومەتی دایە، ئاکامی ئەم جۆرە ئابووری و بازارەش جگە لە گەندەڵی و ڕانت و دزی هیچ شتێکی تری لێ شین نابێتەوە. میناکی هەرە بەرچاوی ئەم جۆرە وڵاتانە، ڤێنێزۆێلایە، ئابووریی ئەو وڵاتە بە حوکمی تەکرەهەندیی داهاتەکەی (نەوت) و پاوانکردنی سامان و سەروەتی نەتەوەیی ئاکامەکەی بە شێوەی ئەستوونی ئەوهای لێ دێ: پووڵی زۆر لەناو بازاڕ - نەغدینەیی - زۆربوونی داوا (تقاضا) - چوونە سەرێی نرخەکان - هەڵئاوەسان (تورم).

بە پێی سەرچاوەکان ڕادەی هەڵئاوەسان لەو وڵاتە گەیشتووهتە چەند هەزار لەسەد، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو پێشبینی دەکا ئەو تەوەڕومە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ خۆی لە یەک میلیۆن لەسەد بدا. بۆ تێگێشتنی ئەم کارەساتە دەبێ بڵێین، ١٢ میلیۆن بۆلیوار (دراوی ڤێنێزۆئێلا) بۆ کرینی یەک مریشکی دوو کیلۆیی پێویستە، تازە ئەگەر وەگیریش کەوێ. کە ئەمە بە

دراوی یۆرۆ دەکاتە ٢ یۆرۆ، واتە هەر شەش میلیۆن بۆلیوار دەبێتە یەک یۆرۆ! ئەمە ئابووریی ئاڵمانی دوای شەڕی جیهانیی دووهەممان وەبیر دێنیتەوە بەو جیاوازییەی ئەوکات شەڕێکی جیهانی گەورە ڕووی دابوو، ئێستاش لەو وڵاتانەی بەو سیاسەتە ئابوورییە فەشەلە تەنیا شێوازی سەقەتی بەڕێوەبەریی حکوومەتی وای کردووە ئەو کارەساتانە بخوڵقێن.

هەر ئەم دارمانە ئابوورییە وای کردووە ڕۆژانە سەدان و بگرە هەزاران کەس لە خەڵکی ڤێنێزۆئێلا (ئەو وڵاتەی ئەحمەدینیژاد هەزاران میلیاردی بە ناوی پرۆژەی جۆراوجۆر لە سامانی گەلانی ئێران بۆ خەرج کرد) بە سەر پردی بۆلیوار بەرەو کولومبیا هەڵبێن، جا لەوێش ڕا بۆ وڵاتی سێهەم. لە لای خۆیشمان هەر ئێستاش خەڵکێکی زۆری کورد و ئێرانی بە دەربەند و ڕێڕەوە سنوورییەکانی وڵاتی ئێران بە شێوەی قاچاخ خۆیان لەو نەهامەتییەی بەسەریان هاتووە بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە دەرباز دەکەن، ئەمە لە جێی خۆیدا کارێکی زۆر خراپە و مەیدان چۆڵکردنە بۆ گەندەڵیی زیاتر و پاوانخوازانی حاکم. دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە مەحکوومن بە لەنێوچوون.

ڕووداوەکانی ئێستای بازاڕ و دۆخی نالەباری ژیانی خەڵک لەو تێزە ترسناکەی ڤێنێزۆئێلا نزیکمان دەکاتەوە، جا بۆیە خەڵکی ئێمە دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە یا دەبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە ژیانە بێ و قبووڵی بکا یا بێنە مەیدان و بە ڕابوون و هەستانەوەی بوێرانە شۆڕشێکی تر بەرپا بکەن، هەتا لەو دۆخەی ئێستا تێیدا دەژین نەجاتیان بێ و ئەو هەمووە زوڵم و زۆری و ستەمە بنگۆم بکەن، ئەمە ڕێک ئەو خواستەی وڵاتانی ڕۆژئاواییشە، ئەوان ناخوازن ئێران بەشەڕ و تێکهەڵچوون واز لە سەرەڕۆییەکانی بێنێ و سێناریۆی سووریە و ئەفغانستان و عێراق دووپاتە بکەنەوە. ترامپ بە گەمارۆ سەختەکانی کە هەموو جومگە و ژێرخانی ئابووری ئێران دەپێکێ، تۆپەکەی دە زەمینی گەلانی ئێران هاویشتووە، هەتا ئەو زەخت و فشارە هەمە لایەنە بکەنە هەوێنی نارەزایەتی و مانگرتنەکان کە ئەمە باشترین و شیاوترین مۆدێلی گۆڕانکاری لە ئێران دایە.

(لە ژمارەی ٧٣٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## سەفیری شەڕ

ئیرەج مەسجدی هەر وەک بۆخۆی گوتی بە خۆشییەوە کورد نییە، بەڵام بە حوکمی هاموشۆی زۆری کوردان و شەڕ دەگەڵیان هەم کوردی باش دەزانێ هەمیش جوگرافیای کوردستان چاک دەناسێ. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوییە، خەڵکی ئابادانە و خاوەنی سێ منداڵە، هەر لە تەمەنی لاوەتییەوە هاتووەتە نێو ڕیزی سپای تێرۆریستی پاسداران و تا ئێستا چەندین پۆست و بەرپرسیارەتیی گرینگی پێ ئەسپێردراوە. لە شەڕی ئێران و عێراق وەک فەرماندەی تایبەت چەندین جار هاتووچۆی عێراقی کردووە و دواتر وەک فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان (یەکەم قەرارگای دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لکی تێرۆریستیی سپای قودس بۆ کاروباری سیخوڕی، تێرۆریستی و ڕاهێنانی میلیشیا شیعەکانی عێراق وەک حەشدی شەعبی) هاوکاریی زۆری ئەو هێزانەی کردووە و دەگەڵ هادی عامری و ئەبوو مەهدی موهەندیس دۆستایەتییەکی پتەوی هەیە، ناوبراو پێش پۆستی لە سفارەت (کولانەی فیتنە)، ڕاوێژکاری قاسمی سولەیمانی بووە لە سپای قودس، دوای ٢٠٠٣ لە سەیتەرەیەکدا لەلایەن هاوپەیمانان دەگەڵ سەحراروودیی تێرۆریست دەگیرێن و دواتر بە واستەی دۆستە کوردەکانیان بەردەدرێن، مەسجدی هاوەڵزاوای پاستاری ناسراو محەممەدباقری زولقەدرە کە ئەویش یەکێکە لە فەرماندەرانی باڵای سپا. ئەمانە دەستیان بە خوێنی سەدان و بگرە هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران و عێراق و تەنانەت ئەمریکییەکان سوورە.

ئیرەج مەسجدی بۆ یەکەم جارە لە وتووێژێکدا دەگەڵ میدیایەکی دەرەکی چاوپێکەوتن دەکا کە من ئەوە بە دەستکەوتی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان و هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی کورد و جیهانی دەرەوە دەزانم. واش وێدەچوو ئەو چاوپێکەوتنە لەسەر داوای سفارەتی ئێران بووبێ و هەر لە شوێنی مانەوەی سەفیر لە بەغدا بەرنامەکە تۆمار کرابوو. دیکۆڕاسیۆنی ژوورەکە و جلی سەفیر و شەربەتی پرتەقاڵەکەش تایبەتی بوون! جیا لەو پرسیارە بەربڵاوانەی لێی کرا بە گشتی ئیرەجی مەسجدی دوو پەیامی بۆ دوو لایەنی سەرەکی پێ بوو، یەکەمیان ئەمریکا بوو کە ویستی ئەو پەیامەی پێ بدا کە ئێمە لە عێراق ڕنج و ڕیشەمان داکوتاوە و ئەو گەمارۆیانە ناتوانن بێردا تێپەڕن و لە ماتەوزەی عێراق باشترین کەلک وەردەگرین، ئێوەش (ئەمریکا) لانیکەم لێرە پێمان ناوەستن. دیارە ئەمە وەک دەڵێن لە مەوزەعی هێزەوە لێدوانی دەدا وەک ئەوەیکە نە بای هاتووە نە بۆران! دووهەم؛ لایەنێکی تری سەرەکی چاوپێکەوتنەکە پرسی کورد بوو، جا کورد بەگشتی و بەتایبەت کوردی ڕۆژهەڵات. لەوەش حیزبی دێموکرات زۆر بە تایبەتیتر (هەرچەند تەنیا پێنج خولەک باسی ئەو مژارەی کرد، بەڵام بەقەرا ٥٢ خولەکەکەی تر بۆ ئێران گرینگ و پڕبایەخ بوو). دەکرێ بە زۆر بوارانداا هەرەوەک هەستە "هیچ"ەکەی خومەینی بڕوانینە ئەو گوتوبێژە و شەن و کەوی بکەین! ئەوەی کە بۆ ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات زۆر جێ سرنج و تێڕوانین بوو، لە وەڵام پرسیارەکەی پێشکێشکارەکە (هیوا جەمال) بوو، کە خۆی بۆ

ماوەی چاردە مانگ لە ئێران ژیاوە و وەک ڕاگەیەندکارێکی بەتوانا دەرکەوتووە و ئاگای لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی هەیە)، ئەگەرچی بۆی نەبووە وەک میوانانی بەرنامەکەی خۆی (ڕووداوی ئەمرۆ) تێی هەڵپێچێ و ئیزنی قسە کردنی پێ نەدا و بیهێنێ و بیبا! هیوا جەماڵ دندوکێک لە سەر ئیزنی پێشووی سەفیر لەو باسە دەدا و باسی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە دژبەرەکانی کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا. مەسجدی کە خۆی بۆ ئەم پرسیارە ئامادە کردبوو قوونەجووڵەیەک لە سەر کورسییەکەی دەکا و سەرەتا پێناسەی چەمکی ئۆپۆزسیۆن دەکا و پێی وایە هەر ئەم لایەنانە ئۆپۆزیسیۆنن کە چەکدار نین و لە نێوخۆی ئێراندا چالاکن، بە باوەڕی ناوبراو بەم شێوەیە ئێمەش (حیزبی دێموکرات) دەتوانین بێ هیچ کێشەیەک چالاکیی ئازادانە بکەین (کەسێک نەیاناسێ ڕەنگبێ بڕوایان پێ بکا)! ئەو پێی وابوو ئێمە وەک حیزبی دێموکرات (سەیر ئەوەب وو دوو جاری ئەو ناوە پیرۆزەی هێنا، بێ نەریتی باوی خۆیان کە پێشگری "مونحەلەی" بۆ دێننەوە) چوونکە چالاکیی چەکداریش دەکەین و بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی حکوومەتەکەیان مەترسین، ناکەوینە خانەی ئۆپۆزیسیۆن؛ هەربۆیە بە ڕوانینی ئەوان دەبێ بە هەر شێوەیەکی مومکین بۆیان بگونجێ لە ناومان بەرن. بەڵام بەڕاستی پرسیار ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن کێن و چییە؟ ئەو نووسینە تەتەڵەی ئەم بابەتەی.

بەشی هەرەزۆری ئەو هێزانەی دژبەری سیستەمێکی دەستەڵاتدار و حاکمن ئۆپۆزیسیۆن نین، ئەوانە تەنیا دژی هیندێ سیاسەتی نیزامن بۆ پشکداربوونی خۆیان لە دەستەڵات. بەم واتایە دووجۆر ئۆپۆزیسیۆن هەیە، یەکەمیان بە چاویلکەی نیزام ئەوەی تریش بە مانای ڕاستەقینەکەیهتی. بەشی زۆری ئەو لایەن و کەسایەتییانەی خۆیان وەک دژبەر (ئۆپۆزسیۆن، موخالف) پێناسە دەکەن درێژەدەری ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییانەی خەڵکین کە لە ئاکامی قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان یان لە خەبات بە دژی ناعەدالەتی و زوڵم، سەر هەڵدەدەن. ئۆپۆزسیۆنی واقعی توانای ڕێکخستن یا وورووژاندنی بیرۆکەی ئالتێرناتیڤی پێویست بۆ ئەم پێواژۆیانەی هەیە کە ئەندامەکانی پێکهاتوون لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بە تایبەت چالاکانی بوارگەلی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی، ئابووری و... بۆ گۆڕانکاری جدی ئەو دستەڵاتانەی مافی خەڵک نەک هەر پێشێل دەکەن بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو کەس و لایەنانەی داوای حەقی خەڵکی خۆیان دەکەن بە توندترین شێوە سەرکوت دەکەن، لەوەها دۆخێکدا ئۆپۆزیسیۆن کە بواری بەشداری پێکردن لە دەستەڵاتی پێ نەدرا و بە دڕندانەترین شێوەش بەرپەرچی داوا ڕەواکانی دەدرێتەوە و شاربەدەر دەکرێ بە ناچار بۆ بەرگری لە خۆی و چاوترسێنکردنی دەستەڵات پەنا بۆ چەک دەبا. ئەو دژبەرە نەرمانەی دەستەڵات بە ئۆپزیسیۆنیان دەناسێ ڕەوت یا کەسانێکن کە لە هەناوی ئەو نیزامەدا هەڵدەقوڵێن و کەسانێکی خودین و شەریک و برابەشی هەموو کارەساتەکانن کە بەسەر خەڵکیان هێناوە. نیزامیش بە هەموو تواناکانی کار دەکا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەو خەتەی پێیان دراوە ئەوانە وەپێش کەون و، قوت ببنەوە و مەتاڵی پاراستنی هەنێ مافی سەرەتایی و دواکەوتوو بەرز دەکەنەوە کە دەکرێ ئەوانە بە "ئۆپۆزسیۆن نما" ناو بەرین! هەموو ئەو کەس و ئۆپۆزسیۆن نمایانەش کە لاقیان لە بەڕەی خۆیان درێژتر دەکەن

بە ئەنگی جۆراوجۆر لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا دەگیرێن دەنا لەنێو دەبرێن؛ بۆ میناک قەتڵە زنجیرەیەکانی دەیەی حەفتا کە تێدا ٨٠ کەس لە ڕەخنەگران و دژبەرانی نەرمی ئەو حکوومەتە تێرۆر کران، لەوانە کەسانی ناوبەدەرەو و نوخبەی کۆمەڵگەی تێدابوو وەک شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر، چالاکانی سیاسی و... کە بەناوبانگترینیان داریوش فروهەر و پەروانەی ئەسکەندەری بوون، یا لە جەریانی نارەزایەتییەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری (١٣٨٨) ئێران کە دواتر بە "ڕەوتی سەوز" ناسرا، سەدان و هەزاران کەس لە خەڵکی ناسراو و سڤیل هەر بە هۆی ئەوەیکە دژی ئەو هەڵبژاردنە پڕ لە تەزویر و فێڵە بوون و داوای دەنگی دزراوی خۆیان دەکرد، گیران و ئەشکەنجە دران و کوژران، تەنانەت ڕەحمیان بە منداڵانی بەرپرسانی باڵای خۆشیان نەکرد و "محسن روح الامینی" ییەکان لە زیندانی کەهریزەک بە شێوەیەکی قێزەونانە لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژتیانن. لیدەری ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییە مەدەنییانە، کەڕرووبی و مووسەوی بوون، ئەمانە کە خودی و لە ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆیان بوون و پێشتر پۆست و پلەی بەرزی حکوومەتیان دەدەستدا بوو، چیان بەسەر هات؟ یا ئەو هەمووە خەڵکەی بە ناوی زیندانی سیاسی و بە تاوانی جیابیری و دژبەری بیروباوەڕ لە سێدارە دران، ئەوانە هەموویان بە جۆرێک دەکەونە خانەی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی مەسجدی باسی دەکا، ئایا ئەمانە چەکدار بوون؟ ئەمانە هەر برابەش و لە خۆتان نەبوون؟ شەڕی چەکدارییان دەکرد؟

ئاغای ئیرەج مەسجیدی! حەتمەن لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران کورد، بە تیمێکی هاوبەش پێکهاتوو لە چەندین کەسایەتی و ڕەوتی سیاسی لە چەپ و ڕاست و سەربەخۆ بەبێ چەک بەو پەڕی ئازادی و دەسەڵاتەوە هاتنە مەیدانی موزاکرە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لە مهاباد و قوم دەگەڵ بەرپرسانی ئێوە دانیشتن تەنانەت بەرزترین کەسی نیزامەکەتان (خومەینی)شیان بینی، ئێوە دەگەڵ ئەو نیەیەتە پاکانە چتان کرد؟ هەر زۆر زوو ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئاشتیخوازانەیە بە فەرمانی جیهادی ڕێبەرەکەتان کەوتنە بەر دڕندانەترین هێرش و بە هەموو جۆر چەک و چۆڵ پەلامار دران، بە سەربازەکانتان گوت قەیتانی پۆتینەکان مەکەنەوە هەتا کوردێک مابێ!! ئاوا دەبێ وڵامی ئۆپۆزیسیۆنی دژی شەڕ و ئاشتیخواز؟ هەمیسان جارێکی تر لەبەر باوەڕی قوڵمان بە ئاشتی و مەدەنییەت، بۆ پێشگرتن بە کاولکاری و کوشتار و کارەسات، شەهیدی نەمر دکتۆر قاسملوو لەسەر میزی گوتوبێژ دەگەڵ سەحراڕوودیی هاوڕێت ویستی بە شێوازێکی ئاوەزمەندانە و بە دوور لە شەڕ و خەباتی چەکدارانە لە وڵاتیکی ئازادی ئەورووپی، ئێوە بێنیتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بە شەڕ و گرتن و کوشتن ناتوانن ئێمە لەنێو بەرن، مادام وایە مافی ئێمە بدەن و واز لەو هەمووە تێرۆر و هەڕەشە و گرتنەش بێنن و با پێک بێین. بەڵام دیسان وەڵامەکەمان بینی کە چی بوو...

ئیرەج مەسجدی دەڵێ با لێرە واتە لە هەرێمی کوردستان بە دڵی خۆمان کاری سیاسی و تەبلیغی بکەین جا ئێمە کارمان پێ نین، دەنا ئەوەتا مووشەکبارانتان دەکەین و دەتانکوژین. دیارە حیزبێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆخۆی بڕیاری چۆنییەتی

کاری سیاسی، تەشکیلاتیی خۆی دادەڕێژی، بەڵام بەو فاکتانەی هێنامەوە دێمەوە سەر ئەو بانگەشەیەی ناوبراو دەڵێم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درۆ دەکا. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووی خۆیدا ئا بەم شێوازە سیاسەتی کردووە و ڕەوشت و ئەخلاق هیچ مانایەکی دە قامووسی سیاسەتیاندا نییە و ئەم فاکتەرانە جێگای خۆیان بۆ ئاژاوە، تێرۆر، چەواشە و درۆ لێژ کردووە. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم بانگەشەیە بە دوو جۆر هەڵیسەنگێنین، یا ئەوان بەم قسانە بە درۆ ترسی خۆیان لە خەباتی چەکداری دەردەبڕن و، دەیانهەوێ بەمەبەست تووشی ئیحساسات بین و هانمان بدەن و ڕامانکێشنە ناو کەمین و بۆسەمان بۆ دابنێنەوە و تێکمان بشکێنن و، بە سیاسەتی شەڕهەڵایسان ئاواتیانە دیواری کورتی کورد (بە نیسبەت ئیسراییل و ئەمریکا) بڕووخێنن و بڵێن شەڕمان کرد و سەرکەوتین. یا دەنا ئەگەر پێمان وابێ هەر بەڕاستی شەڕیان ناوێ و لەم شێوازە خەباتە تۆقیون (کە زۆر سەیر نییە بەو دۆخەی ئێستا تێیدان) بۆ کات کڕین و نەشڵەقانی دووڕگەی پڕ لە گڕکانی ئێران هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە، ئێمە وەک هێزێکی ڕەسەن، خاوەن جەماوەر و بەبڕست مەترسی جیدین بۆ سەریان. شتێکی تر ئەوەیە هەتا پێش ئەو قسانە ئێرانییەکان هەمیشە داوایان لە بەرپرسانی باشوور کردووە ئێمە دەبێ خاکی هەرێمی کوردستان چۆل بکەین بەڵام ئەوجارە دەڵێن بەو مەرجانە دەتوانن بمێننەوە!!

هیچ شک دەوەیدا نییە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دۆخێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێ. ئەم قسەیە چوونکە زۆر گوتراوە سواویتەوە، لێبەڵێ بەقەولی خۆیان "این تو بمیری از آن تو بمیریها نیست!"، ئەو ڕێژیمە زۆری تەمەن کردووە و کەمی ماوە، خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد بە هەموو ڕەخنە و سەر و لێژی و کەند و لەندەکانی توانیویەتی لانیکەم خۆڕاگر بێ، سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە قاو بدا و، وەک شۆڕشگێڕێکی نەبەز مەیدانی بۆ چۆل نەکردووە و بوێرانە ئاڵای خەبات بە دژی ستەمکاری و زوڵمی ئەم دیکتاتۆرانەی بۆ گەشتن بە ئازادی و دێموکراسی هەڵ کردووە، قەیرانی ئابووری، کێشە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گرفت و کووڕی کۆمەڵایەتی، کێشەی نێوخۆیی لایەنەکان هەروەها فەساد و گەندەڵی و ڕانتی نێو بەرپرسانی سەرووی ڕژێم، ڕابوون و ناڕەزایەتی ڕۆژانەی شەبەنگ و توێژەکانی کۆمەڵگە، زەختی ترامپ و تیمەکەی، هەموو ئەوانە هێمای دارمین و ڕووخانی حکوومەتێکە کە بە نەمانی، جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئاسوودە دەبێ و دەحەسێتەوە. ئیدی مرۆڤایەتی زۆرکەمتر شەڕ، فیتنە، ئاژاوە، کوشتن و سێدارە بە خۆیەوە دەبینێ. لەم چاوپێکەوتنەدا مەسجدی وەک نوێنەر و دەستەڵاتداری پلە یەکەمی ڕێژیمی ئێران لە عێراق (وەک خاڵی ستراتژیکی ئەو نیزامە بە هۆی هەڵکەوتەی تایبەتی) کە پلاندارێژ و سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی گەلی عێراقە، ویستی خۆیی و حکوومەتەکەی زۆر ئارام و ئاسایی نیشان بدا و بە دروشمگەلی ئابووری و نیزامی و... پڕوپاگەندا بۆ مانەوەی ڕێژیم دەکرد (یوزێف گوبلز و سەعید سەحاف)یش زۆریان لەو ڕیکلامانە کردن کەچی بەخۆشییەوە ئێستا خۆیان و دەستەڵاتەکەیان فندوور بوونە و قۆناخێکی نوێ لە مێژووی دێموکراسی و ئازادی خوڵقاوە!

(لە ژمارەی ٧٣٨ی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە) سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئەو هەمووە تانک و تۆپ و هێزە بە چ مەبەستێک؟

دوای جێگیر بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچە سنورییەکان و بەرچاوبوونی حزووری هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵک، مەترسییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرسی ڕیفراندۆم بۆ ڕاگەیاندنی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی و گرژی و ئالوگۆرە خێراکانی ناوچەکە لە عێراق و سووریەی دوای داعش، بوونی هێزەکانی ڕۆژئاوایی، ئیدی ڕۆژ نییە هەواڵی مانۆڕ و ڕاگواستنی تانک و تۆپ و هێزی چەکداری پۆشتەی سپای ئێران بۆ کوردستان و کەوشەنەکەی نەبیستین.

سپای پاسداران لەو ماوەیەدا دەیان جار ئەو ناوچە سنوورییانەی تۆپباران کردووە و زەرەر و زیانی ماددیی زۆری بە لەوەڕگە، مەڕ و ماڵات و مووچەی خەڵکی بێتاوانی باشووری کوردستان گەیاندووە، تەنانەت لە چەند حاڵەتدا ئەو دەستدرێژییانە شەهید و بریندارێشی لێ کەوتۆتەوە و هیچ کەس و لایەنێک بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەڵوێستی بڕێنی نەگرتووە.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان دوای جێگیربوونی هێزێکی یەکجار زۆری سپای پاسداران لە سەر سنوور لە تازەترین هێرشی خۆیاندا بە مووشەکی زیرەک(خاڵکوت) قەڵای دێموکرات(بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی کردە ئامانج کە بەداخەوە خەسارەیەکی زۆری گیانی لێ کەوتەوە، دوای ئەو هێرشە بۆ یەکەم جار(بە نیسبەت پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) وڵاتانی جیهان بە تایبەت هاوپەیمانانی هێنا سەرخەت و نیکی هێلی، نوێنەری ئەمەریکا ئەم باسەی بردە شووورای تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام لە هەمووی گرینگتر پشتیوانی و هەڵوێستی(٢١ی خەرمانان) قارەمانانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە سوکناییەکی خستە دڵی بریندارێ شۆڕشگێڕان و جارێکی تر ژیلەمۆی خەباتی گەشاندەوە.

لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقیشدا هێزێکی وا زۆر بەو چەک و چۆڵ و ئیمکاناتە لە پێوانەی خۆیدا لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان(ڕۆژهەڵات و باشوور)جێگیر نەکرابوون. جیا لەو باس و شرۆڤانەی دەکرێن تاکتیکێکی تری ڕژیمی ئیسلامی ئێرانە کە کەمتر ئاماژەی پێکراوە و زۆر جار کەڵکی لێ وەرگرتووە و سەرکەوتووش بووە.

کاتێک ڕێژیم لە شوێنێک سەرقاڵی ئاژاوەنانەوە یا جموجۆڵی زۆرە و بە دزی و بە ئاشکرا(وەک دەبینین بە بەر چاوی خەڵک



سەرچاوە
Serchawe

لە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکانی کوردستاندا تانک و تۆپ دەگوازێتەوە) جیا لە ئامانجی تایبەتی خۆی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئەوە لە شوێنێکی تریش زۆر پیس خەریکە! ئەمە بەلاڕێ دابردن و چەواشەکردنی چاوی جیهانە! کورد گوتەنی دەیهەوێ بە بەردێک لە دوو کێلان بدا، ناوچەی بەرامبەری ڕۆژئاوای ئێران (کە کوردستانە و هەمووی تەنیوە) دەبێتە ڕۆژهەڵاتی ئێران کە لەوێش ئەتنیکێکی مافخوازی دژبەری کۆماری ئیسلامی واتە بەلووچەکان لێی دەژین، خۆ ئەوانیش هێز و حیزبیان هەیە و ناچالاکیش نین، بەڵام بە حوکمی جوغرافیایەکەی گەلێک دەربەندی ستراتژیکی لێیە بۆ یارمەتیدانی تالیبان و هێزە توندئاژۆیەکانی تری دژ بە ڕۆژئاوا. من وای بۆ دەچم ڕێژیمی فێڵباز لە تاکتیکی پاشکەسەری کامێراکان کەڵک وەردەگرێ!، بەم جۆرە، چاوەکان دەگەڵ ڕەوانەکردنی هێز و چەک بۆ کوردستان دەسووڕێن کە ئەمە ئامانجی خۆی لە پشتە، بەڵام لەوبەریش کە کەمتر دیدی هەیە خەریکە یارمەتیی هێزە ڕادیکاڵەکان دەکا نەک هەر لە ئەفغانستان بەڵکوو لە پاکستان، وڵاتانی ئەفریقی و عەرەبی، ڕێک ئەو کارەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە سەرەوەی هەموان ئەمەریکا لێی دەترسێ(زەربە لێدان لە بەرژەوەندیەکانیان، تیرۆر، تەقینەوە، ئاژاوە لە بەشی هەرە زۆری ئەم گەردوونە).

ئەو هەمووە پەلەقاژە و بە خێرایی هێز بڵاوکردنەوەیە، لەم کاتە هەستیار و ناسکەدا کە ئابووری ئێران تووشی قەیرانێکی بێ وێنە بووە و لە نێوخۆش ڕۆژ نییە مانگرتن و ئیعترازە مەدەنییەکان بەڕێوە نەچن هەروەها ترس بۆ لەدەستدانی یەمەن و سووریە، بۆنی دارمانی یەکجارەکی دەستەڵاتەکەیان بۆدێ. بۆیە دەخوازن ماکیاڤێڵانە بە هەرشێوەک بۆیان دەلوێ تەمەنی خۆیان درێژ بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## گرکانی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان

گڕکانەکان یەکێ لە مەزنترین هێزەکانی سروشتن، لە بواری فیزیایی بەسەر دەور و پشتیان دا زاڵن و ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە دابەشکاریی جوگرافیای ئەم جیهانە. کاتێ کە چالاکن و ڕادەپەڕن هێزێکی زۆر بەسام و وێرانکەرن، کاتێکیش پاسیڤن ئاخی جیناریان بە پیت دەکەن و دەبنە هۆی ڕەمێنی باش و ژینگەیەکی خۆش بۆ وەرزێری و ژیان. لە پۆلێنبەندی ناسینی گڕکانەکان دوو جۆر گڕکان پێناسە دەکرێن: یەکەمیان گڕکانی ئەکتیڤ و ئەوی دییان گڕکانی پاسیڤ.

دەکرێ ئەم دیاردە سرووشتییە دەگەڵ چەمک(concept)ی پێواژۆی کۆمەڵایەتی پێک بگرین و لە فەلسەفەی بوونی ئەم دوو مەفهوومە زیاتر بکۆڵینەوە.

### خێراترین وڵام بۆ پێواژۆی کۆمەڵایەتی چییە؟

بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتییە کە بەوان هۆکار، دەستەیەکی زاڤ لە مرۆڤەکان دژکردەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان لە چوارچێوەی، کاری گشتی(collective action) ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی هەی(موجود)دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرامبەری کۆمەڵایەتی، ئایینی، تەوفیر و جیاوازی، تەناهی، دۆخی ئابووری(هەژاری)، کولتووری و... بێ. پارادایمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە ناڕەزایەتی ئاشتییانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی دیکەش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا شەڕ و ئاژاوە بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەکەم گۆڕان(لە بەرزترین حاڵەتدا) و دوو چاکسازی(لە نزمترین ویستدا)خۆیا دەبن.

بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین: ئەم شێوە بزوتنەوەیە ڕایەڵەیەکە لە پێوەندییە نافەرمییەکان لە نێوان هەندێ لە مرۆڤەکان، ڕێکخراو و حیزبەکان. سنوورەکانی بە هۆی هەویتیی تایبەت دیاری دەکرێن کە هاوپشکە لەگەڵ ئەکتەرانی دەرگیر لە کایەکە و لە بەرەوڕووبوونەوەی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گۆڕانخوازی هاوبەشن.

ئەم ڕەوتە لە ئاکامی دەرکەوتنی قەڵشتێکی کۆمەڵایەتی ساز دەبێ، هۆکاری ڕابوون و هەستانەوەی خەڵک دەبێ لە ڕوانگەی



سەرچاوە
Serchawe

مێژوویی و جوغرافی سەیر بکرێ، جا هەر بەو جۆراوجۆری و شێوازە دەتوانین کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر دوو لکی چالاک و ناچالاکدا دابەش بکەین، دابڕانی کۆمەڵایەتی (بۆ قۆناخی چالاک) کاتێ سەرهەڵ دەدا کە شعوور و زانیاریی سیاسی بەرز بێتەوە لەبەرامبەردا (ناچالاک) یا لە ڕابردوودا چالاک بووە و ئێستا خەریکە دەخەوێ کە ئەمە لە ئاکامی نەقۆستنەوەی ڕەوتی سەرکردایەتی، چالاکان و ڕووناکبیرانی سیاسییە.

کەوابوو دەبینین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک وەک گڕکانن بە هۆکارگەلی باسکراو سەرهەڵ دەدەن و دەتەقنەوە و بەردەوام چالاکن هەتا بە ئارەزووی خۆی دەگا یا ئانەکتیڤن و جارجارە بە هۆی جیاواز دەرژێنە شەقام و کوڵی دڵی خۆی هەڵ دەڕێژێ، بە جۆرێکی تر ئەگە ئاکامی کردەوەکە بۆ کۆمەڵگە بایەخمەند بێ و شتێکی لێ هەڵبکرێنن مەزندە دەکرێ دووپات بێتەوە. ئەم ڕەوتە لەلایەن پلاندارێژەران و هاندەرانییەوە دەبێ بە باشی خوێندنەوەی بۆ بکرێ و پۆزیتویسمانە بەردەوام ئەزمون بکرێ و هابێرماسانە کەرەسە و مکانیزمی بۆ دابین بکەین.

**به باوەری "نیل ئێسمێلسێر" شەش مەرج هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن:**

١- زەمینەی پێکهێنەر: هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتنی کەشێکی تایبەت لەنێو کۆمەڵگە.
٢- زەختی پێکهێنەر: دۆخێکی تایبەت کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەنێو کۆمەڵگە (مەترسی لە داهاتوو، گومان، ترس و دڵەڕاوکێ و زوڵم و..)بۆ دیاریکردنی ئامانجێکی دیاریکراو.
٣- بڵاوبوونەوەی باوەرە پەنگخواردووەکان: زۆربەی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەریی ئیدۆلۆژییەکی تایبەت و دیاریکراون کە نارەزایەتییەکان پەرە پێ دەدا و ڕێکاریان بۆ دیاری دەکا.
٤- هۆکاری خێراکردن: ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خێراتر کردن و پەیوەست بوونی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک کە ڕاستەوخۆ بەشداری ڕەوتەکە بن.
٥- بوونی(ڕێکخراوێک) بۆ هاوئاهەنگی: سەرۆکایەتیکردن و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکە بە کەرەسە و ئامێری جۆراوجۆر.
٦- کارکردی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی: لەدەستگرتنی دۆخەکە(چۆنیەتیی سەرهەڵدان، بەرەوپێشچوون و بڵاوبوونەوەی لەنێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بە توندی لەژێر کاریگەریی) کارکردی کۆنترۆلکردنی کۆمەڵایەتییە و، کاربەدەستان لەوەها دۆخێکدا هەڵوێست نیشان دەدەن.

پرسە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنووکە جگە لە کەلێنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی خەرەندی ئابووریشی پێوە زیاد بووە و چییای هەوێتی و شۆناس(سیاسی)یش سەری لەنێو سەراندا دیارە و بێ باسی نیشتمان و گەل مانای نییە.

گشت ئەم کێشانەش لەگەڵ ڕێژیمە نەک لەگەڵ گەلانی تری نیشتەجێ لەو وڵاتەی بە ناو ئێرانە.

ئالێن تۆرێن گوتەنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لە سەر مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسین چالاکن، ((ئەمن پێم وایە یەکەم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێمە زاگرۆسییەکان لە سەردەمی حاکمییەتی مانناییەکان دا ڕووی داوە کاتێک ئاخسری((668،oxser -627) پ. ز) لە لایەن خەڵکی وەزاڵە هاتووی وڵاتەکەیەوە بە ڕێپێوان و مانگرتن حاکمی دەسەڵاتداریان لەسەر کار لادا)). لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو دوای هاتنە ئارای چەمکی مۆدێرنی ناسیۆنالیزم بزووتنەوەی مافخوازیی کورد بە شێوەی مەدەنیانە و سەردەم دەستیان پێ کرد(سەید ڕەزا دەرسیمی، شێخان عوبەیدوڵڵا و مەحموودی حەفید، ماڵباتی بەدرخانیەکان ، ژێکاف و...) لێبەلێ بە وڵامی چڕ و سەخت بەرسڤ درانەوە(گەلی زیلان، شاربەدەرکردن، سێدارە و...). بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک یەکەم دەسەڵات کە بە شێوەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەمەلایەنە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی ئیسلامی هاتە سەرکار، هەتا ئێستا کە داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕەوگیر کرد و بە فرت و فێڵ و درۆ لە ئامانجەکانی دوور کەوتەوە و بووە بە حکومەتێکی دیکتاتۆر و توتالیتەر، بەستێنی خەباتی مەدەنی و پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکانی نەک هەر بەرتەسک کردەوە و بەتوندترین شێوە پێشی پێگرتوون بەڵکوو بە یارمەتی ئۆلی سەپێنراو دەستەواژەی 'موحارب'یشی بۆ سەرکوت و کوشتار داهێناوە. لە کەشێکی وەها تۆقێنەر و خەفەقاندا هەر لەسەرەتاوە جارێکی تر ئەوە کورد بوو سەلماندی خوازیاری خەباتێکی سڤیل و کۆمەڵایەتییە، (کۆڕەوە مێژووییەکەی خەڵکی مەریوان(٣٠ - ٦ - ٥٨)، میتینگە مەزنەکەی شەهید د.قاسملوو لە مهاباد (٢٩ - ٨ - ٥٨)، ڕەوتێکی ناوازەی مەدەنییانە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە کوردستان خەڵک بە تێکرا و بازاریان بەتایبەتی تر لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەر (ساڵرۆژی تیرۆرکردنی شەهید د. قاسملوو)سەرجەم دووکان و بازاریان دادەخست، چیرۆکی هوتێل تارای مهاباد (١٣ - ٢ - ٩٤) و دواهەمینیان(هەتا ئەمڕۆ)٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بارەگای ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (قەڵای دێموکرات)هاتنە سەر خەت و دووکان و بازاریان داخست.

ئەو میناکانە دەرخەری ئەوەن خەڵکی ڕۆژهەڵات گرکانێکی ناچالاک نین و ماتەوزە(potential)ی ئەوەیان هەیە بە هەستپێکردن بە غەدر و زوڵمی ناجوامێرانە چ لە نەتەوەکەیان بە مێتۆدگەلی جۆراوجۆر و حیزبەکانیان کە هێمای شۆناس، خۆڕاگری و نوێنەری ڕاستەقینەیانن بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیان بە شێوەی مەدەنیانە ببنە پشتیوان و یارمەتیدەری بزووتنەوەکەیان.

هەرچەند شەنوکەوکردنی دەروونناسیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات زۆر چەتوونە، بەڵام لانیکەم لە ماوەی تەمەنی ڕێژیمی

ئیسلامیی ئێران ئەوە بە هۆکاری زۆر دەرکەوتووە کە خەڵک پتر پێشوازی لە پێوازۆ کۆمەڵایەتییەکان دەکا هەتا خەباتە چڕئامێرییەکانی تر(چەکداری)، ئەمە هەم وەڵامدەر بووە، هەمیش بە کەمترین تێچوو باشترین ئاکامی لێ کەوتووەتەوە.

گرینگیدان بە خەباتی فرەڕەهەندی لەوان چڕبوونەوە لەسەر کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پشتیوانیکردنی بە کردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە (NGO)یەکان و هەمیش لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی نوێی لە خەبات خوڵقاندووە هەر بۆیە ئێمە دەبێ وەک حیزبێکی پێشڕەو و سەرتاسەری (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) پێناسە و ئەدرەسی نوێ بدەینە کۆمەڵانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان.

(لە ژمارەی ٧٣٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

---

# بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩

## نەتەوە سازی و پرسی زمانی ستاندارد

خوڵقاندن و وروژاندنی گوتاری نوێ لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هۆکاری جیاوازیی نێوان ئەم حیزبە و باقی ڕەوتەکانی تری ڕۆژهەڵاتە. وەک ڕوونە تەوفیری حیزبە ئیدئۆلۆژیکەکان دەگەڵ ڕەوتە دێموکراتیکەکان لەوە دایە؛ لە شێوە ڕوانینی یەکەم ئەوە ئیدەیەکی بەستووی دیاریکراو ڕێچکەیەک لێدەدا و لایەنگرانیشی بەدوایدا گوێ و چاویان دەنووقێنن و تێهەڵدەکەن! بەڵام لە شێوازەکەی ترا بە هۆی کراوەیی و دێموکراتبوونی باوەڕی بزاوتەکە هزری نوێ دەخوڵقێ کە دەبێتە دەستمایەی تازە و وێژمانی کۆمەڵگا. نوێکردنەوەی هیندێ چەمکی تۆز لەسەر نیشتوو و جارێکی تر هێنانەئارای لە قوناخێکی نوێ بەو هەمووە ڕوانینە چەوت و دەمارگرژانە، مێری دەوێ مەتاڵ وەدەست!

سرووشتی دوای شەڕە مەزنەکان بە تایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوودا سەلماندوویەتی ئەو سنووربەندیە دەستکردانە کە لە لایەن دەوڵەتانی چەوسێنەر کێشراونەتەوە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی بیری "نیشتمان پەروەری"(ناسیۆنالیزم) و کۆمەڵێک وڵاتی نەتەوەیی لە دایک بوون. ڕووداوەکانی دوای دەیەی نەوەدی زایینی نیشاندەری ئەوە بوو کە پرۆسەی نەتەوەسازی(دەوڵەتداری) بێ وچان هەنگاو دەنێ. لە دایکبوونی دەوڵەتە تازەکان لە باڵکان و یەکێتی سۆڤیەت دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە سیستمی دەوڵەتان بە پێوانەیەکی نوێ لە حاڵەتی فراوانبوون دایە، پاش شەپۆلی سێیەم لە هاتنەناوەوەی ئەندامان بۆ نێو سیستمی دەوڵەتان (دوای جەنگی جیهانی دووهەم) و شەپۆلی چوارەم (پاش شەڕی سارد) ئەندامانی نوێ ئالای خۆیان لە نیۆیۆرک هەڵکرد. لەم چەند ساڵی دواییدا مۆنتینیگرۆ لە سێربیا و دوو سوودان جیابوونەوە و گەیشتنە سەربەخۆیی (٢٠٠٦،٢٠١١)، بابەتی سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ بە شێوەیەکی سەرسەختانە (هەڵبەت بە دژایەتی سربیا و پاڵپشتەکەشی ڕووسیا) گەڵاڵە کرا.

لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان ناسیونالیزم بە تێفکرینی باوەر بە نەتەوەسازی بیر لە گەیشتن بە سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی خۆیانن ئەم ڕەوتە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەردەوامە؛ ڕیفراندۆم بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و یەکگرتنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا، سکاتلەند لە بریتانیا و...، جارێکیتر ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

دووپات دەکاتەوە کە گەلانی مافخوراو بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەدا نادەن.

"ژان گاتمەن" باوکی جوگرافیای سیاسی نوێ دەڵێ، هاسانترین پێناسە بۆ هەوْڤییەت یا شوناسی نەتەوەیی ئەوەیە کە کۆمەڵێک مرۆڤ بەم تایبەتمەندی و دیاردانە وەک یەک بچن "نیشتمانێکی هاوبەش، زمان، ئۆل، کلتوور، بیرەوەری سیاسی هاوبەش، وێژە و هونەری هاوبەش"، ئەم کۆمەڵە دیاردە و چەمکانە ناسنامە و هوْڤییەتی نەتەوەیی تیپیکی ئەتنیکی دیاری دەکا. هێنانە گۆڕێی ئاوەزمەندانەی جارێکی تری ئەم دەستەواژەیە لە مەیدانی ئێرانێکی شپرزە و شێواو بە دیرۆکێکی چێکراو، ڕۆژهەڵاتێکی ناکۆک و ئاڵۆز و ناتەبا و ڕەسەن، هاوکات دەگەڵ وروژاندنی هەندێ گوتاری نوێ لە لایەن سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە دڵنیایەوە مۆدێلێکی پێشکەوتوو، باو و ڕۆژی دیپلۆماسی نێونەتەوەییە، ئەمەش ئاگاهانە بە مەبەستی ڕێکخستن و یەکدەستکردنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری گوتارێکی هاوبەش بۆ هەرچی کەمتربوونەوە بەربەستەکانی بەردەم بوون بە نەتەوەیە!(نەتەوە لە بواری حقوقیەوە بەو گەلانە دەوترێ بەو تایبەتمەندیانەی باسمان کرد دەگەڵ سیستەمێکی دراوی(پول) بۆ بەشداری لە ئابووری و بازاری جیهانی هەروەها بەفەرمی ناسینی لە لایەن ڕێکخراوی "نەتەوە" یەکگرتووکان بە نوێنەرایەتی و ئاڵای تایبەت). بە گشتی دەتوانین بڵێین دوو جۆر نەتەوەمان هەن؛ یا بە شێوەیەکی دەستکرد بەزەبری هێزی چڕ و نەرم و چەواشە ساز دەکرێن، وەک نەتەوەی ئێرانی، یا پێشتر بوونیان هەبووە و دەرفەتی بوون بە نەتەوە بە مانا یاساییەکەیان نەبووە وەک گەلی کورد، چۆنیەتی چێکردنی نەتەوە لە دوای لەسەرکار لابردنی ئەحمەدشا دەستەڵاتداری مەمالێکی مەحسوورەی قەجەر سەیروسەمەرە و شانسەکی نەبووە ئەوە کاری بە پلەن و جدی بۆ دارێژرابوو.

ئەگە ڕەزاشا ئەو مێرە نەبوو و بە بیریشیدا نەدەهات فکر لە سیستەمێکی نوێی حکومەتی بکاتەوە کە بە مێتۆدی دەوڵەت-نەتەوە و یەکگرتوویی زمانی بتوانێ ناوێک بۆ ئەو جوغرافیایە دابنێ کە دواتر بە ئێرانی ناساند و لە سەر تەختی خونکاری ئاخێکی پان و بەرین پاڵی داوە؛ ئەردەشیری جی ڕێپۆرتێر و ڕێکخراوە تەناهی و سیخورییەکان بە مەبەستی تایبەتی خۆیان و بۆ قازانج و بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزە کە ئەوەیان بە ملی داهێنا و هاوتەریب دەگەڵی تورکیای نوێ و سوریە و لوبنان و...-یان دامەزراند، ئاکامەکەی ئەوە بوو دوو جار شوناس و زمانمان ڕەوگیر کرا.

ئەو کۆڵەکە و ئەستوونانەی دەبنە هۆی پەرەسەندنی بیری ناسیونالیستی و بەکاری نەتەوە سازی دێن چوار تشتی سەرەکین(بە تەکزکرن بۆ ئێمەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵات ب تایبەتی) ١. ناسین و زانینی دیرۆکی کەون و نوێی گەل و نیشتمانی کورد(دەبێ تاکی کورد لانیکەم سەرەتەقەیەک بکا لە مێژووی، سۆمێریەکان، گۆتی، لۆلۆ، کاسی، میتانی، ئورارتوو، ماننائکان، ماد و میرنشینە کوردەکانی دوای ئیسلام و شۆرشە حەقخوازەکانی کورد لە ئاخی کوردستانی سەدەی

نـۆزده و بیسـت و هەتـا ئێسـتاش، زۆر سـەیر دەبـێ ئەگە لە بریتانیـایەک بپرسـی و نەزانـێ بـۆ میـناک ئانگلۆساکسـۆنەکان و وایکینگەکـان کـێ بوونە و چـۆن بـوونە؟!! یـا میسرییەک ئاگـاداری مێژووی فیرعەونەکـان نەبێ)٢.زمـان و زانین و ناسینی ئەو کەسایەتیانەی خزمەتیـان بە زمـان و وێژە و چاندی کـوردی کردووە(زۆر کارەسـاتبارە چۆن دەبـێ ڕووسیەک ئـانتوان چخـۆف و لێئـۆ تۆلستۆی نەناسێ و بەرهەمەکانی نەخوێنـدبێتەوە! یـا کوردێک نەزانێ خانـای قوبـادی کێیە؟ خـانی و فەقـێ و گـۆران و هـێمن و هەژار و سـوارە کـێ بـوون؟ ڕێنـووس و ڕێزمـانی کـوردی نەناسـێت و نەزانێـت بنووسـێت و بخـوێنێتەوە!!ب ە قەولـی چامێسکی نەخوێنـدەوارانی ئەم چاخە ئەو کەسـانەن نـاتوانن بە زمانی دایکییـان بنووسـن و قسـەبکەن)٣. ناسینی جوگرافیـای کوردستان(هەمـوو کوردێـک کە بخـوازێ دەوڵەتـی هەبـێ و لە نەتەوەکەی خـۆ تێبگـا دەبـێ جوگرافیـایی مرۆیـی و سروشـتی نیشتمانەکەی شارەزا بێ).٤هەستی خۆ بە کورد زانین.

ڕەوشـی کـارکردی نەتەوەسـازی مێژوویـی، جوگرافیـای و دەروونـی ئەمـرۆ لە کوردسـتان دەگەڵ هەمـوو کەم و کووڕییەکـانی و چەواشەکارییەکانی ڕژیمەکانی پاشایەتی و ئیسلامی ئێران قوناخێکی باشی بڕیوە، ئێستا کورد خۆی مێژووی خۆی دەنووسێ، میدیا، ڕایەڵەکۆمەڵایەتیەکان، پسپۆڕانی کن و پشکنین و دێریننـاس هی خۆمانن، لە زانستی دیرۆکی هـاوچەرخ خوێنـدەواری ئاکادێمی و شارەزای باشمان هەن، بە هۆی ئیمکانـات و شێوازی پێشکەوتووی هـاتووچۆ و پەیوەنـدییەکان، دەزانین قـارس و قامیشلی و قەڵادزێ و قووچان لە کوێ هەڵکەوتوون، بەڵام ئایا پرسی زمان لە کوێی ئەم معادلەیە هەڵکەوتووە؟

زمـان نەک تەنیـا ڕایەڵەی تێپەڕین بە گشت کانسـێپتە ئیـدئۆلۆژیکەکانە بەڵکـوو خـۆی ناوەنـدێکی فکـری و بنـاخەی دامەزرانـدنی نەتەوەییە، کـارکردی زمـان تەنیـا بـۆ پێوەنـدی و قسـەکردن لە نێوان مرۆڤەکـان نیـیە، بەڵکـوو لەم نێـوەدا پێوەنـدی کـۆمەڵایەتی و جۆرێک لە سـازکردنی هێـز و دەسـتەڵات وێنـا دەکـا. هەر گەلێـک بـۆ ناسـاندن و خۆڕانـانی خـۆی و دەرخستنی شۆناس و هوڤییەتی خۆی کەڵک لە زمان وەردەگرێ.

یەکگرتـوویی و ڕێکخسـتنی زمانی نەتەوەیـی ئەورووپاییەکـان لە کۆتـایی سـەدەی هەژدەهەم، وەرچەرخـانێکی مەزنـی سیاسـی و ئیـدئۆلۆژیکی بـوو، ئەسـاس و پرسـی سـەرەکی لەمەر زمـانێکی سـتاندارد و یەکگرتـوو، پرسێکی سیاسـی دێمۆکراتیـک بـوو نەک باسێکی کلتووری. پێش شۆڕشی مەزنـی فەڕانسـە کە دەسـەلات دە دەست ئیمپراتـۆر و پاشـاکان دابـوو، هـیچ پێویسـتیەک بـۆ یەکێتی زمانێکی یەکدەست لە ئـارادانەبوو، چوونکە زمانی دەستەڵات و زمانی خەڵکی دوو دیـاردەی لێک جیـاواز بـوون، تـاقە زمانی ستاندارد و یەکگرتـووی نەتەوەیی کاتێک بـایەخی پەیـا کرد کە شارومەندانی ئـاسایی و خەڵکی ڕەشـۆکی، بە شتێک لە دەسەڵات گەیشتن، کەوابوو مافی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا هی ئەو خەڵکانە بـوو کە بە نەتەوە پێنـاسە کران، یەکێتیـی نێوان دەسـەڵات و خەڵـک، یەکگرتـوویی زمـانی دەخـوازێ، بـۆیە ئێلیـت و روونـاکبیری کـۆمەڵگەی ڕۆژئـاوا بە پێویسـتی زانـی ئەو

دووشێوە زارەی دەوڵەت و خەڵک بخەنە قالبێکی خۆزاو و ئۆرگانیک، بیرۆکەی یەکدەستکردنی زمانی نەتەوەیی لە نێوان چینی هەڵبژاردە و خوێندەوار بە مەبەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە ناوی "نەتەوە زمانی" خۆیا بوو، سەدەی نۆزدە لە ڕۆژئاوا سەدەی ڕۆشنبیرانێک بوو کە بە مەبەستی سیاسی و بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵقی خۆیان بە دەروازەی زماندا یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەیان ساز کرد. لێرەدا دەبێ ئەو جیاوازیەمان لەبەرچاو بێ ئەگە لە ئورووپای سەدە نۆزدە و ڕۆژهەڵاتی ناڤینی سەدەی بیست نەتەوە سازی زمانی، زاڵمانە بە قازانجی زمانێک دەشکاوە و زمانەکانی تر قاڵ دەبوونەوە و ئاسەمیلە دەکران، لە کوردستان قەرار نییە هیچ زاراوە تەنانەت بن زارێکیش بتوێتەوە و بمرێ!. سێ بۆچوون بۆ یەکگرتوویی زمانی کوردی دەبیسرێن، ١. بە حوکمی کارپێکردنی دەسەڵات و سیاسەت لە ماوەی نزیک ٢٠٠ساڵی ڕابردوو بە زاراوەی سورانی، ئەم زارە ببێتە زوبانی سەرەکی گەلی کورد.٢.ب ە پێی حەشیمەت بێ دەبێ زاری کورمانجی سەروو(بادینی) ببێتە زبانی ستانداری کوردی.٣. تێکەڵاوێک لەهەرسێک لە زاراوە سەرکیەکانی کوردی(کورمانجی سەروو، خواروو، ناوەند). بەڵام بە ستانداردکردنی ڕێنووسی کوردیش باسێکی ترە، ئەرێ بە ڕێنووسی تازە و مۆدێرنی لاتینی بنووسین، یا هەر بەشێوەی ئارامی(عەرەبی) کە چەندین سەدەیە ئابەم شێوازە دەنووسرێ؟ کاتی نەهاتووە کوردانی باکوور هەم بۆ بەگژ داچوونەوەی سیاسەتەکانی چاندی ئاتاتورک هەمژی یەکگرتوویی ڕێنووسی کوردی نووسین بە خەتی لاتین بایکۆت بکەن؟ کاتی ئەوە نەهاتووە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و شەبەنگی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵات لە داواکاریە یاسایی و ڕەواکانی کلتووری جێگۆرکێ بە داخوازی "خوێندنی زمانی کوردی" بۆ ، "خوێندن بە زمانی کوردی" بکەن؟ یەکێک لە ڕێگاکانی نافەرمانی مەدنی و تەواو دێمۆکراتیکی مهاتما گاندی بە دژی چەوسێنەرانی بریتانیا ئەوە بوو داوای لە خەڵک کرد هیچ کتێب و فیلمێک چاو لێنەکەن کە بە زمانی ئینگلیسی داهێنرابێ، دەوڵەتی گەورەی بریتانیا بەچۆکدا داهات، ئەوەش بۆ خزمەتکردن بە زمانی هێندییەکان بوو کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەر بوو(ئێستا لە هیندوستان زمانی فەرمی ئەیالاتەکان ٢٢زمانە جگە لە زمانی فەرمی و نەتەوەیی هیندی) بۆچی ئێمەش ناتوانین کەمپەینێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بایکۆت کردنی زمانی فارسی ڕابگەهێنین؟ تەنیا وەک مافێکی سروشتی ئێمە ئەو حەقە لە خۆمان دەستێنینەوە کە بە زمانی فارسی نانووسین، ناخوێنینەوە، قسەناکەین و مناڵەکانیشمان نەنێرینە قوتابخانەیەک کە ئەو مافەی لە ئێمە ستاندووە بە زمانی دایکی خۆمان بژین؟هەر ڕاست ئەمرۆ ڕۆژی هێنانە بەرباسی ئەو پرسانەیە لانیکەم خەڵکەکەمان ئامادە دەکەین بۆ چاکسازی نەتەوەیی و بۆ گوتاری هاوبەش بۆ نەتەوە ساز کردن، سەرجەم ئەو پرسانە پێویستن یەکلایی ببنەوە و وەک پرسەکانی تر کەڵەکە نەبن و دواتر ببنە کێشە و چارەسەر کردنیان خەیاڵ بێ و بە وروژاندنیان هەڵبەزینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاخێز و مێژووەکەی

یەکێک لە ئاڵۆزترین کانسێپت و چەمکەکانی حەوزەی فەلسەفەی سیاسی پێناسەی «کۆمەڵگەی مەدەنی»یە؛ هەر بۆیە بۆ ناساندنی زیاتر و پێناسەیەکی پتەوتر و ڕوونتر لەم چەمکە دەبێ سەرەتا بۆ لایەنی دیرۆکی و چۆنییەتیی سەرهەڵدانی بگەڕێینەوە.

لە سەردەمی بەر لە مەدەنیەتدا خەبات و تێکۆشانی مرۆڤ لەبەرامبەر دیاردە سروشتییەکاندا بووە؛ شەڕ دەگەڵ خۆزاو بۆ پاراستنی خۆیان و درێژەدان بە ژیان سەرەکیترین کەڵکەڵەی مێشکی مرۆڤی ئەو سەردەم بووە، بۆ میناک؛ بۆ خۆپاراستن لە لافاو و باران پەنایان بۆ ئەشکەوت برد، کەپر، بان، دیوار و خانووی سەرەتاییان سازکرد، بۆ دەستەمۆکردنی سێڵاو بەنداویان لێدا، جۆگە و کاناڵیان هەڵقەند، پردیان درووست کرد، بۆ خۆپاراستن لە سەرما ئاگریان هەڵکرد، بەرگیان دووری، لە ترسی شەو مۆمیان داگیرساند و زیاتر لە پێداویستیی خۆیان بەرهەمیان نەدەکرد و...، هەموو ئەو بەربەرەکانی و خولڤاندن و داهێنانە سەرەتایەک بوو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. واتە خەبات و چالاکی بۆ مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لەبەرامبەر دیاردەکانی سروشتیی خۆزاو کۆمەڵگەی مەدەنیی گووراند!

یەکەم حکوومەتی ژیارمەند لە مێژوودا لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا سەری هەڵدا، دواتر لە لایەن ئەکەدیە سامی ڕەگەزەکان بە «سۆمێر» ناسران (٥٠٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ). بە دەستپێک و دامەزراندنی یەکەم شارەکان لەم مەڵبەندە (ئور، نیپور، لاگەش، لارسا، ئیریدۆ و...) و قەوارە و دەسەڵاتی سیاسی بە مانای مۆدێرنی ئەمڕۆ، قۆناخی دیاردە سروشتییەکان جێگەی خۆی بۆ دەستەڵاتی سیاسی لێژ کرد و بۆشاییەک لە نێوان حاکمییەتی سیاسی و کۆمەڵگە هەستی پێکرا کە لە یەکەم حیماسەی مرۆڤایەتیشدا (حیماسەی گێلگامێش) شەقڵی گرت. لەوێدا قارەمانی چیرۆک واتە گێلگامێش (وەک پاڕادایمی مرۆڤی شار) هەرچەند خونکارێکی سەیروسەمەر (دووبەشی وەک خوا و بەشێکی وێنەی مرۆڤ) چەختی و نەحەملاو بوو دوای هاتنی «ئەنکیدۆ» قارەمانی دووهەمی چیرۆک (وەک هێمای بنیامی کێوی) و شەڕ دەگەڵی؛ بیر لە حاڵ و دۆخی شار و خەڵکەکەی دەکاتەوە و دەستی برایەتی دەداتە دەست ئەنکیدۆ و پێکەوە بۆ پاراستن و تەناهیی گەلەکەی چەندین شەڕی قارەمانانە وەک شەڕ دەگەڵ «هومبابا»ی دێو(پاریزەرەی دارستانی کونار)، ئیشتار(ئینانا، ستێر)کچی ئانوو و ئەنکوو، ئیلاهەی ئەوین و خۆشەویستی کە گایەکی ئاسمانی دەخوڵقێنن، بۆ کوشتنی ئەو دوو کەسایەتییە کە هەڕایان دەکاتێ و ئەوانیش پێکەوە لەنێوی دەبەن! لە ئاکامدا ئەنکیدۆ دەمرێ و گێلگامێش شێت و ماخولیا دەبێ و دوای بڕینی

ڕێگایەکی سەخت و دژوار بۆ گەیشتن بە «ئوتنەپشتیم» (کەسایەتیی هاڤی نووح) خاوەن ڕازی مانەوە و هەرماوی مرۆڤ، چڵە گیایەکی دەداتێ کە لە ڕێگای چوونەوەدا مارێک دەیخوا و گێلگامێش ناتوانێ ئەو پەرجووە بەرێتەوە شارەکەی و دەگەڵ خەڵکەکەی و ئەنکیدۆ کە مردووە بیخوا بۆ هەرمانییەتی خۆیان. دواتر شنەی شەماڵ بیرۆکەی مافی کۆمەڵ دەداتە دەست حەمووڕابی(١٧٥٠-١٧٩٢پ.ز) خونکاری بابیلۆن و بە نووسینەوەی ٢٨٢ یاسا بۆ تەناهی و پاراستنی کۆمەڵگە لەسەر تاتەبەردێک لە نیزیک شاری شووش مێشکی بیرمەندانی وەچەی داهاتوو بۆ ئەم تیئۆرییە ئامادەتر دەکا (هاڤی مووساش بۆ قەومی بەنی ئیسرائیل یاسایەک لە دە بڕگەدا دەنووسێتەوە).

ڕەشەبا و لافاوی دیجلە و فورات تۆچان لە بەرقەد، خرزی ورد بە یەونانی کۆن وەردەکا و لەوێش دەبێتە دیسکۆرسی بیرمەندانی بەناوبانگی وەک «ئەفلاتوون»(٤٢٧-٣٤٨پ.ز) بە نووسینی کتێبی«کۆماری» ئەو تۆخمە پەروەردەتر دەکا. ئەفلاتوون پێی وایە «عەدالەت» بە یەکگرتوویی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەدەست دێ، ئەو دەیویست خەسارناسی ئەو دەستەڵاتە سیاسییە بکا کە خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد ئاخۆ چۆن تاکەکانی کۆمەڵگە لە دژی حکوومەت وەردەسووڕێنەوە و قەیرانی جیدی بۆ دەستەڵات ساز دەکەن دەگەڵ ئەوەیکە خۆیان هەڵیان بژاردووە! بۆیە پێی وابوو باشترین حکوومەت ئەو حکوومەتەیە کە خەڵک دیاریی دەکا و ئەم دوو چەمکە (حکوومەت و کۆمەڵگە) بە شێوەیەکی ئاشتییانە پێکیان گرێ بدا. بناخەی تیئۆرییەکەشی ئەوە بوو، چۆن دەکرێ مکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ هێزی کار و ئاسوودەیی زیاتری کۆمەڵگە، دەگەڵ ئەوەیکە پشتیوانی بەهێزی حکوومەتی سیاسیی وڵاتەکەی دەکرد.

(poletic) بەرهەمی فەیلەسووفی ناسراو «ئەرەستوو»(٣٨٤ - ٣٣٢ پ.ز) بوو، ئەو بیرمەندە بە داهێنانی مەفهوومی (police) «شار» (وشەی مەدەنی لە مدینە-وە دێ، هەر بە مانای شار وەک هێمای ژیار و مەدەنییەت) وەک ئەنجومەنێکی سیاسیی لەنێو کۆمەڵگە پتر بایەخی بەم بوارە دا هەرچەند لە سەردەمی ناوبراودا هێدی هێدی دەوڵەتشارەکان لاواز دەبوون و قەوارەی دەستەڵاتەکان زیاتر خۆی لەبەر یەک دەکێشایەوە، ئەساسی باسەکەی ئەرەستووش هەر وەک مامۆستایەکەی (ئەفلاتوون) پتەوترکردنی دەستەڵات بوو، کەڵکەڵەی هەموو بیرمەندانی ئەو سەردەم هەتا چاخی ڕۆشنگەریش بڕەودان بە دەستەڵاتە سیاسییەکان بووە هەرچەند لەوبەینەشدا تێرمی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێوانە و پێناسە و تێگەیشتنی سەردەمی خۆی لە قەرەی دراوە! خەمی ئەرەستوو زۆرتر دۆزینەوەی ئەو ماتەوزە سروشتی و ڕەوشتییانە بوو کە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵگە لە بەرامبەر دەستەڵاتێکی بە هێز بەکار دەهات بە جۆرێک گرینگیدان هەم بە حکوومەت و هەمیش بە کۆمەڵگە، هەر بۆیە زۆر جار گەمەیان بە «بەربەر»ەکان دەکرد کە ناتوانن بە شێوەیەکی ئازادانە بەشداریی ئەنجومەنەکان و دەستەڵاتی خۆیان بن. سیسرۆ (Cicero ١٠٦ پ.ز - ٤٣ز) لە فەیلەسووفانی ڕۆمی کەونارا بوو کە کانسێپتی کلاسیکی کۆمەڵگەی مەدەنیی دەوڵەمەندتر کرد، ناوبراو دژایەتیی توندی دەرەبەگ و ئەشرافی دەکرد و پێوازۆ

کۆمەڵایەتییەکانی تەکز دەکرد! سیسرۆ هەرچەند باوەڕی بە «سێنا» هەبوو بەڵام بانگەشەی هەرەزۆری بۆ چاکسازیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، ناوەندی دۆکترینەکەی «ئاوەزی ساغ» بوو؛ بۆ تەکوزدان بە کۆمەڵگە کە هاوئاهەنگ دەگەڵ سروشتە، ئەو پێی وابوو ئێمە دەتوانین بە ئاوەزی ساغ ورەی کۆمەڵگەمان بەرز بکەینەوە کە ئەوەش سروشت بە ئێمەی بەخشیوە (سروشت بە مانا بانخۆزاوەکەی). بەپێی تیئۆریی ئاوەزی ساغ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و سیاسی بوونی نییە چونکە پێش مەرجی هەرکان کۆمەڵگەیە بۆ وەدیهێنانی هەنێ ماف؛ سیسیرۆش زۆرجار لە چەمکی دەوڵەتشار بە پێوەری یوونانییەکەی کەلکی وەرگرتووە. لە سەروبەندی ڕەوشی ئاڵۆزی ئیتالیا هەر وەک سەدەی هەژدە و نۆزدەی دۆخی کوردستان میرنشینەکان هەرکامەیان قوڵە حکوومەت و دەستەڵاتێکیان بۆخۆیان وەسەریەک نابوو و پەرش و بڵاوییەکی زۆر دۆخی سیاسیی ئیتالیای داگرتبوو، لەو کاتەدا نیکۆلۆ ماکیاوێلی(١٤٦٩-١٥٢٧ز) نیشتمانپەروەر لە میرنشینی فلۆرانس دێتە مەیدان و هەموو خۆزیا و ئاواتەکەی ئەوەیە بتوانێ ئەو حکوومەتۆکانە لەدەوری یەک کۆ بکاتەوە و وڵاتێکی یەکگرتوو و بەهێز بۆ هەمووان درووست بکا، ماکیاوێلی دەگەڵ ئەوەیکە ناوی بەچاکە ناهێنرێ (فرانسس بیکەن لەسەر ماکیاوێل دەڵێ: ئێمە قەرزداری کەسانی وەک ماکیاوێلین؛ ئەو لایەنی واقعیی جیهان و سیاسەتی پێشانی ئێمە دا نەک ئەو ئادگارەی ئێمە دەمانهەوێ و دەبێ ببێ!)، لێبەلێ بە نووسینی شالیار (prince) بۆ خاک و خەڵکی خۆی مێژووی خوڵقاند. نیکۆل لەهەموو مێتۆدەکانی دەستەڵات کەلک وەردەگرێ بۆ دامەزراندنی حاکمییەتەکی یەکگرتوو و بەهێز کە لەوێدا هەم دەوڵەتمەداران خێری لێ بکەن و هەمیش کۆمەڵگە بە دەستکەوتی بزانێ. ئەو پێی وابوو ئەو جۆرە دەستەڵاتە دەتوانێ داخوازییە ڕەواکانی کۆمەڵگە جێبەجێ بکا و پرسی ئابووری و سیاسی بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگەی مەدەنی دەخوڵقێ. هەر لەو سەردەمەدا بوو مارتین لۆتێری قەشە بە ڕێفۆرمێکی کوتوپڕ لە ئایینی کریستیان دوو چەمکی دەوڵەت و ئۆلی لێک جیاکردەوە و ڕێگای بۆ برەودانی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنیش خۆشتر کرد!

تۆماس هابز(١٥٨٨ - ١٦٧٩ز) دەگەڵ ئەوەیکە بۆ دەستەڵاتێکی بەهێز و دەوڵەت ڕوانینێکی زۆر توخی هەبوو بەڵام بە نێوەندگیری گرێبەستی کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی جیاوازی خستە بەردەم فەیلەسووفانی دوای خۆی هەتا ئەو جێگایەی تیئۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی جان لاک لەسەر بناخەی ئەو بیرۆکەیە بیچمی گرتبوو، ئەو دوو بیرمەندە لەسەر ئەم خاڵە کۆک بوون کە هەموو مرۆڤێک «مافی سروشتیی» هەیە کە ئەویش بریتییە لە ئازادی و مافی خاوەنداریتی، گرێبەستی کۆمەڵایەتی پەیمانێکە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بۆ ژیان لە نیزامێکی مافمەندی هاوبەش، ئەگەر بێتوو دەستەڵاتی سیاسی لەو مافە پارێزگاری نەکا کۆمەڵگە دەتوانێ بیرووخێنێ. هەروەها لاک هەر وەک هابز پێی وابوو کە تەنیا هەبوونی مافی سروشتی لە «دۆخی سروشتی»دا بەس نییە، کەوابوو خەڵک بۆی هەیە کۆمەڵگەی مەدەنی دامەزرێنێ هەتا گیروگرفتی نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت بە ڕێکاری مەدەنی چارەسەر بکرێن، هابز باسی لە «ڕەوشی سروشتی» دەکا ئەو جێگایەی کە دەستەلاتی سیاسی ئامادە نییە و زەرووڕەتەن لە حاڵی شەڕ دایە بەو واتایە ئەو ڕەوشە کاتێکە کە تاک

یا مرۆڤ نەگێشتۆتە قۆناخی بابەتی سیاسی و هێشتا لە ڕەوشێکی ئاسایی دایە؛ بەم واتایە ئالیرەیە کۆمەڵگەی مەدەنی جێگای دەبێتەوە و دێتە نێو مەیدان، لاکیش دەیگوت دەی باشە دۆخی سروشتی فرە خاسە بەڵام دەبێ یاسای خۆزاویشی هەبێ کە ئەمانە پێک گرێدراون، ئەو پێشمەرجەی جان لاک بۆ تیژ بوونی «ئاوەز» دەگەڕێتەوە بۆ چارەسەری ڕەوشی چاکسازی لەنێو کۆمەڵگە و ژیانێکی ئاسوودە و ئاشتییانە. جان لاک دەڵێ بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگە مافی خۆیەتی حکوومەت هەڵبژێرێ سا ئەو دەستەڵاتە سیاسییەی کە هی خەڵکە دەبێتە کۆمەڵگەی مەدەنی کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێیان بەخشیوە و هەر کات بخوازن ئەو شانازییەی لێ دەستێننەوە، ئەم کرانەوەیە دەرگەی باسکردنی زیاتر و بایەخدان بە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە باوەڕەکانی ڕۆسۆ زیاتر کردووە و گرێبەستی کۆمەڵایەتیی بەشێکی لە سەر خانی بیرمەندانی پێش خۆی نووسیییەوە دەگەڵ ئەوەیکە ڕەخنەی لە دۆخی سروشتی دەگرت لەهەمان کاتدا پێی وابوو دەتوانین بە دامەزراندنی حکوومەتێکی خەڵکی سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنیش دەستەبەر بکەین و نیزامێکی مەدەنی داهێنین. لەو بەینەدا فێرگۆسن جوانترین و ڕوونترین پێناسەی بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە ئەو دەڵێ؛ کۆمەڵگەی مەدەنی جۆرێک نەزمی نوێی سیاسییە ئاکامەکەی ژیار و شارستانییەتە و دەستەڵاتێکی سیاسیی تێگێشتوو و پێگێشتوو لەسەر بنەمای یاسایە، ئەو دەنووسێ، مرۆڤی بەشدار لە کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و جوانترین خولیاکانی تێدا دەبینێتەوە و بەدی دەکا و شوێنێکە بۆ دەربڕینی هەموو هەستە ئینسانییەکانی، ئەو شێوازە واتە تاکمەندی بە کۆمەڵ بە قازانجی هەموو خەڵکە.

زۆرترین دەستکەوتی مۆدێرنیتە هێگڵە، باوەڕ و تێئۆری ئەو فەیلەسووفە دەگەڵ پێشینیانی خۆی زۆر جیاوازە، ڕاستە هێگڵ زۆرترین باسەکانی خۆی لە سەر ئیدئالیزم کردووە بەڵام بە ڕوانینی دیرۆکی، خۆی لە قەرەی کۆمەڵگەش داوە وەک هەرچۆن دواتر مارکس وەک بۆخۆی دەڵێ؛ بیرۆکە و هزری هێگڵم بەراوەژوو کردەوە و چۆنییەتی «دیالێکتیک»م گرۆتین پێ بەخشی، ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەت بە بنەماڵە دەشوبهێنێ، و جێگایان دە دوکتورینی خۆیدا ئاوا دەکاتەوە (تێز = بنەماڵە، ئانتی تێز = کۆمەڵگەی مەدەنی، سێنتێز = دەوڵەت) بەڵام چونکە ئەو ڕوانینە لە دەلاقەی ئابوورییەوە (لە هزری هێگڵدا بەرژەوەندییەکانی بورژوا زۆرتر لەبەرچاو گیراوە و کۆمەڵگەی مەدەنیش وەک کۆمەڵگەیەکی سرفی ئابووریی بۆ چینی باڵادەست پێناسە بۆ کردووە) بوو و مارکسیش وەک کەسێکی ئارمانگەرا و شۆڕشگێڕ بیری دەکردەوە لە بەرامبەری وەستا و بە گژ ئەو تێزە داهات و ڕوانینی خۆی بە چاویلکەی شەبەنگی بەرژەوەندییەکانی پرۆلێتاریا نووسییەوە.

(لە ژمارەی ٧٤١ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠١٩

## کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان و ئێران

چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو جوغرافیایەی ئەمڕۆ بە ئێران دێتە ناسین خاوەن مێژوویەکی تایبەت بە خۆیەتی کە زۆرتر لە نیوەی سەدەی دووهەمی چاخی سەفەوییەکان خۆیا دەبێ. ئەو سەردەم مامۆستایانی ئایینی (شیعە) جۆرێک کۆمەڵگەی مەدەنییان بۆخۆیان خوڵقاندبوو ئەویش بە داهێنانی هەنێ ڕەوت کە ئاکامەکەشی لە بەرژەوەنیی دەستەڵاتی حاکم بووە، وەک "مەرجەعی تەقلید، نیابەتی ئیمامی زەمان، خومس و زەکات بۆ ئیمام، سەرپەرستیی شوێنە پیرۆزەکان و دەستە ئایینییەکان بە تایبەت لە مانگی موحەڕەم و..." جگە لەمەش بازاڕ وەک ناوەندی سەرەکیی پشتیوانیی ئابووری و شوێنی کۆکردنەوەی پارەتی بەو کۆمەڵگە دەستکردانە بوونەتە دوو کۆڵەکەی بەهێزی مەدەنی بۆ برەودان بە بیری سیاسیی ئەو ڕوانین و هزرە کە تێیدا سەرکەوتوو بوون؛ بەڵام ئەگە بمانهەوێ بەو پێناسە مۆدێرنەی ئەمڕۆ فاکتێکی بەرچاوتر بێنینەوە دەبێ چاوێک لە سەردەمی شۆڕشی "مەشرووتە" بکەین. لەو قۆناغەدا هەموو چین و شەبەنگی کۆمەڵگە هەر لە ئاغا و دەرەبەگ، کرێکار و وەرزێر وەک نوێنەری کلاسیکی (سوننەتی) کۆمەڵگەی مەدەنی هەتا توێژی هەڵبژاردە و خوێندەوار و باڵادەست (بورۆکراتیک) لە بازنەی پێشکەوتووی ئەو ڕەوتە بە پارەتیی بازاڕ و کەسەبە هەستانە سەر پێ و بە دامەزراندنی ئەنجومەنە نەتەوەیەکان کە ڕۆڵی کاریگەریان لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو شۆڕشەدا هەبوو. ئێمە دەبینین یەکەم "اتحادیە"ی کرێکاری و ئەنجومەنی ئازادی بۆ ژنان ساڵی ۱۲۸۵ لە تاران بە فەرمی دادەمەزرێ، بەڵام هاتنی ڕەزاشا و دەستەڵاتی سیاسی و نیزامیی ناوبراو جێگەی بەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لێژ کرد و هەموویانی لەنێو برد. دواتر لە جەریانی شاربەدەرکردنی ڕەزاشا(۱۳۲۰) و کودیتای بیست و هەشتی گەلاوێژی ۱۳۳۲یش بە هەبووونی بۆشاییەکی سیاسی جارێکی دی کۆمەڵگەی مەدەنی کرانەوەی بەخۆیەوە بینی و هەمیسان کوڕەکەی ڕەزاشا، واتە حەمەڕەزا ئەو ڕەوتە مەدەنییانەی کە بە زەرەری خۆی و دەستەڵاتەکەی دەدی خنکاند. هەتا سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران کە جیا لە هۆکارگەلی دەرەکی و ئەتنیکی، بەحەق ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنی بوو کە توانی بە ڕێکخستنێکی باش بۆ ناڕەزایەتییە مەدەنییەکان زەمینە بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی خۆش بکا. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوکات زۆرتر خۆی دە "تشکل، سندیکا، انجمن، اتحادیە"کانی کرێکاری، سێنفی بازاڕی، خوێندکاری و... دەبینییەوە کە بە لقێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێن، ئەو ڕەوتانەش هەر هەتا ڕووخانی ڕێژیمی شا بریان کرد و دواتر بە هەڵایسانی شەڕ دەگەڵ عێراق بەتوندی لەلایان ڕێژیمی ئێرانەوە سەرکوت کران و دەفتەرەکانیان لێ داخستن. هەتا دوای شەڕ کە خەڵک لەو ڕەوشەی ئیدۆلۆژیستی ئیسلامی شیعە تێگەیشتن و نەمانی وەرەی شۆڕشگێڕی و دارمانی هەستی ئینقلابی وایکرد جارێکی تر کۆمەڵانی خەڵک لە دەرگای کۆمەڵگەی مەدەنی بدەن و بەو ڕێگایەدا بتوانن ناڕەزایەتیی خۆیان بەرامبەر بەو حاکمییەتە دەربڕاز بکەن، ئەوە بوو لە

سەردەمی سەرۆک کۆماریی ڕەفسەنجانی بە پاساوی (سازندگی) و خولقانی کەشێکی دژایەتی دەگەڵ ڕێژیم؛ ناوەندە مەدەنییەکان وەجموجووڵ کەوتن و لە سەردەمی دەستەڵاتی دەوڵەتی خاتەمی بە دروشمی کۆمەڵگەی مەدەنی و "چاکسازی" ڕێ بە کرانەوەی هیندێ ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە چوارچێوەی یاسای خۆیان بە هەموو کەموکوورییەک درا. یەکەم بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی ساڵی ١٣٧٨ کە بە کۆی دانیشگا ناسرا لەو قۆناغەدا هەڵایسا و لە حکوومەتی ئەحمەدینژاد جارێکی دیکە بە پەلپ و بیانووی جیاواز زۆرێک لەو ڕێکخراوە مەدەنییانەی سەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی داخران و گیران و لە کەمی دا. دووهەم ڕابوونی خەڵکی ئێران بە تایبەتی لە ناوەند ساڵی ١٣٨٨ بوو کە بە ڕەوتی سەوز ناودێر کرا. ئەمڕۆش ڕووحانی خوازیاری درێژەپێدانی ڕێگای دەوڵەتی بە قەولی خۆیان "ئیسلاحات"ن، بەڵام بەو چەند بەرەکییەی دەنێو خۆیاندا (دەستەڵاتدارانی حاکم) هەیانە و سێ دەستەڵاتی نیزامی و تەناهی (ئیتلاعاتی سیاسی، سپا، هێزی ئینتزامی) هەر کام بە مەیلی خۆیان بە گرتنی چالاکانی مەدەنی و داخستنی بارەگاکانیان دەیکەن و دەوڵەتیش گوێی بۆ بەردەداتەوە و خۆی لێ کوێر و کەڕ کردووە.

## کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان (بە تەکزکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

بە هۆی دیرۆکی دووروردرێژی کورد و کوردستان دەتوانین لە زۆر کەلێن و قوژبندا کۆمەڵگەی مەدەنی و لقەکانی هاوتەریبی ببینینەوە، بە باوەڕی من دوای ڕوانینی مێژوویی لەو پرسە لە چاخە کۆنەکانی سەردەمی سۆمێر و دوای سۆمێر هەتا دامەزراندنی حکوومەتی ماد و دواتریش دەتوانین باشترین میناک بۆ کۆمەڵگەی سڤیل لە ئۆل و ئایینەکانی کۆنی کورددا بدۆزینەوە، ئۆلی ئێزدی و یارسان(یاری) وەک کۆنترین و ڕەسەنترین دینەکانی جیهان بە گشتی و کورد بە تایبەتی بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێناسە دەکرێ. بە پێی ئەو پێوەر و لێکدانەوانە لە سەر چەمکی کۆمەڵگەیەکی سڤیل، هەر ئەوەی کە ئەو دوو ئایینە؛ بە دوای دامەزراندنی دەستەڵاتێکی سیاسیدا ناگەڕێن و لە نێو خۆیاندا بەو دامەزراوە کولتووری و ئایینییەی کە هەیانە تەنیا بۆ پەرەدان بە کاری ئۆلی خۆیان بانگەشە دەکەن و لە بواری نێوخۆیی تێکۆشانی مەدەنی دەکەن؛ دەکرێ بچێتە خانەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بە جۆرێک تەنیا لە بەرژەوەندییەکانی ئایینی و ڕاهێنانی تاکی خۆی دەگەڕێ. "مەسحەفا ڕەش" کە بە زاری کورمانجی نووسراوە و "جیلوە"ش بە سۆرانی؛ وەک دوو کتێبی پیرۆزی ئۆلی ئێزدی و نامەی "سەرئەنجام" (دیوانی گەورە)ش وەک پەرتووکی بەرز و مەزنی یارسانەکان گەلێک بایەخ و گرینگایەتی هەیە. لەم دوو کتێبەی ئێزدییەکان و کتێبە پیرۆزەکەی یارییەکان کە بەداخەوە هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ بەئاشکرا و وەک خۆی نەکەوتۆتە بەردەستی خەڵکانی باوەڕمەندی جگە لەم ئایینانە و، ئەوەی کە لەبەر دەستیش دایە زۆرتر شرۆڤە و شەنکردنی ئەو کتێبە و ئۆلانەیە، دەزانین لەو قەول و سروود و کەلامانەی ئەو دوو دینە ڕەسەنەی کوردی یەک وشەش وەک ئایینە سەرەکییەکانی سامی (جوولەکە، کریستیان، ئیسلام) باسی کوشتن و گرتن و دەستەڵات و شەڕ نەکراوە و تەنیا و تەنیا باسی گەورەیی و بزەی خوا، نزا و پاڕانەوە، چاکە و ڕاستی، ڕەوشتی پاک و داب و نەریتی خۆیان و ئافراندنی جیهان و

ژیان و... کراوە.

خەزانە غەیبن یاران ئەی کووچە
گێرد ئامادە بان پەری ئەو رووچە
مەنبەع فەیزن کەلام یاری
نەلای خاوەندکار ئاما وەدیاری (کەلامی یاری، بۆرەکەیی ل ١٢)

یا لە قەولەکانی ئێزدی(قەول بە مانای سووڕە لە قورئانی پیرۆز دایە) تەنێ باسی خوا و چۆنیەتیی خوڵقانی جیهان و چاکە و پیاوەتی کراوە...

"لەمن جەما دبوون زربابە
دێ ژ وێ بەحرێ دەبین تەبابە
بەحرە و دوڕا میر دناڤە
پەدشێ من بە دوڕێ بوو
ب هەسناتەکێ ژێ چێ بوو
شاخا موحبەتێ ژێ بوو(قەولی زەبونی مەیسوور)..."

یا قەولی "شەقە سەری" کە یەکێ لە قەولەکانی ئەو ئایینە پیرۆزەیە، تەرخان کراوە بە ڕێزگرتن لە میوان و پاراستنی حورمەتی کەسایەتیی میوان وەک کەسێکی زۆر بەڕێز و ئازیز و خۆشەویست. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە ئەو دوو ئایینە چەندە ڕێز لە بەهـا مرۆییەکان و کۆمەڵگە دەگرن و زۆر بەدوورن لە جیهانی پرکێشەی سیاسەت و فرت و فێڵ لەهەمان کاتدا مەتاڵ و قەڵغانێکن بۆ بەرگری لە شوناس و فولکلۆری کوردی. لە لایەکی دیکە بە درێژایی مێژووی ئیسلام لە کوردستان حوجرەی فەقێیان (جیا لە باسی دینی و ڕەمێنی ئایینی) کە شوێنێک بووە بۆ پەروەردەکردنی کەسانێک بۆ وەرگرتنی پلەی مەلایەتی (ماموستای ئایینیی ئیسلام) جۆرێک کۆمەڵگەی مەدەنی لێ دەوەشێتەوە هەروەک تەکیە و خانەقای دوو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری کە نەک هەر جۆرێک کۆمەڵگەی مەدەنی بوونە بەڵکوو وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی سۆسیال مێدیای (ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان) ئەمڕۆی گێڕاوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئامرازی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکان و هەواڵی تایبەتی دەکەوێتە چوارچێوەی مەدەنییەت کە ئەو ڕۆڵە لە کەونی کوردا جیا لە حوجرە و تەکیە و خانەقا و دیوەخانی ئاغا و میر و بەگ، حەمام و سەرکانییش ئەو پشکەیان وەبەر دەکەوێ بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانی ڕۆژی کۆمەڵگەی ئەوکاتی.

سەدەی نۆزدەی زایینی کە دەکرێ بە سەدەی ڕابوونی کورد پێناسە بکرێ بە سەرهەڵدانی زیاتر لە پەنجا شۆڕش و بەرخۆدان دوای دەستەڵاتی میرنشینەکانی کورد هێدی هێدی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە وێرژێنێکی نوێ سەر هەڵدەدا کە ئاکامەکەی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بوو (١٨٩٨) بە تایبەت ئەو کلوپ و یانەگەلانەی لە باکوور و لە شارەکانی دیاربەکر، مەلاتییە، ماردین، خارپێوت و... وەک شوێنێک بۆ چالاکیی مەدەنی و بڕەودان بە هەستی ناسیۆنالیزمی کورد دادەمەزرێن و بە شێوەیەکی سڤیلمەند پەرەیان پێ دەدرێ، دواتر ئەو پێواژۆیانە لە سەدەی بیستەم لەونێکی مۆدێرنتر بەخۆوە دەگرێ. دەگەڵ هەموو ئەو گوشار و خەفەقانەی لەلایەن دەستەڵاتدارانی ناوەند لە هەر چوارپارچەی کوردستان بووە، چینی هەڵبژاردەی کورد بێوچان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئاشتییانە و مەدەنی ویست و داخوازییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە. کە جارێکی تریش دوای سێ پەیماننامەی چەوسێنەران (سایکس پیکۆ، سێور و لۆزان) کوردستان بە دامەزراندنی دەوڵەت - نەتەوەکان دەکەوێتە بەر شاڵاوی ژێنۆساید و ئاسیمیلەبوون و قڕ کردن، شۆڕشی حەقخوازیی کورد سەر هەڵدەداتەوە، لە جەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی ژیارمەندی ڕۆژ "ژێکاف"(١٣٢١ک) لە شاری مەهاباد دادەمەزرێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان فەلسەفەی وجوودیی خۆی لەو کۆمەڵەیەدا دەبینێتەوە. ئەو کەسانەی ژێکافیان دامەزراند ئاگاهانە لە دۆخی مەوجوود تێگەیبوون (چ لە بواری دەرەکی کە جیهان تووشی شەڕێکی گەورە بووە و دەستەڵاتی سیاسیی ئێرانیش کەوتۆتە نێو گەمەکە و چ لە بواری نێوخۆیی، بە هەستکردن بە بوونی ڕێکخراوێکی وەها کە بتوانێ لانیکەم لە پارچەیەکی داگیرکراو بە شێوەیەکی سڤیل و مەدەنی ویست و داخوازییەکانی گەلی کوردی تێدا باس بکرێن.) ئەو چەند کەسایەتییە دامەزرێنەرە؛ هەڵبژاردەی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان بوون بەبێ جیاوازی کە دواتر پەرەی سەند و لە سەر خوانی حیزبی دێموکرات، کۆماری کوردستان دادەمەزرێ و دوای ١٦٠ڕۆژ لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ڕادەگەیەنرێ. دوای دەستبەکار بوونی ئەو کۆمارە لە یەکەم ئەرک و چالاکییەکانی دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان وەک ڕێکخراوێکی مەدەنی و دواتر ڕێکخراوی لاوان دامەزرا، بڕەو بە کاری هونەری، شانۆ، خوێندن و... درا کە هەموو ئەمانە دەکەونە بازنەی کۆمەڵگەی مەدەنی، لێ مەخابن بە نەمانی کۆماری کوردستان (دوای ١١ مانگ دەستەڵات) هەموو ڕێکخراوەکانیش لە سێدارە دەدرێن! بە هێرشی ئەرتەش بۆ سەر کوردستان مەیدانی مەدەنییەت وێران دەبێ. (کۆڕی زانیاریی کورد ١٩٧١ - ١٩٧٨ وەک ئەکەدێمیا و ناوەندێکی ئەدەبی کە لە بواری زمان و وێژەی کورد لە بەغدا گەلێک چالاکیی کرد و خزمەتێکی زۆری بە زمان و ئەدەبیاتی کورد کردووە، لەم قۆناغەدا چالاک بووە). هەتاکوو ساڵی ١٣٥٧ کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیدا سەر دەکەوێ دەتوانم بڵێم بزووتنەوەیەکی مەدەنی ئەوتۆ کە ڕۆڵی بنەڕەتی لە ڕووداوەکان هەبێ و پێ ڕێی دیار بێ نابینرێ، بەڵام هەر بە سەرکەوتنی خەڵک دوای شۆڕشی ٥٧ جارێکی دی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەجموجووڵ دەکەون، بەڵام بە هۆی دەستەڵاتی ئیسلامیی ئێران تەمەنی ئەو ڕەوتە مەدەنییانە کورت بۆتەوە.

ڕایەکی دی بە هەبوونی کەسانی شارەزا، پسپۆڕ و ناوازەی کورد (ماموستا هێمن، ئەحمەدی قازی و...) حکوومەتی ئێران بە ئامانجی سیاسیی خۆی؛ ئیزنی کارکردن بە ڕێکخراوێکی وێژەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا (ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، گۆڤاری سروە.) ئەو کەسایەتییانەی کورد ئەو هەلەیان بە باشی قۆزتەوە و لە چوارچێوەی یاسای ئێران خزمەتێکی زۆریان بە فەرهەنگ، زمان، ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی کرد. دواتر لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی کۆچی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان وەک ڕێکخراوێکی سڤیل لە حەوزەی ئەدەبیات دامەزران و دەستیان بە چالاکی کرد، ئەوە دەسپێکێک بوو بۆ ئەوەیکە لە بەشی هەرە زۆری شارەکانی تری کوردستان ئەنجوومەنی هاوشێوە دابمەزرێن و دەست بە چالاکیی کولتووری و وێژەیی بکەن، لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتایی دەیەی ٨٠ی کۆچیش ڕێکخراوگەلێکی زۆر وەک ژینگەپارێزان، شاخەوانان، منداڵپارێزان، زانست و فێرکاری زمانی کوردی وەک ڕێکخراوگەلێکی مەدەنی بە ئامانجی خزمەت بە پەروەردە، ڕاهێنان، بڵاوکردنەوە و ناساندنی هزری جیهانی و ڕۆشنگەریی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵات بە دوور لە سیاسەت و ناوەندەکانی دەستەڵات، سەربەخۆیانە ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیەنن، بە گشتی لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوو جیا لە دەستکەوتەکانی زانستی، کۆمەڵگەی مەدەنی توانیویەتی پراگماتییانە بێتە مەیدانی بەرگری لە هەوێتی خۆی و بە خۆپێشاندان و مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازار لە بەشی زۆری شارەکانی کوردستان بەهۆی تیرۆری دوکتور قاسملوو، لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی، دەربڕینی هەستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بە شێوازی جۆراوجۆر وەک خۆپێشاندان، مانگرتن، گردبوونەوە، فستیواڵ، هەڵپەڕکێ لە شین و خۆشی بەشەکانی تری کوردستان و دوامینیان دوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی شەش لاوی کورد(٢١ی خەرمانان) خۆی زیاتر نیشان داوە. لە قۆناغی کرانەوەی سیاسی لە تورکیەش کوردانی باکوور توانیان ئاوەزمەندانە کار بۆ سەرخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن و ئەم چالاکییانە لە مێژووی کورددا ناوازەیە.

(لە ژمارەی ٧٤٢ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانیۆیری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵک و دەسەڵات

وەک گوتمان دەهزری فەلسەفەی سیاسیدا چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە چەند مانای جۆراوجۆر پێناسەی کراوە، وەک دەوڵەت لە هزری ئەرەستوویی بە مانای کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە بەرامبەر کۆمەڵگەی سەرەتایی، لە هزری کەسانی وەک فێرگۆسن و "دۆخ و مافی سروشتی"، لە باوەڕی لاک و هابز هەتا گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ژان ژاک ڕۆسۆ و؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بە پێوەری دەسەڵاتی چینی بۆرژوای مارکس لە بەرامبەر پێناسەی هێگڵ و... .

لە هەڵکڕاندن و هەڵێنجانی هەموو ئەو بیر و باوەڕ و هزرانە و ئەو باسەی بە کورتی کرا دەتوانین ئاوا بڵێین: "کۆمەڵگەی مەدەنی لە بۆشایی نێوان بنەماڵە و دەوڵەت دەگووریێ"، کەوابوو کۆمەڵگەی مەدەنی چوارچێوەیەکە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەدوور لە دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆی حکوومەت، پێکهاتوو لە کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەی گشتی و دەستە و گرووپ، کۆمەڵگەی مەدەنی شوێنی هێزی کۆمەڵانی خەڵکە لە حاڵێکدا دەوڵەت مەیدانی ڕمبازێنی سیاسەتە. کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە سەرجەم ئەو دامەزراوانە (تەشەکول، ئەنجوومەن، سەندیکا، ڕێکخراو، ئیتحادیە، کانوون و...)کە هەرکام لەمانە بە مەبەستی تایبەت و پێوەندیدار دەگەڵ چالاکی و باوەڕی خۆیان کار بۆ ڕۆشنگەری ئاوەزی ئەندامانیان؛ زێدە کۆمەڵگە دەکەن. بەگشتی دەتوانین بڵێین لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا، بۆشاییەک لە زۆر بواردا هەیە کە دامودەزگاکانی دەوڵەت، ناتوانن پڕی بکەنەوە یان نایانەوێ پڕی بکەنەوە، بۆیە دەزگا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دێن و ئەو فەزایە پڕ دەکەنەوە. بە مانایەکی دی، کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لەو ڕایەڵە ڕێکخراوەییە خۆبەخش و ئازادانەی کە لە مەودای نێوان خێزان و دەوڵەت لەدایک دەبێ، ئەم تۆڕە لە ڕێکخراوانی خۆبەش و سەربەخۆ، بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ئایین و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هاووڵاتیان، ئازادانە کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی مادی و مەعنەویی هاولاتیان دەکا، جگە لەوە کار بۆ هێنانەئارای بەهاکانی ڕێزگرتن و لێبووردنی فیکری و سیاسی و قبووڵکردنی پلۆرالیزمی سیاسی و ئایینی و جیاوازییەکان و مودیرییەتێکی سالم بۆ ململانێ و ناکۆکییەکان دەکا.

کۆمەڵگە لە دەوڵەتان بە گشتی و بەتایبەت حکومەتە تۆتالیتێرەکان (تۆختر) بەسەر دوو لقدا دابەش دەبێ. ئا، کۆمەڵگەی فەرمی. بێ، کۆمەڵگەی نافەرمی؛ کۆمەڵگەی فەرمی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تاکەکانی سەر بە ئۆرگانە جیاوازەکانی حکوومەتین و بە شێوەی کەلە قەندی! لە خوارێ بۆ سەرەوە هەڵدەچنرێ بۆ میناک لە سیستمی پەروەردە و ڕاهێنان (لە وڵاتی ئێران) لەو کەسەی قوتابخانەکان خاوێن دەکاتەوە هەتا مامۆستا، جێگری مودیر (معاون)، مودیر، جێگری بەرپرسی

پەروەردە و ڕاهێنان، بەرپرسی پەروەردە و ڕاهێنان (لە شارێک)، جێگری مودیری گشتی، مودیری گشتی (پارێزگا)، جێگری وەزیر، وەزیری پەروەردە و ڕاهێنان (ولات)، سەرۆککۆمار و جێگرەکەی، ڕێبەری نیزام. دەوڵەت بە تایبەتمەندی و ئەو پێناسەیەی خۆی، جارێکی تر کەسایەتی و جۆری ڕوانینی ئەو تاکانەی سەر بە کۆمەڵگەی فەرمی دادەڕێژێتەوە و فۆڕمێکی تایبەتیی بۆ جیاکردنەوە لە کۆمەڵگەی نارەسمی پێ دەبەخشێ (لە ئێران ئەو کەسانەی سەر بەو دوکتۆرینەن بە فەرهەنگی دێنە ناسین)، بۆ وێنە لە هەموو بانکەکانی ئێران زەمانەتی بانکیی فەرهەنگییەکان زۆر لە کەسانی بازاڕی و ساماندار مەقبووڵترە ((ئەگە کارمەند زامن بێ یەک کەسی دەوێ کە بازاڕی بێ دووکەس!)) ئەم دیاردەیە لە دادگا و پاسگاش بەهەمان شێوە یا لە دەستە چەک و بیمەش ئەو جیاوازییە بەرچاوە، جلوبەرگ و شێوەی ئاخاوتنیشیان زۆر جیاوازترە لە کەسانی سەربە لکەکەی تر. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشێک لەو بەرێزانەی لە ئۆرگانە فەرمییەکانی دەستەڵاتدا لە ژێر هەرناوێک و بەهەر پلەیەک دەوام دەکەن شێوە ئاخاوتنێکی جیاوازیان دەگەڵ کۆمەڵگە هەیە، تەنانەت لە پۆشینیشدا نابێ وەک خەڵکی تر بن یا لە زۆر ڕەوشت و خدە و... دا. ئەو بەرێزانە پێیان وایە یا وایان پێناسە بۆ کراوە کە ئەگە لە قسەکردندا هەتا کەمتر خۆ لە قەرەی زمانی دایک بدەن ئاوا فەرمیترن و بە ڕوانگەی خۆیان بەفەرهەنگترن و ئەم دیاردەیە دەبێتە کەوشەنێک لە نێوان ئەوان و ئەوەیتر. هەر ئەم ڕوانگەیە لە بواری دەروونناسییەوە جۆرێک هەست بە لەخۆبایی بوون و خۆبەزلزانین دەخاتە ڕەوانیان و واهەست دەکەن گەلێک تەوفیریان دەگەڵ خەڵکی ئاسایی هەیە، تەنانەت هیندێ لە خەڵکی کۆمەڵگەش کە بیهەوێ خۆی بە فەرهەنگی یا کەسایەتییەک بزانێ ئابەم شێوازە دەدوێ و هەڵسوکەوت دەکا. بۆ میناک ئەو کەسانەی لە میدیا لۆکاڵییەکاندا چ وەک بێژەر چ وەک کارناس یا میوان و... دێنە گۆ زۆر بەڕوونی ئەو دیاردە زمانییە دەردەکەوێ. لە کەشێکی ئاساییدا تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەو تایبەتمەندییانە کەمتر شان دەبەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەنێن کە بە جۆرێک دژایەتیی ئەو دۆخە دەکا (بە ڕوانێکی ڕۆتین بەشی هەرە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کۆمەڵگەی نافەرمین، پشکی هەرە زاڵی ئەندامانی دامەزراوە سڤیلەکان لە کۆمەڵگەی فەرمی وەبەر مامۆستایانی قوتابخانە بە پلە یەکەم دەکەوێ). لە بەرامبەردا کۆمەڵگەی نافەرمی ئەو دیسکۆرسەیە کە سنووری نێوانیان جگە لەوەی کە لە خزمەت کار و ئەرکەکانی حکوومەتدا نین، هابز گوتەنی لە دۆخی سروشتی دان و پشکی سەرەکی لە کۆمەڵگەی مەدەنییان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە، تەنانەت لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشیش (لە کوردستان) ئەوە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە باجی ئازادیخوازی دەدا و؛ بۆ سەندنەوەی مافی زەوتکراو لە هەموو بەشەکانی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... هەوڵ دەدا.

هەموو ئەو پێناسە و تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئاوای بڕازێنینەوە و ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو چەمکە بەم جۆرە ئاژێر دەداتەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەرهەمی ڕاگرتنی بالانسی نێوان دەستەڵات و خەڵکە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕایەڵەی پێوەندییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەنجوومەن و دامەزراوەکانن؛ کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و کەم تێچووترین جۆری ڕێکخستنە لە چێکردنی دەستەڵاتی خەڵکی بۆ گۆڕان؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ئاگا لە یەک بوونە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هێمای پێوەندییە مۆدێرنەکان لە نێو کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی خوازیاری شەفافسازی لە کارەکانی حکوومەتە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێکخستنی سێنفییە بۆ بەرگری لە مافی کار؛ کۆمەڵگەی مەدەنی گۆپاڵی دروستکردنی "گوفتمان"ـە لە نێو کۆمەڵگە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پردی نێوان دەستەڵات و کۆمەڵگەیە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی نەقدی سیاسەت و کارەکانی دەوڵەتە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پارمەتیدەری حکوومەتی دێموکراتیکە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانی دێموکراسییە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هەستی متمانەیە لە نێوان کۆمەڵگە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵێکە بۆ بەرەوودان بە پێشکەوتنی بەردەوام و ئینسانی؛ کۆمەڵگەی مەدەنی تەژی لە ڕێکخراوەکانە، کۆمەڵگەی مەدەنی مەتاڵ و لەمپەرە بەرامبەر دیکتاتۆران؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئاشتی و ئازادی و بۆ پاراستنی ژینگە و ڕۆشنگەری بەیداخە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی نەقیزەی خەڵکە بۆ دیکتاتۆران؛ کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوان و هاندەری خەڵکە بۆ بەشداری پێکردنی خەڵک لە چارەنووسی خۆیان؛ کۆمەڵگەی مەدەنی سەنگەری پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی بەگژداچوونەوەی ناعداڵەتییەکانە؛ کۆمەڵگەی مەدەنی چەڵغووی ئەتنیکە ڕەنگییەکانە بۆ ڕاماڵینی دیکتاتۆرەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی...

ئەو کۆمەڵگە سڤیلە وەک سیستەمێکی خەڵکی بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی سەر بەو هزرە شەقڵ دەگرێ (لە ئاکامی یەکگرتنی سەرجەم دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەدایک دەبێ، واتە کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی سەر بەو جمکەن)، بە باوەڕی ڕیچارد نۆرتۆن هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکی دەکەن ئەو سێ تایبەتمەندییانەیان هەیە:

١- سڤیلمەند بوون

٢- خڕبوونەوە (تجمع گرایی)

٣- شارۆمەندی

بە شێوەیەکی گشتی ئەم ڕێکخراوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکن، ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان، ژینگەپارێزان، شاخەوانان، کرێکاران، ئەسناف و بازاڕی، خێرخوازی، وەرزشی، مامۆستایان (معلمین)، ئەندازیاران (مهندسین)، مامۆستایانی ئایینی، ژنان، لاوان، منداڵان، خوێندکاران، ڕۆژنامەنووسان و... ئەم دامەزراوانە لە سەربەخۆ بوون، شێوەی ئەندامگیری، خەڵکی بوون وەک یەک دەچن.

# ئاکام

باوەڕ بە خەباتی فرەڕەهەندی و ئیمان بە کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و پشتیوانیکردنی بە کردەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە (NGO)یەکان و هەمیش لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەشێکی نوێی لە خەباتی سڤیلیانە و نافەرمانیی مەدەنی دەخولقێنێ، هەربۆیە ئێمە دەبێ وەک حیزبێکی پێشڕەو و سەرتاسەری (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) ئاگاهانە ئەدرەسی نوێ بدەینە کۆمەڵانی خەڵک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. هەر تێئۆری و بیرۆکەیەکی سیاسی بۆ بەرەو ئامانج گەیاندنی نەتەوەیەک، وەدەست پێواژۆیەکی سیاسی یا نیزامی دەبێ خوێندنەوەی زانستی و فەلسەفیی تەواوی بۆ بکرێ و قۆناغەکانی یەک بە دوای یەکدا تێپەڕێنێ. بە باوەڕی "نیل ئێسمێلسێر" شەش مەرج هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن (کە هەموو ئەو شەرتانە لە ڕەوشی ئێستادا لەبارن)...

١- بەستێنی پێکهێنەر؛ هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتنی کەشێکی تایبەت لە نێو کۆمەڵگە.
٢- زەختی پێکهێنەر؛ دۆخێکی تایبەت کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەنێو کۆمەڵگە (مەترسی لە داهاتوو، گومان، ترس و دڵەڕاوکێ و زوڵم و...) بۆ دیاریکردنی ئامانجێکی دیاریکراو.
٣- بڵاوبوونەوەی باوەڕە پەنگخواردووەکان؛ زۆربەی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژییەکی (حیزب و جەریاناتی سیاسی) تایبەت و دیاریکراون کە ناڕەزایەتییەکان پەرە پێدەدا و ڕێکاریان بۆ دیاری دەکا.
٤- هۆکاری خێراکردن؛ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خێراتر کردن و پەیوەست بوونی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک کە ڕاستەوخۆ بەشداریی ڕەوتەکە بن.
٥- بوونی (حیزب، ڕێکخراو) بۆ هاوئاهەنگی؛ سەرۆکایەتیکردن و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکە بە کەرەسە و ئامێری جۆراوجۆر.
٦- کارکردی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی؛ زاڵبوون و دەدەست گرتنی دۆخەکە (چۆنیەتیی سەرهەڵدان، بەرەوپێش چوون و بڵاوبوونەوەی لە نێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتوندی لەژێر کاریگەریی کارکردی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییە، کاربەدەستان لە وەها دۆخێکدا هەڵوێست نیشان دەدەن.

پۆپێر گوتەنی: "ڕەنگبێ من هەڵە و خۆشبین بم بەڵام زووتر دەگەینە ڕاستییەکان"، پێموایە بەو مەرجەی باوەڕمان بە تاک تاکی خەڵکی خۆمان، حیزبەکەمان و ئەم ڕێکارە مەدەنی و ئاوەزمەندە بێ سەرکەوتنمان، بەبێ هەموو ئەو تێچووە مەزنانە مسۆگەرە. ئەگە مارتین هایدگێر فیکری بۆ نازی بەرهەم دەهێنا و ببووە دەستاڕ و ئاشی ئامانجەکەی پێ دەگێڕا، جین

شارپیش خەباتی مەدەنی دەکاتە بنەما، تیئۆریی گاندی و ماندێلاکان دەبنە تۆو و بە زەوی وەردەکرێن. هیچ سەیر نییە کە ئێمەش بتوانین لە تێکەڵاویێک لەو تیز و تیرمانە بە تێگەیشتن و موتالەی دۆخی لەباری مەوجوودی هەنووکە (بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە مەدەنییەکان پێیان وایە بە پێوازۆ کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین ساغتر ڕێ بپێوین و لە ئامانج نیزیکتر بینەوە، دەگەڵ ئەوەی کە هەموو شێوازێکی خەبات بە ڕەوا دەزانم) و بە خوێندنەوەیەکی واقعی و کار و تێکۆشانی ئاگاهانە (کۆمەڵێک پێشنیار هەیە) دەتوانین ئەو ماتەوز (پتانسێل)ـەی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، بتوانین بە هیمەتی کۆمەڵگەی فەرمی و نارەسمی بەگشتی سەرجەم خەڵکی کوردستان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، حیزب بکەیەنە "ئاگۆرا" و مێژوو بخوڵقێنین و بە ئازادی بگەین.

(لە ژمارەی ٧٤٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریویری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

# نیشتمان، ئاوردووی ڕێژیم

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران چل ساڵەی خۆی دەربازکرد! ئەگە بمانەوێ فلاش بەکێک لێ بدەین و بە گۆشەنیگای لۆژیکی بنواڕینە چوار دەیە دەستەڵاتی حاکمانی زاڵ بەسەر نیشتمانی ئەو خاکەی بە ئێران ناسێندراوە، دەستپێک و شێوەی هاتنەسەرکاری دەستەڵاتدارانی ئێران بەو شۆڕشە خەڵکییەی کە کرا شێوازێکی تەواو پێشکەوتووانە و دێموکراتیک بووە. گەلانی نیشتەجێی ئێران لە ماتەوزەی کۆمەڵگەی مەدەنی هەروەها دەرفەتی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەوەی زلهێزان لە کۆنفرانسی «گوادلۆپ» (ئاڵمانی ڕۆژئاوایی، ئینگلیس، فەڕانسە و ئەمریکا) بە باشترین شێوە کەلکیان وەرگرت و لە ئاکامدا ڕێژیمی پاشایەتیی حەمەڕەزا شا تێک رووخا و گەلانی ئێران بە خەیاڵی خۆیان ویستیان حکوومەتێکی دێموکراتیک و خەڵکی دروست بکەن، کە تێدا هەموو ئەو سیاسەتە چەوتانەی ڕێژیمی پێشوو ڤێتۆ بکا و بە مۆدێلێکی نوێ و سیاسەتێکی تازە بۆ تەناهی و پاراستنی بەرژەوەندی و ئازادییەکانی گەلان تێ بکۆشێ. کەچی هەر زۆر زوو ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتووە بەسەر هەواری خاڵێدا کەوتن و زانییان جارێکی تر خیچاون و، ئەو دەستەڵاتەش بە ڕەنگ و جلێکی تر بەڵکوو لە زۆر بەستێنی وەک ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە و زۆر دیاردەی تر دیکتاتۆرتر و داخراوترە؛ بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتیتریش قوماش هەمان قوماش و گەز هەمان گەز!

ڕوانینی دەستەڵاتداران و سیاسەتی گشتیی حاکمانی تازەپێگەیشتووی ئیسلامی بە نیسبەت نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لە بواری ئابووری، پەروەردە و ڕاهێنان، کولتووری و سیاسیدا، ڕێک لە درێژەی سیاسەتەکانی نیزامی پاشایەتی بوو جا بە خوێندنەوەیەکی چالاک و بەڕۆژ؛ بە دەیان فاکت و میناک هەن کە چۆن کۆماری ئیسلامی ئاگاهانە لەم بوارانەی سەرەوە پلانی کێشاوە و هەیە، لێرەدا بەکورتی باس لە هێندێ لەو سیاسەتانە دەکەین:

لە بواری ئابوورییەوە، بە پێناسەی مارکس، بازار، ئیقتساد و کارکردی ئابووریی وڵاتان بە دەلاقەی سەنعەتی و پیشەیی سەیر دەکرێ، واتە ئابووریی هەر وڵاتێک بە گەشەی کارخانەکان، کارگە و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان پێش دەکەوێ؛ کە ئەمە جیا لە قازانجی ئابووری، هەلی کار بۆ خەڵک دەڕەخسێنێ و دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئابووریی دەوڵەتان و سەربەخۆیی و پێشکەوتنی سیستەمی داهات؛ چ لە ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە حکوومەتی ئێستای ئیسلامیی ئێران لەو بەشە گرینگەی کۆمەڵگەدا هیچ پیشکەوتنێک لە کوردستان نابینین، واتە جیا لە سازکردنی بینا و ساختمانی لۆکس و شووشەیی لە هێندێ شەقام و گەڕەکی کوردستان کە هێندێک دامەزراوەی حکوومەتین و بەشێکیش هی خەڵکی ئاسایین پێشکەوتنێکی

ئەوتۆ لە بواری پیشەییەوە بەرچاو ناکەوێ، دوای بیرۆکەی شارۆچکە پیشەییەکان کە لە دەیەی چلی هەتاوی باسی کرا هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ لە کوردستان؛ بەگشتی کارگە و کارخانەیەک وەها گەورە و بەکار نابینرێ کە تێدا قازانجی خەڵکی وەبەرچاو گیرابێ و، یارمەتییەک بێ بۆ ئابووریی کوردستان (لە هەر چوار پارێزگای کوردستان چەند کۆمپانیا و کارخانە نەبێ شتێکی وابەل کە جووڵە و گەشەی کوردستان بجووڵێنێ نابینرێ ئەوەی کە هەیە کۆمەڵێک کارگەی بچووکن کە؛ بە سەرمایەی کەسی چالاکن دەنا ئەوانەی لە بانکەکان یارمەتی و وامیان وەرگرتووە یا مایەپووچ بوونە یا سوودەکەیان هێندە بەرزە کە بانکەکان بوونە پشک و شەریک و، قازانج سەری مایەی خواردووە! بۆ میناک، ساردخانە، سوورترینگی میوە، شکاندنی قەند، بەرهەمی خۆراکی وەک بیسکویت، ئاومیوە، پفەک، چیپس، نانەهەڵووچە، بەرهەمی شیری وەک ماست، دۆ و...) ئێستاشی دەگەڵ بێ بەشی هەرەزۆری ئابووریی کوردستان خۆبژێوە و لە ئاکام زەحمەت و تێکۆشانی خەڵکی دابین دەبێ کە پشکی سەرەکی وەبەر ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەکەوێ و، ئەوەی تر بەتایبەت لە شارەکان کاری ڕۆتین و وەرزی، کرێکاریی ساختمان، شۆفیری، کۆڵبەری، دووکانداری، ئاڵوگۆڕە نێوخۆییەکان و... کە زۆر بەکەمی لە سەردەمی شادا هەبووە ئێستا پێوەی زیاد بووە و، دیاردەی وەک تەڵاق، بێکاری، ئیعتیاد، ئاڵۆزیی بنەماڵە، خۆکوژی، کۆچ بەرەو هەندەران و هتد، ڕوو لە زیاد بوونە بۆیە ڕادەی هەژاری لە شارە کوردییەکان لە ئاستی ئێران زیاتر لە دەورەی حەمەڕەزا بە نیسبەت ناوچەکانی تری ئێران، پلەی یەکەمی وەبەر دەکەوێ و خەڵکی کوردستان بەوپەڕی زەخت و فشار ژیان بەسەر دەبەن. ئەوە لە حاڵێکدایە زیاتر لە ١١% پاشەکەوتی نەوت و گازی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارێزگای ئیلام)دایە و بە دووهەمین پارێزگای گازی لە ئێران دەژمێردرێ کە دەتوانین ئاماژە بە ناوچەکانی کەمانکێو و تەنگەی بیجار بکەین کە لە حەفتا کیلۆمیتری ئیلام هەڵکەوتوون، لە ژێر ئەو گڵە ڕەشە ڕۆژانە ٧ میلیۆن میتری چوارپاڵوو گاز دەردەهێندرێ. مەزەندە کراوە لە ناوچەی سووماری کرماشان نیزیک بە ٥٠٠ میلیۆن بۆشکە نەوت لە ژێر ئەو ناخە خۆی مەڵاس دابێ! ئەوە تەنیا ڕاپۆرتی حکوومەتین، جیا لەو هەمووە کانگایانەی تری کوردستان وەک کانگەی زێڕ، جیوە، بەردی بە نرخ، زیو و... تەنیا لە کانگەی زێڕی تکاب (زێرشۆران و ئاغدەرە) کە بە یەکەمین کانگەی زێڕی ئێران دەناسرێن ڕۆژانە نیزیک ٦ تۆن شمشی زێڕ دەردێنن!! ئاخۆ دەبێ خەڵکی ئەو ناوچە دەوڵەمەندانە چۆن بژین؟؟!!

لە بواری فەرهەنگییشەوە ئەگە شا بە پووڵ و پارە و چەواشەکاری بەهۆی کەسانی وەک گریشمەن، ئیستروناخ، ریچارد فرای، هێرتسفێڵد، کۆهێن و دوکتور موعین، ڕەشیدی یاسەمی، سەعیدی نەفیسی، ئەحمەدی کەسرەوی و... زۆر ئارام و ئاگاهانە لە ژێرەوە بە هاوکاری و یارمەتیی ماڵباتی شاهەنشا و دەزگای زەبەلاحی پەروەدە خەریکی قاڵکردنەوە و ئاسیمیلەکردنی کولتوور و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی کورد بوون و زمانی کوردییان بە دیالێکتیک یا دەستەخوشکی زمانی گەنجی فارسی دەزانی و ڕابردوو و مێژووی نەتەوەی کوردیان ڕەوگیر کرد و، خۆیان پێهەڵاوەسی هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بە یەک هێڵ، دوکتورینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زمانی کوردی بە «گویش محلی» نزم کردووتەوە و،

تەباتەبایی بە هێنانە گۆڕی ئەندێشەی «ئیرانشەهری» و شەفیعی کەدکەنی بە نزمکردنەوەیەکی سووکی زمانی کوردی، جارێکی تر ئەو پەیمانە بە وەچەی پێش خۆیان دەدەن هەتا ماون دژایەتیی کولتوور و زمان و هەوێتی گەلی کورد بکەن بۆ ئەوەیکە شوناسی واقیعی خۆیانی پێ بشارنەوە! ئەو هەمووە هێرشە کولتووری و فەرهەنگییە بە پشتیوانیی سیستماتیکی حکومەتی، بێ کاریگەر نەبووە و تا ڕادەیەک کۆمەڵگەی کوردیی تووشی خەسار و لێکدابڕان و سەرلێشێواوی کردووە، جا ئەمجارە سێبەری ئیمپێریالیستی زمانی-یشی پێوە زیاد بووە؛ بنواڕن کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کۆی ٥١ شارستان لە چوار پارێزگا کە هەیتی (جیا لە پارێزگای لوڕستان)، بە دەیان فێرگە و ناوەندی زمانە جۆراوجۆرەکان بە تایبەت ئینگلیسی چالاکن کە هەزاران قوتابیی تێدا بە ئەدەبیات و زمانی فارسی پەروەردەی ئینگلیسی دەکرێن (فێر بوونی زمانی غەوارە بۆتە نەریتێک لە کۆمەڵگەی کورستان، بەشی هەرەزۆری بنەماڵەکان هەر لە سەرەتاوە مناڵەکانیان بۆ ئەو فێرگانە دەنێرن). فێربوونی هەر زمانێک بە دڵنیاییەوە جیا لە شانازی بۆ مرۆڤ ئەوەندەش کەلکی باشی هەیە و نکۆڵی لێ ناکرێ؛ بەڵام ئەو چەند ناوەندە فێرکارییەی زمانی کوردی ئاخۆ دەبێ چەندە قوتابییان هەبێ؟ دایک و باوکان چەندە گرینگی بە فێربوونی زمانی دایک هەم بۆخۆیان و هەمڕێ بە مناڵەکانیان دەدەن؟ ئایا زمانی دایک ئەو جۆرەی زمانناسان و ڕێکخراوە جیهانییەکان بە بایەخەوە باسی دەکەن لای دانیشتووانی کوردی ڕۆژهەڵات قەدری هەیە؟ نوام چامیسکی دەڵێ ئەوانەی لەم چاخەدا زمانی دایکیان نازانن نەخوێندەوارن، ئەگە پێناسەی ئەم زمانناس و ڕخنەگرە بە ناوبانگە بکەینە پێوەر و بنەما ئاخۆ دەبێ ڕادەی خوێندەواری خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە بێ؟؟!! ئەو هەمووە دوکتور و موهەندیس و موعەلیمە، هەزاران کارمەند و کرێکار و بازاڕی و خەڵکی ئاواییەکان ڕێک کەوتوونەتە بۆسەی لەنێو بردنی فەرهەنگ و شوناسی کوردی، ئەوە درێژە و بەرهەمی نیزیک سەد ساڵ بەرنامە و پلانی نەرم ئامێریانەی هەرتک ڕێژیمی شا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، باس لە کۆمەڵگە و پێوەندیی خێزانی بە تایبەت لە شارە گەورەکانیش ناکەین کە چۆن ئامووشۆیەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و بەناوی «فەرهەنگ» خەڵکی ئێران چی لێ نەهاتووە!

جا ئەو کاریگەرییەش سێبەری شوومی خۆی خستۆتە سەر کوردستانەکەمان، بەو پێناسە چەتەی «فەرهەنگ» و پێشکەوتن کە لە لایەن ناوەندە پەروەردەیی و تەناهییە بێ ناوەکانی ڕێژیم کراوە، سەرجەم خەڵکی ئێران و کورد بە تایبەتی زۆر لە نەریت و دابی ڕەسەنی خۆیان دوور کەوتوونەتەوە، کەسایەتییەکانی بەستێنە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگ و هونەر و مێژووی لای جیلی نوێ گرینگی پێ نادرێ و تەنانەت لە نەستی ئەو چینە تازە پێگێشتووە ڕەش بۆتەوە (چەند ساڵ پێش لە کەناڵێکی لۆکاڵیی کوردستان پرسیارێک بۆ خەڵکی داندرا کە ئایا دەنگ و هونەری لاوێکی گۆرانیبێژی فارس باشتر و خۆشترە یا حەسەن زیرەک! بەداخەوە وڵامەکە بە دڵی دەستەڵاتدارانی ئەمنییەتیی تاران بوو) مەخابن لە هێندێ شارە گەورەکانی کوردستان دەبینرێ دایک و باوکان بە ناوی فەرهەنگ! لەتەک مناڵەکانیان بە فارسی دەدوێن، ئەمەیە ئەو ئاوردوویەی کۆمەڵگەی کوردی پێ دەسووتێنێ و لە شوناس و هەوێتی خۆی دووری دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

لەوەهـا ڕەوشـێک دایە بێهیـوایی، ئـاڵۆزی و پەرێشـانی بەربینگـی بە خەڵـک گرتـووە و بێکـاری و نەبـوونی ئازادییەکـان و چەوساندنەوەی سیسـتماتیک دەگەڵ نـاعەداڵەتی و گەنـدەڵی و دزیـی بەرپرسـانی بـالای ڕێـژیم هەروەهـا سیاسـەتی هەڵەی دەرەوەی ڕێژیم دەگەڵ بێزار بوون و نارەزایەتیی سەرجەم خەڵکی وەزاڵەهـاتوو تێکەڵ بـووە، بـۆیە پێم خۆشە و ئـاواتەخوازم وڵاتانی کاریگەری جیهان و مێژووش لە «وەرشۆ» جارێکی تر بڕیاری «گوادلۆپ» دووپاتە بکەنەوە.

(لە ژمارەی ٧٤٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

# میتۆلۆژیی نەورۆز

لەم نووسینەدا حەول دەدەین «نەورۆز»، ئەو جێژنە مەزنەی زاگرۆسییەکان، چۆنیەتیی سەرهەڵدانی، دیرۆکی شەفاهی و نڤیسیارییەکەی لە چەند گۆشە نیگای جیاوازەوە ڕاڤە بکەین و هەڵیسەنگێنین. سەرجەم ئەو بەسەرهات و سەربوردەی ڕابردوو کە سینگ بە سینگ هاتووە و ئێستا بۆ ئێمە بە دیاری ماوەتەوە، دەبێ بە دەربیجەی میتۆلۆژییەوە چاوی لێ بکەین و شرۆڤە بکەین.

ئەفسانە(myth) حەولێکە بۆ ناساندنی ڕاستییەکانی دەوروبەر بە شێوەیەکی ئەوپەڕ سروشت (فراطبیعی). ئەوکات کە زانست و بیری مرۆڤ بەو ڕادەیە لە پێگێشتن و تێگێشتن نەگەیوە، ویستوویەتی بە شێوەیەکی ناسروشتی هیندێک پرسیار بۆ ئاشتیی نێوان خوزاو و مرۆڤ بدۆزێتەوە. بوونی ئەفسانە یا میتۆلۆژی لەنێو گشت کولتوور و ژیارەکان ئاسایی بووە، تەنانەت ئێستاش لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆر شت وەک ئەفسانە ماوەتەوە و بەردەوام دەگوترێتەوە وەک؛ «دونیا لە سەر پشتی گا و ماسی بوو» و...

سەرەتای دەسپێکی ئەفسانە بۆ خەون و خەیاڵی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە ئەوهەندە چەندپاتە کراوەتەوە، بۆیان بۆتە ڕاستی و بیروخەیاڵیان پێ ئەهوەن دەبێتەوە یا ڕاستییەک بووە لە ئاکام پێ هەڵاگوتن و زەفکردنەوەی لە ڕادەبەر؛ سینگ بە سینگ بۆتە چیرۆک و نەوەی داهاتوو بەو هەمووە ئاڵوگۆڕەی کە بەسەریدا هێناوە بە کەیفی خۆی پاراوی کردووە و ئیمانی پێ هێناوە. ئەم چیرۆک و ئەفسانەبێژانە لەوپەڕی خۆماڵی و سادەیی، خۆیان سەرقاڵی وڵامدانەوەی هێندێ پرسیاری زانستی کردووە، کە لە هزر و بیریاندا پەنگی خواردۆتەوە، ئەمەش بۆتە باوەڕێک لەنێو کۆمەڵگەی ئەو کاتی خۆی. نەورۆزیش یەکێ لەو جێژن و نەریتە کۆنانەیە کە بە چەندین جۆر لە لایەن مرۆڤی سەردەم قسەی لەسەر کراوە. دیارە نەورۆز لە نێو بەشی هەرەزۆری گەلانی زاگرۆس و جوغرافیایەکی بەرینی ئاسیا و تەنانەت ئورووپاش ساڵانە یادی دەکرێتەوە، فەلسەفەی ئەو ڕۆژە لە نەستی کۆمەڵگەکاندا هەر یەک جۆرە بەڵام لە چۆنیەتی و وردەکارییەکانی هیندێ جیاوازی هەیە. ئێمە لە ژێرەوە هیندێ لایەنی ئەفسانەیی و واقعی ئەم جێژنە لە بانووی ئێراندا باس دەکەین.

دوای هاتنەسەر حوکمی ئاژیدێهاک (زوحاک) زوڵم و زۆری، کۆمەڵگەی داگرت و ژیانی خەڵک کەوتە مەترسی. ناخۆشی و ڕۆژی ڕەش باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، خەڵک هەراسان لە زوڵم و کەڵەگایی باج و کاری زۆرەملی، لە دەست زوحاک وەئامان

هاتبوون، سەرباقی خڕ ئێش و ئازارێک ڕۆژێک شەیتان و ئەهریمەنی بەدفەڕ بۆ سپاس و پێزانینی ئەو دەستەڵاتە نگریسە دێ و سەر هەر تک شانی پاشا ماچ دەکا و بەم کارە ڕێزی لێ دەنێ! دوای ماوەیەک لە شوێن جێ دەمی شەیتان برینێکی بە زام سەرهەڵ دەدا و وەک گوڵ دەپشکوێ. لە ناکاو لە هەر لاشانی مارێک دەڕوێ و داوای خواردنی مێشک و کەللە سەری بنیام دەکەن ئەویش لاو و گەنجی وڵات! ناعیلاج هەموو ڕۆژێ بە بڕیاری شا و کەمبوونەوەی ئازاری سەرشانی دەبێ دوو لاوی جوان بکوژرێن و مێشکیان دەرخواردی ماری سەرشانی کاک ئەژدیها بدەن! (لە فەرهەنگی زانستی هێماناسی کۆندا مار وەک پێناسەیەک بۆ تەندروستی و ساغی ناوی هاتووە، وەک ئێلێمانی ساخڵەمیی جیهانی تەنانەت ئێرانیش، ڕەنگبێ زوحاک یا ئاژیدێهاک کەسێکی شارەزای بواری پزیشکی بووبێ!! دەکرێ سرنجێکیش بدەینە وشەی، بیمار (بێمار) بێ + مار)

ڕۆژێک لەوان ڕۆژان کەسێکی ئاسنگر پەیا دەبێ و بە هاوڕێیی هیندێ دۆست و برادەر کۆ دەبنەوە بەڵکوو بتوانن چارەیەک بکەن، وا ساخ دەبنەوە کابان و چێشتلێنەری بارەگای پاشا بۆ پێشگرتن بە کوشتن و سەر بڕینی لاوەکانیان ڕازی بکەن یا دەنا پێخۆر بکا و هەموو ڕۆژێ بزنێک یا مەڕێک سەر ببڕێ و مێشکیان تێکەڵی مێشکی لاوێک بکا و، ئەویش دەرخواردی ماران بدا، واتە بە جێگای هەر ڕۆژێ دوو لاو جوانێک بکوژرێتەوە و، زەرەر لە نیوەش ڕا بگەڕێتەوە هەر قازانجە!

لە سەروبەندی کەش و هەوا خۆشبووندا کاتێ کاوە و دۆستانی خۆ بۆ شۆڕشێک پەیت دەکەن و لە خۆیان ڕادەبینن، یەکجێ بەرکۆشەی چەرمینی خۆی دەکاتە ئاڵا و بە خۆی و هاوڕێیان و ئەو ڕزگاربووانەی دەستی زوحاک بە چەکوچ و داس و خەپە و شەنە دەکەونە سەر کۆشکی شا و کاربەدەستانی و، دوای شەڕێکی خوێناوی سەردەکەون و سەری جمکی مار و پاشا وێکڕا پان دەکەنەوە. ئەو ڕۆژە دەبێتە سەرەتای ڕۆژێکی نوێ کە هاوکاتە دەگەڵ سەری ساڵ و بەهاری خەم تاوێن، دوا بە دوای ئەم دیرۆکە هەموو ساڵێ خەڵکی نیشتمان ئەم ڕۆژە جێژن دەگرن و دەیکەنە چەقڵەسەما و ڕەشبەڵەک... (تێمی ئەم بەسەرهاتە وە ڕووداوی دیرۆکی سەردەمی دەستەڵاتداریی مانناییەکان دەچێ کە لە ٨٠٠ پ.ز ڕووی داوە.) لە فەرهەنگەکان، (ضحاک) بە مانای کەسێکە کە زۆر پێدەکەنێ، دەم بە بزە، بەڵام موعین پێی وایە بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان وا دەردەکەوێ، شەیتان زوحاکی فریو داوە بۆ ئەوەی کە باوکی خۆی مەرداس بکوژێ و خۆی لە جێی دانیشێ، دواتر ئەو ئەهریمەنە پەستە خۆی بە وێنەی لاوێکی جوان دەرهێنا و خۆی گەیاندە بارەگای شا و خۆی وەک کابان یا چێشتلێنەر ناساند هەموو ڕۆژێ حەولی دەدا زۆرترین کەلک لە گۆشتی دەعبا و باڵندە وەرگرێ بەڵکوو زوحاک فێری خوێنڕشتن و خواردن و... بێ، دواتر لە ئاکامدا خۆی دەگەیەنێتە شا و سەر شانی ماچ دەکا و...

ئەوەی سەرەوە کە بەکورتی باس کرا هەم لە نەست و مێشکی کۆمەڵگەی نەریتیدا باو بووە هەمژی لە فەرهەنگی موعینیشدا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەو ئەفسانە و میتۆلۆژییە، ئەمڕۆ لە مێشکی هیندێ گەلانی ناوچە وەک هێمای نەورۆز و فەلسەفەی

دەستپێکی ساڵی نوێ، چەند پاتە دەبێتەوە، بەڵام ئاخۆ بڵێی وابێ؟ بەپێی سەرچاوە مێژووییە جێ باوەڕەکان «ئاستیاگ» یا بە یوونانی (ئیختۆویگۆ، ئیشتۆویگۆ) یەکێ لە نەوەکانی دیاکۆی مەزنە (وێدەچێ چەواشەکاران ئەو خونکارە بە زوحاک یا ئاژدیهاک دەیشوبهێنن). ئەو حکوومەتە بە کۆکردنەوەی قەوم و عەشیرەتەکانی خزمیان توانیان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێران (بە واتای ناوچەی جوغرافیایی کۆنی ئەو سەردەم) شانشینێکی (کۆنفیدراڵی) مەزن دابمەزرێنن و حکوومەت بکەن. هوەخشەتەرە کوڕی فرەوەرتیش کوڕی دیاکۆ، توانی بە لەدەوری یەک کۆکردنەوەی قوڵە دەستەڵاتدارەکانی ناوچە و خۆڕێکخستن و یەکیەتی، هەروەها هاوپەیمانی دەگەڵ «نەبوپلیسەر» خونکاری بابیلۆنەکان، دوای شەڕێکی قورس (٦١٢پ.ز)، سپای زلهێزی ئاشوور، ئەو هێزە لەبڕان نەهاتوو و کۆک و پوشتەیە تێک و پێک بدەن و بە نیشانەی جێژن و شایی لە گشت بەرزاییەکان ئاگریان کردەوە و تەنانەت بازێڕی نەینەوا، ناوەندی دەستەڵاتداری ئاشووریان ئاگر دا و، لە دەوری گڕی پڕشنگداری ئازادی، دەست لە نێو دەست بیکەنە هەڵپەڕکێ هەتا بۆ دوامین جار ناوی ئاشوور چیتر ترس و دڵەڕاوکێ نەخاتە نێو دڵی گەلانی ناوچەکە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی جێژن و شایی و نەورۆز بووە (ئەمە بەشێکی بۆچوونی ژێنێراڵ ئێحسان نووری پاشاشە). کوڕی هۆوەخشتەرە «ئاستیاگ» دوای باوکی لەسەر تەختی شایەتی، پاڵ کەوت و خەریکی ڕابواردن و ڕێکخستنی ناوچەکان بووە. بەپێی مێژوو ئەو میرێکی ڕۆحسووک و کەمتەرخەم بووە کە لە ئاکامی خەیانەتی «هارپاگ» وەزیری جێ باوەڕی بە دەستی کووروش (سایرووس) نەوەی کچێنەی، بە دیل گیرا و کۆتایی بە دەستەڵاتداری هات و حکومەتی «ئیخیمانی» (هەخامەنشی) لەسەر ژێرخانی ئەو دەوڵەتە دامەزرا. کەواتە دەمەوێ بڵێم، ئەو ئەژدیهایەی خەڵکی بەدشووم باسی دەکەن ئەو کەسە بوو کە ئاماژەمان پێکرد و هیچ پێوەندییەکی دەگەڵ ئاستیاگ، نەبووە.

لێبەڵێ بە ئاوێتەبوونی بۆچوونی شانامە کوردییەکان و عومەری خەیام (نەیشابووری) و هیندێ زانای کورد بزانین ئاخۆ ئەوان چۆنی باس دەکەن! بناغە و فەلسەفەی ئەم جێژنە کەونە بۆ زۆر کۆنتر لەم دیرۆکە دەگەڕێتەوە. سەردەمی جەمشید دەستەڵاتداری پێشدادییەکان، شانامەکان زۆر بە خەیاڵێکی ناسک و پتەو دەیهۆننەوە دوای پێداهەڵگوتن و ناساندنی جەمشید وەک کەسێکی زانا و تێگێشتوو کە چەندین داهێنانی وەک (چێکردنی نێزە و مەتاڵ و شێر، جلوبەرگی پەشمینەی جوان و ڕازاوە، دابەشکردنی کۆمەڵگە، بیناسازی و بۆنی عەتر و گوڵاو و مشک و عەنبەر و...) بەگشتی گەیشتن بە گەلێک هونەر و زانست، خۆی وەک تاکەکەس لە جیهاندا دەبینێ. ئەوجار بە بیری دەگا باڵ دەربێنێ و بەرەو ئاسمان بفڕێ و، بڕیاری دا تەختێکی لە زێڕ و گەوهەر و دوڕ، بۆ چێ بکەن، ئەو دێوانەی دیل و یەخسیری بوون بەرزی کەنەوە و بیبەنە تەشقی ئاسمان بە وێنەی خۆر لە ئاسمانا دەرکەوێ، بەم ئاواتەشی گەیشت و لە ڕۆژێکدا فڕی و خەڵکی وڵات سەیریان دەکرد، جەمشید بەم کارە خۆی لە خەڵکی هەڵاوارد و وەک خوا خۆی ناساند، ئەو ڕۆژە (یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، فەروەردین) بوو بە جێژن و وەک ڕۆژێکی نوێ دانرا، بوو بە شایی و هەڵپەڕکێ، جەماحەت پۆل پۆل دیارییان بۆ دەبرد و زێڕەوشانیان دەکرد، ڕێزیان لێ دەنا و خۆیان فیدا دەکرد.

وه فەڕ و شکۆ تەختەش وەراستەن
وه زەڕ و گەوهەر یانەش ئاراستەن
جه ڕۆژ نەورۆز نیشته بان تەخت
هەر ئەو بوونە ڕوو کرد و ئەو بەخت
گێرد ئامان گەوهەرئەفشانیش کردن
سەوگەند پێ جەمشید جو ڕۆژە وردن

دوای ماوەیەک خەڵک لەم کارە نەشیاوەی جەمشید ماندوو بوون و لە کاری خۆیان پەژیوان، بەم پێیە «فەڕی ئێزەدی»یان لێ ستاندەوە و دونیا بەرەو ناخۆشی ڕۆیی.

کاری وڵات ئاڵۆز بوو ئەو هەر خەریکی حەیش و نۆش و کچانی تاس و لووس بوو و خەڵکیش خۆیان بێ شوان دیتەوە، تا وای لێهات زوحاکییەکان بە پشتیوانیی خەڵکی نیشتمانی جەمشید هێرشیان کرد و وڵاتیان داگیر کرد.

سواران ئێران گێردیان شاه جو
یەکسەر ڕوو کەردەن وه زەحاک بەد خو
ئاوەردەن کردن شای ئێران زەوین
یەک یەک و شاهیش واتەن ئافەرین
ئەوسا گێرد یاران شاد بین نی دونیا
ئەویچ تاج کەی و سەرش نیا

د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن دەڵێ: «ئەو جێژنە واتە عەیدی نەورۆز هەمەن جێژنی (تەموز و عەشتارە) کە سوومێرییەکان پێش ئەوەی کە لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر بەرەو دەشتایی خوارووی عێراق (مێزۆپۆتامیا)دا بگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.»

مامۆستا مەسعوود محەممەد پێی وایە: «نەورۆز جێژنێکی کەون و دێرینی باوک و باپیرانی نەتەوەی ئارییەکانی نیشتمانی ئاریایی بووە کە بەپێی جوغرافیا ناوچەیەکی یەکجار زۆری ئاسیا و ڕۆژهەلاتی ناوینیان لەژێر حوکمدا بووە، تەنانەت ئەگە بمانەوێ باسەکە بەرفراوانتر بکەین دەتوانین باسی هیند و ئورووپا و... بکەین.» بەڕاستی ناکرێ ئەم جێژنە

پیرۆزە بەتەنیا لە گەلێک ببەستین و بیکەینە ملکی یەکێک لە نەتەوە ئارياييەكان، ئەمە جێژنی هەموو گەلانی ئارییە، بەڵگەش ئەمەیە هیچ تیرە و رەگەزێک نییە سەری ساڵی خۆی پێ هەوێن نەکردبێ و چاوی باستانی دێرینی پێ نەرشتبێ رێی ئەفسانەکانی پێ ئارایش نەدابێ، چ لە فارس و کورد و ئازەری، ئەرمەن، ئەفغان، تورک، سووری، کلدانی، مەغۆل و تیرە چینییەکان و بوودا و بەرهەم و پرۆتستان، چاوگە ئورووپایی و... ئەمانە هەرکام بە پێی دەستووری نەتەوەیی خۆیان سرنجێکی لە بارەی رۆژی نوێ و سەری ساڵی تازەوە هەیە و هەست و نەستێکی تایبەتیان تێدا پەنگاوەتەوە.

بەشێک ئەڵێن: ئەم جەژنە بەبۆنەی چوونە سەر تەختی جەمشیدەوەیە، ئەفسانەیەکی زۆری بۆ هەڵدەبەستن، بورهانی قاتع کە فەرهەنگێکی دێرینی زمانی فارسییە بە سێ چوار رەنگ ئەم خەیاڵە دەگێڕێتەوە، هێندێ پێیان وایە لە سەردەمی ئەستێرەپەرستەکانا تەهموورس پەیا بوو و جەمشید هات ئایینی تازەی کردەوە و ئەم رۆژەیان بەم بۆنەیەوە کردە جەژنی رۆژێکی نوێ و ناویان نا نەورۆز، پەلێک دەڵێن ئەو رۆژەیە کە رووناکی و رۆشنایی تێیا گەشاوە، دەستەیەک دەڵێن نا ئەو رۆژەیە چەرخی گەردوون تێیا وەگەڕ کەوت، بەڵام شەرەفنامەی بدلیسی گیانێکی کوردانەوەی وەبەر خستووە و بە کاوەی ئاسنگری دەبەستێتەوە کە سەری زوحاکی خوێنمژ پان دەکاتەوە. جیا لە هێندێ داب و نەریتی قیزەون کە ئێستا بۆتە خۆرە و خەریکە ئەم جێژنە خۆماڵی و دێرینە بە ئاقار و لارێدا بەرێ، هەر لە کۆنەوە و بەپێی ئەستێرە و فەلەکناسی و هاتنی رۆژ و مانگ جێژنی بۆ گیراوە. پێش هەزارەی شەشەم و پێنجەمی بەر لە زایین خەڵکی بناری زاگرۆس و نێو رووباران چوار پەیکەری هێشوو (خوشە، هوشەنگ لە بەندهەشن)، «کەوان، ماسی یا حووت و دوو پەیکەر وەک هێمای وەرز و ساڵ دەهاتنە ئەژماردن. ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز دوای مانگ و ئەستێرەی حەمل یا کاور لە باوەڕی ئاريايیەكان سەرەتای بەهار بووە، جوێ لە گشت ئەفسانە و حەقایەت و چیرۆک دەکرێ سەرەتای ئەم جێژنە و رۆژە نوێیە بگەڕێتەوە بۆ دوای چاخی سەهۆڵبەندان کە مرۆڤەکان لە ئەشکەوت و چیای رەوەزی بۆ دەشتایی داگەڕان دوای ئەم چاخە زەوی بەرەو گەرمبوون چوو و کانی و رووبار و زەریا پێک هاتن. لەوەڕگە و چیمەن و دارستان سەریان هەڵدا، دۆخی لەبار و بەپیز بۆ ئاژەڵداری و وەرزێری هاتە نێو فەرهەنگی ژین، کەم کردنەوەی راو و نێچیر و گۆشت و بەرەودان و، پێویستی خواردنێکی جیاواز بۆ لەشی بنیامەکان وای کردووە بیر لە چاندن و رووەکی بکەنەوە. بەپێی توێژینەوەکان یەکەم تۆو و دان لە زەوییەکانی کوردستاندا چێنراوە و کشتوکاڵ لەم ئاخە دەستی پێکراوە (گوندی چەرمـوو لە چەمچەماڵ)، کە مرۆڤەکان فێری چاندن و دروون و هەڵقەندنەوە و رنین بوون، بۆیان دەرکەوت لە رووی وەرز و مانگ و ساڵ دوای ساردی و بەستەڵەکی زستان شنەی بای شەماڵ پەیامهێنەری وەرزێکی نوێ و رۆژێکی تازەیە بۆ ژیان و رەوتی تێکۆشان، لە کوردستانی ئێمە بە هۆی گرێدان و بەستنەوەی ئابووریی ژیان بە پیشەی وەرزێری و زەوی و باغ و مەزرا کە بوونی کوێستان و چیا و مێرگ و بژوێن و زەوی و باخی بەرمێن، ئەم دیاردە ئابوورییە بەهێز دەکا؛ هەر لە زۆر کۆنەوە پێشتر ئەو کات مەڕ دەزا و رەپستە سەریان دەدرەوشاوە و جارێ کەروێشکەی مابوو بە مانای هاتنی رۆژێکی نوێ بووە جا ئەوسا دوای پشوو دانێکی زۆر لە وەرزی

زستان بەو شەوە درێژانەی دوای چلەی بچووک لە مانگی ڕەشەمە خۆیان بۆ وەرزێکی نوێ و بۆ چالاکی نواندن لەمەڕ بژیوی ژیان و...، بە کردنەوەی ئاور و خۆ ڕازاندنەوە بە جلی نوێ و سەردان و ڕەشبەڵەک و هێلکەشکێنە و دمبڵی کاوە و حەلاوە مەلاوە لەو پەڕی شادی و خۆشی بە ئاشتی و برایەتی لە دەوری یەک کۆ دەبوونەوە و بەرەو پیری وەرزی کار و تێکۆشان دەچوون.

* (دەقی تەواوی باباتەکە لە ڕۆژنامەی کوردستان پارێزراوە)

(لە ژمارەی ٧٤٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٩

---



سەرچاوە Serchawe

## بەهاری گەلانی ئێران

«ئەمڕۆ من بەفەرمی بەرنامەی دەوڵەتی خۆم بۆ ناساندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەوانە سپای قودس، لەژێر بەشی ٢١٩ی یاسای کۆچبەران و تەناهی، وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ڕادەگەیەنم. ئەم بڕیارە ناوەندی سەرنجدان و ئاستی زەخت هێنانی لانی زۆری لەسەر ڕێژیمی ئێران پەرە پێدەدا و مەترسیی مامەڵەی بازرگانی دەگەڵ، یا پشتیوانی کردن لە سپای پاسداران ڕوون دەکاتەوە. ئەگە دەگەڵ سپای پاسداران مامەڵە بکەن بەو مانایەیە کە سامانی تیرۆریزم دابین دەکەن، ئەمە پەیامەکی ڕوونە بۆ تاران کە پشتیوانی کردنی لە تیرۆریزم ئاکامی جدیی بەدوادا دەبێ، ئێمە زەختی ئابووریی خۆمان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بە هۆکاری پشتیوانی و هاوکاری تیرۆریزم و چالاکییەکانی زیاد دەکەین و هەتا ئەو کاتەی دەست لەو ڕەوشتە سەربزێوییانە هەڵنەگرێ بەردەوام دەبین».(دوناڵد ترامپ ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٨)

دوای ئەو هەمووە نەهامەتییە و لافاو و لێمشتەی بە دەستپێکی بوهار ڕووی لە بەشێک لە ئاخی ئێران کرد، دەکرێ ئەو فەرمانەی دوناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک هەواڵێکی خۆش و بە ڕۆژێکی دیرۆکی بۆ گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد بزانین.

١٨ی بانەمەڕی پارەکە (١٣٩٦) بوو کە ترامپ قسەی خۆی بردە سەرێ و یەک لایەنە لە ڕێککەوتنی ناڤکی وڵاتانی ٥ کۆ یەک ناسراو بە «بەرجام» وەدەرکەوت، کە بە خراپترین ڕێکەوتنی مێژووی ئەمریکا ناوی دەبرد. هەر دوای چوونە دەرێی لەو ڕێککەوتنە سەرجەم ئەو گەمارۆیانەی کە لە سەردەمی باراک ئۆباما لەسەر ئێران لاچووبوون خستراوە سەری و ناوە ناوە و، بەپێی بەرنامە و پلەنی بۆ داڕێژراو بازنەی ئابلۆقەکانی تەسکتر کردوە. هەتا ئێستا دەیان کاربەدەستی نیزامی، ئابووری و سیاسی وێڕای کۆمپانیا و شیرکەتی جۆراوجۆر کە یارمەتی و هاوکاریی ئێران دەدەن بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە چەک و کەرەسەی نیزامی یا خزمەتگوزاری بۆ سیستەمی فڕۆکەیی ئەو وڵاتە و کۆتایی هێنان بە فرۆشی نەوت و... کەوتوونەتە بەر شاڵاوی گەمارۆکان. هەموو ئەو گەمارۆیانە لەلایەک و خستنە نێو لیستی سپای پاسداران بە تەنیا لەلایەک، ئایا سەری مارەکە لە پانبوونەوە نیزیکتر دەکاتەوە؟!

ئەگەرچی گەلانی خەباتکاری ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژی دامەزراندنی ئەو ئۆرگانە نیزامییەوە (١٣٥٨)، بەردەوام دەگەڵی لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد لە شەڕ و کێشە دابووە و، هەردەم پێیان وابووە کە ئەو ڕێکخراوەیە وەک

یەکێک لە لکە سەرەکییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سەرچاوەی چەوساندنەوە و نەهامەتیەکانی گەلی کوردە و، دەبێ بە هەر شێوەیەک دەلوێ بەرەو رووی ببینەوە؛ ئەمڕۆ زلهێزترین وڵاتی جیهان هاتە سەر ئەو قەناعەتە و ڕوانینی خۆی دەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە ڕێک خست. بەڵام لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا بۆ ئەوانەی دژی ئەو دەستەڵاتە زاڵمەن ئەوەیە کە سبە و دووی، ئەمریکا هێرشی نیزامی دەکاتە سەر بنکە و بارەگاکانی سپای پاسداران و شەڕ دەگەڵی دەست پێدەکا، ڕەنگبێ ئەمە لە کاتی ئێستادا خۆش خۆش نەیەتە دی، بەڵام ئەمە کارتێکی تر بوو کە ترامپ بۆ بە چۆکداهێنان یا بە قەلی خۆی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گوتوبێژ بۆ ڕیکەوتنێکی جدیی نوێ هەڵبەت بەو ١٢ مەرجەی بۆی داناوە، خستیە سەر مێزەکە و جارێکی تر تۆپەکەی دە زەوینی کۆمەڵانی خەڵک هاویژتەوە!

دەمێکە کەسانی وەک محەمەدعەلی جەعفەری، سادق مەحسوولی، قاسم سولەیمانی، محەمەدڕەزا نەقدی، ئیسماعیل ئەحمەدی موقەددەم و... ناویان لە لیستی تێرۆر و پێشێلکارانی مافی مرۆڤە، زۆرێک لەمانە لە عێراق و سووریە و یەمەن هەر جیرانی بنکە ئەمریکییەکانن و ئەگە بڕیار با هەرچی ویستبایان بەسەریان دێنان وەک چۆن لە پاکستان بەسەر بن لادەنیان هێنا! هۆکاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران هەر لە بواری نیزامییەوە نەبووە کە پارێزەری خاکی ئێران بێ بەڵکوو ئەم ڕێکخراوەیە بە گوتەی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران پاسدار و پارێزەری نیزامیی شۆڕشی ئیسلامییە، واتە سپای پاسداران یانی «شۆڕشی ئیسلامی» (بێ پاشگری ئێران) و، شۆڕشی ئیسلامی-ش واتە سپای پاسداران؛ ئینجا سپای پاسداران لە بەشی هەرە زۆری ئابووریی ئێران، گەندەڵیی سیستماتیک، سپی کردنەوەی پووڵ، قاچاخی مادە سڕکەرەکان، هەناردە کردنی شۆڕش، دژایەتی کردنی خەڵکی ئازادیخواز و لەنێو بردنی دژبەرانی، شێواندنی چەندین وڵات و... ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ڕاوێژکارانی ئەمنیەتیی سەرۆک کۆماری ئەمریکا باش دەزانن کوێی جەستەی هەڵنووساوی ئەو ڕێژیمە دەپێکن؛ لێبەلێ ئەوەمان لەبیر نەچێ هەتا ئێستا ئەوە هەر ئەمریکایە بە تەنیا سپای خستۆتە لیستی تێرۆرەوە و هەموو هەڕەشە جدییەکان هەر ئەو وڵاتە دەیکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوایی (ئورووپا) جارێ هەر چاوەڕێن بزانن چ دەبێ! ئەو زەخت و فشارانەش هەتا ڕادەیەک هەتەر دەکەن و ئەگە خەڵک نەڕژێنە سەر شەقامەکان و لە ڕاستای سیاسەتی بە چۆک داهێنانی ڕێژیم، کەلک لە پشتیوانیی وڵاتانی کاریگەر لەسەرووی هەمووان ئەمریکا وەرنەگرن (کە هێشتا ڕوون نییە و ساغ نەبۆتەوە ئاخۆ ستراتیژیی ترامپ و تیمەکەی چییە!) دوو مەترسی هەیە،

**یەکەم**، ئەوەیکە ئێران وەک وێنزوئێلای لێ بێ و بە شێوەی فەرسایشی بڕووخێ کە ئەمە چەند ساڵ زەمەنی دەوێ و کەس نازانێ ئاکامەکەی چۆن دەبێ.

**دووهەم**، ئەوەیکە دەگەڵ بەرزبوونەوەی نرخی پێکهاتن و ڕێککەوتن، کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئەمریکا بەجۆرێک لە شێوەکان

پێک بێ. تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە کە بخوازن سپا بخەنەوە سەر ئەرتەشی ڕێژیم چونکە ئەو کات هیچ وڵاتێک ناتوانێ ئەرتەشی وڵاتێک وەک تێرۆریست بناسێنێ!

هەتا ئێستا ئەوەیکە ئێمە دەیبینین و هەستی پێدەکەین جیا لە هەموو بەرنامە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئەوەیە کە سەرۆک کۆمار دۆناڵد ترامپ بەوپەڕی ئازایەتی و بەبێ گوێدان بە ڕەخنە و گازندەی حیزبی بەرامبەری (دێموکراتەکان) و بەشێک لە وڵاتانی ئوروووپایی دەگەڵ هیندێک لە وڵاتانی عەرەبی و دەوڵەتی ئیسرائیل هەموو هێزیان وەگەڕ خستووە کە؛ یەک، یا ئەو ڕێژیمە گەندەڵە (کۆماری ئیسلامیی ئێران) بڕووخێنن. دوو، یا وابکەن گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر سیاسەتەکانی خۆیدا بهێنێ. لە هەر تک حاڵەتدا کورد دەتوانێ ڕۆڵ و پێگەی خۆی زەقتر بکاتەوە بەتایبەت لەکاتی ئێستادا کە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەرکەوتووە باشترین و بێ کێشەترین هاوپەیمان لە ناوچەکەدا کوردە (وەک لە عێراق و سووریە دەیبینین) بە چەند شێواز؛ بەرەودان بە ڕێکخستنی زیاتری نێو حیزبەکان (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لێک نیزیکبوونەوە و تەنانەت یەکگرتنەوە)، تیندان بە پێوەندییەکانی دەرەوەی بەتایبەت دەگەڵ ئەمریکا و خۆ لێ نیزیککردنەوە لەو وڵاتانەی دژبەری ئێرانن، ئامادەگی هەرچی زیاتری هێزەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەگەری هەڕەشە و مەترسییەکانی سپا وەک ئەوەی لە ١٧ی خەرمانانـدا دیتمان کە چۆن بە مووشەک هێرشی کردە سەرمان (ڕەنگبێ پێی وابێ ئەوە تۆڵەی خۆی لە ئیسرائیل دەکاتەوە کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ جار بنکە و بارەگاکانی سپای لە سووریە کردۆتە ئامانج.)

(لە ژمارەی ٧٤٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٩

## دەربازبوون لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازیی حکومەتی

مێژووی ڕەوتی چاکسازی «Reformism» بەدوای ڕاو و بۆچوونی بیرۆکەی «ئێدوارد برنشتاین»ی سۆسیال دێموکرات لە ئاڵمان هاتە سەر زاران. پێناسە برنشتاین بۆ چاکسازی ڕوانینێکی ئابووری سۆسیالیستی بووە، بەو جۆرە کە باوەڕمەندبوون بەئیمکانی گۆڕانی کارکردی سیاسی و ئابووری بنچینەیی کۆمەڵگەیەک بە شێوازی گۆڕانی هێدی لە ناخی نەهادە مەوجوودەکان پێناسە دەکرێ. «گەشەی بەرەبەرەی کۆمەڵگە، چارەسەری هەموو کێشەکانە.» ئەو، بیرۆکەی «گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی» لە دژایەتی دەگەڵ «سۆسیالیزمی ڕابوون (انقلابی)» کە پێی وایە «جۆرێک شۆرش بۆ گۆڕینی کارکردی بنچینەیی پێویستە»، دامەزراند. چاکسازیخوازی ئەم فەرزیە کە؛ کەڵەکەبوون و بەردەوامیی ئیسلاحات دەتوانێ ببێتە دامەزراندنی جۆرە نیزامێکی ئابووری کۆمەڵایەتیی جیاواز لەو فۆرمانەی ئەمڕۆیی وەک سەرمایەداری و دێموکراسی. لە بەرامبەردا چاکسازیی پراگماتیک هەوڵدانێکە بۆ پاراستنی ڕەوشی مەوجوود لە بەرامبەر ئەو ئاڵوگۆرە کارکردی و بنچینەییانە.

کەوابوو دەبێ بڵێین چاکسازی قوتابخانەیەکە، ڕێبازێکە کە لەودا نەهادەکانی کۆمەڵگە لە ساختاری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەدوای گۆڕانی هێدی و لەسەرەخۆن کە ئەمە دژکردەوەیەک بوو بە نیسبەت سۆسیالیزمی ڕابوون. کارێڵ پووپێریش وەک یەکێک لەو بیرمەندانەی بەستێنی فەلسەفەی سیاسی بەوە ناسراوە کە بڕوای بە چاکسازی هەیە و مۆدێلی چاکسازی ناوبراویش هەنگاو بە هەنگاو یا قوناخ بە قوناخە نەک ڕابوون یا شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بۆ دربازبوون لە حکوماتێک و ڕووخاندنی یەکجارەکی دەستەڵاتەکان، بەڵام کە دەگاتە دەستەڵاتێکی دیکتاتۆر، لە کتێبی «کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنانی»دا دەڵێ: «ئەمجۆرەش نییە من هەمێشە و لە هەموو دۆخێکدا دژی شۆرش و ڕابوونێکی پڕ لە توندوتیژی بە دژی دەستەڵاتدارانی حاکم بم، منیش وەک هێندێ لە بیرمەندانی مەسیحی سەدەی نێوەڕاست و چاخی ڕێنسانس کە کوشتنی حاکمانی زاڵمیان بە ڕەوا دەزانی، لەسەر ئەو باوەڕەم کە لە حکوماتێکی وەها دیکتاتۆر و زاڵمدا کە هیچ ڕێگە چارەیەک جگە لە ڕابوونێکی پڕ لە توندووتیژی نییە، دەبێ ئەو شۆرشە بە ڕەوا بزانرێ و خەڵک مافی خۆیەتی، بەڵام باوەڕم بەوەشە کە ئامانجی سەرەکیی ئەو ڕابوونانە دەبێ دامەزراندنی دێمۆکراسی بێ...».

ڕەوتی چاکسازی و چاکسازیخوازی لە ئێرانی دوای قاجارەکان، بەتۆخی و بە مانای وشە بۆ سەردەمی دوکتور موسەدیق دەگەڕێتەوە، هەرچەندە دواتر بە شۆرشی سپی لەلایەن محەمەدڕەزا شاوە هێندێک پێیان وایە ئەم ڕەوتە لەوپەری گەشەی

خۆیدا بوو، بەڵام ئەم ڕەوتە لە سەردەمی ئاماژەی ئێمە لە دوای هەڵبژاردنی محەممەد خاتەمی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێران هاتە ئاراوە (٢ - ٣ - ١٣٧٦). ناوبراو بە دامەزراندنی «جبهه مشارکت اسلامی» وەک یەکەم ڕەوتی سیاسیی دوای شۆرشی گەلانی ئێران؛ بووە مەزنترین حیزبیش و نیوە کابینەی حکوماتی خاتەمیشی کە بە دەوڵەتی ئیسلاحات ناوبانگی دەرکرد پێک هێنا. بەڵام بە پێی ئەو پێناسە گشتییانە کە لە چاکساز و چاکسازیخواز بە کورتی ئاماژەمان پێکرد، خاتەمی چ چاکسازییەکی بنچینەیی لە کۆمەڵگەدا و ئابوریی وڵاتی ئێران پێک هێنا؟ ئایا جگە لە هیندێک شلکردنی کولتووری و بەستێنێکی نیوە کراوە بۆ چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئاڵوگۆڕی لەکام ژێرخانی گرینگی کۆمەڵایەتیدا پێک هێنا؟ ئایا توانیی سامانی ئابووریی ئێران وەک ئەوەی خومەینیی سەرکردەی دەیگوت بداتە خەڵکی خۆی؟ یا درووشمی ئێران بۆ هەموو ئێرانیەکانی هەتا کوێی هەتەر کرد؟ چی بۆ ئەو گەلە چەوساوانە کرد کە بە درێژایی مێژووی ژێر نیسێی حکوماتە یەک بە دوای یەکەکاندا زوڵمیان لێ دەکرا؟ ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن کە توێژێک لە کۆمەڵگەی ئێرانی بەتایبەتی کورد هەیبووە و کەمتر لە بەشێکی کۆمەڵگە فریوی ئەو درووشم و گوتارانەی خوارد؛ ئەگەرچی ناوبراو بە دەنگێکی دیرۆکی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و بووە هۆی خوشحاڵی خەڵکی هیوادار بە چاکسازی بنەڕەتی. ئەو خەڵکەی لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانیدا و دوای هەشت ساڵ شەڕیماڵ وێرانکەر دەگەڵ ئێراق، هیچ هیوایەکیان بە دوارۆژ نەمابوو. دوو دەورە بەس بوو بۆ ئاشکرابوونی پەتەیان و ساختە درۆ لە گوتار و درووشمەکانیان، هەر بۆیە خەڵک ڕووی کردە کەسێکی تر کە ئەمجارە ئەو بە درووشمی دانی «یارانە» هاتە مەیدان. هاتنی ئەحمەدینژاد ڕەوتی سەوزی دەگەڵ خۆی هێنا کە هیندێک پێیان وابوو ئەمە بادانەوەی خەڵکە بۆ لای چاکسازیخوازان، ئەگەرچی هەتا ڕادەیەک خەڵک جارێکی تر متمانەی بەو بەربژێرەی بەیتی ڕەهبەری دا کە لە ئاکام موهەندیسی هەڵبژاردنەکان خەڵکیان وا لێکرد لە نێوان «بەد و بەدتەر» کەسێک هەڵبژێرن کە شورای نیگابانی ئێران بە شێوەی گوزینشی دایدەنێ، کە ئەگە بە مەزاقی ڕێبەری نەکەوێ، هەڵبژاردنەکانی دەوری دەهەمی سەرۆک کۆماری لێ دەکەوێتەوە(١٣٨٨). کۆبوونەوەی ئەوە هەمووە گرفت و کێشە و کەڵەکە بوونی سەدان گرفتی خەڵک نارەزایەتیەکانی سەرماوەزی ١٣٩٦ی بەدوای خۆیدا هێنا کە ئەمجارە خەڵک بە تێکرا بزماریان لە تابووتی چاکسازی و چاکسازیخوازان دا و بە گوتنەوەی درووشمی «ئیسلاح تەڵەب، ئوسوڵگەرا؛ ئیتر تەواوە ماجرا» کۆتاییان بە ڕەوتی چاکسازی هێنا و هیچ هیوایەک بۆ خەڵک نەماویتەوە جگە لە گۆڕانکاری بنەڕەتی و گۆڕینی سیستمی سیاسیی هەنووکە لە ئێران. ئەمجارە هەڵوەرینی کەسایەتییەکانی نێو ئەم ڕەوتەشی لێ کەوتەوە و تەنانەت ئێستا بە هێرشکردنە سەر دەوڵەتی ڕووحانی خۆیان بێبەری دەکەن و چاک دەزانن ئیتر خەڵک بەقسەیان ناکەن و چیتر ناچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. لەوحاڵەدا چاکسازیخوازان خۆیان لە کردەوەکانی دەوڵەتی ڕووحانی بێبەری دەکەن و خۆیان لە کەموکوریەکانی کە بەشێکی پشکی ئەوان بووە لە بەشداریکردن لە کابینەی دەوڵەت و پشتیوانی کردن لە کەسی ڕووحانی، دەردەوێن. ئەمڕۆ ڕەوتی چاکسازی لە ئێران گەیشتووەتە قوناخێک کە بۆ خۆشیرین کردن و فریو دان و چەواشەکردنی جارێکی تری خەڵک کە پێیان وایە میمۆری مێژوویيان لاوازە، سێ سێناریۆیان لەبەر دەستە بۆ هاتنەوە نێو

مەیدانی شەڕی دەستەڵات دەگەڵ ئوسولگەراکان و باقی هێزەکانی تر.

**یەکەم**، ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتی ڕووحانی. دوای ئەو ڕەوشەی لە ئێران هاتووەتە پێش. چاکسازیخوازان دەوڵەتی ڕووحانیان لە بوارگەلی وەک ئابووری، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و... وەبەر پلاری کوێری خۆیان داوە و بۆ خۆنیشاندانیان بووتنە «کاسە داغتر از آش»! باشترین میناک قسەیەکی کەواکێبیانە کە دەڵێ: خەجاڵەتێ دەکێشم بڵێم پشتیوانیم لە دەوڵەتی ڕووحانی کردوە. یا «عارف»، بەرپرسی شووڕای بەرزی سیاسیەتداڕێژی هەڵبژاردنەکانی چاکسازیخوازان و بەرپرسی فراکسیۆنی ئومێد لە پەرلمان دەڵێ: داوای لێبوردنم لە خەڵک هەیە چوونکە دەوڵەتێکی ئاوامان هێنایە سەرکار کە یا نایهەوێ یا ناتوانێ چاکسازی بکا، ئێمە ناچارین ئادگاری خۆمان بە زللە سوور هەڵگەڕێنین!

**دووهەم**، خۆ بێبەری کردن لە دەوڵەت. سەعید حەجاریان یەکێک لە تێئۆری داڕێژەرانی ڕەوتی چاکسازی دەڵێ: خۆزگە قەت ڕووحانیمان بە ڕەوتی چاکسازی گرێ نەدابا. دەوڵەتی ئاغای ڕووحانی توانای خۆدەرباز کردن لە کێشەکانی نییە. یا مەسعود پزشکیان دەڵێ: هیوادارم کارکردی دەوڵەتی ڕووحانی لە پای ڕەوتی چاکسازیخوازان نەنووسرێتەوە.

**سێهەم**، چاکسازی لە ڕەوتی چاکسازی. لەوەها دۆخێکدا چاکسازیخوازان هێشتاش گۆشەنیگایەکیان لە دوارۆژە و تەموحی گرتنەوەی دەستەڵاتیان هەیە. خەریکن کەسانی وەک عارف، جەهانگیری و عەلی موتەهەری زەق دەکەنەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی ١٤٠٠. بۆ ئەم مەبەستە بەشێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی ڕەوتی چاکسازیان ڕاسپاردوە کە دەتوانین ئاماژە بە تاجزادە و ڕەزا خاتەمی بکەین. بەڵام ئاخۆ ئەوان دەتوانن جارێکی تر هەستنەوە؟!

پیلانێکی تر کە ماوەیەکە دەبیسرێ و هەڵای لەسەرە پرسی عەلی لاریجانی و هێنانە نێو ڕەوتی چاکسازییە هەڵبەت بە وێرژێنێکی تر کە لە لایەن هێندێ هەواڵگری بە «ئاڵقەی نارمەک» ناسراوە. (ئەمانە وا ساغ بووتنەوە دوای گەمارۆکان و ئەو زەختە زۆرەی ئەمریکا و هێندێ لە وڵاتانی ناوچە ئاڵووگۆڕێکی نەرم و هێدی لەنێو خۆیان بە پشتیوانی بەشێک لە ئەندامانی پلەبەرزی ڕەوتی چاکسازی و «اعتدال» بەڕێوە بەرن (ڕەحمان فەزلی، قالیباف، سادق خەرازی، محەممەدرزا عارف، باهونەر، محەممەد جەواد لاریجانی، حوسێن ئیتزامی، مەنووچێر موتەکی، عەلی ئەسغەری حیجازی کەسی یەکەمی بەیتی ڕێبەری دەیەی ٧٠ی کۆچی کە دوایی دەردکرا و...). دەگوترێ ئەو کەسانە بەنیازن عەلی لاریجانی بکەنە ڕیبەر و هێندێ چاکسازی تریش لە سپادا بکەن، وەک تێکەڵکردنەوەی سپا لە ئەرتەش و گرتنی بەشێک لە گەندەڵکارانی ئابووری کە دەگەڵ ئەو ئاڵقەیەدا نین و... .

ئەوە لە حاڵێک دایە کە شیرین عبادی براوەی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل لە گوتوبێژێکدا دەگەڵ ئەلجەزیرەدا دەڵێ: «بە باوەڕی من چاکسازی لە ئێراندا ڕوو نادا مەگە بە گۆڕانی یاسای بنەڕەتی و ئەم هەوڵە تەنیا بە خەڵکی ئێران دەکرێ بەڕێوە بچی».

بە لە بەر یەک دانانی ئەو لەتە پازڵانە لە تەنیشت یەکتر بۆمان دەردەکەوێ، ڕەوتی چاکسازی لە ئێران باوی نەماوە و ئەو پەلەقاژەیەی دەشیکا دوای سەر بڕینیەتی و ئیتیر خەڵک تەنیا بە دوای چاکسازی بنەڕەتی و گۆڕینی ئەو ڕیژیمە مل دەدا.

(لە ژمارەی ٧٤٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠١٩

## دوکتور قاسملوو، ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد

### (کورتەمێژوویەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد)

(٢ - ١)

لە بنەڕەتدا چەمکی ڕووناکبیری (intellectualism) بە مانای جیاکردنەوە و هەڵاواردنی دوو بابەت لە یەک مژاردا دێ. کەواتە دەبێ بڵێین نەریتی ڕووناکبیری واتای بەجیا شەنکردنی دوو باس لە یەکتری و شرۆڤە کردنیەتی! یا بە واتایەکی تر ڕووناکبیر کەسێکە بوێرانە بێ هیچ چاوەڕوانی و بەرژەوەندییەک ڕەخنە لە نەریت، هێز و دەستەڵات بگرێ و بەو زانست و جیابیرییەی بەرگری لە مافی بابردەڵە بکا. بەشێوەیەکی گشتی ئاکامی ڕووناکبیری سێ مۆدێڵ و ڕەهەندیی «شێوازی زانستی»، «بەختەوەریی و ئاسایش» و بێرمەندی(فایدەگرایی) لێ دەردەقوڵێ.

بێگومان سەربەندی «نوێبوونەوە» ملکی ڕۆژئاوایە. ڕینسانسی ئوروپا کە بە لەبیرکردنی سەرجەم باوەڕەکانی ئاسمانی، بوون و مرۆڤ دەستی پێکرد دوو ڕەوتی هزری نوێی دامەزراند: یەکەم، ئاوەزمەندی یا ڕاسیۆنالیزم. دووهەم، هەستمەندی یا ئەمپریسیزم.

ئاوەزمەندی بە دێکارت دەستی پێکرد و لەسەر خوانی کەسانی وەک سپینۆزا، نیتز و هێگڵ گەیشتە سەرچڵەپۆپەی خۆی و، هەستمەندیش بە ڕای کەسانی وەک فرانسیس بیکەن دەستی پێکرد و جان لاک، بریکلی، هیوم و میل بەسەریدا زاڵ بوون.

ڕاسیونالیزم پشتی دە مەعریفەی ئەوپەڕ ئاوەزی کرد و بەگژ بەشێک لە لایەنەکانی «هەستی» داهات، وشەی «ڕووناکبیری» ئالێرەدا گوورا کە ڕاسیۆنالیستەکان بەپێی ڕوونبوونەوە و ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی «هەستی» بە باوەر و هزری خۆیان، پێناسەی ڕووناکبیریان بۆ خۆیان هەڵبژارد. ڕووناکبیر بە کەسێک دەگوترا کە دژی هەرجۆرە ڕاستی و حەقیقەتێک کە سنوورەکانی ئەوپەڕ ئاوز ببەزێنێ و شاردراوە و نهێنی بێ و سوڕ و حەشاری هەبێ، دەگوترا. بەڵام سەردەمی ئاوەزمەندی دوای گەیشتن بە لووتکە، لە سەدەی حەڤدە و هەژدەی زایینیدا وردە وردە داکشا و جێگای بۆ هەستمەندی لێژ کرد. هەستمەندی لایەنی ئاوەزی جیهانی و مرۆڤیشی ڕەد کردەوە و هەموو مەبەست و لێکدانەوی

ڕاستییەکانی بانخۆزاو و مێتافیزیکیشی بە بێمانا شرۆڤە کرد. ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوایی بە ڕەدکردنەوەی نهێنییە شاردراوەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ گرینگییان بە مرۆڤ دا و بایەخ و بەهای ئەویان لە ڕاستیەکانی سرووشتدا؛ لەدوو دا. ئەوە بوو کە «ئۆمانیزم» وەک ڕەگ و ڕەچەڵەکی ڕەسەنی تێفکرینی چاخی ڕەوشەنگەری پشکووت و لە نەبوونی متمانە و باوەر بە جیهانی غەیب، ماکی مرۆڤیان کردە پێوەری ناسین و لە جێگای خوای خولقێنەر قوت کردەوە. بوونەوەرێکی وەها بەو هەموو گرینگییە و بایەخەوە نابێ سنووردار و بەستراوە بێ، هەر بۆیە «لیبرالیزم» بناخەی دووهەمی تێفکرینی جیهانی نوێ بوو. ئۆمانیزم و لیبرالیزم وەک دوو هێزی نوێ و پێشکەوتووی چەمکی ڕووناکبیری، مەعریفەی ئۆلی و نەریتە کلاسیکەکانی ڕەد کردەوە بە یەکجاری یاسای کردە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، گرێبەست و بەڵێنییەک کە متمانە و بایەخی کۆمەڵگەی تێدا شەقڵ گرت. ئەلێرەدا بوو کە ناسیۆنالیزم لە حاڵێکدا کە یاسای پەیمانی، سەر بە سنوورە دیاریکراوەکانی جوگرافیایی بێ و ئەنتێرناسیۆنالیزم، بە پێچەوانەکەی لەدایک بوو.

ئەم چەمک و مەفهوومانە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی ئێراندا خوێندبوویان هاوکات دەگەڵ بزووتنەوەی مەشرووتییەت هاوردەی ئێران کران و جێگای وشەی «نەتەوە» و «نیشتمانپەرەوەری» گرتەوە.

بەڵام ڕووناکبیری بە مانا مۆدێرنەکەی خۆی دوای بێتاوان بوونی ئالفرێد درێفووس لە فەرانسە کەوتە سەر زاران و بە نووسینی نامەی پشتیوانی ئێمیل زۆلا و واژۆکردنی ٣٠٠ کەس لە بیرمەندان و ژۆرنالیستەکانی ئەم وڵاتە هەموو جیهانی ڕۆژئاوایی داگرت کە ئاکامەکەشی دواتر(نزیک ٥٠ ساڵ دواتر) دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو!

دوای شکانی قەجەرەکان لە وڵاتی (مەمالیکی مەحرووسەی قەجەر) لەشەڕ دەگەڵ ڕووسەکان، شەبەنگی هەڵکەوتەی ئەو مەملەکەتە دەستیان بە خەسارناسی ئەو شکان و دۆڕانە کرد. «عەباس میرزا»، کوری فەتحەلی شا کەسانێک لە لاوانی سەر بە حکومەتی هەڵبژارد و بۆ درێژەپێدان بە خوێندن و خۆپێگەیاندن و دەست وێراگێشتن بە زانستی ڕۆژ بەتایبەت بە زانستی نیزامی ناردە دەرەوە کە لە یەکەم کەسەکان «تالبۆف» و «میرزا مەلکەم خان» بوون. بەڵام دواتر بە هاتنەمەیدانی کەسێک وەک ئەمیرکەبیر مەدوای نێوان چاکسازیخوازان و موحافیزەکارەکان زیاتر بوو و زانست پتر پەرەی پێدرا. لە کاریگەرترین ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم دەتوانین ئاماژە بە «میرزا فەتحەلی ئاخوندزادە»ی تەورێزی بکەین کە ڕینسانسێکی نوێی لە مەمامەلیکی مەحرووسەی قەجەر دەست پێکرد و بەدژی نەریتی نەشیاوی دەرباری قەجەر و کولتووری گەلانی ڕۆژئاوا تشتی دەنووسی. کەواتە دەبێ بڵێین سەردەمی «شۆڕشی مەشرووتییەت» پرشنگدارترین چاخی ڕەوشەنگەری و ڕووناکبیران بووە و بە دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەکان هزر و ڕوانینی بەتایبەت فەیلەسوفانی فەرانسی کەوتە سەر لاپەڕەکان و نوێبوونەوەیەک لە ئێرانی ئەو سەردەمدا رووی دا، هەڵبەت دواتر (لە نێوەڕاستەکانی دەیەی پەنجاوە بۆ ژوور)

چینێک لە ڕووناکبیرانی ئۆلیش «Religious Intellectualism» سەریان هەڵدا (مستەفا مەلەکیان، سرووش، موجتەهیدی شەبستەری، د.عەلی شەریعەتی و...) و لەم بەشەدا چالاک بوون و هزری نوێی خۆیان پاراو دەکرد و بڵاویان پێدەکرد.

کوردستانیش لەم ڕەوتەی پێشڤەچوون و نوێبوونەوە جیا نەبوو و ئێلیتی کوردیش زۆر خۆی دەگەڵ دوای چاخی ڕێنسانسی ئورووپا هاوتەریب دەکرد هیندێک بەتایبەتی تر بەشی باکووری کوردستان کە بە هۆی ژێئۆپۆلۆتیک، هەڵکەوتەی تایبەت، نزیکایەتی دەگەڵ سنوورەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵێک هۆکاری تر بیری دژ بە هیندێ نەریتی کلاسیک و نوێبوونەوە بە تایبەت لەمەڕ جیهانبینیی نەتەوەیی دوای سەدەکانی حەڤدە و هەژدەی زایینی لە ڕۆژئاوا، خۆی دە گۆمی ڕووناکبیری نوێخوازی هاویشت! دەتوانین بڵێین ئەم ڕەوتە بە کەسایەتی ئەحمەدی خانی (١٧٠٦ - ١٦٥٠ ز) دەستی پێکرد و جیلی سەدەکانی کۆتایی شازدە و هەڤدە، هەڵکەوتەی کورد (فەقێ تەیران، حەریری، مەلای جزیری و...) بە زمانی وێژە و شێعر ڕەوشەنگەری نەتەوەیی و بیری نوێ و زانستیان بڵاو دەکردەوە. مەم و زینی خانی بەڵگەیە بۆ هاوتەریب بوونی زانستی وێژەیی دەگەڵ ڕۆژئاواییەکان و ئاوانگاردی ئەدەبی کوردی و شاکارێکی جیهانییە.

گەلێک لە ڕوانگەی فەلسەفی یونانی و ئیسلامی هێناویەتەوە و تان و پۆی شێ دەکا و خۆشی وەک فەیلەسوف و سۆفییەکی مەزنی زانستی دەوارن وێنا دەکات، خانی لەم بەرهەمە ناوازەیەیدا بە دژی هیندێ بیر و نەریتی کۆمەڵگەدا دەرووخێ و هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و خەبات و ئەوین شەن و کەو دەکا و لە بیری بەرەوپێشڤەچوون دایە، مەم و زین بۆ خۆئاگایی نەتەوەیی کورد شادەڤە.

با ئەووش بڵێین ئەگە لە فەرانسە «نوستراداموس» لەبەر پێشگۆییەکانی ناوبانگی جیهانی دەکردەوە و خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی چەند سەد ساڵ دوای خۆی کردوە هەر ڕێک لە سەردەمی ئەودا و تەنانەت چەند ساڵ بەر لە نوستراداموس، لە شارەزوور «ئێل بەگی جاف» (١٤٩٢ - ١٥٥٣ ز)ی یاری(یارسان) ئەو زانست و خوێندنەوە و پێشگۆییانەی هەبووە و زۆر جێ سەرنجن و تێڕامانن، بۆ میناک پێنج سەد ساڵ پێش باسی ئەمڕۆی ئێران و ڕووداوەکانی دوایی دەکا و دەفەرموێ...

تاعات بە مەجبووری دەبێ
دی بازاری بلووری دەبێ
چینی و فەخفووری دەبێ
گوڵبانگی جەمهووری دەبێ

هەروا بووە و هەروا دەبێ
یا لە درێژەدا دەڵێ...

دیوانی گورگ و مەڕ دەبێ
دەشتی بەغدا بە شەڕ دەبێ
گشتی بۆ زێڕ و زەڕ دەبێ
شەڕی سەرباز بە شەنگ دەبێ
هەوا بووە و هەروا دەبێ

ئەحمەدی خانی بە هۆنینەوە و چرپینی شێعر و فەرهەنگی «نۆبار»ی زارۆکان (نەوبەهار) فەرهەنگی وشەی منالان شۆڕشێکی مەزنی هزری دەست پێکرد کە بە ڕای زۆرێک لە ڕووناکبیران و توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەک باوکی ناسیونالیزمی کورد دێتە ناسکرن.

چ بکەم کوو قەوی کەسادە بازار
نینن ژ قوماش ڕا خەریدار
یەعنی ژ تەمەع دراڤ و دینار
هەریەک ژ مەرا وە بوونە دلدار
گەر علم تەمام بدەی بە پوولێک
بفروشی تو حکمەتی بە سوولێک
کەس ناکەتە مەیتەری خوە جامی
ڕاناگرتن کەسەک نزامی

خانیی نەمر لەو هۆنراوەیەدا ئەگەرچی نەختێک بێ هیوایە لە بێ بایەخ بوونی عیلم و زانست بەڵام پەنگ دانەوە و بڕەودان بە زانستی ڕۆژ بە پێویست دەزانێ و لە نەستی تێفکرینی خانیدا نوێبوونەوەیەکی هزری هەست پێدەکرێ. ناوبراو هەر بەوە ناوەستێ و بەردەوام ئاواتە خوازە گەلەکەی وەک گەلانی هاوسێ بە یەکگرتوویی و تەبایی هەوڵی دامەزراندنی حکوماتێک بدەن و لە ژێر سێبەر و ئالای ئەم دەوڵەتە خۆماڵییەی خۆمان سەرقاڵی عیلم و خوێندن بین کە ئەمە سەرچڵەپۆپەی هەست و نەستی شاعیرێکی کوردی سەدەی هەڤدەیە کە ئێستاشی دەگەڵ دابێ ئەم داخوازییە لای زۆرێک لە

هەڵکەوتەی کورد هەڵتاوێن نەبووە! جەنابیان دەفەرموێ...

گەر دێ هەبوا مە ئیتفاقێک
ڤێکرِا بکرا مە ئینقیادەک
ڕووم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەڕا دکر غولامێ
تەکمیل دەکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دەکرد مە عیلم و حیکمەت

هە لەو سەرووبەندی دا و لە سووچێکی تری کوردستانی مەزن خانای قوبادی (١٧٥٩ - ١٧٠٠ ز) کەسایەتیی هەورامی بە هۆنینەوەی شێعری

«هەرچەن مەواجان فارسی شەکەرەن
کوردی جە شەکەر بەڵ شیرین تەرەن
یەقینەن جە دوونیای پر ئەندێش
هەرکەس دڵشادەن وە زوان وێش»

شۆرشێکی زمانی و بیرکردنەوەیەکی نوێ دەڕوانێتە پرسی نیشتمان و تەنانەت وەک چاکسازیخوازێکی ئۆلیش دەوری هەبووە و دەڵێن یەکەم کەس بووە کە قورئانی پیرۆزی وەرگێراوەت سەر زمانی کوردی (بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ نوسخەیەک لەو وەرگێرانە لە بەردەست دا نییە) بە مەبەستی تێگەیشتنی هەرچی باشتری خەڵقی کورد کە ئەمە لەو سەردەمدا ڕێک کارەکەی مارتین لۆتێرە کە کتێبی پیرۆزی ئینجیلی هێنا سەر زمانی ئەلمانی و شۆڕشێکی مەزنی دەست پێکرد کە ئاکامەکەشی گوورانی پرۆتستانیزم بوو.

حاجی قادری کۆیی(١٨٩٧-١٨١٦ ز) ئەو شاعیرەیە کە بیری ئازادیخوازی، ڕخنەگرتن و بە گژداهاتنی هیندێ نەریتی باو و سەقەتەکانی کۆمەڵگەی وەبەر پلار دا:

(هیچتان نەچووتنە گەردش وا تێدەگەن کە دوونیا

هەر پادشاهی ڕۆمە و شاهی عەجەم لە تاران)

یا دەفەرموێ:

«کتێب و دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی
مەلا و شێخ و میر و پادشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی»

ئەمە ئەو لایەنی هزریی ڕووناکبیری هەڵکەوتە و ئێلیتی کوردە کە هاوکات دەگەڵ هزری کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان دەچووە پێش و بە هۆنراوەی «کیم ئەز»ی جگەرخوێن(١٩٠٣ - ١٩٨٤ ز) بیری نەتەوایەتی، هەستی گۆڕانخوازی ڕوانگە و هزر لەسەر خوانی شاعیرانی کورد شەقڵی ئاسمان دەشکێنێ و بە گێڕانەوەی ڕووداوە دیرۆکییەکان و سەرکەوتن و نوشست و هەوراز و نشێوی گەلی کورد هەر پێ لەسەر زانست و ڕەوشەنگەری دادەگرێ.

یا ماە شەرەف خان ناسراو بە مەستوورەی ئەردەڵان (١٨٠٤ - ١٨٤٨) یەکەم مێژوونووسی ژن لە جیهان جگە لە بەرهەمە شێعرییەکانی لە سەردەمێکدا کە ژن هیچ بایەخەکێ نەبوو وەک ڕووناکبیرێکی نێیسکار ڕەچە دەشکێنێ و ژنامە دێتە مەیدان.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨ (١٢٧٧ی ک.ە)، «کوردستان» بە هەوڵی ماڵباتی بەدرخانییەکان چەمکی ڕووناکبیری زیاتر برەو پێدا و تیشکێک بوو لە شەوی ئەنگوستەچاوی بەرەوپێشچوونی جیهانی و خۆ ڕێکخستن و نیشاندان و هەتا ڕادەیەکی باش ئەم ئامانجانەی پێکا:

**یەکەم،** ڕایەڵکەی پێوەندی نێوان کوردانی دەرەوە.
**دووهەم،** هەوڵدان بۆ زەقکردنەوەی پرسی کورد.
**سێهەم،** گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە فەرهەنگ و وێژەی کوردی بەتایبەت لە بەستێنی ڕووناکبیریی کوردی و
**چوارەم،** پێک گرێدانی ڕۆژهەڵات ناسان و دامەزراوەکانی زانستی ڕۆژئاوایی دەگەڵ کوردستان.

بەداخەوە بە ڕێکی نازانین ئاخۆ یەکەم ڕۆژنامەی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چ ساڵێکدا بووە، پێشتر دەگوترا کە

حەوتوونامەی «ڕۆژی کورد» کە سەرەتاکانی ١٩٢٠ لە سەردەمی دەستەڵاتداری سمایل ئاغا(سمکۆی شکاک ١٨٨٧ - ١٩٣٠ز) لە ڕەوتی شۆڕشی ناوبراو لەلایەن ماموستا مەلا محەممەدی تورجانی زادە لە ورمێ چاپ و بڵاو دەبوۆوە و وەک یەکەم بڵاوکراوەی کوردی ڕۆژهەڵات دادەنرا؛ بەڵام توێژینەوەکانی ئەم دواییانە باس لەوە دکەن کە دوو بڵاوکراوەی «شەهابی ساقب» و «بیستون» لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ هەروەها بڵاڤۆگی «تەمەدون» لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٣ هەتا ١٩٠٥ لە کرماشان و سنە بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشان کراون.

بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و هاتنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ نێو جەرگەی وڵاتانی جیهانی سێهەم و مانەوەیان، ڕەوشێکی لێڵ و ناڕوون لە دژوازیی نێوان جیهانی مۆدێرن و سەردەمی کلاسیک بەتایبەت بە ڕوانگەی سیاسییەوە درووست بوو. لەم نێوەدا و لە دۆخی شپرزەی ئێرانی سەردەمی پاڵەوی کۆمەڵەی «ژێکاف» (١٣٢١) لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و، بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران بە تایبەت چالاکانی وێژەیی لەدەوری یەکتر کۆ کردەوە و بە بەشداری هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگە حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند(١٣٢٤) و بە بڵاوکردنەوەی بیری ناسیونالیستی دە ڕۆژنامەی «کوردستان» و چاپی یەکەم بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵان(گڕوگاڵ) و دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان؛ کەسایەتیی نەمر پێشەوا قازی محەممەدی وەک ڕێبەر و ڕەچە شکێنێکی مەزن وێنا کرد.

پێشەوا جیا لە کەسایەتییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هاوکات پێگەی ڕووناکبیریشی هەبووە، ئەگە بمانهەوێ لە چەمکی ڕووناکبیری ئۆلی کەڵک وەرگرین، دەتوانین بڵێین قازی محەمەد لە یەکەمین کەسەکانە کە وەک ڕووناکبیرێکی ئۆلی، زیاتر لە ٧ دەیە پێش لەو کۆمەڵگە نەریتی و کلاسیکەی کە ئایین و باوەڕەکانی ئایینی لەوپەڕی خۆیدا بووە؛ بە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان، سوێند خواردن هاوکات بە قورئانی پیرۆز و بە ئاڵای کوردستان و... ڕیفۆرمێکی دینی دەست پێکردوە و کرانەوەیەک و ڕوانگەیەکی نوێی لە کۆمەڵگەی چەقبەستووی ئەوکاتی کوردستان خوڵقاند.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# دوکتور قاسملوو، ڕێبازێک بۆ ڕووناکبیری کورد

(٢ - ٢)

لە بەشی یەکەمی باسەکەماندا کە کورتەمێژووییەکی ڕەوتی ڕووناکبیریی کورد بوو، باسەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیاندە کۆماری کوردستان و کاراکتێری پێشەوا قازی محەممەد. کۆماری کوردستان (حیزبی دێموکرات و کەسایەتیی پێشەوای نەمر) توانیان ببنە بناغە و ڕەگی ڕووناکبیری، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنانەت لە بەشەکانی تری کوردستان. هەڵبەت بۆن و بەرامەی نوێخوازی ئێرانی گرتەوە؛ شۆڕشی هزری، نوێ بوونەوە، هێنانە ئارای چەمکگەلی جۆراوجۆری فەلسەفی و سیاسی، خۆ ڕێکخستن دەگەڵ جیهانی دەرەوە، پێوەندییە دیپلۆماسییەکان، دامەزراندنی یەکیەتییە جۆراوجۆرەکان، بڕەو دان بە زانست و فێر بوون، ڕاگەیاندن، کولتوور، هونەر (ڕۆژنامە، شانۆ، وێژە، قوتابخانە بە زمانی زگماکی و...) وەک کەرەسەی سەرەکیی ڕووناکبیری ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە.

لە پەنا دامەزراندنی هەندێک حیزب و ڕەوتی سیاسی و ڕووناکبیری لە کوردستان (کۆڕی زانیاریی کورد، ناوەندی ڕۆشنبیری و کلووپەکان، ڕمێنی ڕۆژنامە، چیرۆک، ڕۆمان، شێعر و...)، هەر لە درێژەی خەباتی بەردەوام و نەپساوەی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەسایەتیی مەزنی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٣٠٩ - ١٣٦٨) کە قورسایی و بارستایی زانست و تێگەیشتنی ئەم زاتە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت ئێستاشدا بە ئیعترافی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت دوژمنیش، بە تەنیا، کانسێپتی ڕووناکبیری بەتایبەت لە بواری سیاسی و ڕەهەندی فکریی کوردەوە دەگەڵ جیهانی نوێ و مۆدێرن بردە یەک ئاست! ئەو، بوێرانە ڕەخنەی لە هێز و دەستەڵات و نەریتە کەونەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەگرت، کەوابوو لایەنی سەرەکیی تەوفیری ڕووناکبیرێک دەگەڵ خەڵکی ئاسایی و ئەو بەناو ڕووناکبیرانەی تر ئەو خۆ هەڵاواردن و ئەیاخ کردنی نەریتە کلاسیکەکان و ڕەخنە و بەگژدا هاتنی ئەو دەستەڵاتانەیە کە مافی خەڵک پێشێل دەکەن.

د.قاسملوو وەک میناکی ڕووناکبیرانی هەرە پێشکەوتوو و خوێندەواری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەرچی بە ڕوانینێکی چەپی تۆخ (کۆمۆنیستی) هاتە مەیدانی سیاسەت و تێفکرینی فەلسەفی، بەڵام هەر وەک «ئایزایا بێرلین» (١٩٠٩ - ١٩٩٧ ز) بیرمەندی لیبراڵی لیتوانی بە جۆرێک دەکرێ پێکیان بگرین. بۆ کاک دوکتور ئازادییەکانی تاک و دێموکراسی گەلێک پڕبایەخ بوون، بەڕێزیان هزری ئابووریی سیاسی و بەشێک لە ئەندێشەکانی دامەزراندنی سۆسیالیزمێکی کوردانەی خۆی لە

«کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لە ساڵی ١٩٨٣ـەوە نووسیوە. بەڕاستی پڕزەحمەت بوو کە لە سەردەمی شەڕی سارد لەلایەک سۆسیالیست بی و لەلایەکی تریش، ڕەخنە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بگری! بۆ یەکەم جار بوو کە لە ڕەوتێکی سیاسیی کوردیدا، مەفاهیمی هزری و فەلسەفیی نوێ ببنە ئامانج و شرۆڤەیان لەسەر بکرێ. ئەمر دوکتور هەر وەک «جان ڕاڵز» (١٩٢١-٢٠٠٢ز) لەمەڕ، ئەسڵی بەرابەری، جیاوازی و ئازادی دەدوا.

ئەسڵی بەرابەری: لە سۆسیالیزمدا کار دەبێ پێوانەی داهات و ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێ.

ئەسڵی ئازادی: دژی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە و باوەڕی قەلبی بە ئازادی و دێموکراسی هەیە. ئەسڵی جیاوازی: ئەگە کار وەک پێوەر لەبەرچاو بگیرێ دەبێ هەندێک کاری تایبەت وەک پزیشکی، کە بە نیسبەت ڕۆژنامە فرۆشی ئەرکی قورستر و گرینگترە، هەر بۆیە دەبێ دەرفەت و هاوکاریی زیاتری بکرێ.

سۆسیالیزم دەبێ داهاتە نەتەوەییەکانی بە شێوەیەکی عادڵانە دابەش بکات. دوکتور قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە «لینکۆڵن» بەدوای جۆرێک لە دێموکراسییەوە بوو کە لەژێر سەردێڕی «ئاستی ماگزیمۆمی دێموکراسی» (زۆرترین ئاستی دێموکراسی) پێناسە دەکرێ و بەم شێوەیە «حکوومەت لە، بە و بۆ خەڵک» بەم جۆرە کە باشترین نوێنەرەکان، بەرزترین بەشداری و عیداڵەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بێ.

ڕەوانشاد قاسملوو بە دوای مۆدێلێکی سێهەم لە سۆسیالیزمدا دەگەڕا کە بە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» ناوی هێناوە کە لە وڵاتی کوردان بوەشێتەوە و بە کولتوور و ئابووری و سیاسەتی تایبەت بە خۆی پێناسەی بۆ بکرێ.

شەهیدی هەردەم زیندوو د.عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) لە پراگ پێتەختی چێکۆسلۆڤاکی (ئەوکات) دوکتورای لە زانستە ئابوورییەکان وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لەو زانستگەیەدا وانەی «ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و بیرۆکەی گەشەی ئابووری» دەگوتەوە. هەر لەو ساڵێدا بوو کە کتێبی «کوردستان و کورد»ی ئامادە کرد کە لە ساڵی ١٩٥٧ـەوە کاری لەسەر کردبوو و ساڵی دواتر ١٩٦٣ لەلایەن وەشانی ئاکادێمی زانستی چێکۆسلۆڤاکی لە پراگ بە زمانی چێکی بڵاو بۆوە و هەر زۆر زوو ئەم بەرهەمەی بە زمانەکانی ئینگلیسی، عەرەبی، لەهستانی، سلۆڤاکی، فەڕانسەیی، فارسی و کوردیی سۆرانی و (کوردیی کورمانجی) وەرگێڕدراوە و بڵاو کراوە. ئەم کتێبە کە بە ڕوانگەیەکی ئابووری و سیاسی، نووسراوە وەک یەکەم تویژینەوەی جدی لەسەر مێژوو، ئابووری، جوغرافیا، پرسی کورد و... لە نەوعی خۆی نووسراوە و هەتا ئێستاشی دەگەڵ بێ؛ بە سەرچاوەیەکی باش لە بوارگەلی جۆراوجۆری کورد و کوردستان دەژمێردرێ.

کاک دوکتور هەر بە تەنیا ڕووناکبیرێکی سیاسی و سەرکردەیەکی حیزبی نەبوو کە ئەمەیان ڕەنگبێ وەک ڕخنەیەک بۆ سەر سەربەخۆیی کەسایەتییە سیاسییە ڕووناکبیرەکان بێتە ئەژمار، بەڵکوو کەسێک بوو لە کەشێکی تووش، سارد، بەستەڵەک و زوخم هاویشتووی تاریک و بوومەلێڵی ژینگەی نەتەوەی کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، ببووە خۆر و ڕەوشەنگەری زانست و ماف و ژینی سەربەستی دەگەشاندەوە. ئەمر قاسملوو ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی پۆشتە و دەوڵەمەندی ئاغا گەورە ببوو و لە ئوروپا خوێندبووی و لە پێگەی کۆمەڵایەتیی بەرزدا بوو و سەواد و پووڵ و پارەی لێ دەڕژا! بە خوێندنەوەیەکی واقعیی خۆی دە گۆمی شین و مەندی سیاسەت هاویشت و بووە درێژەدەری ڕێبازی سەربەستیی گەل و نیشتمانەکەی. ئەو لەو تیپە ڕووناکبیرە بەڵێندەر و پێشکەوتووانە بوو لە خزمەت خەڵک و نیشتمانی خۆیدا بوو؛ بۆ ڕۆشنگەریی ماف و داخوازیی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەی خاوەن بڕیار و ڕای خۆی بوو و بەرژەوەندیی تاکیی خۆی قوربانیی باوەڕەکەی کرد.

شەهید قاسملوو پێشەکی بۆ «تاریک و ڕوون»ی ئەمر مامۆستا هێمن دەنووسێ! (١٩٧٤)، تاریک و ڕوون دەقێکی تەواو ئەدەبی و لەخۆگری دیوان دەسکە شێعری پوخت و پاراو و وێژەیین کە «هێمن» هۆنیویەتەوە، بەڵام قاسملووی سیاسی و ئابووری زان وەهای شەن و کەو دەکا و باڵە کەوی پێدەکا هەر دەڵێی بۆخۆی خوڵقێنەری شێعرە، ئەو شێعر باش دەناسێ و ڕێبازە ئەدەبییەکانیش چاک لێک دەکاتەوە و وەک ڕەخنەگرێکی وێژەیی دیسەلمێنێ کەسێک ڕووناکبیر بە مانای دەقیقی وشەیە. لە بەشێک لە پێشەکیی تاریک و ڕووندا دەنووسێ: «هێمن شاعیرێکی ڕیئالیستە، ڕیئالیزمی ڕەخنەگرانە لە نێوەرۆکی شێعرەکانی هێمندا بەتەواوی بەرچاو دەکەوێ. هێمن بارە هەرە گرینگ و ئەساسییەکانی تەبیعەت و ژیان و ئادەمیزاد بە چاوێکی ڕەخنەگرانە و شاعیرانە باس دەکا و کۆمەڵ بۆ بەرەوپێش چوون هان دەدا. هێمن زۆرجار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نیزیک دەبێتەوە، ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکا و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دەیهەوێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بیخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە کە لە ڕیالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەردەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەرەتیی نێوەرۆکی شێعرەکانیەتی. ئەو ناتورالیزمە بە تایبەتی لە «بەهاری کوردستان» و «لە بیرم مەکە» و چەند شێعری تردا خۆی دەنوێنێ.»

«ژێراڵد چاڵیاند»ی فەڕانسەیی ساڵی ١٩٧٧ سەرپەرستیی ئامادە کردن و چاپی کۆمەڵێک وتاری مێژوویی - سیاسیی کورد دەکات بە ناوی « Les kurdes et le Kurdistan » کەتێدا زانایانی سیاسیی وەک «ئارچی ڕۆزوێڵت»، «کەنداڵ نەزان» و «دوکتور قاسملوو» ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر پرسی کورد (کۆمەڵگە، ئابووری، سیاسیەت و دیرۆک)ی ئەو گەلە بە وردی باس کردوە. یەکێک لە وتارەکانی کاک دوکتور لەسەر کوردەکانی ڕۆژئاوایە بە ناوی «کوردەکانی سووریە»

کە بە حەق وتارێکی شیکاری و فرە ڕەهەندی زانستی و نوێی لەسەر کوردەکانی سووریە ئامادە کردوە. ئەمە جیا لەو دەیان وتارەیە کە لە کۆتایی دەیەی ٤٠ی هەتاوی لە ڕۆژنامەی «کوردستان»ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵاو کردۆتەوە و سەدان کۆبوونەوە، کۆنفرانس و سیمیناریشی پێک هێناوە.

کاک دوکتور لە سەردەمێکدا وەک ڕووناکبیرێکی کاریزما دەستەڵاتی مەزنترین حیزبی کوردی (لە بواری تەشکیلات و هێزەوە) گرتە دەست کە شەڕی سارد لە گەرمەی خۆیدا بوو، جیهان بەسەر دوو جەمسەری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش ببوو، شەڕێکی گەورە لە نێوان ئێران و عێراق لەئارادا بوو، سێ ئیدۆلۆژیی مەزنی سەدەی بیستەم ملیان دەبەر ملی یەکتر نابوو و حکوومەتێک بە ئیدۆلۆژیی تۆخی ئیسلامی و بە باوەڕێکی نوێ دامەزرابوو. ڕێبەرایەتیی حیزبێکی چەپی ناسیۆنالیست لەنێو جیهانبینیی تۆخی کۆمۆنیستی و ئیسلامیی شیعی، نە هێندەی تاڵ کردبوو تفی کەن نە هێندەش شیرین کە قووتی دەن! لەو سەردەمدا کە بەشێکی بەرچاو لە بەناو ڕووناکبیران لە پێناو پۆست و پارە شاباشی بارەگای دەستەڵاتیان دەدا و نەزۆکانە بە لێوەلەرزە پرسی ئازادی و دێموکراسییان باس دەکرد و ماف و ویستی خەڵکیان بن گۆم دەکرد، مێرانە لە مەیدانی خەبات ململانێی دەکرد. لە چاخی دوای پاڵەویی دووهەم و هاتنە سەر کاری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران سێ ڕەوتی، ڕووناکبیریی چەپ، نەتەوەیی و ئۆلی لە بوورسدا بوون کە کاریان بۆ وێژەمانی سۆسیالیزم، ناسیۆنالیزم و ئیسلام گەرایی دەکرد. لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەم کە کاک دوکتور ئەگە نەڵێم پێشەنگ، با یەکێک لەو ڕووناکبیرە پێشڕەوانە بێ، کە خاوەن ئارمانج و شۆڕشگێڕ بوون بە تایبەت لە تیپی ڕووناکبیرانی چەپ و ناسیۆنالیزم-ەکان. دوکتور قاسملوو دروشمی ڕۆشنگەری هەر بەتەنیا لە «بەڵێندەر و ڕێنوێن» بوون گۆڕی بۆ «ڕەخنەی دەستەڵات» و «بە کردەوە هاتنە نێو مەیدانی خەبات» بە دژی زاڵمان. ژان پۆل سارتر دەڵێ: «ڕووناکبیر ویژدانی وشیاری کۆمەڵگەیە و پێی وایە هەر جۆرە نارەزایەتییەک بە دژی دەستەڵات تەنانەت واژۆ کردنێکی ئیعتیرازیش بەشێک لە فەلسەفەی ڕووناکبیرییە.» لە کۆمەڵگەیەکی وەک ئێران بەو هەمووە پلۆرالیزمە ئەتنیکی و ئایینییەوە و هەروەها، دەمارگرژی، نەزانی، داگیرکاریی سیاسی، بەگژ یەکتردا هاتنی ئێلیتی کۆمەڵگە بە دژی یەکتر، فرە چەمکی ڕەها و... خەبات و تێکۆشانی بە کردەوە و ڕەخنەگرانەی زانستی بوو کە دوکتور قاسملوو ڕێچکەی هەڵدێر و مۆری بۆ سەرجەم ئازادیخوازان و گەلی کورد شەق کرد!

بەو هەمووە ئەزموون و چالاکییانەی، بە ڕوونی دەردەکەوێ کاک دوکتور زۆرتر وەک ڕووناکیدەرێک کەڵکەڵەی هەڵخستنی ڕووناکبیری لە مێشک دایە و بە چالاک بوونەوەی ئەم هەوێنییەیە کە بەدوای مافی کورداندا دەگەڕێ و لە دەرەوەی بازنەی حیزبایەتیش گرینگی بە چاند و وێژە و زانست و هونەر و تەنانەت وەرزشیش دەدا؛ ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ ڕووناکبیریی فرە ڕەهەندی ئەو زاتە مەزنەی کورد.

ڕەنگبێ بەرچاوترین ڕەخنە کە دەکرێ لەو زاتە مەزنەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بگیرێ ئەوەیە کە لە ڕەوتی بەستنی کۆنگرەی هەشت «لیستەی فیکس»ی، داهێنا کە بەداخەوە حیزبی پێ لەت بوو و دووهەم و دوامینیش ئەوە بوو بە ئەهوەنی و بێدەنگی چووە باوەشی مەرگ و کورد و ئازادیخوازانی چەپی جیهانی تازیەبار کرد.

کەسایەتیی ڕووناکبیر و سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو ئەوەندە پڕلایەنە کە دەتوانین لە هەموو بەشەکانی زانست تەنانەت بە هونەری شەڕیشەوە موتالای لەسەر بکرێ و ببێتە هەوێنی تێزی زانستیی خوێندکاران. قاسملوو ڕێبازێکە لە ڕووناکبیری، زانست و کوردایەتی.

(لە ژمارەی ٧٥٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٩

## ورمێی کوردستان قوربانیی ڕووداوگەلی پۆپۆلیستی

ئێمە لە سەردەمێکدا ئەژین کە ڕاگەیاندنەکان، جۆراوجۆریی تێکنۆلۆژیی رایەڵە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، گەشەیەکی بەرچاویان کردوە. ئیتر وەکوو ڕابردوو، تەنیا هەواڵدەرییەکی مەزن یا ناوەندێکی تایبەت بە ڕاگواستنی زانیارییەکان، سەرقاڵی کاری هەواڵ و پروپاگەندا نین. لە لایەکی تر تەقینەوەی زانیاری و زانست و خۆرەی ئینتێرنێت، دەرفەتی خێرابوونی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە و ڕاگواستنی زانیارییەکانی ڕەخساندوە و بەردەنگ باشتر و سەرنجمەندانەتر دەتوانێ گەڕان بکا.

ئەم نەبوونی تاکمەندییە و بەربڵاوی و جۆربەجۆری و شەڕی ڕاگەیاندن بە شێوازی بەرین دەرفەتی بۆ دەستەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان، هەروەها حیزب و ڕەوتە ڕادیکاڵەکان (ئەتنیکی و ئۆلی و...) تەسکتر کردووەتەوە، ئیدی ڕێگەیان پێ نادرێ بە مەیلی خۆیان هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکان شی بکەنەوە و شرۆڤە و باڵەکەویان بکەن و بە چەواشەکاری دەرخواردی خەڵکیان بدەن.

لە ماوەی سەدەی ڕابردوو بە تایبەت چل ساڵەی دەستەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا و دوای هاتنی خێرای چاخی ئینتێرنێت و جۆراوجۆریی سۆسیال میدیا، هەوڵی ڕاگەیاندنە فیتنەچی و ئاژاوەگێڕ، پیاوان و چالاکانی سیاسی سەر بە دامەزراوە تەناهییەکان (سپا و ئیتلاعات و...) بە تایبەت لەو مەڵبەند و دەڤەرانەی دوو نەتەوەی کورد و تورک لەتەنیشت یەکتر دەژین، بوونەتە هۆی جیاوازی، کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

لە ماوەی ئەم هاوینە (١٣٩٨) لە مەزنە شاری ورمێ چەندین هەوڵ و ڕووداوی گوماناوی و ئاگاهانەی فاشیزمی دەوڵەت - تورک، بە دژی کوردەکانی ئەو ناوچەیە بینراوە کە جێی خۆیەتی سەرنجی وردی بدرێتێ.

دوای ئەوەی لە سەرەتای هاوینی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی جێگری سیاسیی وەزیری نێوخۆ و پارێزگاری ورمێ، هەروەها بەشێک لە کەسایەتی و بەرپرسانی ئەمنیی ئەو پارێزگایە، لەسەر چالاک کردنەوەی بنکە (ستاد)ی هەڵبژاردنەکانی ڕەوتی بە قەول ئیسلاحتەڵەب و نیزیک لە دەوڵەتی ڕووحانی (تەدبیر و ئومید) بۆ یازدەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارلمان، گیرا؛ دەرکەوت هەر وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان لەکاتی پێویست و تەنگانەدا نەبێ هیچ



سەرچاوە Serchawe

بایەخێک بەو کوردانە نادەن کە بەردیان بۆ لە سینگ دەدەن و ئامادەی گیانبازین بۆ ئەو نیزامە! لە ڕاستیدا نەخوێندنەوەی کەسایەتیی کوردانی نیزیک لە دەوڵەت لەو کۆبوونەوەیە، تەنانەت بە خۆشییەوە هیچ شارێکی کوردیان بە شیاو نەزانی کە لە دابەشکاریی ستادەکەیاندا حیسابی بۆ بکەن و هەموو کوردستانیان هاویشتە سەر تەورێز و بەشێکی بچووک لە تورکەکانی ورمێشیان ڕەگەڵ دا. ئەم هەڵوێستەی ناوەند بە هاوبەشیی شەبەنگێک لە تورکی دەڤەرەکە وای کرد دۆستە کوردەکانیان لێ زیز بن و خۆیان لێ دەرباوێن!

پشتی ئەم ڕووداوە بەئەنقەست و ئاگاهانەیە، سەرەتای ئەم مانگە (٥ی گەلاوێژ) لە ڕووداوێکدا، تێکنێسیەنی کوردی ئۆرژانسی ورمێ کە بۆ دەرمانی کەسێکی بریندار بەڕێ کرابوو، بە ناچاری لە زمانی دووهەمی خۆی (فارسی) بۆ پرسیار کردن و قسەکردن دەگەڵ نەخۆش کەڵک وەردەگرێ، هاوڕێیانی نەخۆشەکەش بە هۆکاری ئەوەیکە تێکنێسیەنە کوردەکە، تورکی نازانێ و ناتوانێ بەو زمانە بئاخوێ... فیلمەکەی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هەرا دەنێتەوە و لە ئاکامدا کوردەی بەستەزمان بە تاوانی ئەوەیکە لە ورمێ دەژێ و تورکی نازانێ لەلایەن سپای پاسدارانەوە دەگیرێ! گرتنی کوڕە کوردەکە هەڵوێستی کوردانی ورمێی بەدوادا هات، هەتا ئەو جێگایەی چالاکانی مەدەنیی ئەم شارە دوایان لە خەڵک کرد ڕۆژی هەینی لە نوێژی جومعە لە مزگەوتی مەلا ڕەزا، مان بگرن و هەتا ئەو کوردە بێتاوانە ئازاد نەکەن بەردەوام دەبن، دوای ئەو هەڵوێستەی کوردانی ورمێ، سپا خێرا، تێکنێسیەنەکە بەردەدا. بەڵام لەم نێوەدا بەشی هەرە زۆری ڕەوتی پانتورکیزمی ورمێ کە کەسایەتییە سەرەکییەکانیان بەرپرسانی ئۆرگانە ئەمنیەتی و دەوڵەتییەکانن، تەنانەت دوو بەناو نوێنەری ئەو شارەش (قازی پوور و بەهادۆری کە لە گەندەڵیی سیستماتیکی ئەم پارێزگایە گلاون) بە کەلکوەرگرتن لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوازێکی زۆر فیزەونانە و هەڕەمەکی، بە دژی هێما نەتەوەییەکانی کورد هەڵوێستیان گرت و بە وروژاندنی پلانمەندی هەست و سۆزی ناسیۆنالیستی و مەزهەبی بەشێک لە شەقامی ڕەشۆکی، جارێکی تر مەبەستی گڵاوی ناوەند لە ئادگاری واقعیی خۆیاندا وێنا کرد.

لە ڕووداوێکی ترا (١٨ی گەلاوێژ) بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ڕۆژی هەواڵنێر لە ورمێ کە لەلایەن شارەدارەوە گیرا بوو،

حەزرەت پوور (شارەداری ورمێ) لە بۆنەیەکی فەرمی کە بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم دەبێ بە فارسی وەک زمانی سەرەکی قسە بکرێ، بە ئەنقەست بە تورکی قسە دەکا کە هەڵوێستی خالید حاتەمی، شۆڕای کوردی شاری ورمێی بەدوودا دێ و ئاغای شارەداریش بە جێگای داوای لێبوردن دەڵێ: "ئێوە کە تورکی نازانن فەرموون بۆ دەرەوە!" هەرچۆنێک بێ جیا لەوەیکە بەڕێز حاتەمی خۆی لەو ئەندامانەی شۆڕا بوو کە بۆ هەڵبژاردنەوەی حەزرەت پوور ئەوەی لە دەستی هات کردی و بە ئیعترافی خۆشی خزمی تورکانە!، لەو شارانەی کە فرەنەتەوەن بە تایبەتی شارێکی وەک ورمێ کە کورد و تورک دوو

نەتەوەی سەرەکین (جیا لە نەتەوەی ئەرمەنی و ئاشووری کە لەو مەڵبەندە کەمینەن و هەموو مافێکیان پێشێل کراوە)، ئاخاوتن بە زمانی تورکی ئەگەرچی حەشیمەتیان لە کوردانیش کەمتر بێ مافی سروشتی و بنەڕەتیی خەڵکی تورکە، هەروەک چۆن دەبێ نەتەوەی کوردیش کە لە هەموو ویست و داخوازییە ئینسانییەکانی بێبەشە، دەبێ لەو شارەدا زمانی ڕەسەن و کولتووری خۆی بە فەرمی بناسرێ و قسەی پێ بکا؛ هەر وەک چۆن لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لە وڵاتانی ڕۆژاوایی لەو بـاژێرانەی هاوشێوەی ورمێ کە فرە ئەتنیکن، ئەم پرسە بە دێموکراسی و فرە زمانی چارەسەر کراوە. بەڵام مەخابن بە بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر، ئەم مافە ئینسانییانە لە گەلی کورد و تورک زەوت کراوە.

یا لە ڕووداوێکی تردا بنێری شانۆی کوردی "مێدێا"ی خاتوونێکی کورد کە بڕیارە لەو شەوانەدا لە ورمێ بەڕێوە بچێ، هەڵدڕ هەڵدڕ دەکرێ و بە ڕەنگی سوور ناوی تورک و دروشمی فاشیستی لەسەر دەنووسرێ. هەموو ئەو کارانە وای کردووە نوێنەری تورکی شاری خۆی غیرەت بداتە بەرخۆی و بە مەبەستی تایبەتی داوا لە دەوڵەت و پارلمان بکا پارێزگای ورمێ کە خاکی ڕەسەن و باوکالی کوردانە جارێکی تر بەشێکی پارچە پارچە بکەن و ناوی "ئازەربایجانی سنووری" لێ بنێن! یا لە سەڵماس دوای ئەوەیکە گرووپی مووسیقای کورمانجی "نۆدم" کە ئیزنی فەرمیی بەڕێوەبردنی کۆنسێرتێکی لەو شارە وەرگرتبوو بە بەهانەی ئەوەیکە ژەنیاری ژنیان دەگەڵدایە، نەیانهێشت هونەری فۆلکلۆریکی خۆیان لەو شارە کوردییەدا پێشانی خەڵک بدەن.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە، ئەرێ ئەوە بۆ، هەر بەینا بەینێک لەو شارە کوردییانەی کە تورکیش بەوپەڕی ئارامی و تەناهی پێکەوە دەژین، بەشێک لە ڕەوتە تورکی - دەوڵەتییەکان ئاو دە ئاشی ناوەندی ئاژاوەگێڕ دەکەن؟ بۆچی نابێ کورد لەسەر نیشتمانی خۆی کار و چالاکییەکانی ئەگەرچی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمیش بێ، بەڕێوە بەرن؟ کێن ئەوانەی وا ئاگاهانە بە دژی کۆمەڵگە و زمان و هونەری کوردی پیلان دەگێڕن؟ مەبەستیان لەم کردەوانە چییە؟ ئایا کورد دوای ئەو هەمووە کوشت و کوشتار و ژینۆسایدە بەو دژکردەوانە لەنێو دەچێ؟ ڕێگە چارە چییە؟

بناژۆخوازیی ڕادیکاڵیی نەتەوەیی و ئایینی و دیاردەکانی زۆر هەستیار (soft) ڕووداوێکی وا هاسان و ساکار و هەڕەمەکی نین. ئەمە ئاکامی گەندەڵیی سیستماتیکی ئابووری و سیاسی و دیکتاتۆریی مەزهەبییە بە مەبەستی پەرەدان بە فیتنە و ئاژاوە و دووبەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت لەلایەن نەتەوەی فارسەوە.

جێگای خۆیەتی وەبیریان بێنینەوە کە ئێمەی کورد هیچکات گەلاوێژی ١٣٥٨ و ساڵانی دواتری لە بیر ناکەین کە هەر ئەو ناوەندگەرا فارسانە (خومەینی بە ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهاد بە دژی گەلی کورد) بەشێک لە تورکەکانی پارێزگای ورمێ بە

فیتی دەستەڵات درندانە هێرشیان کردە سەر خەڵکی بێتاوان و ژن و منداڵی کورد کە لە ئاکامدا قەتڵ و عامی خەڵکی ئاسایی دەیان ئاوایی وەکوو قارنێ و قەلاتان و... لێ کەوتەوە. یا دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم بە پاساوی ناڕاست میتینگی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان هەر ئەو ساڵە لە شاری نەغەدە خەڵتانی خوێن کرد. لەم نێوەدا کورد بۆ بەرگری کردن لە ماڵ و حاڵی خۆی ناچار بەرگری کرد کە کۆمەڵێک تورکی نیزامیش بوونە قوربانی سیاسەتەکانی چەوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. دوای چل ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە تاڵ و کارەساتبارانە، بەشێک لە تورکەکان وەک کۆڵەکەی نیزام لە کوردستان و خەندەقی نێوان گەلی کورد و فارس بۆتنە قومارۆچکە و گۆپاڵی دەستی ناوەند و بە مەیلی خۆیان ڕکێفیان لێ شل و توند دەکەن!، کە بەداخەوە دەبێ بڵێین ئەمە لە نەستی خۆیە داردەست زانینی بەشێک لە تورکەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

هەروەها پێوەندییە ئیدئۆلۆژیکەکان بە تایبەت لە دەستەڵاتە دیکتاتۆرە ئایینییەکانە کە شارۆمەندەکەی تەنیا لەبەر ئایینی جیاواز (مەزهەبەکەی)، بەبێ متمانە و هەڕەشە سەیر دەکا. بەم شێوەیە قووڵبوونەوەی کەلێنی نێوان سوننی و شیعە لە ئێران ئاکامی سیاسەتە ڤیزەوونەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و لەم ناوچانەش بۆتە قەیرانێک لە نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورک کە بە گشتی یەک دینیان هەیە بەڵام بە دوو ئایینی جیاواز. ئەم قەڵشتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە دۆخی ئاساییدا ڕەنگبێ ببێتە هۆی بڕیاردانێکی نادروست و لە ئاکامدا کردەوەی توندی نەخوازراوی بەدوودا بێ کە ئەوکات کار لە کار دەترازێ و ئاگری بن خۆڵەمێش گڕ دەگرێ و تەڕ و ویشک بەخۆوە دەسووتێنێ.

تێکدانی ڕەوش بۆ باشترکردنی، تێئۆرییەک و فەلسەفەیەکی تایبەتە لە جیهانبینیی سیاسیدا، لەو ڕوانینە، تاک یا کەسەکان بە لەبەرچاو گرتنی هیندێ مێتۆد و شێواز کە کۆمەڵگە و کەشی زاڵی بەرەو ئاقاری کوشتن و گرتن و وێران کردن دەبەن، هەوڵ دەدا ببێتە هێزێکی جدی بۆ ئاڵوگۆڕی دۆخەکە، ڕوانگەیەکی دەروونناسی هەیە دەڵێ: "ڕەنگبێ ترس هۆکاری هەموو توندوتیژییەکان بێ." هەر وەک مووسا عەنتەری ناسراو دەڵێ: "ئەگە زمانی دایکی من بناخەکانی دەستەڵاتی تۆ دەلەرزێنێ بەو مانایەیە کە دەوڵەتەکەت لە سەر نیشتمانی من دامەزراندبێ."

لەلایەکی ترەوە، "پۆل لاین بێرگێر" لە کتێبی خۆی (شەڕی دەروونی)دا پێی وایە، شەڕی ڕەوانی جگە لە پێوەندی لەسەر ئامانجی ئابووری و سیاسی لەسەر ئەو باوەڕیە کە هەر بەتەنیا شەڕ و عەمەلیاتی نیزامی نییە بەڵکوو: "کۆمەڵێک کردەوە و هەوڵی ولاتێکە بۆ کاریگەری و شێواندنی باوەڕ و ڕەوشتی دەوڵەت و نەتەوەکان بە مەبەستی وەدەست هێنانی ئاکامێکی دڵخواز." دوای شەڕی جیهانیی دووهەم، دوکتۆرینی شەڕی ڕەوانی لە ئورووپا و ئامریکا بە شێوەیەکی ڕێکتر، پێناسەی بۆ کرا و بیرمەندانی ئەم بەستێنە پێیان وابوو پێناسەی شەڕی دەروونی بریتییە لە: "دەستێوەردان لە باوەڕ و چەواشەکاری و

بەکاربردنی یەک یا چەند دەنگبەر(ڕاگەیاندن - "رسانە")ی پێوەندییەکان و بە جۆرێکی تر بێهێز کردنی لایەنی بەرامبەر بۆ هەر چالاکی و کار و دژکردەوەیەک."

لە گرینگترین هۆکارەکانی پێکهێنانی بەستێنێک بۆ بەرەورووبوونەوە دەروونییەکان کە حکوومەتە ئاژاوەگێڕ و دیکتاتۆرەکان باشیان ناسیوە بریتین لە؛ ڕەوشی دەروونی، جیاوازی باوەڕ، ڕوانینی ئایینی، جیاوازییە ئەتنیکی و ڕەگەزییەکان، جیاوازایی چینایەتی.

بۆ چارەسەری ئەم کێشە وئاریشانە کە ڕەنگبێ هەر ئێستا و لە دوارۆژدا ببنە هۆکاری وەبەریەک کەوتنی کۆمەڵگەی ئەتنیکی، ڕەنگبێ دێموکراسیی بەشدارانە (participatory democracy) لە هەموو جۆر سیستەم و فۆرمێکی حکوومەتی سیاسی وڵامدەرتر بێ.

دێموکراسیی بەشدارانە پێی وایە کە بۆ ئاڵوگۆڕی دێموکراسییەکانی سەردەم، بۆ دێموکراسیی واقعی یانی (دەسەتەڵاتی خەڵکی) دەبێ ڕۆڵی شارۆمەندان لە بڕیاردانە گشتییەکان پەرەی پێبدرێ. بەپێی بۆچوونی خاوەن ڕایانی ئەم ڕوانگەیە، گەشەی تاکەکان تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بەشدارانە مسۆگەر دەبێ، کۆمەڵگەیەک کە هەستی بەرژەوەندیی سیاسی ڕابێنێ، گرینگی دان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر دەکا و شارۆمەندی ئاگا بەرهەم دەهێنێ کە دەتوانێ یارمەتی و بایەخ بە چالاکییەکانی حکوومەت کردن بدا. مەکفێرسۆن پێی وایە، ئەگە کۆمەڵانی خەڵک ئاگاداری کێشە و گرفتی کۆمەڵگەکەیان بن و قسەی لەسەر بکەن و هەڵیسەنگێنن، ئیدی ئاریشەکان زۆر کەمتر دەبنەوە چونکە کۆمەڵگە بیر لە حاڵی خۆی دەکاتەوە و کاڵفامانە نادوێ جا ئەمجارە جیا لە بەرژەوەندیی تاک دەبیری بەرژەوەندیی گشتیش دەکەوێ بەبێ لەبەرچاو گرتنی زمان و نەتەوە جیاوازەکان.

لایەنگرانی دێموکراسیی بەشدارانە، بەشداری و بەرابەریی عادڵانە وەک دوو کۆڵەکەی هەرە گرینگ بە پێویست دەزانێ کە بەبێ ئەم دوو خاڵە بەشداری سەر ناگرێ. کەوابوو دەست وێڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئابووری و زانست، زانیاری و شارەزایی سیاسی مەرجی سەرەکیی دامەزراندنی سیستەمی دێمکراسیی بەشدارانەیە. کە لە جیهانی ژێر سەیتەرەی خاوەندارییەتی تایبەت لە سەر دارایی و سامان و ئابووریی سەرمایەداری؛ سەرکەوتوو نابێ.

مەکفێرسۆن دەڵێ: "هەتا کاتێک مافی چارەنووسی خەڵکانێک تەنیا لە بەستێنی حکوومەتدا خول بخوا، دێموکراسی ڕێک وەک فامی شومپیتێری لێ دێ کە گەلێک کورت و تەسک کراوەتەوە، دەبێ مافی دێموکراتیک لە ئاستی دەوڵەت بچێتە

هەناوی هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە."

(لە ژمارەی ٧٥٦ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مێتۆدی "شار" بۆ بەرگری لە "قەڵا"

دیالێکتیک یەکێک لە کەرەسەکانی فەلسەفەیە بۆ باس کردن و شەنوکەو کردنی بابەتە زانستی و فەلسەفییەکان. هێگڵ وەک بیرمەندێکی ناسراو ئەم پرسەی بە چڵەپۆپەی خۆی گەیاند و وەک کەسێکی ئیدەئالیست کاری پێدەکرد، بەڵام ئەوە "یوهان فیشتە" بوو وەک هاوڕێبازی هێگڵ لە تێرم و فۆرمۆلی تێز و ئانتی تێز و سەنتێز کەڵکی وەرگرت؛ کەچی لە مێژووی فەلسەفەدا زۆرتر بە شاکاری هیگڵ دادەنرێ. لەم شێوازە دیالێکتیکەدا سەرەتا، گوزارەیەکی دیار بە "تێز" دادەنرێ، دژبەرەکەی دەبێتە "ئانتی تێز" و لە ئاکام بەرکەوتنی ئەم دوو پارادۆکسە "سەنتێز" دەخولقێنێ.

ئەگە ئێمە ڕووداوی مێژوویی ٢١ی خەرمانان بخەینە نێو ئەم فۆرمۆلە، مووشەک دەبێتە تێز، قەڵا، ئانتی تێزەکەیتی و مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش دەبێتە سەنتێز! واتە مانگرتنی پرشکۆی ڕۆژهەڵات بە هەموو چین و توێژەکەوە ڕاستەوخۆ بەرهەم و مەحسوولی مووشەک بارانکردنی قەڵای دێموکرات بوو.

دوای ئەوەیکە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ڕێژیمی کلاوچی و ترسنۆکی ئیسلامی ئێران بە مووشەک هێرشی کردە سەر قەڵای دێموکرات، جەستەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات زامدار بوو و خوێنی پێشمەرگە، کادر و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای سێ لاوی تێکۆشەری نێوخۆ کە بە ناحەق لە سێدارە دران تێکەڵی یەکتر بوون و شەقامی شاری پێ ئاودێر کرا (لێرەدا مەبەست لە شار، پۆلیس یا مەدینەی پلاتۆن و ئەرستووە کە بە گشتی بەرهەمی ژیارە و وەک ئەنجوومەنێکی سیاسی و مەدەنی لە یەونانی کۆن پێناسەی بۆ کراوە). ئەو برینە هێندە قورس و کاری بوو هەموومانی تاساند، بەڵام خەڵکی بە ئەمەگ و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵات وەخۆ کەوتن و داوایان لە خەڵکی خۆرهەڵات کرد جارێکی تر بێنە سەر خەت و بۆ پشتیوانی و هاوکاریی خەباتکارانی خۆیان هەڵوێست وەربگرن. دوای چوار ڕۆژ گرکانی خەفتیوی ڕۆژهەڵات وە گڕ کەوت و بە دەنگێکی بەرز و پڕ لە ژیار و شارستانییەت تۆڵەی تێکۆشەرانی دێمۆکراتیان لە تاران کردەوە و بە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانان بە ڕۆژی ڕووناک و لە بەر چاوی حەپەساوی ئیدارەی ئیتلاعات و سپای پاسداران سەدان مووشەکیان ئاراستەی بەیتی ڕێبەری ڕێژیم کرد و دەگەڵ سارێژکردنەوەی ئەم خەمە قورسە، ئەمجارە ئەوان بوون کە بە پەژیوانی نەک هەر جەستەیان بەڵکوو کۆڵەکەکانی ئەو نیزامە دیکتاتۆرە وە لەرزین کەوت.

زۆر جار ڕەخنەی ئەوە لە خەڵکی خۆرهەڵات دەگیرا کە، خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان زۆرتر بە خەمی پارچەکانی ترەوەیە و بۆ خەم و شایی ڕۆژهەڵات دەنگی کپ و ماتە، هەرچەندە ئەمە لایەنی سیاسی و چۆنیەتیی ڕوانینی ناوەندە دیکتاتۆرەکان بە نیسبەت بەشەکانی کوردستانی دابەشکراو دەگرێتەوە، بەڵام لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە تایبەت ئەم سێ ساڵەی دوایی سەلماندیان چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری بە حەق لە کوردستانی ئێران لەسەر پێیە بەڵام ئەوە ئاستی بەرزی شعوری سیاسی و تێگێشتنی پڕ لە مەدەنیەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە کە جارێک بۆ باشوور شایی دەکا و جارێک لە یەکی شوبات شین دەگێڕێ و لە بۆ سەرکردەیەکی باکووری دەچتە سەر شەقام و ئەنجومەنەکان بۆ کۆبانی شەوە شێعر و بەرنامەی جۆراوجۆر دادەنێن. بە ڕوانینێکی تر، خەڵکی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوە سیاسیەکانی لە کاتی قەیران و تەنگانەدا نەک هەر ناکەون و تووشی دارمان و نزم بوونەوە نایەن بەڵکوو بە پێچەوانە لەم حاڵەتانەدا زیاتر چالاک دەبن و بەردەوام ڕادەبن.

سێ ڕووداو لە ماوەی ئەم سێ ساڵە لە ڕۆژهەڵات روویان دا کە دووانیان سروشتی و بوون و یەکێکیش ناسروشتی، لە هەردووک کارەساتە سرووشتیەکەی ١٣٩٦ی کرماشان کە بەداخەوە بەهۆی هاتنی بوولەرزە جگە لە وێرانکرنی ماڵ و حاڵی خوشک و برایانمان لە بەشی خوارووی کوردستانی ڕۆژهەڵات و زەرەری زۆری ماڵی، مەخابن سەدان کەس لە هاونیشتمانیانی کورد گیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون، یا لە ڕووداوەکەی تر لە نەورۆزی ١٣٩٨ بە هۆکاری هەستانی لافاو و لێمشت لە بەری لای ئیلام و لۆرستان، ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ هاونیشتمانیانی خۆی کرد لە کەمتر نەتەوە دەوەشێتەوە، ئەو ڕووداوە ناسرووشتیەی ١٧ خەرمانانیش ئەگە ٢١ی خەرمانانی بەدوا دا نەهاتبا، دەبوو چ ببا؟!

ڕۆلان بێرتۆن کەسایەتییەکە کە زۆرتر لە بەستێنی زانستە سیاسیەکاندا دەنووسێ و خاوەن پێگەیەکی بەرزی بۆچوونی سیاسییە، کتێبێکی هەیە بە ناوی "ئەتنە سیتە". ناوبراو لەو کتێبەدا باسی پێوەرەکانی کەسێکی ناسیونالیست دەکا. ئەو پێی وایە کەسێکی ناسیونالیستی ئاگا دەبێ ئەم خاڵانەی تێدا بەدی بکرێ هەتا وەک کەسێکی نیشتمانپەروەر و گەلدۆست بێتە ناسین:

**یەکەم** پرسی زمانە، واتە کەسێکی ناسیۆنالیست هەم دەبێ زمانی یەکەمی واتە زمانی دایکی بەباشی بزانێ و هەمژی، ئەو کەسانەی لە حەوزەی زمانیدا خزمەتیان بەو زمانە کردوە بیانناسێ، بۆ وێنە کەسێکی ڕووسی کە لافی نیشتمانپەروەری و ڕووسی بوون لێ دەدا دەبێ بۆ میناک؛ فێئۆدر داستایوفسکی بناسێ و بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە یا لێئۆ تۆلستۆی ناسیبێ. لەهەموو گەلێک بەهەمان شێوە و بۆ کەسێکی کوردی نەتەوەگەراش ئەم پرسە درووستە، واتە دەبێ کوردێکی نیشتمانپەروەر جیا لە زانینی زمانی دایکی کەسایەتییەکانی وێژەیی خۆی بناسێ کەسانی وەک، خانای قوبادی، ئێل بەگی جاف و هێمن و... .

**دووهەم**، "مێژوو"یە. ئەمەش بە هەمان شێوە دەبێ ئەو کەسەی ئیدیعای خۆشەویستیی خاک و خەڵکی خۆی هەیە دەبێ ڕابردووی خۆی بزانێ، ئەگە لە کەسێکی فەرانسەوی بپرسێ ناپلئۆن بناپارت کێیە و نەیناسێ دەبێ گومانت لە فەرانسەوی بوونی ئەو کەسە هەبێ، دیسانی بۆ کوردیش ئەمە ڕاستە، واتە کەسێکی کورد کە کوردایەتی دەکا دەبێ لانیکەم بزانێ، لۆلۆ، کاسی، گوتی، میتانی، ئورارتوو، مانا، ماد و هەتا ماڵباتەکان و میرنشینەکان و شۆرشەکانی سەدەی ١٩ و بیست، کێ بوونە و چیان کردوە و لێی ئاگادار بێ.

**سێهەم** ناسینی جوگرافیایە، واتە دەبێ جوگرافیا و شوێن و شار و لادێیەکانی وڵاتی خۆی بناسێ و بزانێ ئەم ناوچە و مەڵبەندە لە کوێ هەڵکەوتوە و دەکەوێتە کوێ و داب و نەریت و زاراوەکانی بە چ جۆرێکە. ئەگەرچی بێرتۆن زۆر لایەنی تریش باس دەکا بەڵام ئێمە بە چوارەمین خاڵ کە زۆر گرینگە، ئەم ڕایە دەپێچینەوە، هەستی ناسیونالیستی، هەرکەسێک بە هەر بیروباوەڕ و ئایین و ڕوانینێک مادام بڵێ من سەر بەو ڕەگەز و نیژادەم و سۆز و هەستی بۆی هەبێ ئەوە کەسێکی ناسیونالسیتە، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەر کەسێک بڵێ من کوردم و کوردستانی، دەکەوێتە خانەی کەسێکی نیشتمانپەروەر (بە پێوەری ڕۆڵان بێرتۆن کەسێکی ناسیونالسی دەبێ ئەم چوار خاڵەی باس کرا تێدا مەوجود بێ). حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و میللیگەرایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەمێکە دەرفەتی بەو باسانە داوە و لە فێرگەکانیدا وەک وانە و دەرسی گرینگ دەیانڵێتەوە و بۆ گەشەی بیر و هەستی ناسیونالیستی تێ کۆشاوە.

تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆ لانیکەم ئەو هەستەیان تێدا پەنگ دەخواتەوە کە من کوردم و هەست و سۆز و عاتیفەم بۆ هەموو کوردێک لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە هەیە. ئەمەیە نهێنیی شعووری بەرزی سیاسی و ئاستی پێگێشتوویی و تێگێشتوویی خەڵکی ڕۆژهەڵات. لەم نێوەدا و لە سەردەمی جیهانێکی ئاڵۆز و شپرزە، لە چاخی تیرۆر، کوشت و کوشتار و چەختی گەری، خەڵکی خۆرهەڵاتی نیشتمان و بزووتنەوە مافخوازەکانی ئەم بەشە، بە حوکمی باوەڕمەند بوون بە شێوازی خەباتی مەدەنی و دوور لە توندووتیژی وەک فەلسەفەی بنەڕەتی و ڕەسەنی خۆیان، باش لەم مێتۆدە تێ دەگەن و تەنانەت خەلاقیەتیشیان هەیە.

"جین شارپ" وەکوو کەسایەتییەکی ئاکادێمی دەیان ساڵە بە شێوەی زانستی و پراگماتیک لەم بەستێنەدا چالاک بووە. ئەو کە وەک بەرنامە داڕێژەری چەندین بزووتنەوەی خەڵکی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و وڵاتانی دیکتاتۆری وەک وێنزوئیلا بەشداریی ڕاستەوخۆی کردوە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی"لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی" باس لە ١٩٨ جۆر مۆدێل دەکا کە بزووتنەوەکان و چالاکانی ڕێکخراوەیی و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ بەدوور لە توندوتیژی کاری پێ بکا و پایە و ئەستوونی دیکتاتۆران دارمێنیت. بەرزە فری نییە کە بڵێم، ئەگە ناوبراو مابا ئێستا دەبوو لە شەقام و بازارەکانی کوردستاندا گەرابا و فێری جۆرەکانی تری خەباتی مەدەنی ببا. ئەوە نییە لە بانە و شارەکانی تری ڕۆژهەڵات



سەرچاوە
Serchawe

(لە ساڵی ١٣٩٧) درێژترین مانگرتنی یەک شار لە مێژووی ناوچەدا، خوڵقا و ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ بووە مۆد و لە بەشەکانی تری ئێرانیش کرێکاران و بازارییەکان و ئەسناف پاتەیان کردەوە.

زۆر جار ئێمە گوتومانە، شەڕ خواز نین و ئەو چەکەی پێمانە بۆ بەرگرییە و ئەوە دوژمنە شەڕی بەسەرداسەپاندووین، واتە مۆدێلی خەباتی چەکداری بۆخۆمان هەڵمان نەبژاردوە و بەسەرماندا سەپاوە، بەڵام شێوازی خەباتی مەدەنی دەناو خوێن و مێشکماندا دەجووڵێتەوە و ڕێژیمە دیکتاتۆر و زاڵ بەسەر کوردان کە ئاخی کوردستانیان داگیر کردوە لەم مۆدێلە تۆقیون، چونکە هەم لە بواری ئاستی شعووری مەدەنی و تێگەیشتن لە ماف و خواستەکانیان ڕەوشەنگەری دەکرێ، هەم پانتایی جوغرافیایی بەربڵاوتر لە خۆ دەگرێ و هەمیش بەشداری زۆرینەی خەڵک لەم ڕەوت و پێواژۆیانە بە ڕادەیەکی زۆر بە نیسبەت شێوازەکانی تر بوونی هەیە و وا بە هاسانی ڕەوگیر ناکرێن. ئەگەرچی مەبەستی من لێرەدا بایەخدانان و ئەرزش گوزاری نییە لە نێوان مێتۆدەکانی خەبات و شێوازی بەرەوروو بوونەوە، خەڵقی کورد بۆی هەیە لە هەموو دەرفەت و مکانیزمێک کەڵک وەربگرێ و خەباتی چەکدارییش یەکێک لەو مێتۆدانەیە کە لە پەسەندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ژمارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ی ساڵی ١٩٦٦ و ١٩٧٨ دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان. کەواتە گەلی کوردیش ئەو مافەی هەیە بۆ دەستەبەر کردنی داخوازییە مەشروعەکانی خۆی لە هەموو جۆرەکانی تێکۆشان یەک لەوان خەباتی چەکداری کەڵک وەرگرێ.

یا شێوازی دیپلۆماسی و دیالۆگ ڕێگەیەکی ترە لە خەباتی سیاسی و وەدەست هێنانی ماف و ویستی ئەتنیکێکی دیاریکراو. بەڵام ماتەوزە و پتانسیەلی جۆری نارەزایەتییە مەدەنییەکان یا بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان هەر وەک لەم چەند ساڵەی دواییدا دەردەکەوێ، دەسەلمێنێ کە گەلی کورد بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی نیشتمان دەتوانێ بە پلان و سیاسەتی ئاوەزمەندانە باشتر کەڵکی لێ وەرگرێ. بوونی دەیان ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها گەشەی تێرمی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک فاکتەرێکی بەهێز بوو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕایەڵە کۆمەڵایەتیەکانیش وەک پارتنێری بە هێزی پرۆپاگەندایی پاڵپشتی ئەم شێوازە خەباتەیە.

(لە ژمارەی ٧٥٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگەی سیاسیدا

٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانیی «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ژنان» دێتە ناسین. چالاکانی مافی ژنان لە ساڵی ١٩٨١ی زایینی لە وڵاتی کۆلۆمبیا ڕۆژی ٢٥ی نوامبریان بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی خوشکانی میرابال (پاتریا، مینرۆڤا، ماریا) کە لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ترۆخیا (لە وڵاتی دۆمینیکەن) بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بەهۆی چالاکیی سیاسی کوژران، هەڵبژاردووە. دواتر لە ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەم ڕۆژەی بە فەرمی ناساند و ساڵی ٢٠٠٠یش ئەنجومەنی تەناهی بڕیارێکی بە ژمارە ١٣٥٢ دەرکرد کە لەوێدا بۆ پشتیوانی لە ژنانی سەرتاسەری جیهان دروشمی «ژن ئاشتی و تەناهی هەڵبژارد».

ئەم ڕۆژە دەرفەتێکە بۆ وڵاتان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراوە مەدەنییەکان هەتا بۆ گەشەی هەرچی زیاتری زانیاریی گشتی و پەروەردەیی بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەوشی و مافی ژنان کەلک وەرگرن. وێڕای ئەوەی کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یاسا و ڕێسای بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژبە ژنان پەسەند کراوە، بەڵام بەو حاڵەش ئامارەکان باس لەوە دەکەن سەتا ٣٥ی ژنان توندوتیژیان لە بەرامبەردا کراوە، ئەم ژمارەیە لە هێندێ وڵات هەتا ٧٠% بەرز دەبێتەوە و بە پێی ئامارەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە سەرتاسەری دنیا لە هەر سێ ژنان، ژنێک گزمی و زۆریی جسمی و جنسیی پێ کراوە.

لە کۆی سەرجەم وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ١٢٥ وڵات یاسای تایبەتیان بۆ ئازار و زۆری دژبە ژنان هەیە و ٥٢ وڵاتیش لەمەڕ دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنان ڕێسایان پەسەند کردوە. بەڵام لە ئێران لایحەی دابینکردنی تەناهیی خێزان هەروا لە کەلێن و قوژبنی پارلمان تۆزی لێ نیشتووە و هێشتا هیچ یاسایەکی ئەوتۆ و کارپێکراو لەم بارەیەوە پەسەند نەکراوە و؛ مەخابن ڕەوشی ژنان لەم وڵاتە لە بواری ماف و یاساییەوە ئاڵۆزە. نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ پشتگیری لە مافی ڕەوای ژنان و پشتیوانی لێکردنی و ئالیکاری و یارمەتیی دەوڵەت، لە ژنان وای کردوە کە ژن لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەموو جۆرە توندوتیژییەکی بنەماڵەی دەرۆست بێنن. هەروەها نەبوونی پەروەردە و بارهێنان بۆ ڕەگەزی ژن و پیاو لەم وڵاتە یەکجار لاوازە. نەبوونی سەرچاوەی جێباوەڕ بۆ دانی ئامار و ڕاگەیاندن لە هەمبەر زۆریی بەدژی ژنان، نەبوونی یاسا، پێشگرتنی حکوومەت لە چالاکییە مەدەنییەکانی بزووتنەوەی ژنان دەگەڵ زۆرێک لە هۆکاری تر بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ئێران نەتوانرێ وەک وڵاتانی ئازادی جیهان پێش بەم دیاردە قێزەونە بگیرێ.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناسەی توندوتیژی دژبە ژناندا دەڵێ: هەر جۆرە هەڵسووکەوتێک کە ببێتە هۆی سەدەمە گەیاندن بە جەستە، جسن یا دەروونی ژن دەکەوێتە خانەی توندوتیژی دژبە ژنان.

کەواتە توندوتیژی دژبە ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و ئەم تاوانە لە لایەن سێ یەکەوە ڕوو دەدا: بنەماڵە، کۆمەڵگە و دەوڵەتان.

بەم پێیە ژنی کورد دەبێ بە سێ شێوازی جۆربەجۆر و لە سێ شوێنی جیاواز بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی خەبات بکا.

کۆمەڵگەی پیشەیی و سیستمی دەوڵەتان بە تێپەڕینی کۆمەڵگەی وەرزێریی نەریتی، چێکردیی کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووریی نوێی لەسەر خوانیبازاڕ و هاوپێوەندییەکان وەسەر یەک نا؛ بەم شێوەیە بنەماڵەی لە پێگەی سەرەکیی ڕێکخراوەیی کۆمەڵگەی وەرزێریی نەریتی دەرهاویشت. کە ئەمە تێچوویەکی زۆری خستە سەر شانی بنەماڵە و بەتایبەت ڕۆڵی ژن لەم نێوەدا کەم کرایەوە و تەنانەت مافەکانیشی بەرەو فەوتان چوون. ئەم ئاڵوگۆڕە وێڕای ڕوانینی حکوومەتەکان بۆ مافی ژنان و چۆنیەتیی دەسەلاتەکان ڕەوشی ژنانی بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار هەڵداشت.

دەگەڵ ئەوەی کە بچووکترین یەکەی کۆمەڵگە «بنەماڵە»یە بەلام بێگومان کۆڵەکە و ئەستوونی سەرەکیی هەر کۆمەڵگەیەکی مەزنی وەک ولاتیک خۆڕاگری و ڕاوەستاوی لە ژنی بنەماڵەوە وەردەگرێ (کورد دەڵێ: «ژن وەستایە و پیاو کرێکار»). ئەوەی کە دەبێتە هۆکاری ڕەسەنایەتیی کۆمەڵگە و کراوەیی ڕوانین بۆ مافە ئینسانییەکان، پەروەردەی دەروون خێزانییە. پارسۆنز (۱۹۰۲ - ۱۹۷۹) خاوەنی یەکێک لە پڕبایەخترین تێئۆرییەکانە لەمەڕ ئاڵوگۆڕی بنەماڵەکان. پارسۆنز، بنەماڵە وەک بەشێک لە شێوەنیزامێک لە نیزامی گشتیی کۆمەڵگە دەشوبهێنێ نەک وەک یەکەیەکی بچووک و دابڕاو لە کۆمەڵگە. لە دەزگای تێهزرینی پارسۆنز بە نیسبەت بنەماڵە دوو کارکردی گشتی خۆیا دەبن. یەکیان، بە کۆمەلایەتی کردنی منداڵەکان هەتا کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ئازاد و کراوەیان هەبێ، واتە بتوانن بەشداری کۆمەڵگە بن و تێیدا چالاکی بکەن. دووهەم، پاراستن و بەهێز کردنی کەسایەتیی بەسالاچووان لەنێو بنەماڵەدایە.

ژن لە جڤاکدا دەتوانێ لە پەنا پیاوان چالاکیی ئابووری، سیاسی، کولتووریی هەبێ. ڕادەی بەشداریی ژنان لە کۆمەڵگەکان هێمای گەشە و پێشکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیە وێنا دەکا. ڕاپۆرتە جیهانییەکان باس لەوە دەکەن کە ژمارەی ئەو ژنانەی کە دەتوانن بە لێوەشاوەیی لە کۆمەڵگە چالاکی بکەن ڕوو لە زیاد بوونە، بەلام نابەرامبەری مافی یەکسانیی ژن و پیاو بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە کار و چالاکییەکان بۆتە مەتاڵ و ڕێگر بۆ گەشە و پێشکەوتنی هەرچی زیاتری ژنان لە کۆمەڵگەکان.

یەکێک لە باوترین چەمکەکانی ژیانی مرۆڤ، سیاسەتە کە بەر لەوەی کە بکەوێتە ژێر ڕکێفی پیاوان وەک هونەری خۆبەڕێوەبەریی کۆمەڵگە پێناسە دەکرا. لە سەردەمی بەر لە مێژوو ژن بە شێوەیەکی سروشتی لەلایەن کۆمەڵگەی ڕەوشتمەند و سیاسی بۆ بەڕێوەبەریی کۆمەڵگە هەڵدەبژێردرا نەک لەبۆ بڕەودان بە هێز و دەسەڵات بەڵکوو بە مانای بەخشینی ئازادی بۆ زایەندی سروشت بووە. کۆمەڵگەی سیاسی، کۆمەڵگەیەکە کە سەرجەم تاکەکانی بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەرجۆرە جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاو، پشکداری کاروباری کۆمەڵگە بن و شوناس و بوونیان لەو کۆمەڵگەیەدا گەشە بکا. لە ڕوانینی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی وەک ئێران، هیچ جێگەیەک بۆ ڕۆڵی ژن دیاری نەکراوە و بە حوکمی ئەوەی کە فەلسەفەی دامەزراندنی ئەم دەوڵەتە شۆڕشی ئیسلامییە و دەسەڵاتداری و هێز، کاری پیاوانە، ژن تەریک ماویتەوە و لە سێنی سیاسەتدا شۆراویتەوە. گرنگی نەدان بە ڕۆڵێ ژن و بێبایەخ بوونی ئەم پرۆسەیە لەلایەن سیستمی دژەمرۆڤایەتیی ئیسلامیی ئێران و وەرگرتنەوەی متمانە لە ژنی کورد و داخستنی دەرگای سەرجەم دەرفەتەکانی بەشداری لە کایەی ئابووری، سیاسی و... وای کردوە کە ژنان لانەواز و دوورەپەرێز بمێننەوە، هەڵبەت ئەمە ڕوانگە و خواستی دوکتورینی دامەزرێنەرانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانییە چونکە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ژنان بەتایبەت ژنی کورد نیشانیان داوە دەتوانن لە سەرجەم ئاستەکانی جڤاکدا خۆ بنوێنن بەتایبەت لە بواری سیاسییەوە.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ڕۆڵی ژنی کورد لە کایەی دەسەڵات و سیاسەتدا ئەم پرسە زیاتر دەسەلمێندرێ (بڕواننە ڕۆڵی ژنانی کورد هەر لە سەردەمی میتانییەکانەوە، «تاتەخیپا» لە هەمبەر گۆڕینی ئایینی میسرییەکان لە سەردەمی فیرعەون (ئاموون هۆتێب) وەک یەکەم بزاڤی دینی-کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووریش، هەتا سەرکردایەتیی خەزاڵی مەلا نەبیان و خانزادی هەریری و ماهـ شەرەف خانی ئەردەڵان ناسکری بە مەستوورە وەک شاعیر و یەکەم ژنی مێژوونووس لە جیهان (١٨٠٥ - ١٨٤٨)، عادلەخانی شارەزووری (جاف) ١٩٠٩ - ١٩٢٤ دەسەڵاتداری دەڤەری شارەزوور و هەڵەبجە، فاتیمە ڕەش خاتوون لە باکووری نیشتمان، شەمسی خاتوون سەرۆک و دەسەڵاتداری هۆزی «عەمەریان»ی باکوور، قەدەم خێری لوڕ (١٣٠٥ی هەتاوی) شۆڕشگێڕی خۆنەویست کە لە بەرامبەر هێرشە دڕندانەکەی ڕەزا میرپێنج ژنانە بەرگری کرد، یا «مایان خاتوون» کە لە ١٩١٣ هەتا ١٩٥٧ میری مەزنی ئێزەدییان بووە و زۆر کاریگەریی هەبووە، لەسەر خەڵکەکەی خۆی وەک شاژنێک حوکمی کردوە و هەرکەسێکی غەوارە کە دیویەتی مەدحی کردوە، لە شاری سەقز خوشکانی کەعبی (شەهلا و فریشتە) ساڵی ١٣٥٩ بە دەستووری خەڵخالی بە تاوانی هاوکاریی شۆڕشگێڕان لەسێدارە دران. دواتر کەسانی وەک لەیلا زانا بە تاوانی سوێند خواردن بە کوردی لە پارلمانی تورکیە (١٩٩١) پازدە ساڵ زیندان کرا و ئێستاش هەر گیراوە، گرتن و ئازار دانی زارا محەمەدی لە سنە بە هۆی چالاکیی مەدەنی و گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی. ئەمانە بەشێکن لە ڕۆڵی ژنان لە مێژووی نەتەوەکەمان).



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک لـە ئامریکـای باشـوور ژن دەگیـرێ و سـەرکوت دەکرێ (١٩٦٠) لـە یەکـەم کۆمـاری کـوردی (١٩٤٦) یـەکیەتیی ژنـانی دێموکرات دادەمەزرێ و ژن لـە پرۆسەی سیاسی، وێژەیی، کولتووری، بەڕێوەبـەری و تەنانەت دواتر نیزامیشدا ڕۆڵـی هەیـە. تـەواری پێشمەرگە شان بـە شانی پیـاوان لـە سەنگەری بـەرگری لـە خـاک و خـەڵک خوێنی لـێ دەتکێ، ژن دەبێتـە ئەنـدامی سـەرکردایەتیی بزووتنـەوە کوردییـەکان. لـە دوامـین خۆپیشـاندانەکانی ئێـران (خەزەڵـوەری ١٣٩٨) ڕۆڵـی ژنـان یـەکجار بەرچاوترە، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە هەتا دێ ژن زیـاتر لـە جاران هەست بە بەرپرسیارەتی و خۆ نوانـدن دەکا و بـە کردەوەش هـەنگاوی بـۆ دەهـاوێژێ، مـەخابن لـەم نارەزایەتییانـەدا ژن شـەهید دەبـێ و ژنـی کـوردیش هـەم لـە شـەقامەکانی ناوەند (لە تـاران مینـا شێخی) و هەمژی لە کوردستان (لـە سنە زیبـا خۆشگوار) پشکی بەردەکەوێ و دەریـدەخا هـەردەم بـۆ گێشتن بە ئازادی و سەربەستی پێشەنگە.

(لە ژمارەی ٧٦٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە بزووتنەوە مەدەنییەکاندا

"فەزای سایبێر" (Cyberspace) لە واتادا بە مانای کۆمەڵێک پێوەندیی نێوان مرۆڤەکانە کە بەهۆی کۆمپیوتێر و کەرستەی مخابەراتی بەبێ لەبەرچاو گرتنی جوغرافیای فیزیکی، پێناسە دەکرێ. سیستمێکی ئانلاین میناکێکی فەزای سایبێرییە کە بەکارهێنەرانی دەتوانن دەگەڵ یەکتر پێوەندی بگرن، بە پێچەوانەی کەشی واقعی، لە فەزای سایبێردا پێویست بە جێگۆڕکێی فیزیکی نییە و سەرجەم کەرەسە و ئامراز و کارکردەکان لە ڕێگای داگرتنی قرتە یا جووڵەی ماوس پێک دێ؛ بۆ میناک پێوەندی گرتن لە ڕێگەی ئیمەیل، واتساپ یا... پێوەندیی نێوان ئەو مرۆڤانەی کە پێشتر تەنیا بە چەند شێوەی کورتی ڕاستەخۆ (ڕووبەڕوو) و ناڕاستەوخۆ (تیڤی، تەلەفۆن یا تێلگراف) بوو، بە شێوازێکی زۆر جۆراوجۆر و بەربڵاوتری لێ کردووە. کەشی پێوەندییەکان جا چ حەقیقی چ مەجازی بۆ وەرگرتن و دەست وێڕاگێشتنی تاکەکانی کۆمەڵگە بە تێفکرینە سیاسییەکان و هەبوونی پارادایم گەلی دەرهەست و بەرهەست ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە. لەم نێوەدا و لە بەستێنی چالاکییەکانی بەرەو گەشە و پێشکەوتووی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە فاکتەرەکانی گۆڕانی سیاسی، ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.(١) ئێمە بە گشتی لە باسی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان یا فەزای سایبێردا دەتوانین باسی "سۆشیال مێدیا" یا ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان (رسانەهای اجتماعی) و ڕایەڵکە (ڕایەڵە، تۆڕ) کۆمەڵایەتییەکان (شبکەهای اجتماعی) بکەین.

Social media یا ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان، واتایەکە بۆ کەلکوەرگرتن لە شوول هێنانی سەربە وێب، تەلەفۆنی هاوڕێ و ئەو ئامێر و کەرەسانەی کە بۆ گوتوبێژ بەکار دێن، ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن یەکێک بن لە، لاپەڕەکان، هۆڵی گوتوبێژ، وێبلاگەکان، میکرۆبلاگینک، ویکی، پادۆکستەکان، وێنە و ویدیۆ و... کە لە چوارچێوەی ئاوانسێک لەسەر ڕەگی بەشداریی کۆمەڵگە دەژمێردرێن.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە هەموو جیهان ئەم ئامێر و کەرەستانە وەک ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتییەکان نەخشی بەرچاویان هەبووە بریتی بوون لە: ڕۆژنامە، گۆڤار، وەرزنامە، ڕادیۆ، تەلەویزیۆن، ماهوارە، ویدیۆ، بێتێل (بێ سیم)، تەلەفۆن و... هەروەها لە دانی پەیامی چالاکی وەک ڕاگەیاندنێکی بیستن و بینیی ڕاستەوخۆ، ڕابواردن و پشوو، نمایشی هونەر، ڕووناکی دەری و... دەوریان هەبووە و جێ پەنجەیان دیارە دەتوانین ئاماژە بە سینەما، مۆسیقا، شانۆ، ئەدەبیات، نیگارکێشی و... بکەین کە ئەمانە زیاتر لە کۆڕ، کۆبوونەوە، فستیڤاڵ، کۆنگرە و... خۆیا بوونە.

لەسادەترین پێناسەدا، سۆسیال میدیا ئەو جۆرە لە میدیایەیە کە چیتر خودی خۆی بە تەنها قسە ناکا و، جیاواز لە میدیا باوەکان وەک ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و میدیای چاپکراو ڕێگە بە خەڵک دەدا ببن بە بەشێک لە بەهای نێوەرۆکی ئەو زانیارییەی، کە سۆسیال میدیا بڵاوی دەکاتەوە.

باوترین جۆری ڕایەڵکەی کۆمەڵایەتیش لە وڵاتی بەناو ئێران، فەیسبووک، تێلێگرام، ئینستاگرام و... هەرچەند بەپێی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەندام بوون لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان تاوان نییە بەڵام چونکە بەشێک لەو ڕایەڵکانە فیلتێر کراون و دەرباز بوون لە سیستمی فیلتێرینگ یش بە تاوانی سایبێر دەژمێردرێ بەمجۆرە بەربەست بۆ بە ئەندام بوونی ئازادیی خەڵک زۆرە، هەر بۆیەش ئامارێکی ڕاست و دروست لەبەر دەستدا نییە بەڵام ئامازەکان باس لەوە دەکەن زیاتر لە ٤٥ ملیۆن کەس لە ئێراندا ئەندامی ئەپلیکەیشێنی تێلێگرامن و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەسیش فەیسبووک بەکار دێنن، هەڵبەت لەم نێوەدا سەیر ئەوەیە بەرپرسانی باڵای ڕێژیمیش کەلک لەو پرۆگرامانە وەردەگرن! بەڵام وەک لێکۆڵەرەوەکان دەڵێن، بەربڵاویی ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان بە مانای ئەوە نایەت زانیارییەکانی ئەو ڕایەڵانە بابەتی بن، چونکە بەشێکی زۆر لەو پەیجانەی لە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکاندا هەن کۆپی میدیا باوەکانن بەجۆرێک ئاستەمە بتوانین میدیایەکی باو بدۆزینەوە و خاوەنی پەیجێکی خۆی نەبێ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و لە فەیسبووکیش بەتایبەتی.

ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان: واتا ڕایەڵەیەک بە بەشداریی تاکەکان، گرووپەکان و پێوەندیی نێوانیان. تاک و ئەندامەکانیان گرووپ گەلێک پێک دێنن و نزیکایەتیی نێوان ئەم خەڵکانە وەک هاوڕێیەتی، خزمایەتی، بازرگانی، حەزی هاوبەش و... ئەم بەشدارییە دادەمزرێنێ. بە زۆرتر بوونی ئەم دیاردەیە ڕایەڵکەکانیش تێک چڕژاوتر دەبن و دەکرێ بە ئانالیزی ڕایەڵکە شیکاری و شرۆڤە بکرێ. دەستەواژەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی نوێ نییە، مرۆڤەکان لە سەدەکانی رابردوو کە لە دەوری ئاگر پاپۆتەیان دەبەست و بۆ یەکتر قسە و باس و چیرۆکیان دەگێڕاوە سەرقاڵی پێکهێنانی ڕایەڵکەیەکی کۆمەڵایەتی بوون. کاتێک سەرکانی لە لادێیەکان بەیانان و ئێواران دەبووە جێگای کۆبوونەوەی ژنان و کچان، ئەمە ڕایەڵکەیەک دروست دەبوو یا لە حوجرەکانا، دیوەخانی ئاغاکان، حەمامەکان، تەکیە و خانەقاکان گشتیان ئەو شوێنە بوون کە بە لە دەوری یەک کۆبوونەوە و لێک هاڵان ڕایەڵکە و تۆڕیان (Network) لە خۆیان پێک دێنا. بەڵام تشتێک کە بۆتە ئەوەی کە ئەم تۆڕانە زیاتر سەرنجیان بدرێتێ و کەلکیان لێ وەرگیرێ، هاتنی کەرەستەی دیجیتاڵی و یارمەتیدانی بە گەشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کاتێک پێک دێن کە:



سەرچاوە Serchawe

١- کۆمەڵێک گرێی پێوەندیدار دەگەڵ یەک شەقل دەگرن.

٢- هەر گرێیەک، تاکێک، گرووپێک یا ڕێکخراوێکە.

٣- ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، بە مانای پێشان دان و خوێندنەوەی پێوەندیی نێوان ئەم گرێیانە و ڕەوتی زانست و زانیاریی نێوانیانە.

بەپێی ئەو پێناسە گشتییەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان خستمانە ڕوو، هەر بۆشاییەک کە بە مەبەستی شەقل گرتن و خێرا کردن و هاسانکاریی گەشەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان پێک بێ، سرویسێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە SNS دەگوترێ. تەنانەت دەتوانین ڕێکام (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) یا "ئێن جی ئۆ" کانیش وەک باشترین میناک بۆ سرویسی گەشەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە دەوری بازنەیەکی تایبەت و بابەتێکی دیاریکراو، باس بکەین.(٢)

ئێمە بە بیستنی دەستەواژەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان (Social Network) یەکجێ سەرنجمان بۆ پلەتفۆرمی کۆمەڵایەتی وەک فەیسبووک، ئینستاگرام و نەرمامێرگەلی نامەبەری وەک تێلێگرام و واتساپ دەچێ. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ هەم ڕایەڵکە و هەمڕێ سازانی کۆمەڵایەتی بەرلە لەدایکبوونی و بەرەوپێشچوونی تێکنۆلۆژی هەبووە و دەکرێ بڵێین ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆیی تەنانەت لە سەردەمی ئەشکەوت نشینی و ڕاو و نێچیرڤانی، تەک مرۆڤ بووە. دەرکی باشتری چەمکی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە لە پلەتفۆرمی کۆمەڵایەتی و دینامیکی باشتر تێبگەین و کەلکی لێ وەرگرین. بە جۆرێکی تر دەکرێ بڵێین ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵێک لە پارادایمی پێوەندیی نێوان دوو یا چەند ئەندامن. ئەم پێوەندییە بە ئامانجی گۆڕینەوەی زانیارییەکان و چارەسەری پرسگەلێک، شکڵ دەگرن و بەردەوام بوونی ڕادەییان هەیە. چونکە توێژەران و دەروونناسانی کۆمەڵایەتی بە باش دەزانن لە واژەگەلێکی ڕێکتر کەلک وەرگرن، بۆ وێنە بە جێگای "ئەندام" لە دەستەواژەی "کۆنێشگەر" (Actor) کەلک وەردەگرن، ئەم دەستەواژەیە پێمان دەڵێ کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا لە نێوان مرۆڤەکان نییە و دەتوانێ لە نێوان کۆمەڵێک مرۆڤ و کۆمپانی یا ڕێکخراوێک - یش بوونی هەبێ.

بە باوەڕی "کاستێلز" ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی هاوڕایی بوونی سێ بوویەری مێژووی سەربەخۆن.

١- شۆڕشی زانیاری.

٢- نوێکردنەوەی کارکردی سەرمایەداری و ئابووری بەپشت بەستنی بەرنامەداڕێژی.

٣- بزووتنەوە کولتوورییەکانی دەیەی ١٩٦٠ی زایینی.



سەرچاوە
Serchawe

تایبەتمەندیی ئەم کۆمەڵگەیانە بە ڕوانینی کاستێلز بەکورتی ئەمانەن:

١- گەشەی ئابووری؛ بەجۆرێک کە بەرهەمهێنان و کێبەرکێی نێوان کۆمپانیاکان لە هەموو کاتێک پتر پێویستی بە زانست و زانیاری و تێکنۆلۆژیی نوێ بووە.
٢- ئابووریی جیهانی؛ بە جۆرێک لە جۆرەکان چینی ژێرەوەی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بە جۆرێک پێوەندییەکی توندوتۆڵی دەگەڵ ئابووریی جیهانی هەیە.
٣- چالاکیی ئابووری ڕایەڵکەکان؛ ئەمجارە ڕایەڵکەکان ئادگاری واقعیی خۆیان دەردەخەن و هێدی هێدی تۆڕەکان دەباڵ خۆیاندا دەتوێننەوە و بە ڕیکلامی ئابووری و پرۆپاگەندایی، دەگلێن.
٤- سیاسەت لەسەر باڵی ڕایەڵکەکان؛ لێرەدا سیاسەتمەدارەکان بۆ مانەوەی خۆیان لە مەیدانی دەستەڵات ناچارن دەست بەسەر تۆڕەکاندا بگرن ئا لێرەدایە کۆنترۆڵی ڕایەڵکەکان خۆی دەردەخا.

لەلایەکی ترەوە گەشە و پێشکەوتنەکانی ڕایەڵە گشتییەکان، گۆڕانکارییەکی زۆری لە پێوەندییەکان و ئاستی جۆراوجۆری کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و... پێکهێناوە. لەم نێوەدا و جیا لەو هەمووە کارکردانەی ئینتێرنێت و ڕایەڵەکان، لەلایەک زانیاریی سیاسیی تاکەکان دەباتە بان و لەلایەکی تریش دە پرسگەلی سیاسییان وەردەدا.

کاتێک کە بەستێنی گشتی قەیات دەکرێ و کەشی سیاسیی کۆمەڵگە ڕەوگیر دەکرێ، باس و خواستی سیاسی دەچتە نێو کۆمەڵگەی ڕایەڵکەیی دیجیتاڵی و فەزای گوتوبێژی ئازادانە لەنێو دەچێ، ناچار ئەم باس و پرسانە دەچنە قوژبنی ئامێرە دیجیتاڵییەکان و پێوەندیی نهێنیی کۆمەڵگە دەگوورێ. هاندانی سیاسیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین و چڕترین پێگە و سەنگەری بەرگرییە مەدەنییەکان، زۆربەی دوای بێهیوایی لە گوێ نەدانی دەستەڵاتداران و پتانسیێلی یاسایی داواکارییە ڕەواکانی شارۆمەندان و ویستی بەشێک لە خەڵکی، گڕ دەگرێ. ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی نوێن لە کۆمەڵگەی پێوەندییەکان، ئەگەرچی گشتییە بەڵام بەشێوەی تاک بەرهەم دێ و چێدەکرێ و کاریگەرییش دادەنێ. ئەم دیاردەیە لە هەموو جیهاندا بووتە کەرەستەیەک لە خزمەت بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام).

ئەم بزووتنەوانە بۆ گێشتن بە ئامانجی خۆیان دەبێ لە سێ بواردا توانیان هەبێ:

شکڵ دان بە شوناسی گشتی و بە قەناعەت گەیاندنی لایەنگرانی و بەسیج کردنیان. ئەم بزاڤانە بە کەلکوەرگرتن لە

تێکنۆلۆژیی نوێ دەتوانن بەهاسانی ئەم سێ ئامانجە بپێکن...

زۆرێک لەو کەسانە بەبێ ئەوەی کە یەکتر ببینن و بناسن دەتوانن بیروڕا بگۆڕنەوە، وەک یەک بیر بکەنەوە و لە ئاکام وەک یەک بجووڵێنەوە. بەم پێیە، بە پەیام، دروشم و هزر، بە شێوازێکی هونەری و بە وێنە، گرافیک، دەنگ و مۆسیقا چالاکیی سیاسی بکەن. هەروەها ڕایەڵەکان وەک تاقیگەیەک وان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکان کە لەوێدا هەم تواناییەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن هەمیش بیکەنە ڕاگەیاندنێک بۆ بڵاو کردنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانیان، بەم جۆرە تۆڕەکان هەر تەنیا وەک کەرەسەیەکی سیاسی چاوی لێناکرێ بەڵکوو فەزایەکی سیاسییش دەخولقێنێ.

هەروەها ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک لایەنێکی شاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەم دەرفەتە دەداتە بزووتنەوەکان و ڕێکخراوەکان کە شێوازی نەریتیی نارەزایەتییەکانی خۆیان، وەک ڕێپێوان، مانگرتنەکان و دروشم و... هاسانتر بکا و لەتەک شێوازی نوێ پێک ببەستێتەوە. بەم پێیە، ئەم بزووتنەوانە توانایی باشتریان دەبێ بۆ وەرگرتنی توێژی لاوی کۆمەڵگە و ڕێکخستنیان لەنێو هەناوی کۆمەڵگەی گشتی.

لەلایەکی تریشەوە یەکێک لە خەسارەکانی جدیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە ئەم کەرەسانە هەر دەتوانن چۆنیەتیی هەڵگیرسانی بزووتنەوەکان ڕێک بخەن و ڕابگەهێنن، ئەوان ناتوانن بەرنامەدارێژی بکەن و حکوومەت بەڕێوە بەرن یا دامەزراوەیەکی دێموکراتیک دامەزرێنن و کاری پێ بکەن. "ئیونی موروزۆف" یەکێک لە نووسەرانی گۆڤاری "فارین پالیسی" لەسەر ئەم باوەڕەیە کە: "ئەوەی کە دەگوترێ ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک و تویتێر پەرجوو دەکەن و کاریگەریی زۆریان لەسەر نارەزایەتییەکان و ڕێپێوانەکان هەیە، جۆرێک "ئارمانگەرایی سایبێری"یە." ئەو لە سەردەمی خۆپیشاندانەکانی توونێس لەسەر سایتەکەی خۆی ڕاگەیاند، تویتێر و فەیسبووک ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی نییە و ئەم شۆڕشە بەبێ بوونی ئەو ڕایەڵکانەش هەر دەکرا. (ئەو قسەیە منی وەبیر شۆرشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران خستەوە هەڵبەت زۆر شۆڕشی تریش کە ئەوکات ئەم پلەتفۆرم و کەرەسە و ئامێرانە هەر نەبوون).(٣)

شەپۆلی بەربڵاوی نارەزایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەدان بە زانیاری و پێوەندییەکان، زیاتر لە ڕابردوو ئاشکرا کرد. تەوژمی ئەم کاریگەرییانە لە جیهاندا هەستی پێکرا و وڵاتانی گەشە بوو و لەحاڵی گەشە هەرکام بە شێوەیەک کەوتنە بەر پلاری ئەم دیاردەیە. شۆڕشەیلی وڵاتانی عەرەبی لە ئاکامی گووڕانی بەرین و نوێی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتی و سیاسی سەریان هەڵدا کە بە یارمەتیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ڕێکخستنی ئەم پێواژۆیانە خێراتر و هاسانتر بەڕێوە چوون.

ساڵی ٢٠١١ لە میسر کەمپینێک لە فەزای فەیسبووک بە ناوی "بزووتنەوەی لاوانی ٦ی ئاوریل" بووە هۆی ئەوەی کە دەیان هەزار کەس بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بە دەنگ ئەم بانگەوازەوە هاتن و بەدژی حکوومەت لە دەوری یەک کۆ بوونەوە. بەپێی ئاماری وەزارەتی پێوەندییەکان و فەناوەری میسر ئەم وڵاتە زیاتر لە ١٧ ملیۆن بەکارهێنەری ئینتێرنێت هەیە (هەتا فێوریەی ٢٠١٠). ئەم ئامارە بە بەراورد دەگەڵ ساڵی ٢٠٠٠ بەرەوپێش چوونی ٣٦٩١ لەسەتای هەبووە کە تەنیا ٤٥٠٠٠٠ کەس لە ئینتێرنێت کەلکیان وەردەگرت. جیا لەمە لە ساڵی ٢٠١٠ دا زیاتر لە ٤ ملیۆن کەس فەیسبووکی هەبووە هەروەها ١٦٠٠٠٠ وێبلاگ نووسیان هەبووە کە لەسەدا سی بابەتی سیاسییان تێدا باس دەکرد.(٤)

بابەت و نێوئاخنی بەشی هەرە زۆری بەکارهێنەران و ئەندامانی ئەم ڕایەڵە کۆمەڵایەتییانە کە بەگشتی لاو، شاری و خوێندەوار بوون بە تەواوی دەگەڵ ئاڵۆزییەکانی نێو میسر و یەکەم ناڕەزایەتیی دژەدەوڵەتی لە مانگی ژانوییە کە دواتر کەمپینێکی زۆر مەزنتری خەڵکی بەدژی حکوومەتی لێ کەوتەوە، پێوەندیی هەبوو.

چوونە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نێو هەناوی ناڕەزایەتییەکان دوو کاردکری گشتیی هەبوو:

١- ڕێکخستنی ناڕەزایەتییەکان.
٢- ناردنی هەواڵەکان، لەوانە ویست و داخوازییەکانیان بۆ حکوومەت و هەموو جیهان.

بەپێی ڕاپۆرتەکان، فەیسبووک لەو قۆناغەدا لانیکەم لە خێرایی بڵاو کردنەوەی زانیارییەکاندا وە پێش هەواڵدەریی بەهێزی "ئەلجەزیرە" کەوتبوو. لە بەرامبەردا کۆنترۆڵی وڵاتانی عەرەبی بەسەر فەزای ئینتێرنێتدا زۆر لاواز بووە بەجۆرێک هەوڵیان دا بەگشتی ئەو هێڵە بپچڕێنن. ئەم کردەوەیەش نیشانی دا کە دەوڵەتان ناتوانن لە جیهانێکدا بەو هەموو جۆربەجۆرییەی کەرەسەکانی پێوەندی گرتن پێش بە بڵاو کردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بگرن، چونکە لە بەرامبەردا بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەمجارە بە پشت بەستن بە زانستی پرۆکسی (دژە فیلتێر، فیلتێرشکێن) و جۆرەها ئەپلیکەیشێنی تر، هەوڵەکانی حکوومەتیان بێکاریگەر کردەوە.

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١١ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئەوەی سەلماند کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن وەک ڕەوتێک لە چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی بزاڤەکان کەلکی لێ وەرگیرێ و هاسانکاری بکا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام). هەڵبەت ئەوەش دەبێ بزانین کاریگەریی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆ کردنەوە و ڕێکخستنی ناڕەزایەتییە بەربڵاوەکانی کۆمەڵایەتی - سیاسی لە ناوچەیەک بۆ دەڤەرێکی تر و لە پێکهاتەیەکی سیاسی هەتا

بەستێنێکی سیاسیی تر جیاوازە.

لە بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ تێلێگرام ڕێک ئەو ڕۆڵەی بۆ ڕێکخستن و بەرچاو ڕوونی نارەزایەتییەکان لە شارەکانی مەشەد، کەرەج، تاران، ئیسفەهان و... گێڕا کە تێدا خەڵک بەدژی زوڵم و گرانی لە ڕادەبەدەر لە شەقامەکان هەڵوێستیان گرت. جارێکی تریش لە سەرماوەزی ئەمساڵ (١٣٩٨) قۆناغێکی تر لە نارەزایەتییە بەربڵاوەکانی خەڵکی ئێران بە پاساوی گران بوونی بێنزین دەستی پێکردەوە کە لەم نێوەدا ڕۆڵی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە پڕکاریگەر بوو کە حکوومەت ناچار بوو، سەرجەم هێڵەکانی ئینتێرنێت بپچڕێنێ!

کەوابوو بەو ئاکامە دەگەین کە ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان وەک ڕەوتێکی کاریگەر و بەرچاو ڕۆڵی هەرزان و ئاسانی کەرەسەی پێوەندییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگێڕێ بۆ بانگەشەی چالاکییەکان، ڕێکخستن، ئاگاداریی جیهانی و بڕەودان بە بەرز بوونەوەی ئاستی کۆمەڵایەتیی سیاسی لە جیهانی مۆدێرندا هەیە.

## ژێدەر:


١) کرمی، هاشم، فرصتها و تهدیدات فضای سایبری برای جنبش کرد، گۆڤاری پۆلیتیا، ساڵی دووەم ژمارە ٣١

٢) مدل توسعه مهارتهای من، سایت متمم

٣) نقش شبکه های اجتماعی در انقلاب مصر دکتر بیانی - صدیقه حمیدی پایگاه تخصصي مطالعاتي INPO

٤) استیپانوف ایکاترینا (پژوهشگر موسسه اقتصاد جهانی و روابط بین الملل در مسکو).ترجمه و تلخیص: مرتضی چرخ زرین - منتشر شده در نشریه همگام.


(لە ژمارەی ٧٦٤ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## چەمک و بنەماکانی مافی مرۆڤ

چەمکی مافی مرۆڤ (human rights) پرسێکی هەتا ڕادەیەک نوێیە و دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دامەزرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتووەتە نێو ویژمانی ڕۆژانەمان. ئەم تێرمە بۆتە جێگرەوەی دەستەواژە و چەمکی «مافی سروشتی» و «مافی ئینسانی» کە ڕابردوویەکی زۆرتریان هەیە. بەڵام دەگەڵ نوێ بوونی ئەم کانسێپتە، پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهانیدا بەرز بۆتەوە و حکوومەتەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکوومییەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کردوە؛ بە جۆرێک ئێستا مرۆڤەکان هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕە کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و حکوومەتەکانیش دەبێ پارێزەری ئەو مافانە بن و هاوکار و یارمەتیدەریان بن بۆ وەدەستهێنانی سەرجەم ماف و داخوازییەکانیان. کەوابوو ئەمڕۆکە بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سنووری پێوەندیی نێوان دەستەڵاتداران و شارۆمەندان تێپەڕیوە و، بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی. لە ڕاستیدا نیزامی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی دەوڵەتانی بە کۆمەڵێک پەیماننامەی چەند لایەنە، لە بواری سیاسی و حقووقییەوە بەرتەسک کردۆتەوە و بۆتە یەکێک لە خاڵە بەهێزە کاریگەرەکان لەسەر ئاشتی و تەناهیی نێودەوڵەتی.

لە ئەساسدا یەکەم پرسیارێک کە دەبێ بەرسڤی بدرێتەوە ئەمەیە کە مافی مرۆڤ چییە و بە چ مانایەکە؟ سەرەتا بۆ وڵام دانەوەی ئەم پرسیارە، مانای ماف (حق) ڕوون دەکەینەوە و دواتر لایەنە ڕەوشتی و ئاکارییەکەی تاوتوێ دەکەین هەتا دواجار مانا و پێناسەی مافەکانی مرۆڤمان بۆ ڕوون ببێتەوە.

### چەمکی ماف:

باشترین شرۆڤە بۆ چەمکی ماف کە پێوەندییەکی نزیکی لەتەک مافی مرۆڤدا هەیە، ئەم شیکراوەی «هۆفیلد»ە. بە پێی بۆچوونی ناوبراو، کاتێک کە دەڵێین کەسێک بە نیسبەت تشتێک مافێکی هەیە لە چوار شێوە بەدەر نییە:

١- بەو مانایەیە کە ئەویتر ئەرکدارە ئەو شتەی کە بە قازانجی ئەوە بیکات؛ بۆ میناک لە ماڵەوەی بچێتە دەرەوە. ئەم جۆرە لە ماف، تاک؛ مافی داواکاری لە ئەویتر هەیە و ئەوکەسەی تریش دەبێ ئەو مافەی پێبدا و بە ڕەوای بزانێ.

٢- بە مانای مافی ئازادیی ئەو کەسەیە. بە پێی ئەم مافە، تاک دەتوانێ کارێک بکا یا نەیکا و ئەویتر هیچ ئەرکێکی لە بەرامبەر ئەودا نییە، بۆ میناک دەتوانێ بۆ هەر کوێیەک بخوازێ بڕوا و سەفەر بکا، ئەو بۆ ئەم شێوە لە کردەوانە ئازاد و

موختارە، ئەم جۆرە لە ماف، بە مافی ئازادی ناسراوە.

٣- دەسەڵاتی بەسەر پێگەی حقووقیی خۆی هەیە و لە بەرامبەر ئەم مافە، جێگای حقووقیی ئەوانیتر لە بەرامبەر ئەو دەگۆڕدرێن، بۆ
میناک دەتوانێ دسەڵاتی بەسەر ملک و ماڵی خۆیدا هەبێ، بۆ وێنە بە وەسیەتێک ئەو جۆرەی کە بۆخۆی دەخوازێ ماڵی خۆی دابەش بکا و ئەم جۆرە مافە، بە مافی دەسەڵات ناسراوە.

٤. بە مانای پاراستنێکە کە، کەس بە نیسبەت تشتێک هەیەتی؛ واتا ئەوانیتر ناتوانن دەست لە بڕیاراتی ئەو وەربدەن، بۆ میناک تاک دەتوانێ چ حیزبێکی پێی خۆشە تێیدا ئەندام بێ.

بە ڕوانینێکی تر بە پێی ئەم شیکارییە واژەی «ماف» دەلالەت لەسەر چوار جۆر پێوەندیی ماف دەکا و لە چوار کەوشەنی جۆربەجۆری ماف بەکار دەبرێ: «داواکاری، ئازادی، دەسەڵات و پاراستن». لە ژێرەوە بە مەبەستی زانیاریی وردتر دەگەڵ ئەم چوار لایەنە مافییە، هەرکام بە جیا کورتەیەکی لێ باس دەکەین.

## مافی داواکاری:

وای دابنێن کە ئێوە کتێبێکتان بە عەلی فرۆشتوە، بەو پێیە عەلی دەبێ بڕە پووڵێکتان بداتێ، ئێوە دەتوانن داوای ئەو بڕە پووڵە لە ئەحمەد بکەن و ئەویش لە بەرامبەر ئێوەدا دەبێ ئەو پارەیە بدا. لەم پێوەندییە مافییەدا ئێوە لەسەر حەقن و هەوێتیی ئەم مافەش داواکارییە.

لەم بوارەدا خاڵی جێسەرنج ئەوەیە کە ئەو مافە داواکارییانە، هەمیشە لەتەک ئەرکێکدا هاوڕێیە بەو مانایە کە چونکە ئەم مۆدێلە لە ماف، لە ڕاستیدا بانگەشەی بۆ ئەویترە کە بەو پێیە، ئەویتر یا هەمەن ئەو کەسە کە ئەو مافەی لەسەر شانە (بەڵێندەر)، ئەرکدارە کە ئەو مافە بەڕێوە بەرێ.

## مافی ئازادی، مافی هەڤیازی (ئیمتیاز):

ڕەنگبێ نیزامێکی حقوقی هەندێک پوان یا ئازادیگەلێکی تایبەت بداتە تاکەکان؛ بەم جۆرە کە تاک لەو بەڵێنی و قەرارە تایبەتەی کە دەکرێ ئاراستەی ئەو بکرێ، لێی خۆش بێ، عەفوو بکرێ. بۆ میناک بەشێک لە سیستەمە حقووقییەکان ئەو

کەسەی کە لە ڕەوتی مەحکەمەدا دەتوانێ بەدڕی هاوسەرەکەی شایەدی بدا، عەفوو دەکا. لە ڕاستیدا ئەم مافە بە مانای ئازاد بوون لە بەڵێنی و ئەرکە کە دەتوانرا بەرەوڕووی ببێتەوە، بەڵام یاسادانەر ئازاد و موختاری کردوە و هیچ ئەرکێکی لەسەر شان دانەناوە.

* لە بڵاوکردنەوەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(لە ژمارەی ٧٦٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe

## مافی دەسەڵات (هێز)

لە یەکەم ڕوانیندا ئەم چەمک و مانایە ڕەنگبێ دەگەڵ مەفهوومی ماف-ئازادی لێک بدرێن. تەوفیری ئەم مانایە دەگەڵ ماف-ئازادی بە سەرنجدان بەوەی هەرتک ماف لە بەرامبەر یەکدا ڕادەوەستن، بناسینەوە. مافی تاک بە وەسیەت بۆ دابەشکردنی ملک و ماڵی بەسەر ئەو کەسەی بۆخۆی پێیخۆشە میناکێکی خاسە بۆ باسکردن لە سەر مانای ماف-دەسەڵات. ناسنامەی ئەم مافە جۆرێکە کە کردەوەکانی ئەو لە لایەن خاوەن ماف (ذی حق) دکارێ کاریگەری بخاتە سەر مافەکانی ئەوانی تریش. کاتێک خاوەن ماڵ بە وەسیەتێک ماڵی خۆی دەبەخشێ، ئەوە لە دەسەڵاتی مافی خۆی کەلکی وەرگرتوە، کەسانێک کە دەیانهەوێ لە دەرەوەی وەسیەتەکەدا، کەلک لەو ماڵە وەرگرن، مافەکەیان دەگۆڕدرێ. کەوابوو خاڵی بەرامبەری ماف-دەسەڵات، نەتوانینی کەسێکە و بۆی نییە ئەو مافەی هەبێ. هەروەها پێویستی هەبوونی ماف-دەسەڵات، بەرپرسیارەتیی حقووقیی کەسێکی تر لە بەرامبەر ئەو مافەیە؛ بۆ وێنە کاتێک من لەسەر ماڵی خۆم وەسیەت دەکەم، سەرووەسێتی من ئەرکدارە بەجێی بگەیەنێ. بە سەرنج لەم دوو تایبەتمەندییەی ماف-دەسەڵات هەر وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، دەتوانین جیاوازی و تەوفیری ئەم جۆرە لە ماف دەگەڵ مافی ئازادی، لێک جوێ بکەینەوە.

## مافی پاراستن (مصونیت)

ماف بە مانای پاراستن، بەو مانایەیە کە خاوەن ماف لە هەمبەر کردەوەکانی ئەوانی تر پشتیوانی بکرێ. بۆ میناک کاتێک کە سیستمی حقووقی بڕیار دەدا، کە کرێکارەکان دەتوانن ببنە ئەندامی سەندیکا کرێکارییەکان، بەو مانایەیە کە خاوەن کار بۆی نییە پێشیان پێ بگرێ و نەهێڵێ کە بچنە نێو ڕێکخراوە کرێکارییەکان. خاڵی بەرامبەری ماف بە مانای پاراستن، بەرپرسیارەتیی خاوەن مافە، واتا تاک بە جێگای ئەوەیکە لە بەرامبەر دەستێوەردان و کردەوەی کەس یا دامەزراوەیەکی تر پارێزراو بێ، بەرپرسە.

لە ڕاستیدا ئاکامی ماف-پاراستن بۆ تاک ئەوەیە کە، یەکەم هیچ بەرپرسیارەتییەکی نییە؛ چونکە گوترا کە خاڵی بەرامبەری پاراستن، بەرپرسیارەتییە و دووهەم ئەوەی تر ناتوانێ لە بەرامبەر دانی ئەو مافە، لەمپەرێک دروست بکا و بەگژیدا بچێتەوە.

بە ڕوانینێکی تر، ماف بریتییە لە کۆمەڵێک لە ئازادییەکان کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەوە دەدرێتە تاک. کاتێک دەڵێن کەسێک مافی فڵانە کارەی هەیە، بەو مانایەیە کە ئەو ئازادە لە کردوە ئەو کارە، واتا ئەو کەسە موختارە کە ئەو

کارە بکات یا نەکا. هەروەها بەو مانایەیە کە هیچ کەس بۆی نییە بە زۆر و پاڵەپەستۆ و بە پێچەوانەی ویستی خۆی کارێکی پێ بکا یا پێشی پێ بگرێت. کەوابوو، مافی جێبەجێ کردنی کارێک، واتا ئازادانە بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەیەک.

## سەرچاوەی ماف

ئەوەیکە باسمان کرد لەسەر پێناسە و مانای ماف بوو. لە ڕاستیدا بە پێی ئەو ڕوانینە ئێمە دەتوانین بڵێین چوار جۆر مافمان هەیە.

بەڵام ئەوەیکە ئێمە لەسەر چ ئەساسێک ئەو مافانەمان هەیە و دەتوانین هەمانبێ، فەیلەسووفانی ڕامیاری، ئاکار و ڕەوشت مانای ماف بە دوو شێوازی پڕ جیاواز بەکار دەبەن.

**یەکیان**. ئەو مافەیە کە لەسەر خوانی یاسایە، لەوێدا یاسای وڵاتێک مافی بە تاکەکان داوە هەتا لە هێندێک لە ئازادییەکان، دەرفەت و سەرچاوەکان کەڵک وەربگرن.

**دووهەم**. مافێک لەسەر بنەمای ڕەوشت و ئاکار. زۆر جار هێندێک لە وڵاتان بە پێی ئەو یاسا و ڕێسایەی کە بۆخۆیان دیارییان کردوە، بەشێک لە شارۆمەندان ناگرێتەوە و مافیان بە فەرمی ناناسێ. بۆ میناک وڵاتێک ئیزن بە ژنان نادات بخوێنن یا دەنگ بدەن و بە پێی یاسا لەو مافانە بێبەشن. بەڵام شارۆمەندانی ئەو وڵاتانە بە گەڕانەوە بۆ بناغەی بنچینەیی ڕەوشت وەک «دادپەروەری» خوازیاری ئەوەن کە ئەو یاسایە بە قازانجی ژنان پێیدا بچنەوە و مافی ژنان لەو بوارانەدا دەستەبەر بکرێ.

ئەم جۆرە مافە یاسایی نییە، بەڵکوو بۆ لایەنی بنچینەیی ڕەوشت و سروشتی دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا هێندێک داواکاریی تاکەکان، بناغەی پێویستی ڕەوشتە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە پێوەندی دەگەڵ یەکتر دەبێ هاوتەریب دەگەڵ ئەو پێکەوە بجووڵێنەوە و دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و حقووقیی وڵات و خودی کۆمەڵگەش دەگەڵ ئەم پرەنسیپانە ڕێک بخا.
لە ڕاستیدا بە هۆکاری حقووقی بنچینەیی ڕەوشتە کە تاکەکان خوازیاری حقووق لە جۆری یەکەمن و بە هۆی ئەم مافانەش، یاسا و دامەزراوەگەلی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و حقووقی دەکەونە بەر ڕەخنە و گازندە.

کەوابوو ئێمە بەرەورووی دوو جۆر ماف دەبینەوە: ماف لەسەر بنەمای یاسا و مافێک پشەستوور بە ڕەوشت (سروشتی).

مافی بنیاتنراو لەسەر یاسا، مافێکە سەرچاوەگرتوو لە دۆخی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بێ، وەک یاسای بنەڕەتی و ئاسایی

وڵاتــان و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە بۆ خەڵک بە فەرمی ناسێنراون. بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئایا مرۆڤەکان مافێک لە سەرووی ئەو یاسایانەی بۆیان داندراوە و بە فەرمی ناسراون، هەیە؟ فەیلەسووفانی سیاسەت و ئاکار بە هێنانە گۆڕێی باسێک لەژێر نـاوی «مـافی ڕەوشـتی» و مـافی «سروشـتی» وڵامـی ئـەو پرسیارەیان داوەتـەوە. لـە ڕاسـتیدا هـەوڵی بەشێک لە فەیلەسووفانی بەستێنی سیاسەت و ڕەوشت ئەوەیە کە بڵێن، ماف تەنیا بەرهەمی دانان و دیاریکردنی یاساکان نییە بەڵکوو لە سەرووی یاسایە کە ئەمەش خۆی یاسا دەگەڕێتەوە و دەکرێ بڵێین ئـەم جۆرەیە کە مافێک دەستنیشان دەکرێ. ئەو یاسایەی کە لە سەرووی ڕێسا باوەکانی حکوومەتەکانن، زۆرتر وەک مافی سروشتی باسیان دەکرێ کە ئێمە لێرەدا زۆرتر وەک مافی ڕەوشتی ناوی دەهێنین.

(لە ژمارەی ٧٦٩ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتەکانی: ساڵی ٢٠٢٠

## مافی سروشتی

زاراوەی سروشتی لەم پێکهاتەیە (مافی سروشتی) ئاماژە بە دوو مانا دەکا کە پێوەندییان پێکەوە هەیە: سەرەتا ئەوەیکە ڕێسا و ڕێنیشاندەرێکن کە تەنیا یاسا و نەریتی کۆمەڵگە ناوچەییەکان نییە، بەڵکوو ڕێساگەلێکن کە جێ باوەڕی ئاکاری جیهان داگرن.

دووهەم ئەوەیکە، پرێستیژی ئەم یاسایانە وەکوو ڕێساگەلی سروشت، گرێبەست و پاشکۆ ڕەوش و کولتووری مرۆڤایەتی نییە بەڵکوو یاساگەلێکن کە سروشتی ئەقڵانیی مرۆڤ باوەڕیان بەم ڕێسا و یاسایانە هەیە، بەر لە هەرجۆرە دۆخ و گرێبەستێکی بەشەری. بەڵام ئەوەیکە ئەو ڕێسایانە بە چ شێوەیەک لە نێو ئاوەزی مرۆڤایەتییدا چێندراون، بۆچوونێک هەیە دەڵێ کە ئەمە خواوەندە ئەوەی خستۆتە مێشکی بنیام و بە شێوەی کتێبە پیرۆزەکانی ئاسمانی یان بە ڕێگای هەوڵی ئاوەزمەندیی خۆی پێی گەیشتوە. ڕوانگەکەی دیکە دەڵێ، ئەم یاسا و ڕێسایانە بەدوور لە خواست و ئیرادەی خوا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و خۆزاو بوونیان هەیە و حاڵەتی ئاشکرا بوونی جیهانی ماتریاڵ (ماکە) گەوایی بە بوونی ئەمانە دەدا. باوەڕمەندان بە مافی سروشتی پێیان وایە، هەنێک ماف سەرتر لە خواست و ویستی یاسادانەرن و ناتوانرێ ئەمانەی لێ بستێنی و هاوێرنەکراو لە زاتی مرۆڤەکان بوونیان هەیە، ئەم مافانە پێوەندی بە تێپەڕینی زەمەنەوە نییە و سەرجەم تاکەکانی مرۆڤایەتی لە هەر ڕەگەز و لەونێک لەخۆ دەگرێ. کەوابوو ئەم مافانە بەسەر حقووق و پێویستییەکانی مافی ڕۆنراو، وەفادرای سیاسی و سەربەخۆ لەوانی دیکەیە و لە جێگایەک کە هێشتا حکوومەت و یاسا دانەنراوە، بەکار دێ؛ بەڵام ئەوەیکە مرۆڤ چونکوو ئینسانە بۆ دەبێ مافێکی ئەوهای هەبێ بە پێی بۆچوونی ئیلاهی، خواوەند ئەو مافەی بەخشیوەتە مرۆڤ.

بۆ میناک، خودا مرۆڤی ئازاد خولقاندوە بەڵام بە پێی شرۆڤەیەکی دیکە، ئاوەزی مرۆڤ بە هەندێک یاسا و ڕێسای ناچارەکی ئاکاری و حقووقی وا حوکم دەکا و ئەوانی پێ شیاو و ژیرانە و هاوڕێک لەتەک سرشتی مرۆڤ داناوە و وەها دروست و دادپەروەرانەی دەبینێ کە هیچ کەسێک ناتوانێ ڕەدی بکاتەوە. وەک نموونە، داسەپاندنی هەڵاواردن بە هۆکاری



سەرچاوە
Serchawe

ڕەنگی پێست و ڕەگەز، ژینۆساید و میناکی دیکە بە پێچەوانەی فامی ئاوەزی و سرشتی ئینسانی دەژمێرێ. لەڕاستییدا بە پێی ئەم بۆچوونە، ئاوەز و هەستی ئاکاری مرۆڤ بە شێوازێکی ڕوون، لە ناحەزیی ئەو ڕەوشت و ئاکارانە دەگا و ئەمە ئاماژەیەکە کە زنجیرەیەک نۆرم و بەها دنیاداگرەکان بوونی هەیە کە بە یارمەتیی ئەوانە دەتوانین ئەم جۆرە ئاکارانە هەڵسەنگێنین و مەترسی و نزمییان لێک بدەنەوە.

بە سەرنجدان بەو باسانەی سەرەوە، دەتوانین کاتێک کە مافی مرۆڤ پشتئەستوور بە مافی سروشتی دابنێین، خاوەن تایبەتمەندیی ژێرەوە دەبێ:

١- ئاوەزمەندییە، واتە مرۆڤ بە هاوکاریی ئاوەز و ژیری خۆی دەتوانێ ئەم مافانە بناسێ و هەڵیانسەنگێنێ.
٢- زاتی و سروشتین، واتە دەگەڵ سروشت و سرشتی ئاوەزمەندانە و ئاکارییانەی مرۆڤ هاوتەریبە و بە هۆکاری ئاکاری - ئاوەزی بوون، بانتر لە ڕەوشی بەشەردایە و لە لایەن ئەو، هێزای وەلانان و نەهێشتن نییە.
٣- ئەم مافانە جیهانگرن.
٤- بەڵگەنەویست، نەگۆڕ و سەلمێنراون، واتە بە تێپەڕینی کات ئاڵوگۆڕی بەسەردا نایێ.
٥- ڕێژە و پێوانەی هەر جۆرە یاسا و ڕێسایەکی بەشەرییە.

بەڵام ئاریشەی ئەم بۆچوونە لێرەدایە کە بە هاوکاریی ئەو ناتوانین بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە بوونی زنجیرەیەک یاسا و ڕێسا بە ناوی مافی سروشتی سەرتر لە یاسای ڕۆنراو چۆن وێنا دەکرێ؟ ئەم مافانە لە کوێ و بە چ شێوازێکی بوون بەهرەمەندە و چۆن دەتوانین پێیان بگەین؟

١- ئایا لە ڕەوشی مرۆڤی هەڵدێنجین و ئاکامی مەنتقی ڕاڤەگەلێکە کە باس لە کاروباری پێشهاتە دەکەن؟
٢- ئایا لە زانستی خوا و خواستی ئاکاری ئەو بناغەی داکوتاوە؟
٣- ئایا خۆی بەشێکە لە ڕێسا و یاسای ئاکاری؟

شیکردنەوەی «بوون» و «دەبێ» لە ڕێسا و یاسا هەڵدەکرێندرێ؟ ئەگە دان بە بژاردەی یەکەمدا بێنین، جیاوازی هەیە لە نێوان، لێکدانەوە و شیکردنەوە لە بوونی تشتێک کە لە دەرەوەدا زانیاری دەگەیەنێ، دەگەڵ ئەو ڕاڤانەی بڕیار بۆ چاکە و خراپەی کردەوەیەک و پێویستی یان وازهێنانی کردارێک دەکا. ئەو ڕاڤانەی کە باس لە ڕەوشی جیهان و ئینسان دەکەن لە بژاردەی یەکەمن، واتە باس لە بوون و ژیواری (هستی) شتێک دەکەن و ئەو شیکردنەوانەی جۆری دووهەم باس لە بوون و

ژیواری شتێک ناکەن، بەڵکوو بڕیار لەسەر ئەنجام دان یان مانای دەدەن. یاسا و ڕێساگەلی حقووقی لە جۆری دووهەمن، واتە لە «نابێ» و «دەبێ»یەکان کردەوەیەک یان خۆپارێزییەک دەکا کە ئەمە پێوەندییەکی لۆژیکیی نییە.

بۆ زیاتر ڕوون بوونەوەی ئەم بابەتە، ئەو ڕاستییەی کە توانایی بەرهەم هێنانی وەچە دەنێو سرووشتی مرۆڤدایە، ناتوانین بەو ئاکامە بگەین کەوابوو بەرهەمی تۆرەمە بۆ مرۆڤ پێویستە.

بژاردەی دووهەم بۆ لایەنی بۆچوونی ئۆلی و ئاسمانییەکان و لە باشترین حاڵەتدا قبووڵکردنی ڕێکوپێکیی زاتی خوا لە جیهان دەگەڕێتەوە. بەڵام گرفتی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەمری خوایی و تەکووزی خودایی بە شێوازی فەرتاو (وحی) و ئۆل شیاوی تێگەیشتنە. ئەوەی کە ئێمە دەیبینین فرەیی ئۆل و ئایینەکانن کە هەرکامیان مافی بەرامبەر و وەک یەک بۆ شوێنکەوتووانی بەرامبەری خۆیان نییە و دووهەم، ناکۆکی و ناتەبایی بەنیسبەت زۆر بە گێڕانەوەی فەرمی و مافی مرۆڤی بوونی هەیە. پرسی باوەڕە ئۆلییەکان لەم بەستێنەدا و ڕوانینی بۆ مافەکانی سروشتی دژوازییەکی زۆری لەتەک یەکتر هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## گەورەیی و شکۆی مرۆڤانە

یەکێکی تر لە بنەما و بەڵگەمەندیی مافەکانی مرۆڤ گەورەیی زاتی مرۆڤە و هەربۆیەش لە زۆر بەڵگەی مافەکانی مرۆڤدا پێداگری لەسەر گەورەیی مرۆڤانە کراوە. ڕێز گرتن بە مانای بەرز نرخاندنە و کەرامەتیش بە مانای سەربەرزی و ڕێزداری، جێگەوپێگەی بەرز و شەرافەت کە بەهۆی ئەو ڕوانگەیە هەر ئینسانێک لێی بێبەش نابێ و لەهەر حاڵەتێکدا ناتوانی لێی بستێنیەوە. کەوابوو هەر جۆرە کردەوەیەک کە گەورەیی مرۆڤ خەوشدار بکات ڕەوشتێکی ناجوامێرانەیە و دەبێ خۆی لێ بوێری. ئەوەی کە لە بەڵگەکانی مافی مرۆڤدا هاتوە لە ڕاستیدا حقوق و ڕێساگەلێکن کە بە مەبەستی پارێزگاری لە گەورەیی و شکۆی مرۆڤ ڕۆنراوە، وەک میناک کۆیلە بوون، ئەشکەنجە، هەڵاواردن و دووچاوەکی بەپێچەوانەی شکۆ و گەورەیی ئینسانی تاکە.

جا ئێستا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆچی و بە چ هۆکارێک مرۆڤ خاوەن وەها گەورەیی و شەرەفێکە؟ دەکرێ ئەم پرسیارە لانیکەم بە دوو ڕوانگە بەرسڤ بدرێتەوە:

لەڕووی فەلسەفی و بە جۆرێکی دیکە فەلسەفەی حقووق و لە ڕوانگەی ئۆلی (دینی)یشەوە.

### لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

ڕوونکاری و پاکانەی مافەکانی مرۆڤ بەپێی بنەماکانی مەزنایەتیی ئینسانی و تایبەتمەندییەکانی سەرەکی بە دوو شێواز پۆلێنبەندی دەکرێن کە لەدرێژەدا باسی دەکەین.

ڕوانگەی ئاکاری «کانت» لەهەمبەر مرۆڤ: مانۆییل کانت فەیلەسووفی ئەڵمانی ڕوانگەی ئاکاری خۆی لەهەمبەر مرۆڤ لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراندوە کە ئاکامی هەرسێک لەو ئەستوونانە ڕێزدانان بە ئینسان و مافەکانیەتی:

**کۆڵەکەی یەکەم**. سەربەست بوونی مرۆڤە؛ واتە مرۆڤ توانایی هەڵاوێژن و بڕیاردانی ئاوەزمەندانەی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا لەسەر بنچینەی ئاوەزی کردەیی بێخەوش بڕیار بدا؛ یانی تەنیا و تەنیا ئاوەزی کردەیی مرۆڤ بەبێ ئەوەیکە بکەوێتە ژێر کاریگەریی ویستی سەرچاوەگرتوو لە هەڵسەنگاندنی قازانج و زەرەر، حوکم بدا و ئەمر بکا، ئەم

«سەربەخۆیی و سەربەستییە» بە شێوەیەکی کورت «سەربەستی ئاوەزی کردەیی بێخەوش واتە توانایی و دەسەڵات» ئەو شتەیە کە کانی بە بایەخەوە باسی دەکا. ئەم بنواشە و پرەنسیپە بە ڕوانگەی کانت مەرجی ڕواڵەتی هەرجۆرە ئەرکێکی ئاکارییە. یانی هەندێک بڕیارات و دەستوور دەتوانن ئاکاری بن. بە بۆچوونی کانت هەر حوکمێک کە ئەم مەرجە رووکەشییەی پەسند بکا دەبێتە حوکمێکی ئاکاری (حکم اخلاقی)، کەوابوو بە باوەری ئەو فەیلەسووفە مەزنە فەرمانی ئاوەزی کردەیی بێخەوش، حوکمێکی ئاکارییە و بایەخی ئەخلاقیشی هەیە.

**کۆڵەکەی دووهەم**. گەورەیی مرۆڤە کە لە سەربەست بوون و ئاوەزمەندی ئەو سەرچاوە دەگرێ، یانی چوونکوو بنیام بوونەوەرێکی هەڵبژێرە(انتخابگر) و سەربەستە کەواتە کەرامەتی هەیە. بە بۆچوونی «کانت» دەبێ مرۆڤایەتی لەنێو کەسیی خۆتدا بە پیرۆز بزانی و مرۆڤ بەهۆی هەبوونی سەربەستی (سەربەخۆیی خواست) و ئاوەزمەندی، کەرەسە و شت نییە.

**کۆڵەکەی سێهەم**. مرۆڤ بۆخۆی ئامانج و مەبەستە نەک کەرەستە و ئامراز، ئاکاری کانتی لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە لەتەک هەموو مرۆڤەکان وەک یەک و بەرامبەر و بەوپەڕی خود(غایت بالذات)دەبێ هەڵسووکەوت بکرێ نەک بە مینانی کەرەسە و تشت. لە ڕاستیدا لەم بنواشەیە، بە ڕوانینی کانت حوکمی ئاوەزی بێخەوشە و لە ئاکاما بەپێی بنەمای یەکەم حوکمێکی ئەخلاقییە. هەروەها بەپشتبەستن بە بنەماکانی هەوەڵ و دووهەمیش دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە نابێ لەتەک مرۆڤ وەک شت یان کەرەستەیەک هەڵسووکەوت بکرێ، کەوابوو ئینسان کەرەسە نییە بەڵکوو کەسێکە. ئەم ڕاستییە بۆ هێزی هەڵبژاردن و ویستی ئەو دەگەڕێتەوە کەوابوو کەڵک وەرگرتن ئامرازی لە مرۆڤ ئەوە وەک کەرەسەیەکی لێدەکا نەک کەسێک، ئەوەش سەلماوە کە هیچ ئینسانێک پێی خۆش نییە وەک ئامراز و کەرەسەیەک یاری دەگەڵ بکرێ.

جا ئێستا با بزانین بە هاوکاری و یارمەتی ئەم سێ کۆڵەکەیە چەندە دەتوانین ئالیکاری مافەکانی مرۆڤ بین؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین، بەپێی بنەمای یەکەم، مرۆڤ خاوەن سەربەخۆیی خواست و ئیرادەیە، سەربەخۆیی خواست هەمان دەسەڵاتی تەواوی تاکە بەسەر هەڵبژاردنی کامڵ و ڕێکی بایەخە ئاکارییەکان و ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتی بێلایەن یان لانیکەمی بەئاکام(minimal) بگا و لە ڕاستیدا بەپێی ئەو نیزامە تاک دەبێ لە بەرامبەر هەرجۆرە دەستدرێژی کردنە سەری پارێزراو بێ. بناخەی بەگەورە زانینی مرۆڤ فەرمانمان پێ دەکا کە هەر مرۆڤێک بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەیکە کێیە و لە چ ئاستێک دایە، بەبێ مەرج بایەخی بۆ دابنێین نەک بەمەبەستی کەڵک لێ وەرگرتنی وەک کەرەسەیەک؛ چوونکە سەرجەم مرۆڤەکان لەخودی خۆیاندا دوایین ڕادەن و دەتوانن کاروباری خۆیان سەروبەر بکەن، کەوابوو هەرهەموویان لە گەورەییدا بەرامبەرن و وەک ئامانجێک سەیر دەکرێن نەک وەک کەرەسەیەک. بە بۆچوونی کانت دەبێ وەها

بجووڵێیەوە کە مرۆڤایەتی چ لە کەسی خۆت و چ لە کەسێکی تر بەردەوام وەک خودتەکووز و ئامانج ببینی و هیچ کاتێکیش وەک ئامراز و کەرەستەیەک بەکاری مەهێنە. بەم خوێندنەوەیە، ڕێزدانان بۆ خواست و داوکارییەکانی تاک کە بوونەوەرێکی ئامانجدار و سەربەخۆیە نەک ئامرازێکی و ئیتر هیچ، ئەمە سەرچاوەی زۆرێک لە مافەکانە، چوونکە بەو ڕوانینە هەموو کەسێک سەربەست و سەربەخۆیە و بۆخۆی بڕیار دەدا چ بکا؛ یان چ نەکات و ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندیی ئینسانی و کەسایەتیی خۆیەتی و دەبێ ڕێز بۆ ئەو هەڵوێست و بڕیاراتەی باوەڕی خۆی دابنێین، هەروەها لە زۆربەی جاران ئەگە خواست و بڕیاراتی خۆمان لە سەرووی ڕوانین و بڕیاراتی ئەو دابنێین، لە ڕاستیدا ئەوە وەک کەرەسەیەک چاو لەو کەسە دەکەین نەک مرۆڤێکی سەربەست و ئازاد، سەپاندن و بە ئەستۆ داهێنان یان بێبایەخ چاولێکردنی ڕا و بۆچوون و بڕیاراتی کەسێک، زەوت کردنی ئەو ئازادی و سەربەستییەی تاکە. بەپێی ئەو بۆچوون و بەڵگانەیە کە ماف و ئازادییەکانی سەرەکی لە جۆری مافی مەدەنی و سیاسی شەقڵ دەگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## دەستنیشان‌کردنی بەهای مافە مرۆییەکان

١- دەستنیشان کردنی بەهای مافە مرۆییەکان لەسەر بنەمای پشتیوانی لە کەرامەتی مرۆڤ لە بەستێنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەم لێڕوانینە ئامانجەکەی ئەوەیە کە، دەبێ ماف بەستێنی وەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان لەبار بکا و ئەم ئارمانجانەش بە پێی بناخەی بەشداری پێکردنی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتی دابین بکا. هەتا بەم شێوازە کەرامەت و مەزنایەتیی ئینسان پارێزراو بێ. بە پێی ئەم پلانە بەشێک لە بیردۆزانی مافەکانی مرۆڤ هەوڵیان داوە، سیستەمێکی کۆک و پۆشتە لە نۆرم و ڕێسا مافە مرۆڤیەکان دابرێژرێ («لاسوڵ چێن و مەک دۆگاڵ») کە لەسەر بنواشەی پاراستنی گەورەیی ئینسانەکان بێ. ئەم شێوازە بە باشترین جۆر لەلایەن ئەم خودانهزرانە بە کەلکوەرگرتن لە هەموو جۆرە بەشەکانی زانستی کۆمەڵایەتی، هەر لە ئابوورییەوە هەتا زانستە ڕامیارییەکان و دەروونناسی و ئەو بۆچوونەی کانت کە بەهێزترین بەرگری خۆی لێ‌کردووە، بۆ جیلی دووهەم و سێهەم دەبێتە بنەما. چونکە کەرامەتی ئینسانی و بێڕێزی نەکردن و سووکنەکردنی ئەوە کە دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ستاندارد تەناهی و ئاسوودەییەکان، دەست وێڕاگێشتن بە لانیکەمی ئاشتی، پەروەردە و ڕاهێنانی مرۆڤ تەوەر و... بۆ شارۆمەندانی خۆی دەخوڵقێنیت.

سیستەمی دەوڵەتی لیبراڵ و لانیکەمی ناچارەن ناتوانێ پاڵپشتی بەستێنی مافەکان مرۆڤ بێ؛ بەڵکوو حکومەتی مافی مرۆڤی، دەوڵەتی مرۆڤ‌تەوەر و کەرامەتییە کە دەتوانێ لە قەوارەی سیستەمێکی ئاسایشی یان شێوازێکی تر بگاتە چڵە پۆپەی خۆی. ئەو دەوڵەتە بەر لەوەیکە سیاسی و ئابووری بێ، لایەنی ئەخلاقی هەیە. کۆمەڵناسی، ماف وەک کۆمەڵێک ڕێسا پێناسە دەکا کە خاوەن ماکەی بەهێز بوون و کۆنترۆڵ بزانێ کە تایبەت بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بێ، هەر بۆیە لەم نیزامە هزرییە، دەبێ سیاسەتدانەران و توێژەران ئەو بەها دیارانە دەست نیشان بکەن و ماف وەک پردێک و خزمەتێک بۆی وێنا بکەن. ئەوان باس لە ٨ جۆرە بەها و ئەرزش دەکەن کە لەسەر یەک گەورەیی و کەرامەتی مرۆڤ لەسەر هەڵدەچنرێ:

١- دەسەڵات، دەبێ بزانین بە چ ڕادەیەک ئەندامانی کۆمەڵگە لە گۆورانی دەسەڵات بەشدار دەبن.
٢- سامان، هەتا چەندە ئابووریی تەکووزی دەکاتە سەر پاشەکەوت و سەرمایەدانان؟ بۆ ئاستی بەرەوسەرێی هەڵکشانی تێچوو؟ بە دەمژمێر؟ کاری کەمتر؟ یان بە چ شێوازێک دەبێ؟
٣- ڕێزگرتن، ئایا پێگەی کۆمەڵایەتی تاک بۆ چۆنیەتیی ڕەوشی بنەماڵەیی بۆ کاتی لەدایک بوونی دەگەڕێتەوە؟ یان باقی

تایبەتمەندییەکانی تر، جیا لە شیاو بوونی تاک؟

٤- ئاسوودەیی، ئەو سیاسەتانەی لەهەمبەر کۆنترۆڵی زاوزێ، پاراستنی بەساڵاچووان، بەرگری لە خەڵک لەبەرامبەر ڕووداوەکان، نەخۆشە و لەکار کەوتن، پێش گرتن بە توندوتیژی کەسی و گشتی، ساخلەمی، ئاسایش و ئاسوودەیی، هەتا چەند بۆ خزمەتی خەڵکی بووە؟

٥- شارەزایی، شاندی سیاسی کۆمەڵگە هەتا چەندە لە ڕەخسانی دەرفەت بۆ دۆزینەوە و ڕاهێنانی کارامەیی جێ پەسندی کۆمەڵایەتی بۆ هەموولایەک پابەندە؟ ئایا دەستوێڕاگێشتنی گشتی و بەرامبەر بە پێداویستییەکانی پەروەردە بوونی هەیە؟ ئەو شارەزایی و کارامەییەی تاکەکانی کۆمەڵگە؛ دەستنیشان و هاوکاری کراون؟

٦- تێڕوانین، کۆمەڵگە هەتاچەند یارمەتی کۆکردنەوە و ڕاگواستنی زانیارییەکان دەکا؟ بۆ میناک ئایا ئازادی چاپەمەنی، لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکان دابین کراوە؟ هاوکارییە ئەرێنییەکانی وەک هاندان و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکان هەتا چەند کراوە؟

٧- پەرستن، شاندی سیاسیی کۆمەڵگە چ ڕادەیەک پشتیوانی لە ئازادی پەرستن و پرۆپاگەندەی دینی دەکات؟

٨- خۆشەویستی، چەندە پشتیوانی لە بنەماڵە و باقی دامەزراوە خزمایەتییەکان و یەکیەتیی خێزانی کراوە؟

ئەو بیرمەندانەی باسمان کردن؛ تەوفیرێکی زۆر لە نێوان داواکاری هاوبەش و فرەی مەردم بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان لەلایەک و هەروەها «حەشیمەت، سەرچاوە و ڕێوشوێنی جێگیر» وەک «هۆکارگەلی ژینگەیی» دەست وێڕاگێشتنیان لەلایەکی تر دادەنێن. ئەم جیاوازییە بە هۆی بەرهەمی کورتماوە بووە و بەرژەوەندی هاوبەشی زاف لە بەهای مەزنایەتی هەروەک بەرژەوەندی تایبەت کە لە ئاکام هۆکارگەلی مەیل و ئینتیما خۆیا دەبێت. بە باوەڕی ئەوان، ئاکامی کۆتایی گەیشتن بە کۆمەڵگەی جیهانییە کە لەوێدا دابەشکردنی دیموکراتیک، بایەخ و بەهاکان هان دەدرێن، سەرجەم سەرچاوەکان بە هاوسەنگی وبێ جیاوازی لەبەردەستن و پشتیوانی لە کەڕامەتی ئینسانی وەک بەرزەئامانج دەبێتە هێڵی سەرەکی کۆمەڵایەتی.

## ٢- لە بواری ئۆلی

لە کتێبە پیرۆزەکانی هەر سێک ئۆلی سامی (جوولەکە، کریستیان و ئیسلام) بەڕوونی باسی بەخشینی کەڕامەت و مەزنایەتی مرۆڤ؛ لە ئالی خواوە کراوە. پلەی تایبەتیی مرۆڤ لە نێوان خولقێنراوەکان وەک بوونەوەرێک کە خوا بە باشترین شێواز خەلقی کردوە و لە ڕۆح و هەناسەی خۆی پێداوە، هێزی بیر کردنەوە، زانست و دەستەڵاتی پێداوە و لە بان فریشتەکانی ڕۆنیشاند، لە سەرچاوە ئۆلییەکان باسیان کراوە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی مای ٢٠٢٠

## دادپەروەری (٥)

خەڵکی نیشتەجێی سەر ئەم زەوییە پان و پۆڕە لە بواری باوەڕمەندیی ئۆلی یەکدەست و یەک ڕەنگ نین، واتە تاکە دینێک دەسەڵاتی نییە و لەلایەکی تریشەوە، خەڵکی جیهان هەر هەمووی باوەڕی بە ئۆل و ئایینەوە نییە، کەوابوو بۆچوونی ئۆلی مافەکانی مرۆڤ لە باشترین فۆڕمی خۆی کە لە خۆگری سەرجەم ئایینەکانی سەرگۆی ئەم زەوییە بێ ناتوانێ خۆی وەک تاکە ئۆلی جیهانداگر بناسێنێ. هەروەها لەلایەکی دیکەوە هەر دین و ئۆلێک کۆمەڵێک دەقی پیرۆز لەخۆ دەگرن کە ڕاڤە و شیکردنەوەی ئەو دەقانە بۆتە هۆی جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان لایەنگرانی. بە واتایەکی دی دەست وێڕاگێشتن بە تاکە سەرچاوەیەکی سەقامگیر گەلێک چەتوونە، هەڵبەت دەکرێ ئەو بانگەشەیە بکەین کە لە بنەمای سەرەکیی مافی ئینسانی، هاوبۆچوونی جێگیرە، بەڵام ئەو بنەما سەرەکییانە لە هێنانە ئارای کۆمەڵێک باس و پرسی سیستماتیک و پوخت لە هەمبەر مافەکانی مرۆڤ کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەربڵاوی و تێکچڕاوی زیاتر خۆیا دەبێ، دەکرێ وەک شاکلیلی کێشەکان سەیری بکەین. ئەمە جگە لەوەیە کە هەر لە خودی ئەو بۆچوونانەشدا لەنێوان خاوەنڕایان (باوەڕمەندان بە ئۆل)دا جیاوازی هەیە.

بۆ میناک، بنەمای بەرابەری کە ئاکامی پێویست و سەرەکیی خولقاندنی هاوبەشی مرۆڤ لەلایەن خوایە_کە بنەمای سەرەکیی باوەڕە دینییەکان پێک دەهێنێ_ بەو تەوفیرەی کە لە نێوان کۆمەڵگەی ئۆلی و کافرەکان، ژنان و پیاوان بووە و هەیە و ئەو کەموکوڕییانەی لەمەڕ کۆیلەکان هەبووە، لاواز دەبێتەوە.

مەگەر ئەوەی بە هەوڵ و تێکۆشینی باوەڕمەندانی ئەو هەمووە ئۆلە زیندووانەی ئەمڕۆ، بنەما و مافی هاوبەش وەک بنەمای مافەکانی مرۆڤ وێنا بکەین، ئەم شێوازە لە ماف چێژبەخشییەکی تایبەتی دەبێ لەهەمان کاتدا لایەنی خوایی و ئۆلی لە دەوری خول دەخوا و ئەو مرۆڤانەی باوەڕمەندن بە هەستێکی قەلبی و واجبێکی دینی ئەو ڕاسپاردانە بۆ گەشە و پاراستنیان جێبەجێ دەکا.

## دادپەروەری

یەکێک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ کە بەڵگەمەندە و پشتی پێ دەبەسترێ، دادپەروەرییە. لێرەدا ئەو پرسیارە لە ئارادایە هەتا چەندە دەتوانین مافەکانی مرۆڤ بە پێوانەی دادپەروەری هەڵسەنگێنین و باسی بکەین. دەبێ ئەوندەش بڵێین کە هیچ

لێکدانەوەیەکی یەکدەست لەسەر دادپەروەری نییە. لە ڕاستیدا چەمکی دادپەروەری لایەنی ئەخلاقی بۆ مافەکانی مرۆڤ بەرهەم دێنێ.

## دادپەروەری وەک ئەرکێک

"ئێمانۆیێل کانت" هەوڵ دەدا ئەو بنەمایە کە دەگەڵ هەموو مرۆڤەکان وەک ئەوپەڕی زات (جەوهەر و هەقیقەتی شتێک) نەک ئامراز و بە شێوەی بەرانبەر هەڵسووکەوت بکا و ئەمە وەک بنەمایەکی ئەخلاقی وەک ئەرکێک دەبێ ملکەچی بین، شرۆڤە دەکا. بە گوتەی کانت ئەمە ئەمرێکی ئاکارییە کە لە هەمان کاتدا دەتوانێ ببێتە بناخە و یاسایەکی گشتگیر. بۆ میناک ئەگە ئێوە داوای کارێکتان لە ئەوەیتر هەبێ، کە ڕێک لەو ڕەوشەدا و لەهەمان کات کە ئەو کەسە تێیدا هەڵکەوتوە، ئەگە ئەو داواکارییە بۆ تۆ بێنێتە پێش، ئەویش بتوانێ داوات لێبکا، ئەمە داوا و کردەیەکی ئەخلاقییە، بۆ وێنە ئەگەر من خەریکە لە ئاوێکدا نوقم بم دەتوانم هانا بۆ کەسێک بەرم کە مەلە دەزانێت، ئەمە کارێکی ئەخلاقییە چونکە ئەو مایەیەی تێدایە کە ببێتە بنەمایەکی گشتگیر و بەبێ جیاوازی دەکرێ وەک فەرمانێکی گشتی لێ بکەین و هەموومان پێبەندی بین. بە باوەڕی کانت هەر ئەمرێک ئەگە بەبێ جیاوازی گشتگیر بێ و بۆ هەموولایەک وەک یەک بێ ئەوە دەستوورێکی ئاکارییە. (بۆ میناک فەرمان گەلی هەڵاواردنخواز لەم دەستەیەن)، ئەگە کەسێک بڵێت ئەو کەسە چونکە ساماندار نییە ناتوانێ ببێتە سەرۆک کۆمار، ناکرێ ئەمە بکەینە یاسایەکی هەموو لایەکخواز، چونکە ئەگەر بۆخۆی لەم ڕەوشەدا هەڵکەوێ و پوول و پارەی نەبێ، ناتوانێ ببێتە سەرۆک. هیچ کەسێک ئامادە نییە خۆیشی ئەو یاسا نارێکانە بیانگرێتەوە، بەجۆرێکی تر تاکەکان یاسای هەڵاواردنخوازیان بۆخۆیان ناوێ. هەربۆیە کانت بەو ئامۆژگارییە سەرەکییە دەست پێدەکا: "بەپێی ئەو فەرمانە بجووڵێوە کە حەز دەکەی ببێتە یاسایەکی هەموو لایەکخواز و گشتگیر".

یاسا و ڕێسا گشتگیرەکان جگە لە وەرگێرانی ئاوەزمەندانەی مرۆڤ لە بنەما و نۆرم و بەها جێ‌پەسەند و دڵخوازەکان شتێکی تر نییە. کەواتە ئامۆژگارییەکانی کانت ڕێکاری زانستی و بابەتیانەیە بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنی نێوان بنیامەکان لەسەر بنەما و پرەنسیپی ئەخلاقی. لە ڕاستییا کانت دەخوازێ ئەوە بدۆزێتەوە کە ویژدانی ئاکاری کۆمەڵگە لە فەرمانێکی ئاوەزمەندانە چۆن و بە چ شێوەیەک حوکم دەکا و بە ڕێکەوتن دەگا.

ڕێک لە درێژەی ئەم باسەدا، لە پەنا یاسای گشتگیر، دەبێ سەرووبوونی مرۆڤیش پێوە زیاد بکەین، بەپێی بنەما و یاسا و ڕێسای گشتی و گشتگیر و ئەوپەڕ بوونی مرۆڤ، بەرانبەری مرۆڤەکان لە بایەخ و ئیحتوباری کۆمەڵایەتیی مرۆڤە. چوونکە هەر حوکمێک کە هەرکام لە ئێمە وەک یاسایەکی گشتگیر بیدەین دەبێ بۆخۆشمان ملکەچی بین. ئەگە بڕیار بدەین کە تاکەکان بە هۆی ڕەنگی پێستیان مافی کۆمەڵایەتییان پێشێل دەکرێ دەبێ ئەوەش قبول بکەین کە بۆخۆمان بەهەر

هۆکارێک ڕەنگی پێستمان ڕەش هەڵگەڕا!، هەڵسووکەوتی ئاوامان دەگەڵ بکرێ. ئەمە تشتێکی گشتییە و حوکم و فەرمانە هەڵاواردن خوازەکان هەر وەک پێشتر باس کرا توانایی گشتاندنیان نییە، سەرووبوونی مرۆڤ و ئەوەیکە ئینسان وەک شتێک و کەرەسەیەک نابێ بجووڵێتەوە، ئەوەیە کە هەرجۆرە یاسایەک، هەڵسووکەوت و نەریتێک کە تاکی ئینسانی بگەیەنێتە ئاستی نزمی شتێک و کەرەسەیەک دەبێ خۆی لێ ببوێرێ. هەموو سەروبنی قسەی کانت لەو باسەدا ئەوەیە کە دەبێ دەگەڵ هەموو مرۆڤەکان وەک یەک و بە شێوەی بەرانبەر وەک ئەوپەڕی بوون، هەڵسووکەوت بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢٠

## دادپەروەری و قازانجەکانی

لە ڕاستیدا دەتوانین بیرۆکەی دادپەروەری و قازانجەکانی بە لێکدراوی دوو بنەواشە بزانین: یەکەمیان خودی قازانجەکە و خێرلێکردنی و ئەوەی تر شێوازی دابەشکردنی بەرانبەر و دادپەروەرانەی خێر و قازانج، بەیارمەتیی ئەم دوو بنەواشەیە دەتوانین ڕێسا و ئەرکە ئاکارییەکانی خۆمان خۆیا بکەین.

### بنەواشەی قازانج

ڕێسا، ڕەوشتێکی ئاکارییە کە لە ژیانی مرۆڤەکاندا کاریگەرییەکی ئەرێنی هەیە. هەر یاسا و ڕێسایەک کە بچووکترین پێوەندیی بۆ ژیانی ئینسان نەبێ و لە وەدەستهێنانی خێروبیر و دژایەتی دەگەڵ شەڕوفەڕ ڕۆڵ نەگێڕێ، بایەخی ئاکاریی نییە، چوونکە ئەوە ئاکارە کە بۆ مرۆڤ دەبێ نەک مرۆڤ بۆ ئاکار، کەوابوو ناتوانین بنچینەی قازانج وەک لایەنی باش و خراپ، ڕاست و ناڕاست و ئەرکە ئاکارییەکان بە گشتی لەبەرچاو نەگرین و وەک بنەواشەیەک هیچ نەخشێکی بۆ بەرەوا نەزانین. بەڵام خودی قازانج بنەواشە و بنچینەیی نییە بەڵکوو لە ڕاستیدا بنەمای سەرەتاییتر کە چاکەکارییە بەشێوەیەکی فەرزکراو و واجب دێتە گۆڕ، چوونکە ڕاکێشانی خێر و دەڵەک کردنی (رفع) زەرەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەبێ کاری چاکە بکەین و خۆمان لە زەرەر گەیاندن بەدوور بگرین.

### بنەواشەی دادپەروەری

هەروەک لە بەشەکانی پێشوو باسمان کرد، قازانج بە تەنیا ناتوانێ پێوانەی ئاکاری بوون بێ و، دادپەروەری و چۆنیەتی دابەشکردنی خێریش بەهەمان شێوە. چاکە و خاسە لە بنچینەییەکانی ڕێسای سەرەکییە و بەبێ ئەمانە ناتوانین ئەرکە ئاکارییەکانمان دیاری بکەین، بنەواشەی دادپەروەری، ڕێنوێنی چۆنیەتیی دابەشکاری ئەو قازانج و خێرەیە کە بە هۆکاری شوێنکەوتوویی ئەو ڕێسایانە و ئەنجامدانی ئاکاری تایبەت دەگووڕێ.

بەڵام ئەوەیکە چۆن بە یارمەتیی ئەم دوو ڕێسایە دەتوانین مافەکانی مرۆڤ بە ڕوانینی ئاکاری، سەلمێنراو و بەبەڵگە بکەین؟ لەسەر چۆنیەتیی دابەشکاری خێر و قازانج کامە پێناسەمان لا ڕاست و پەسندە؟ دەبێ بزانین سێ جۆر پێناسە لە دادپەروەری هەیە:

١- دابەشکردنی بەپێی ڕەوایی و شیاوبوون/ بەپێی ئەم پێناسەیە، ڕەنگبێ شیاوبوون بە هۆکاری زانایی و تایبەتمەندییەکای باشی ئەخلاقی، خوێن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و هەبوونی ئۆلی تایبەت پێناسە بکرێ، ئەگە شیاوبوون ئاوا پێناسە بکرێ بنەمایەک بۆ مافەکانی مرۆڤ دابین ناکا. چوونکە دانی ئیمتیاز لەسەر بنەمای خوێن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و سامان، هەڵاواردن و نابەرانبەری بەدوادا دێ و بەئاشکرا بەپێچەوانەی ڕێساکانی مافی مرۆڤە، دانی هەڤیازی بەم شێوازە بێئاکاری بەرهەم دێنی بەڵام دابەشکاری بە مۆدێلی شیاوبوون دەبێتە پێوانەیەکی گشتی بەبێ هەڵاواردن و هەموو ئەو خاڵە نەرێنیاینەی باسمان کرد.

٢- دادپەروەری بریتییە لە هەڵسوکەوت دەگەڵ خەڵک وەک تاکێکی بەرانبەر. خاڵی سەرەکی لەم پێناسەیەدا بەرانبەری و یەکسانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. هەرکەسێک دەگەڵ کەسێکی تر بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز، خوێن، جۆری باوەڕە ئۆلییەکانی و چینی کۆمەڵایەتی وەک یەک و بەرانبەر دەزانرێ و هەوڵ دەدرێ بۆ دەست وێراگەیشتن بە دەرفەتەکان، وەک شیاوبوون بەشێوەیەکی یەکسان بخرێتە دەستیان و ئەگە نەکەوتە دەستیشیان دابەشکاریی قازانج و زەرەر بەپێی شیاوبوونی نادادپەروەرانە دەژمێردرێ. بەم جۆرە سیاسەتی قەرەبووکردنەوە (واتە دانی ئیمتیازی تایبەت بەو گروپانەی کە لە ڕابردوودا دەستیان بەو دەرفەتانەی وەک خوێندن، کار، پێگەی کۆمەڵایەتی و... کە کاریگەری لەسەر ژیانێکی پڕلە ئاسوودەیی هەیە، نەڕەخساوە یان نەیانبووە)، ئەم دیاردەیە بە دادپەروەریی قەرەبووکراو یان هاڵاواردنی ئەرێنیش ناو دەبرێ. لەم شێوازەدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە تەنانەت ئەوانەی لە ڕووی جەستەییەوەش کەم ئەندامن یان توانای جەستەییان لاوازە، کاتێک لەو دەرفەتانە بەشێوەی بەرانبەر کەڵک وەرگیرێ، کە شوێنگەی بەرانبەر دەگەڵ ئەوەی تر و ژیانێکی باش یارمەتیی بکا بەپێویست دەژمێردرێ.

٣- دادپەروەری بریتییە لە، هەڵسووکەوت دەگەڵ خەڵک بەپێی توانایی و پێداویستییەکانی تاک. بەرچاوترین پێناسە لە دادپەروەری لەم شێوە بۆچوونە، بیرۆکەی مارکسیستییە کە هەرکەس بە قەرا تواناییەکانی کار بکا و بەپێی پێویستییەکانی بیدرێتێ. هەڵبەت ئەوەیکە لە هەڵسووکەت دەگەڵ ئەوانەی تر توانایی و پێداویستییەکانی لەبەرچاو بگیرێ لە پێویستییەکانی بنەواشەی چاکەکارییە، چونکە ئەم بنەواشەیە دەخوازێ کە ئێمە باوەڕ بە خۆشبەختی خەڵکانی تر بکەین و ئەمەش بۆ ئەو دەرفەتانە دەگەڕێتەوە کە پێداویستییەکانی ئەو خەڵکانە دابین بکرێ. بەڵام ئایا ئەمە لە بنەواشەکانی دادپەروەرییە؟ لە وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە هەمووکات دەبێ ئەو بنەمایەمان لەبەرچاو بێ کە پێویستیی هەڵسوکەوت دەگەڵ خەڵک وەک تاکی بەرانبەر چییە؟ بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین گرنگیدان بە خەڵکی کەم ئەندام دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەوانیش وەک خەڵکی تر ببنە خاوەن هەل و دەرفەتی وەک یەک بۆ ژیانێکی ئاسوودە. ئەگە یارمەتیکردن بەڕادەی پێویستییەکانیان و هاوکاری بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئاسوودە پێویست بێ، یارمەتی پێ نەکردنیان ئەمرێکی

نادادپەروەرانەیە.

کەوابوو دادپەروەری بە مانای هەڵسووکەوت دەگەڵ مرۆڤ وەک خەڵکی بەرانبەر پێوانەی سەرەکی لە دابەشکاریی خێر و قازانجە و بنەمای دادپەروەری و بەرانبەری لە هەڵسووکەوت و ئاکاردایە. هەر بەم جۆرەیە کە بەرانبەری تاکەکان لە ئاست یاسا و لەسەر بەرانبەریی تاکەکان لەبۆ دەست وێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان و یارمەتیدانی کەم ئەندامان وەک بنەمای سەرەکی چەمکی دادپەروەری دەژمێردرێ. بەو شرۆڤەیە کە لە عیدالەت هەمانبوو، دەگەینە ئەو باوەڕە کە دادپەروەری راستەقینە و ڕاستێتیی مافی مرۆڤ، بەرانبەری و یەکسانی مرۆڤەکانی بەبێ هیچ جیاوازییەک لا گرنگە نەک هیچ شتێکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## دادپەروەری و قازانجەکانی

چ تشتێک دەبێتە مژاری سەرەکیی دادپەروەری؟ بە پێی ئەم ڕوانینە، زۆرێک لە کاروبارەکان لەوانە دامەزراوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یاساکان، تاکەکان، تایبەتمەندییەکانی تاک، کردەوەکان، بڕیاردان و هەڵسەنگاندن بە دادپەروەری و یان نادادپەروەری شی دەکرێنەوە، بەڵام گرنگترین بابەتی دادپەروەری پێکهاتەی سەرەکی و بنەمایی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیەتی.

ئەم دامەزراوە و پێکهاتانە بریتین لە دامەزراوەگەلی گرنگی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە پشتیوانیی یاسایی لە ماف و ئازادییە سەرەکییەکان، بازاڕی کێبرکێ، خاوەنداریەتیی کەسی لەسەر کەرەسەی بەرهەمهێنان و بنەماڵەی تاق هاوسەری و چۆنیەتیی دەستوێراگێشتن بە دەرفەتەکان مینانێک لەو باسانە دەکا. کۆی گشتیی ئەم دامەزراوانە ماف و ئەرکەکانی تاک دیاری دەکەن و کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ژیان و ڕادەی چاوەڕوانیی ئەوان لەسەر ژیان دیاری دەکا. دەزانین ڕادەی چاوەڕوانی و هیوای تاکەکان بە ژیان جۆربەجۆرە. بەشێکی زۆر لەو جیاوازییانە، بۆ چۆنیەتیی ڕەوشی سیستم و دۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەگەڕێتەوە کە دەبێتە هۆی دابەشکاریی نابەرانبەری دەرفەتەکان و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی نابەرانبەری و ناهاوسەنگیی یەکجار زۆری نێوان مرۆڤەکان. هەر بۆیە مژاری سەرەکی و بنەمایی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دامەزراوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە.

### - پرەنسیپەکانی دادپەروەری

لە ڕاستیدا بە ڕوونکردنەوەی پرەنسیپەکانی دادپەروەری، دەتوانین بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە کە دادپەروەری چییە؟ «جان ڕاڵز» ڕای وایە کە، لە «ڕەوشی یەکەمین» کە دواتر زیاتر باسی دەکەین، مرۆڤەکان لە هەمبەر پێناسە و ناساندنی پێداگری، ڕێکەوتن لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دەکەن. ئەم دوو بنەمایە کەرەستەی مانایی کاریگەریان بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، نیزامی سیاسی، ئابووری، یاساکان، ئاکاری تاکەکان و گرووپەکان و ... خۆیا دەکا. ئەم دوو بنواشەیە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی دەگەڵ یەکتر بەرانبەرن، هەر بۆیە بەم دوو بنواشانە لە کەرەسەکانی دادپەروەری ئەمەیە کە لە هەبوونی مافی بەرانبەری هەموو تاکێک بۆ هەبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دەستوێراگەیشتن بە دەرفەتەکان پشتیوانی لە هەبوونی ژیانێکی باش بکا. ناوبراو ئەو وێنە و ئایدیبیایەی خۆی لە هەمبەر دادپەرەری لە چوارچێوەی دوو بنەمای بەرەوە ئاوابەندی دەکا:

**بنەمای یەکەم**: هەمووکەسێک بە شێوەی بەرانبەر و وەک یەک مافی ئازادییە سەرەکییەکانی لە زۆرترین ئاست کە دەگەڵ هاوشێوەی ئازادییەکانی ئیتران هاوتەریب بێ، هەیە.

**بنەمای دووهەم**: نابەرانبەرییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە جۆرێک دابڕێژرێن کە: ئا: سوود و قازانجی بەشخوراوترین و بێبەهرەمەندترین کەسەکانی کۆمەڵگە بگاتە ئاستی لانیزۆر و دابینی بکا. بێ: هەر جۆرە قازانج و بەرژەوەندییەک بۆ جێگە و پێگەکان بگەڕێتەوە کە گەیشتن پێیان لە ڕەوشێکی بەرانبەر و بێلایەنانەوە و بە ئینسافەوە بێ، واتە دەست وێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان بەڕووی هەموو کەس ئاوەڵا بکرێتەوە بە بێ جیاوازی.

**بنەمای یەکەم**، لەسەر بەرانبەری تاکەکان و ئەوەی کە هەموولایەک لە مافی یەکسان و ئازادییە سەرەکییەکان بەرخوردارن، تەکزی دەکا. ئەم بنەمایە هیچ ڕادەیەک بۆ ئازادی جگە لە ئازادییەکانی تر دانانێ. واتە تەنیا تشتێک کە ئازادییەکانی من سنووردار دەکا، ماف و ئازادییەکانی ئەوانی ترە، من ناتوانم ئازادییەکانی خەڵکانی تر سنووردار بکەم.

**بنەمای دووهەم**، وێنا کردنی جۆرێک جیاوازی لە ڕەوتی کێبڕکێی ژیان پارێز هەڵنەگر و ناچارەکی دادەنێ، هەر بۆیە ئەم بنەمایە وەک بنەمای جیاوازی پێناسە دەکرێ. لێ، لەم بنواشەیەدا، یەکەم لەسەر بەڕێوەبەری جیاواز و کۆنترۆڵی ئەو بە قازانجی بێبەهرەمەندترین تاکەکان پێدادەگرێ، واتە تەوفیری سەرچاوە گرتوو لە نوێکاری و داهێنەری و هەوڵ و کار، بەرێکردنی ئازادیی سامان بە فەرمی دەناسرێ، چونکە ئەم جۆرە لە جیاوازییەکان بەرهەمهێنانی کار، سامان و دەرفەتی باشتر بۆ ژیان دەستەبەر دەکا و هەرچەندە دەرفەتی کار و بەرهەم زیاتر بێ، خەڵکانی بێبەهرەمەند هاسانتر قازانجی لێدەکەن، دووهەم، ئەم بنواشەیە چارێکی تر بۆ دەستوێڕاگەیشتنی ئازاد، بەرانبەر و دادگەرانەی هەموو لایەک بەو هەڵکەوتانەی کە ڕادەی قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکان جیاوازی دەخولقێنێ، پێداگری دەکا، سێهەم، بە پێی ئەم بنواشەیە، دابەشکاریی سەر لە نوێی سامان بە شێوەی وەرگرتنی باج و خەراج و ماڵیات و خەرجکردنی لە ڕێگای دابینکردنی ژیانێکی مناسب بۆ خەڵکانی بێبەهرەمەند و دابینکردنی دەستوێڕاگەیشتنی گشتی بە پەروەردە و ساخلەمی و شتی لەم چەشنەیە، ئاراستە دەکرێ. چونکە لەم بنواشەیەدا تەکز کراویتە سەر ڕێکخستنی نابەرانبەرییەکان بە قازانجی خەڵکانی بێبەهرەمەند.

### - ڕەوشی یەکەمین و بەڵگەمەندی بۆ بنەمای دادپەروەری

ڕەوشی یەکەمین چییە؟ ئەو گرێبەستەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەسترێ چ جۆرە ڕێکەوتنێکە؟ چۆن دەکرێ بەم شێوازە پێناسەیەکی تایبەت لە چەمکی دادپەروەری بکرێ؟ ڕەوشی یەکەمین کە گرێبەستی یەکەم تێیدا ڕوو دەدا ڕەوشێکی

گریمانەییە. با ئاوای دابنێین کە هەموومان لە سەرەتای ژیاندایین و دەمانهەوێ بنەمای هاوکاریی کۆمەڵایەتیی خۆمان لەو کۆمەڵگەیەی کە لە دوا ڕۆژا دەمانهەوێ سازی بکەین، دابنێین و ئەم بنەمایانە بکەینە پێوانەی حاکم بەسەر ئەو گرێبەستەکانە کە دواتر لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی خۆمان پێویستیمان پێ دەبێ. بەڵام تایبەتمەندیی گرنگی ئەم ڕەوشە لەوەدایە کە گشت لایەکمان ئاگاداری قازانج و بەرژەوەندی هەروەها جێگە و پێگەی خۆمان نین کە وا بڕیارە بچینە نێوی، واتە لە پشتەوەی پەردەی نەزانیداین، ئەم تایبەتمەندییە بە پەردەی نەزانی پێناسە دەکرێ، جا لەم بنەمایەدا و بە یارمەتیی ئەم تایبەتمەندییە بەرسڤی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە کە چۆنیەتیی ڕێکەوتنی لەم ڕەوشەدا دەتوانێ بەڵگەمەند و بڕوا پێکراو بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## خواستی دادپەروەری لەهەمبەر مافی مرۆڤ

### دادپەروەریی دابەشکارانە

گریمانە ئەوەیە کە تاکی ئاوەزمەند دەخوازێ بە ئامانجەکانی خۆی شاد بێ و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کەڵک لە باشترین کەرەسە وەربگرێ. بە لایەکەی تردا ڕەوشی زاڵ بەسەر ئەم دۆخە جۆرێکە کە تاکەکان هیچ ڕێگە چارەیەکیان جگە لە پاراستی ئینساف نییە، چوونکە لە پشت پەردەی نەزانینەوەن و ئاگایان لە دواڕۆژ و بەرژەوەندی خۆیانەوە نییە.

بە پێێ ڕەوشی یەکەم کە بنەمایەکی تێدا دەستنیشان دەکرێ، دەتوانین ڕزامەندی و نەبوونی ڕزامەندیی خۆت ڕێک دەگەڵ مەرجی وەرگرتنی ڕەوشی یەکەم ڕابگەیەنین. ئەم کەسانە ئاکارین، واتە بە ئینسافن و تەماح دە یەکتر ناکەن و باشترین کەرەسە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکار دێنن. ئەو ڕێککەوتنەی لەم ڕەوشەدا وەدەست دێ، دادپەروەرانەیە. لەم دۆخەدا، تاکی ئاوەزمەند ڕێگەچارەیەکی تر جگە لە ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دادپەروەری کە پێشتر شرۆڤەمان کردوە، نییە. چونکە لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەسەر ئەم دوو بنەمایەیە کە لە دژوارترین دۆخدا، بەرگری دەکا.

### خواستی دادپەروەری لەهەمبەر مافی مرۆڤ:

مرۆڤی ژیر و ئاگا لە ڕەوشی یەکەمین، لە سنووری مافمەندی سیاسی-سڤیل لەسەر دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادیی تاکەکەسی لە بەستێنی مافی ئابووری-کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی ژیانی مرۆڤ بۆ هەمووولایەک ڕێک دەکەوێ. لە ڕاستیدا بابەتی سەرەکیی یەکەم و دووهەمی دادپەروەری بێجگە لە پاراستنی ئەم دوو مافە نییە. بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ پێوەندیی ئەم دوو مافە لەتەک مافی مرۆڤ دەتوانین بڵێین کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادیی تاکەکەسی دەتوانێ سەرجەم مافی مەدەنی - سیاسیی باسکراو لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێ.

لە ڕەوشی یەکەمین لە پشت پەردەی نەزانی بە پێویستی ڕێککەوتنێکی گریمانەیی سنووردار کردنی لە ڕادەبەدەری ئازادییەکانە. کەوابوو سیستەمی دادپەروەرانە ئەو شێوازەیە کە لانیکەمی ئیمکانی ئازادییەکان و مافی سەرەکیی مەدەنی-سیاسی دەدرێتە شارۆمەندان. ماف و ئازادیگەلی وەک ئازادیی بەیان، ڕادەبڕین، بیرکردنەوە، ئازادیی ئایین، ئازادیی گردبوونەوە و ئازادییە کەسییەکانی تر. دابینکردنی ژیانی ئینسان، لەبەرچاوگرتن و بەڕێوەبەریی ئازادی لە بازاڕی کار،

سامان و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهات کە کاکڵەی بنەمای دووهەمی دادپەروەرییە. مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مافی هەبوونی تەندروستی کە هەموو کەسێک دەبێ ئەمانەی هەبن، لەخۆ دەگرێ و لە بەستێنی مافی بەکۆمەڵی ئاشتی، ژینگەی پاک و ژیانی مرۆڤی گەشەکردوو لە کەرەسەی ژیانی کۆمەڵایەتیی سالم دێتە ناسین کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ هەیبێ. کەوابوو ئەم مافانە جگە لەوەیکە لە بنەمای دووهەمی دادپەروەری ئاکامگیری دەکرێ، وەک ئەو دەستە لەو خاڵانەی دەتوانین بژمێردرێن کە، مرۆڤەکان ئەگە خۆیان لە ڕەوشی یەکەم دابنێن ڕێکەوتنی لەسەر دەکەن. چونکە لەم ڕەوشەدا خەڵک و گەلانی جیهان ئاگاداری جێگە و پێگەی خۆیان نین. هەربۆیە، هەوڵ دەدەن لەسەر هێندێک بنەما دەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون کە بەرژەوەندییەکانیان لە خراپترین حاڵەتیشدا دەپارێزێ. کەوابوو هەرتاکێک و نەتەوەیەک شیمانەی ئەوە دەکا کە ئەگە لە خراپترین دۆخ لە بواری ڕادەی گەشە، ئاسایش و ئاشتی هەڵکەوێ، ڕێککەوتن لەسەر ئەم بنەمایانەی کە باقی خەڵک و گەلانی تری دنیا ئەرکدار دەکا بە بەرهەمهێنانی ئاشتی، گەشەی ئابووری و ژینگەیی بۆ هەموولایەک، زۆر ژیرانە و مەعقوڵ دەبێ. بە ئاوایەکی تر لە بەستێنی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە پانتایی مافگەلی وەک مافی ئاشتی و شتی لەم چەشنەیە، پێویستیی ڕێککەوتنی گریمانەیی بۆ دابینکردنی ژیانێکی ساغ و مرۆیی بۆ هەموو ئینسانەکان بێت کە تێیدا ویستی گشت بنیامەکان لە رووی خواردن، دەرمان و ساخلەمی. خوێندن، سەرپەنا، ژینگەی خاوێن و بەتاڵ لەم چەشنەیە دابین بکرێن. بەپێی ئەم بنەمایە ئازادییە تاکی و داهات و ئابووری کێبرکێی و ئازاد کە سەرجەم نێوەرۆکی بنەمای یەکەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتەکان و یاسای بابەتییانە بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجی باسکراو، مافی خۆتێوەردان و نەزمی بازاری کار، سامان و بەرهەمهێنانیان هەبێ و لە ڕێگەی ماڵیات بە جۆرێک لە دابەشکاریی سەروەت و سامان بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی و بەرابەریی ژیانی مرۆڤ دەستێوەردان بکا، ئەمە ئەو شتەیە کە دەکرێ ناوی دادپەروەریی دابەشکارانەی لەسەر دابنێین.

بە کورت و بە پوختی ئەوەی لەم بەشانەدا باسمان کردوە، تیۆریی دادپەروەری وەک ئینساف لە ڕاستیدا تیۆرییەکە لە بەستێنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری دابەشکارانە. دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم تیۆرییەدا پێداگرە لەسەر بەرابەری و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کە لە چوارچێوەی بناخەی یەکەمی دادپەروەری دەکرێ بەیانی بکەی، دادپەروەریی دابەشکارانە جەخت دەکاتەوە بۆ دابینکردنی ژیانێکی لەبار و ڕێکوپێک بۆ سەرجەم بەشەرییەت کە نێوەرۆک و مژاری سەرەکیی بنەمای دووهەمی دادپەروەری بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠٢٠

## مەبەست لە مافەکانی مرۆڤ چییە؟

ئەو کۆسپەی کە لە پێناسە کردنی نێوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێ بۆ لایەنی مانایی و چەمکیی "حقوق" دەگەڕێتەوە کە لە نێو فەیلەسووفان باس و خواستێکی زۆری لەسەر کراوە و دەکرێ. بە شێوەیەکی گشتی لەهەمبەر نێوەڕۆکی حقوق دوو بۆچوون هەیە: ئەو بۆچوونەی کە لەسەر خواست یان ئیرادە پێ دادەگرێ و بۆچوونێک کە تەکووزی دەکاتە سەر بەرژەوەندی و قازانج.

### مافەکانی مرۆڤ بە ڕوانینی خواست یان هەڵبژاردن

لە بۆچوونی یەکەم کە داکۆکیکاری سەرەکیی فەیلسووفی هاوچەرخ "هێربێرت هارت"ە، بە مافی تاک زانراوە. بەپێی ئەو بۆچوونە، ماف بریتییە لە ئەو دەسەڵاتەی کە یاسا بە تاکەکانی بەخشیوە هەتا کارێک بکەن یان نەیکەن، کەوابوو تاک دەتوانێ لەو مافەی کە هەیەتی واز بێنێ یان نەهێنێ. هیندێک لایەن ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرن، ئەوەیکە بەشێک لە مافی تاک وەک مافی ژیان ناکرێ وازی لێبێنی یان بیبەخشییە کەسێکی تر، ئایا کەسێک دەتوانێ مافی ژیان کردن لەخۆی بستێنێ و یان دەسەڵاتی ژیانی خۆی بداتە دەست کەسێکی تر؟ ئایا ئەرکی لەبەرچاو گرتنی مافی ژیانی ئیتران بە ڕزامەندیی خاوەن ماف، لەنێو دەچێ؟ هیچ کەسێک ناتوانێ ئەوەیتر تەنانەت بە ڕزامەندیی خۆیشی، بکوژێ یان ئەشکەنجە بکا. لەلایەکی تر لەم بۆچوونەدا لە نێوانی مافی سوود و چێژ وەرگرتن (حق تمتع) و مافی تەواوەتی وەرگرتن (حق استیفاء) هیچ تەوفیرییەک بەدی ناکرێ. بەشێک لە مافەکان بەجۆرێکن کە خاوەنەکەی هێز و دەسەڵاتی ئەوەی نییە کە لە مافی ئیستیفا کەڵک وەرگرێ وەک منداڵان، کە داواکاری مافەکانیان لەسەر شانی دایک و باب یان سەرپەرستەکانیانە و منداڵان نازانن چۆناوچۆن کەڵک لە مافی "تەواو" وەرگرن. یان ئەمڕۆ باسی مافی ئاژەڵان، داروودرەخت و لێواری زەریاکان و... دەکرێ کە لە پێوەندی دەگەڵ ژینی هۆڤێتی ئێکۆلۆژی و ژینگە، گەشەی کردوە. ئاژەڵان، چیاکان و زەریاکان، لێرەوارەکان چ دەسەڵاتێکیان هەیە؟ لە باسی مافەکانی مرۆڤیش ئەمڕۆ باس لە مافی ناسراو بە "جیلی چوارەم" و مافی نەوەکانی داهاتوو دەکرێ کە دژایەتیی دەگەڵ ئەم بۆچوونە هەیە.

### مافەکانی مرۆڤ بە ڕوانینی بەرژەوەندی و قازانج

لە بۆچوونی دووهەم کە سەرەتا لە نێرینی "بێنتام" دەست پێدەکا و ئێستاش زانایانی وەک "لیۆنز"، "مەک

کورمیک"،"ڕاز"، "کەمپڵ" و ...پشتیوانی لەم بۆچوونە دەکەن، ئامانجی ماف نەک پشتیوانی لە هێز و دەسەڵات و خواستی تاکە، بەڵکوو پاراستنی هیندێک بەرژەوەندی و قازانجە کە دەبێ بیدرێتێ. بە ڕوانینێکی تر، ماف کۆمەڵێک بەرژەوەندین کە لایەنی ڕیکوپێک کردنی پێوەندییەکان، بۆ تاکەکان دەستەبەر دەکا، بۆ میناک "A" کاتێک خاوەنی مافە کە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی پێسپێردراو، قازانج دەکا و یان "A" کاتێک دەتوانێ مافێکی هەبیت کە بەرژەوەندی و قازانجەکەی پێشتر بۆی دیار کرابێ و لەبەرامبەر ئەرک و بەڵێنی بۆ ئەوانیتریش لەبەرچاو بگیرێ، ئەم بۆچوونە کەمتر ڕەخنەی لێگیراوە بەڵام کێشەیەک کە هەیتی ئەوەیە کە بەرژەوەندییەکان بۆ لایەنی ماف دەگەڕێتەوە نەک ڕێک وەک ئەو. بە ڕوانینێکی دی، بەرژەوەندیی تاکەکان بۆ لایەنی حقوقی دەگەڕێتەوە کە بۆیان لەبەرچاو گیراوە. سەرەتا دەبێ مافێک بۆ تاکەکان دابندرێ و ئەمجارە قازانجەکەشی زەمانەت بکرێ. هەڵبەت لەسەر مافی ئاژەڵان و سروشت هەمیسان ئەم پرسیارە دەگوورێ، خاوەندارانی ئەو جۆرە مافانە، دەبێ چ بەرژەوەندییەکیان هەبێ؟

بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانی خەڵک و پاراستنی نەزم لە کۆمەڵگە، مافی دانراو، بۆ هەموو کەسێک ئیمتیازاتێک لەهەمبەر ئیتران دەنراوە و توانایییەکی تایبەتی پێدەدرێ کە پێی دەگوترێ "ماف" و کۆیەکەشی دەبێتە "مافەکان" و مافەکانی تاکی-شی پێ دەگوترێ. ماف بریتییە لە" هێزێک کە لەلایەن یاساوە دەدرێتە تاک". هەروەک دەبینرێ ئەم پێناسانە کەموزۆر لە بۆچوونی یەکەم وەرگیراون. لێرەدا لەبەر قازانجی باسەکەمان یەکێک لە شرۆڤەکانی ناسراو لەمەڕ نێوەرۆکی حقوق کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆنراوە و زۆریش کەڵکی لێوەرگیراوە و بەڵگەمەند بووە و دەتوانین بڵێین خاڵی دەسپێکی لێکدانەوەکانی دواترە، بە کورتی باس دەکەین.

ڕستەی "A" ، مافی خۆیەتی کارێک بکا"، ڕەنگبێ بۆ بەیانی بیرۆکەگەلی جۆراوجۆر بەکاربێت، دەبێ چەمکی حقوق بە پێوەری "دەرەوست" و دژبەرەکان"ی پێناسە بکرێ. ئەو ڕستەیەی سەرەوە ڕەنگبێ بەو مانایە بێ کە، "بێ" خاوەن ئەرکێکە بەوەی کە بهێڵێت "A" کارێک بکات، بەجۆرێک کە "A" داوایەکی لەسەر "B" هەبێ کە ئەرکەکەی پێشێل نەکا. لێرەدا مافی"A" ، هاوڕێ و دەرەوستی ئەرکی"B" یە. هەروەها دەکرێ ڕستەی سەرەوە بەو مانایە بێ کە، "A"لە ئەنجامی ئەو کارەدا بە کردن و نەکردنی ئازادە.

لێرەدا، مافی پێدراو سەرنجی دەدرێتێ و کارمان بەوەی نییە کە "B" دەبێ چ بکا. ئەو مەبەستەمان لە ماف، بە "هەڤیازی"(امتیاز) ناسراوە و هەڵبەت هیندێکیش پێیان باشە بڵێن "ئازادی". هەمیسان ماف بە مانای "هێز"یش بەکار دێت، بۆ میناک خاوەن مڵک دەتوانێ مڵکی خۆی بیفرۆشێ یان بە ڕەهنی بدا و هەرچی دەیکا؛ ئەمە هێز و دەسەااتی ئەو کەسەیە کە مافی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان

## مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە جیاوازەکان

یەکەمین خاڵ لە باسی مافەکانی مرۆڤ، کە پێویستی بە بیرهێنانەوەیە ئەوەیە، تاکەکان کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەژین سەر بە شایستەیی سیستەمی حقووقیی جۆربەجۆرن؛ کە دەسەڵاتی بەسەر پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەواندا هەیە و ماف و ئەرکی ئەوان دیاری دەکا. بە ئێرینێکی تر مرۆڤەکان کۆمەڵێک مافی جۆراوجۆر لە بەستێنی هەمەڕەنگیان هەیە: لە مافی کەسی بگرە هەتا مافەکانی بنەماڵە و خێزان، مافی مەدەنی و... . کام یەک لەم مافانە بۆ پلە و پایەی مافی مرۆڤ بەرز دەکرێتەوە؟ ئایا سەرجەم ئەم مافانە وەک بەشێک لە مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن؟ بەدڵنیایەوە شتی وانییە، چونکە بۆ میناک، مافی هەڵوەشاندنەوەی سەودا کە بە هۆکارگەلێک بە لایەنەکانی مامەلە دراوە، وەک بەشێک لە مافی مرۆڤ ناژمێردرێ. کەوابوو ملک و پێوەری ئەوەیکە مافێک دەکەوێتە چوارچێوەی مافەکان مرۆڤ کامانەن؟

هاسانترین بەرسڤ بۆ ئەم پرسیارە، مافەکانی مرۆڤ ئەو دەستە لەو مافانەن کە ئینسان بەهۆی مرۆڤبوون و بەدەر لە ڕەوش و دۆخی بگۆڕی کۆمەڵایەتی یان ڕادەی لێهاتوویی و شیاوی تاکی ئەو، لێی بەهرەمەندە. ولامە گریمانەکە بەم جۆرەیە کە زنجیرەیەک لە نۆرم و بەهاکان، بنەما و مافێک هەیە کە لایەنی جیهانیبوونی هەیە. (جیهانداگرە) و سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی جیهانیش متمانەی پێدەکەن و دانیان پێداناوە، چوونکە هەموو مرۆڤێک لەبەر ئینسان بوونی خاوەن ماف گەلێکن کە هیچ حکومەت یان کۆمەڵگەیەک ناتوانێ دانیان پێدا نەنێ. هەربۆیە لە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ گوتوویانە: مافی مرۆڤ بە مانای هەڤیازی (امتیاز) گشتییە کە هەموو تاکێکی ئینسانی خاوەنیەتی". ئەم پێناسەیە نەک هەر کێشەکە چارەسەر ناکا بەڵکوو گرفت و ناڕوونییەکان زیاتر دەکا.

بۆ میناک، کامە ماف، خودی مرۆڤانەیە و کێ ئەوە دیاری دەکا؟ لەلایەکی تر ئایا دەکرێ مرۆڤ بەشێوەی دەرهەست و ئەبستراکت، سەربەخۆ لە کۆمەڵگە و ڕەوش و دۆخی کۆمەڵایەتی، کلتووری و ئابووری ژینگەی ئەو، خاوەن ئەو مافە بێ؟

بۆچوونی پشت ئەستوور بە گرینگایەتی، ئاکار و جیهانداگری

بەشێک لە توێژەران، مافەکانی مرۆڤ وەک مافێک دادەنێن کە خاوەن "گرینگایەتی"یە، مافێک کە ئەخلاقییە و مافگەلێک کە "جیهانداگرە"، کاتێک کە دەڵێین، مافێک وەها گرنگایەتییەکی هەیە کە بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ، مەبەستی ئێمە لە



سەرچاوە
Serchawe

گرینگایەتی چییە؟ ئایا بایەخی ناخیی ئەو مافەیە؟ بایەخ و گرنگایەتی کەرەسەیی ئەوە؟ بایەخەکەی لە کۆمەڵ و نیشان دانی مافە؟ گرنگایەتی ئەو مافە لەم سۆنگەیەوەیە کە ئیتر لەبەرچاوگرتن ناتوانێ ئەو مافە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی؟ یان گرینگایەتییەکەی وەک کۆڵەکەیەکی پێکهاتەیی (ساختاری) لە سیستەمی ژیان بەختەوەر دەبێ؟

پەسنەکانی "ئاکاری" و "جیهانداگری"یش وشەگەلی تێک چرژاون. چ شتێک دەبێتە هۆکاری ئەوەیکە مافێکی تایبەت، جیهاندا‌گر، ئاکاری و گرنگی لێ بێ، کێ لەم بوارەیەوە بڕیار دەدا؟ بەڵام هیچکام لەم لێڵی و شاراوەییانە نابێتە هۆی شک و گومان تێخستن بۆ هەبوونی زنجیرەیەک ماف کە بۆ هەموو مرۆڤێک پێویست و زەروورییە.

ئەوەیکە دیاروبەرچاوە، ژیانی تاکی ئینسانی لە چاخی ئاڵۆز و تێکچندراوی ئەمڕۆ، بەبێ هەبوونی ئەو مافانە جێبەجێ نابێ و سەرناگرێ، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە و ناڕوونیانە بۆ چۆنیەتی بناخەی پاساوکاری فەلسەفی دەگەڕێتەوە.

## ئاخێزگەی مافی مرۆڤ

پێشتر گوتمان کە "مافی مرۆڤ" زاراوەیەکی نوێیە، کەوابوو بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێین ئەم دەستەواژەیە لە ئۆلە نەریتی و ناسراوەکاندا نەبووە، بەم حاڵەش، تیۆلۆژی (الاهیات) ڕوانینێکی بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە کە لە ڕێسایەک سەرتر لە یاسای حکومەتەکان سەرچاوە دەگرێ، ئەویش سەرکانی خوایە.

## ئۆل، مەزنترین ئاخێزگە

لە شرۆڤەی بناخەیی بوونی دین لە بۆچوونی مافەکانی مرۆڤ دەتوانین بڵێین لە هەموو ئایینەکان، مرۆڤ بوونەوەرێکی پڕبایەخ، مەزن و بە جۆرێک پیرۆز دێتە ناسین. لە ڕۆژگاری کەون (عهد عتیق) هاتوە کە، ئادەم لە "ئادگاری خوا" گووراوە و ئەمە یانی مرۆڤی بوونەوەر، مۆرکێکی خوایی لە نێوچاوان و تەوێڵی دراوە کە بایەخ و نرخی گەلێک گرانە.

قورئانیش لەم بارەیەوە دەفەرموێ: "ئێمە بەڕاستی، مەزنایەتیمان بە مناڵەکانی ئادەم بەخشی". (ئایەتی٧٠ لە سوورەتی ئەسرا). لە حیماسەی بێهاگاوادگیتا"ش (گرنگترین و ڕمزاویترین بەشی حیماسەتی هیندی ناسراو بە "ماهابهاراتا") هاتوە: "هەرکەس خواوەندی خۆی لە ناخی بوونەوەرێکی دیکەدا ببینێ کە بەبێ مەرگ و مردن لە نێو جیهانی لەنێوچووندا (فانی) بژی؛ هەر ئەوەیە کە بە حەقیقەت بینیویەتی." بۆچوونی هەموو دینەکان ئاوایە کە خوا مرۆڤی خەلق کردوە، بەشداری لە

خوڵقاندن و ئافراندن، بەجیهانی بوونی بەشێک لە مافەکان کە بۆ سەرچاوەیەکی بانخۆزاو سەرچاوە دەگرێ دەگەڕێتەوە. ئەم مافانە ناتوانن بە هێزێکی داکشان یان بەرەونەمان هەروەها هێزی دنیایی، لە مرۆڤەکانی بستێنییەوە، ئەم چەمکە لە نەریتی جوولەکە، کریستیان و ئیسلام ژی یان تەنانەت لە ئۆلەکانی تریش کە خوا کۆڵەکە و بناخەیە دەبینرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

---

## وانەکانی مافی مرۆڤ (هێندێک ڕاستی لەسەر دین)

**لەسەر بنەمای ئایینی و بۆچوونی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاستی بەرەوڕوو دەبین:**

١- خەڵکی سەرتاسەری ئەم جیهانە لە بواری ئایینییەوە یەکدەست نین و ئایینێکی دیاریکراو دەسەڵاتی بەسەر ئەو هەمووە خەڵکەدا نییە، جیا لەمە سەرجەم خەڵکی گەردوون، ناکەونە بازنەی باوەڕمەندان بە ئایین و ئۆلەکان، کەوابوو بۆچونی دینی مافەیلی مرۆڤ لە باشترین ڕەوشدا کە شیلەی هەموو دینەکانی سەرزەوی بێ، ناتوانێ بەتەواوی جیهانداگر بێ.

٢- هەموو دینێک کۆمەڵێک دەقی پیرۆز لەخۆ دەگرێ کە شرۆڤەی و هەڵسەنگاندنیان لە نێوان لایەنگرەکانیان دەبێتە هۆی کێشە و بیروڕای جیاواز و دژبەیەک، کەوابوو دەستەبەرکردنی شرۆڤەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە کارێکی هاسان نییە، هەڵبەت دەتوانی ئەو داخوازییەت هەبێ کە لە بنەمای سەرەکی مافەیلی مرۆڤ، هاوبۆچوونی دەستەبەرە؛ لێ، ئەم بنەما سەرەکییانە بۆ نواندنی کۆمەڵەیەکی تەواو و ڕێکخراو لە مافەیلی مرۆڤ کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر و تێکچرژاوتری لێ دێ، زۆر ڕێگەخۆشکەر نییە و هیچ گرێیەک ناکاتەوە. جا بێ لەوەش، لەهەمبەر هەندێ لەو بنەما سەرەکییانەش گومان و دوودڵی لەمەڕ بەڕێوەچوون و چۆنیەتیی ڕوانینی باوەڕمەندان بە ئۆلگەلی جیاواز هەیە. بۆ میناک بنەمای بەرابەری کە هۆکاری پێویست و سەرەتایی خولقانی مرۆڤ لەلایەن خودایە- کە بناخەیی هەموو دینەکانی لەسەر دامەزراوە- بەو جیاوازییانەی کە لە کۆمەڵگەی ئایینی لە نێوان دینداران و بێدینان، ژنان و پیاوان، بەرقەرار بووە و هەیە و ئەو سنووردانانەی کە بۆ کۆیلەکان داندراون و بەڕێوەچووە، لاواز دەکا.

ئەگە بکرێ بە هەوڵ و تێکۆشانی باوەڕمەندان بە ئایینە زیندووکانی ئەمڕۆ، بنەما و مافەکانی هاوبەش، وەک بناخەی دینی مافەکانی مرۆڤ وێنا بکرێ، ئەم دەستە لە مافانە لەبەر بەربڵاببوونی ڕوانینی ئایینی ئۆگرییەکی زۆری بۆ پەیدا دەبێ و ڕەنگ و بۆنی دینی و خوایی بەخۆوە دەگرێ و مرۆڤی باوەڕمەند بە ئایینە جۆراوجۆرەکان، بە ئەرکێکی دەروونی و دینی کە زەمانەت بەڕێوەچوونی یەکجار زۆر لەسەرێیە و وەک ئەمرێکی پڕبایەخ و گرینگ چاوی لێ دەکەن، بۆ پاراستن و گەشەی هەرچی زیاتری هەوڵ دەدەن.

جاڕنامەی سێ بڕگەیی مافەکانی مرۆڤ دەگەڵ ڕوانینی هەرسێ دینی ئیبراهیمی بەراورد کراوە (ئیسلام، کریستیان،

جوولەکە)، پیوەندی ئۆل و مافگەلی مرۆڤ بەتایبەتی لەتەک ئیسلام بەسەر سێ ڕوانین دابەش کراوە؛ بەشێک پێیان وایە کە لە نێوان ئیسلام و مافی مرۆڤ، ڕێکەوتنێکی تەواو و کەماڵ هەیە و ئەوەی کە ئیسلام لە ئامۆژگارییەکانی باسیان دەکا ڕێک ئەو شتەیە کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا باسیان دەکرێ.

گرووپی دووهەم بە پێچەوانەی دەستەی یەکەم لەسەر ئەو باوەڕەن کە مافەکانی مرۆڤ و ئیسلام سەتاسەد دەگەڵ یەکتر دژایەتییان هەیە، ئەم تاقمە پێیان وایە کە ئیسلام و بە گشتی دینە ئیبراهیمییەکان (سامییەکان) خواتەوەرن، ڕێک بە پێچەوانەی یاسا و ڕێسای مافەکانی مرۆڤ کە ئینسان تەوەرە و لەسەر بناخەی مرۆڤ و پرەنسیپە ئینسانییەکان ڕۆنراوە.

دەستەی سێهەمیش پێی وایە، لە نێوان دوو مژاری مافەکانی مرۆڤ و ئۆلە سامییەکان بە تایبەت ئایینی ئیسلام هاوبەشی و وێکچوونی زۆر دەبینرێ و لە بەستێنی پراگماتیکدا دەتوانن دەگەڵ یەکتر تەعامولیان هەبێ و پێکەوە تەبا بن.

ڕەنگبێ ڕوانگەی سێهەم زۆرتر لە ڕاستی نزیک بێ، جا نەک هەر ئیسلام بەڵکوو سەرجەم ئایینەکان کە تێیدا خوای تاک ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، کاریگەرییان لەسەر جێکەوتنی بایەخەکانی مافەکانی مرۆڤ هەیە، هەروەها مافەکانی مرۆڤ بەرهەمی ژیار و شارستانیەتی مرۆڤایەتییە و ناکرێ تەنیا بۆ کولتوورێکی تایبەت نزم و بچووکی بکەیەوە. هەڵبەت لە هێندێک شوێن درووشم جێگای بایەخە دینییەکان دەگرێتەوە و تەنانەت کەون بوونی ڕوانینی دوگم و چەقبەستوو دەبێتە سنووری نێوان مافەکانی مرۆڤە سەردەم و ڕوانینە ئایینییەکان، بۆ میناک، یاسای سزای ئیسلامی، یان هەر سزایەک کە بە نێرینی ئۆلەکان ڕۆنرابێ، گرتن، سێدارە، ئەشکەنجە، کوشتن و... بەشێکن لەو تەوفیرییانەی نێوان ڕوانینی هیومانیستی و دینی.

لە هەندێک سیستەمە حقوقییەکان بەتایبەت لە وڵاتانی ئیسلامی بە ڕوانینێکی گشتی، ڕەهاگەری و پاوانکاری ئایینی، بەبێ نرخی دەروانێتە دینە نافەرمییەکان، بەجۆرێکی تر لە مافە جیهانییەکانی مرۆڤدا، بنەما لەسەر ڕێکەوتن و چارەسەری کێشەکان بە دان پێدانانی هەڵوێستی جوداوازە، بەڵام لە سیستەمی ئۆلی پاوانکار بنەما لەسەر سەپاندنی بیروبۆچوون یان زۆرەملی هەڵچندراوە. لەم نێوەدا حەوت ئایینی مەزنی دنیا (ئایینی هیندوویی، بوودایی، کۆنفۆسیووس، تائۆ، جوولەکە، کریستیان و ئیسلام) گرنگیی زیاتریان هەیە و لەم نێوە ئایینی ئیسلام و کریستیان بە درێژایی مێژوو وەک دوو دینی جیهانداگر زیاتر لەوانەی دیکە قۆرغخواز و پاوانکار بوون. لە چاخی ڕێنسانسدا هەتا ڕادەیەکی زۆر کریستیان خۆی لەو ڕەوشە دەرباز کرد و بە کەلکوەرگرتن لە بیر و ئەندێشەی پڕ کاریگەری زانایان خۆی مەلاس دا و تەنانەت مافە جیهانییەکانی مرۆڤ لەنێو ئاپۆڕەی لایەنگرانی کریستیان سەری هەڵدا و لە بەرامبەریشدا لە وڵاتێکی وەکوو ئێران بە جێگای کردنەوەی دەرگا بەڕەورووی جیهانی کراوەی مافی مرۆڤ تێرمی «مافی مرۆڤی ئیسلامی» وەک چەمکێکی ناشاز دەرکەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## دابەشکاریی دیرۆکیی مافی مرۆڤ

لە بەشی پێشوودا گوتمان کە هەتا ئێستا دەستەبەندی جۆربەجۆر لەمەڕ ڕەوتی گەشەی مافەکانی مرۆڤ کراوە کە گرینگترینیان دابەشکاریی دیرۆکی و بەپێی جیلەکانی مافی مرۆڤە. دواتر لەو دابەشکارییەدا هاتینە سەر قۆناغی لەسەرەتاوە هەتا دەسپێکی سەدەکانی نێوەڕاست و ئەو کەسانەی لەو پێوەندییەدا شوێن پەنجەیان دیار بووە. باسمان لە «حامورابی» خونکاری مەزنی بابیلۆنییەکان، مووسا و کوروش (سایرووس) کرد. لە درێژەی ئەم رەوتەدا دواتر ئەوە ڕۆمییەکان بوون کە بە بڵاوکردنەوەی ١٢ سواڵەتەکە، بناخەیان بۆ مافەکانی مرۆڤ داڕشت؛ کە دواتر زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی چاویان لەم شێوەیە کرد و وەک ژێرخانێکی تۆکمە بیناکەیان لەسەر دانا.

ئەم سواڵەتانە بەرلە هەموو تشتێک ئاماژەیان بە نایەکسانیی چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەند و نارەزایەتیی چینی ڕەشۆکی لەهەمبەر خوێندن و پێگەیشتن دەکرد. ئەم سواڵەتانە لە ساڵەکانی ٤٥٠ و ٤٥١ی بەر لە مەسیح لەلایەن دەستەیەکی ده کەسی ئامادە کرابوو. مافی مرۆڤی یۆنانی لە بەستێنێکی بیروهزری فەلسەفیی پێشڕەو خۆی دەرخست. ماکی وەک بەشداری و شەڕاکەت، دەسەڵاتی یاسا، دادپەروەریی قەزایی، مافی خاوەنداریەتی و ئازادیی ڕادەربڕین هێمایەک لە بوونی مافەکانی مرۆڤ و پێناسەیەیەک بوو لای یۆنانییە قۆجییەکان. یاساگەلی «سۆلۆن» بیرمەندی یۆنانی لە سەدەی شەشی پێش زایین سیلەی چاوێکی بە ئازادی و دادپەروەری هەبووە. یۆنانییەکان، مافی تیۆری وەک هەوێنێک لە سرووشتی ئینسان و هاوڕێ دەگەڵ خودی مرۆڤ و ڕێساکان و پێویستییەکانی جیا لە شێواز و یاسای حقوقی بابەتەکە دەزانی و پێناسەیان دەکرد.

لەوکاتەوە مافەکانی مرۆڤ، لە ڕوانگەی فەیلەسوفان بە دەوری چەمک گەلی تر ڕاڤە دەکران. «ئاڵپین» لە پێشەکی کتێبی «ژۆستینین»، مافی مرۆڤ وەک پاراستنی ڕەوشی خەڵک و هەڵبەت بۆ هەموو گیانلەبەرەکان نەک هەر ئینسان دەزانی. «سوقڕات» پێی وابوو مرۆڤ بەرئەمری یاسای سرووشتییە و مافی جێ باسی مرۆڤ وەک مافی ئازادییش دەبێ چاو لەم ڕێسایە بکا. «ئەرەستوو» بەرامبەری لە گوێڕایەڵی و دەسەڵاتداری بە یەکێک لە گرنگترین باسەکانی مافی مرۆڤ دەزانی. «زێنۆن» فەیلەسووفی یۆنانی نیوەی دووهەمی سەدەی چووارەم (پ.ز) لەسەر چییەتی مرۆڤەکان پێداگری دەکرد و سیستەمی چینایەتی ڕەد دەکردەوە.

«سیسرۆن» لە بیرمەندانی ڕێبازی «ڕەواقییون»، تیشکی دەخستە سەر ئازادی وەک گرنگترین مافی ئینسانی. لەم دەورە

مێژووییە، ڕوانگەکانی «لائۆتێسێ» و «بوودا» لەمەڕ مافی بەختەوەری و ئازادی، هەروەها پێداگری «کۆنفۆسیووس» لەسەر دادپەروەری جێگای سەرنج و بایەخە.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە باوەڕەکانی مافەیلی مرۆڤ، لەم دەورانە دیرۆکییەدا ڕۆڵی داگیرکاری و شەڕی وڵاتان، بۆشایی پێویستیی مافەکانی مرۆڤ بەرچاوە. جگە لەمەش بۆچوونە فەلسەفییەکان وەک یەکەم هەوڵەکانی بنچینەیی بۆ دەرکی مافی مرۆڤ زیاتر خۆ دەنوێنێ. بیر و ڕوانین و باوەڕەکان دەگەڵ شوێنەواری مافەکانی مرۆڤی ئەم چاخە نەتەنیا بەستێنخوڵقێنی دەورانەکانی مێژوویی دیکەیە، بەڵکوو بناخەی فەلسەفی ناسینی مافەیلی بەشەر لە ماوەی سەدەکانی دواتریش وێنا دەکا.

## لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاست هەتا سەرهەڵدانی ڕێنسانس

سەدەکانی نێوەڕاست کە مێژوو هەمووکات وەک «چاخی ڕەش» ناوی دەبا، دەورانێکی دووردرێژ بە درێژایی هەزار ساڵ لەخۆ دەگرێ؛ چاخێک لە نێوان سەدەکانی ٥ هەتا ١٥ی زایینی کە بە داڕمینی ئیمپراتۆریی ڕۆمی ڕۆژئاوایی لە ساڵی ٤٧٦ی زایینی دەست پێدەکا و هەتا گرتنی قوستەنتەنییە بە دەستی ئیمپراتۆری عوسمانلی لە ساڵی ١٤٥١ درێژەی هەیە. بڵاوبوونەوەی ئۆلی کریستییان، هێزگرتنی کلیسا و ماموستایانی ئایینی، دامەزرانی سیستەمی ئاغا و ڕەعیەتی هەروەها سنووردار بوونی ماف و ئازادییەکانی کەسی بە تایبەتمەندییەکانی ئەم چاخە دادەنرێن.

سەدەکانی سێهەم و چوارەمی زایینی کۆمەڵێکی زۆری خەڵک لە دەوری مەسیحییەت هاڵان، تشتێک کە وردە وردە بووە هۆی کەڵکی نابەجێ وەرگرتنی پێشەوایانی ئایینی لەو دەسەڵاتەی کە هەیانبوو بۆ وەدەست هێنانی هێزی سیاسی و ئۆلی. لەم دەورانەدا هەوڵ درا جێگە و پێگەی کلیسا وەک دامەزراوەیەکی بان مرۆڤی و خوایی جێگیر بێ و لەم ڕێگایەشەوە پاساو و بەڵگەی فەلسەفی لووس و چەور کەڵکی لێ وەرگیرا. پێشێل کردنی مافە ئینسانییەکان لەژێر سێبەری هێزی خوایی دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئۆلی، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان ئەم چاخە دەژمێردرێن. دەسەڵات و هێز وەرگرتنی کلیسا و پاپ، مافی خوایی بوونە جێگرەوەی مافەکانی مرۆڤ و پاساوێک بوو بۆ پێشێل کردنی هەموو ئەو بایەخ و باوەڕە ئینسانییانە. کلیسە پێی وابوو هێز و دەسەڵاتی خۆی لە خواست و ئیرادەی خوا وەردەگرێ کە ئەمە دەبێتە هۆکارێک بۆ دەستێوەردان لە ژیانی مرۆڤەکان. بێبەش کردنی خەڵک لە خواستە سەرەکییەکانی وەک ئازادی، (ئازادیی ڕا دەربڕین، ئازادی بیروباوەڕ) ئاکامی ئەم شێوە بیر کردنەوەیە بوو.

دەگەڵ هەموو ئەو ڕەوش و بەسەرهاتانە، لەم چاخەدا هەوڵدان بۆ هەبوونی مافەکانی ئینسان هەر بەردەوام بووە. گرنگترین ڕووداوی جێی سەرنجی ئەم چاخە لە بواری مافەکانی مرۆڤ، بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی مەزن (کبیر) لەلایەن

«جان»ی یەکەم خونکاری ئەوکاتی بریتانیا بوو. ئەم بەڵگە مێژووییە کە لە ١٥ ژوئیەی ساڵی ١٢١٥ی زایینی (٢٥ی جۆزەردانی ٥٩٤ی هەتاوی) واژۆی لەسەر کرا، ئاماژە بە هەندێک خاڵ دەکا کە هەتا ئێستاش لە سیستەمی حقوقی و بەڵگەی قازییەکان بۆ دانی حوکم لە کەیسی گرینگی وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکایی شوێندانەرە و کاریگەری خۆی هەبووە. دەقی ئەم جاڕنامەیە لەلایەن نوێنەری پاپ بەناوی «ستیفان لێنگتۆن» نووسراوە و وردی و زیرەکیی مێژوویی تایبەتی تێدا بەکار براوە. هەرچەندە ئەم مانیفێستە مەزنە لە سەدەکانی نێوەڕاست لە قوڕنەی ئورووپا لەبیر کرا، بەڵام لای بریتانیاییەکان زۆر جار لەلایەن لایەنەکانی سکالا و لە دادگادا وەک بەڵگە بەکار بردرا. ئەو ڕاگەیەندراوە ڕووداوێکی گرنگ بوو لە ژیانی مافەکانی مرۆڤ، لەم جاڕنامەیەدا هەرچەندە بەردەنگەکە سەرەکییەکەی چینی سەروو بوو(ئاغاوەت)، بەڵام ماف و ئازادییەکانی خەڵکیشی لەبەرچاو گرتبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠


سەرچاوە Serchawe

## قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ، لە ڕێنێسانس هەتا سەرەتای سەدەم بیستەم

### ڕێنسانس هەتا شۆڕشی مەزنی فەرانسە

ڕێنسانس یان لەدایکبوونەوە، شنەی فێنکی نوێبوونەوەی ژینی زانست و ویژەی بەدوای خۆیدا هێنا. بزووتنەوەی زانستی و سەرهەڵدان و درەوشانەوەی ئەستێرەکانی پێشەنگی، قوەچی قوربانی وەک «گالیلە»، «دێکارت» و «کۆپێرنیک» لە تەنیشت شۆڕشی ئایینی «مارتین لوتێر» و «کالۆین»، ئورووپای لە خەوی هەزار ساڵە هەڵساند و ڕاپچڵەکاند. هەوڵ و تێکۆشینی فەشە جیابیرەکان لە پەنا بیرمەندانی وەک دێکارت، کلیسە و کتێبی پیرۆزی تەوراتی لە بنەما و تەوەربوون خست و بەرەو ئاوەزی ئینسانی و ڕەسانەیەتیی هان دا. ئەمە بەشێکی بۆ هێز گرتنی موسلمانان و دەستبەسەر داگرتنی باشووری ئورووپا و دواتر داگیرکاری یونان لەلایەن عوسمانلییەکان و پەراکەندە بوونیان و بڵاو بوونەوەی زاسنتی ئەوان بۆ هەموو ئورووپا بوو.

ئاکامەکەی، فێربوون و چاوکراوەبوونی بەربڵاو لە ئورووپا بوو کە مرۆڤ لە بان و مرۆڤ تەوەری وەک بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی سیاسی ئورووپای ئەو سەردەمی لێ هات. لەو چاخدا تێکۆشین و خەباتی بەردەوامی ئازادیخوازان لەبەرامبەر زاڵمان بووە هۆی هێنانە ئارای سکاڵای حقوقی و نووسینەوەی ڕاگەیاندننامەی ساڵی ١٦٢٨ کە لە ڕاگەیاندنی حقوقی دواتر کە لە ساڵی ١٦٨٨ لە ئینگلستان کاری پێ کرا، ڕەنگی دایەوە. بیرمەند و فەیلەسووفێکی زۆر لەو چاخەدا سەریان هەڵدا و هەرکام لە هزری فەلسەفی خۆیاندا بە جۆرێک ئاماژەیان بەم پرسە کردوە.

«سەنت ئاگوستین» لە ژێر کاریگەریی کلیسا، مرۆڤ بە ئازاد دەزانێ بەڵام هۆکاری دیل بوونیشی بە تاوانبار بوونی خۆی دەشوبهێنێ. «سێن توماداکێن» مرۆڤ وەک سڤیل تەبع پێناسە دەکا و ئازادی لە بنەمای سەرەکیی وجودی مرۆڤ دەزانێ. لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمە بڵاوبوونەوەی دووهەمین ڕاگەیاندننامەی مافی مرۆڤی ناسراو بە «داخۆیانی ئازادی» ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ جێگای سەرنجە کە لەوێدا ئاماژەی بە مافی بێ ئەملاوئەولای بنیام وەک، ژیانێکی ئازادانە و بەختەوەری دەکات. ڕاگەیەنراوی حقووقیی ١٦٨٩ی بریتانیا، یاسای پلیمۆتی ئەمریکا لە ساڵەکانی ١٦٣٦ و جاڕنامەی ئازادی لە دێسامبری ١٦٤٢ ئاماژەیەکە لە گۆڕانی خێرای ساڵەکانی کۆتایی ئەم سەردەمە و گۆڕانکاری لە تێگەیشتن و پێناسەی چەمکی مافەکانی مرۆڤ.


سەرچاوە Serchawe

لەم سەردەمەدا کە شۆڕشی مەزنی فەرانسە لە ١٧٨٩ کۆتایی پێدێ، هۆکارگەلی زۆر وەک شۆڕشەیلی زانستی و کولتووری، ئاشنایەتی بەربڵاو دەگەڵ دەوروپشتی خۆیان، ناسینی ئۆلە جیاوازەکان و چەمکی ماف لە دەقە پیرۆزەکاندا، بۆ گووران و شەقڵ گرتنی کانسێپتی مافەیلی بنیام کاریگەرییان هەبووە.

## شۆڕشی مەزنی فەرانسە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم

یەکێک لە کاریگەرترین و زێڕینترین سەردەمەکان بۆ ڕۆنانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو چاخەیە کە لەخۆیدا بوویەری گرنگ و پڕبایەخی وەک شۆڕشەکانی فەرانسە، ئەمریکا و بەریتانیای تێدا ڕووی داوە و لەلایەکی دیکەوە، وەک بەرژەنگ و بەرایی جیلی یەکەمی مافی مرۆڤ دەژمێردرێ.

ئەم سەردەمە کە بەشێکی زۆری لە چاخی ڕەوشەنگەریدا هەڵکەوتوە، ڕووناکبیرانی سیاسی وەک «مۆنتێسکیۆ»، «بکاریا» و «ڤۆلتێر» باس و چالاکییەکانیان زۆرتر لەسەر بڵاوکردنەوەی ئازادی و بەرابەری هەڵچندرابوو. لەم سەردەمەدا هێورهێور ئازادی وەک مافی هەموو مرۆڤەکان دێتە بەرباس و مافەکانی مرۆڤ لە ئۆل و ئایینە جۆربەجۆرەکان، جیا دەکرێتەوە. لەم دەورانەدایە کە مرۆڤ لەبەر ئینسان بوونی دەبێتە خاوەن مافی خۆی و بۆ یەکەم ڕا مافی سڤیل بە شێوەیەکی تەواو دەدرێتە شارۆمەندان، سەرچڵە پۆیەی ئەم ڕووداوانەش لە ڕاگەیاندنەکانی حقووقیی ئورووپا و ئەمریکا بەرچاو دەکەوێ. بێگومان شۆڕشی گەورەی فەرانسە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی مافەکانی مرۆڤ بووە کە لە ئاکامدا گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕاگەیاندننامەی ناسراو لە ژێر ناوی «مافەکانی مرۆڤ و شارۆمەندانی فەرانسە»ی لێکەوتەوە. ئەم ڕاگەیاندنە بۆ یەکەم جار چەمکی مافەیلی مرۆڤی هێنایە نێو باسەکانی حقووقی و بۆ خەڵک ماف و بۆ حکوومەتەکانیش ئەرکی دیاری کرد، ئەو کارەی کە لە ئاکامدا بووە هۆی گەشەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و گۆڕانکارییەکانی مەزن و قووڵی کۆمەڵایەتی.

ئەم ڕاگەیاندنە لە ٢٦ی ئوتی ١٧٨٩ لەلایەن پارلمانی نەتەوەیی فەرانسە پەسند کرا، بە ئاشکرا باس لەوە دەکا کە، مرۆڤەکان ئازاد لە دایک دەبن، مافی ئازادی، مافی خاوەنداریەتی، مافی بەرگری لە هەمبەر زوڵم، مافی ئازادیی بەیان، ئازادی هەڵبژاردنی ئۆل، مافی چاپەمەنی و هەروەها مافی هەبوونی کەرامەتی ئینسانی-یان هەیە، ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و شارۆمەندانی فەرانسە لە گشتگیرترین و پێشکەوتووترینی ئەو بەڵگانەن کە لەم بەستێنەدا نووسراوییەتەوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵاتان هەبووە، بەجۆرێک کە زۆرێک لە وڵاتان لە نووسینەوەی یاساکانی خۆیان کەلکیان لەو ڕاگەیاندنە وەرگرتوە. لەم سەردەمەدا و لە بەرەکەتی گەشەی بیر و شۆڕشەکانی سیاسی سەدەی هەژدەهەم کە پەیامهێنەری ئازادی بەرابەری و برایەتی بوو، ڕەوتی بەنێودەوڵەتی بوونی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی گرێبەستەکان لە سەدەی

نۆزدەیەم دەستی پێ کرد، یەکەم ئاکامی ئەو بزووتنەوانە، هەڵوەشاندنەوەی بەرەبەرەی کۆیلایەتی بوو.

یەکەم هەوڵەکان لەم بوارەدا بە کردنەوەی کۆمیتەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ساڵی ١٧٨٧ لە ئینگلیس دەستی پێ کرد، ڕاگەیاندنی قەدەغەی بازرگانی کۆیلە لە هەموو جیهان لەلایەن بریتانیاوە لە ساڵی ١٨٠٧ و هەروەها بەڕێوەبردنی یاسای یاساغی بازرگانی کۆیلە لە سەرجەم مەملەکەتی داگیرکراو و ژێردەستەی بریتانیای مەزن لە ساڵی ١٨٨٣ لە ئاکامە ئەرێنییەکانی ئەو ڕاگەیاندنە بوو، بەدوای ئەمە بوو کە کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ١٨٦٥ بە پەسند کردنی یاسایەک کۆتایی بە کۆیلە و کۆیلەداری هێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ ( لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەتا ١٩٤٨)

دوو گرێبەستی ٣٠ی مارس و ١٣ی ژوئیەی ١٨٥٦ی پاریس و بەرلین لەو گرێبەستانە بوون کە لە نێوان وڵاتانی ئورووپایی و ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ پشتیوانی لە مافی کەمە ئایینییەکان نووسران. لە ئاماژەگەلی دیکە و گرینگیی مافی مرۆڤی لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو سەردەمدا، دەتوانین باسی بەڵگەی کۆتایی کۆنگرەی ڤییەن لە ساڵی ١٨١٥ بکەین کە لەودا مافی کەمینەکان لە چوارچێوەی بنەمای نەتەوە بە فەرمی ناسرا. بە چاوخشاندنێکی خێرا لەم سەردەمەدا و ڕەوتی گەشە و پێشڤەچوونی مافەکانی مرۆڤ دەبینرێ کە، تۆکمەبوون و پتەویی هزری مرۆڤایەتی دوای چاخی ڕێنسانس، مرۆڤی سەدەی هەژدە و نۆزدەی بۆ پرسەکانی ماف هان دا کە زیاتر لایەنی مافە مەدەنییەکانی لەخۆ دەگرت، ئەو مافانەی کە دواتر لە خانەی جیلی یەکەمی مافەکانی مرۆڤ پێناسەیان بۆ کرا. گرنگییەکی دیکەی ئەم سەردەمە لەوەدا بوو کە مافەکانی مرۆڤ کەوتە نێو بەڵگە نێودەوڵەتییەکان و بە تێپەڕینی دەسەڵاتە سەروو نیشتمانییەکان و ئازادی-تەوەری وەک ئازادی ڕادەربڕین، ئازادیی بەیان، گردبوونەوە و بەشداری و بارمتە قەزاییەکان، ڕەوتی خۆی بۆ دەستەبەرکردنی مافەیلی مرۆڤ درێژە پێدا.

سەدەی بیستەم بەتایبەت دوو ڕووداوی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، کاریگەرییەکی مەزنی لەسەر چارەنووسی مافەکانی مرۆڤ لە هەردووک ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی دانا. مشتومڕ لە نێوان دوو بیرۆکەی سیاسیی باوەڕمەند بە ڕەسەنایەتیی تاک و ڕەسەنایەتی گرووپ، لە پەنا جێگرتنی ڕوانگەی ملهوڕی و دیکتاتۆری بە کەڵک وەرگرتن لە ئەندێشەکانی باوی سیاسی و دامەزرانی سیستەمگەلی سیاسیی مارکسیستی، فاشیستی و نازیستی بەجێگای دامەزراوەی سیاسیی لیبراڵ دێموکراتیک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چاخەیە. سێ ڕوانینی زاڵی سەرەوە کە کۆڵەکەی بەشێکی زۆر لە نیزامە سیاسییەکانی پڕکاریگەر لە چارەنووسی مافەیلی مرۆڤی ئەو سەردەمی پێک هێنابوو بۆخۆیان خاوەن تەوفیر و وێکچوونی زۆر دەگەڵ یەکتری بوون. هەرچەندە هەرسێک بیرۆکە بە کردەوە دژایەتیان دەگەڵ چەوساندنەوەی مرۆڤ و مافەکانی هەیە بەڵام مارکسیسزم بناخەکەی لەسەر مرۆڤتەوەری هەڵچنیوە و گەشەی ئازادییەکانی مرۆڤی مەبەستە و دەگەڵ دوو باوەڕە زاڵەکانی دیکە جیاوازی هەیە؛ ئەگەرچی بە کردەوە و لە ڕەوتی بەڕێوەبردنی ئەندێشەکانی خۆی، دەبنە نیزامگەلێکی ئۆتۆریتە و دەسەڵاتخواز؛ بەڵام دوو باوەڕەکەی دیکە واتە فاشیسم و نازیسم، هەر لە بناخەوە دژی ڕەسەنایەتیی بایەخەکانی مرۆڤن وەک تاک.

فاشیسم بایەخی مرۆڤ بە گرێدراوی بە حاکمیەت و نازیسمیش بە ڕەگەزی ژێرمەن دەبەستێتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەو دوو ڕوانگەیە لە ئورووپا، مافی خاوەندارەتی، مافی ئازادیی ئایین و مافی مەدەنی یەکجار زۆر سست و شکێنەر بوون. لەم



سەرچاوە
Serchawe

سەردەمە مێژووییەدا، هەرچەند لەبەر ئەوەیکە کۆمەڵگەی جیهانی سەرقاڵی دوو شەڕی ماڵوێرانکەری یەکەم و دووهەمی عالەمی بوو، دەرفەتێکی وەهایان نەبووە کە بە پرسەکانی مافی مرۆڤییەوە ڕابگەن بەڵام واژۆی بەڵگەی گرنگی وەک پەیمانی کۆمەڵگەی دەوڵەتەکان (میثاق جامعە ملل) کە ئاماژەی بە ڕێسا گشتییەکانی مافی مرۆڤ کردبوو، هەروەها جاڕنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی لە ڕێکەوتی ٢٦ی ژوئەنی ١٩٤٥ کە لەودا پەرەدان بە پێوەندیی دۆستانە و ڕێز گرتنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسییەکانی سەرنجی خستبووە سەر، زەمینەیەکی لەباریان بۆ ئامادە کردن و نووسینەوەی بەڵگە گرینگەکانی جیهانداگر و کاملتر خۆش کرد کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی ٢١، بوونە یارمەتیدەری مرۆڤایەتی.

ئەم دەورانە پڕ لە سامە کە هاوکات دەگەڵ دوو شەڕی گەورەی ترسێنەر بوون، کاکڵی سەرەکیی سەرنج و بایەخ دان بە مافەکانی مرۆڤی ئەوڕۆیی خۆیا کرد. لەم بڕگە زەمەنییە بوو کە گرنگی نەدان بە مافەیلی بنیام وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دەستپێکی شەڕ و بەردەوام بوونی، ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند و بە گووڕانی بیرۆکەی نووسینەوەی بەڵگەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ لە ڕوانگەی وڵاتانی سەرکەوتوو، بەستێنی ئامادەکردنی بەڵگەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ ئامادە کرا. بایەخ و گرنگیی ئەم سەردەمە زۆرتر لە بواری پێکهاتنی بەستێنێکی لەبار بۆ داخوازیی مرۆڤایەتی لەمەڕ ڕاگەیاندنی بەڵگە دڵنیاکەرەوەکان لەسەر پرسەکانی مافی مرۆڤە کە لە دەورانەکانی دیرۆکی دواتر زیاتر دەگونجا، هەتا بڵاوکردنەوەی بەڵگە نێودەوڵەتییە کاریگەرەکان. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش تێوەگلانی جیهان لە دوو شەڕی قورس و گرانی یەکەم لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٤-١٩١٨ و شەڕی دووهەم لە ساڵەکانی نێوان ١٩٣٩-١٩٤٥ بوو کە وەک سەردەمی کاریگەری سەدەکانی نێوەڕاست، هەرچەندە کە تێیدا لەبواری مافی مرۆڤییەوە گۆڕانکاری زۆر بەرچاو نەهاتە ئاراوە، بەڵام زەمینەی لەباری بۆ دەورانی دوای خۆی چەوڕێژ کرد.

جیلی دووهەمی مافەکانی مرۆڤ لەم چاخەوە دەست پێ دەکا. پەیامی فرانکلین ڕوزوێلت، سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا لە ١٦ی ژانوییەی ١٩٤١ بۆ کۆنگرە و وەبیرهێنانەوەی پێویستی هەبوونی سەرجەم تاکەکانی جیهان لە چوار ئازادی سەرەکی (ئازادیی بەیان، ڕاگەیاندن (چاپەمەنی)، دەرباز بوون لە ئاتاجی (نیاز)، ئایین و مەڕامی سیاسی) بە جیلی دووهەمی مافەیلی مرۆڤ دەژمێردرێن کە هەرچەندە دواتر کەوتنە ژێرکاریگەریی شەڕی سارد و هەتا ڕادەیەکی زۆریش دامرکا. بەشێکی دیکە لە مافی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەک مافی دابین کردنی کۆمەڵایەتی، مافی کار و ئاستی بژێوی ژیان و پەروەردەی لەبار کە بە گونجاندنی کاریگەری وڵاتانی سۆسیالیستی لە دەقی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ زیاد کرا، لە پتەو کردنی ڕەوتی جیلی دووهەم قازانجی خۆی هەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

## قۆناغەکانی پێناسەی مافی مرۆڤ (لە ١٩٤٨ هەتا ئێستا)

دوامین سەردەمی مێژوویی توێژینەوەکەمان لە ساڵی ١٩٤٨ هەتا ئێستایە و ٧٠ ساڵ زیاتر لەخۆ دەگرێ. لەم ماوە نەزۆر درێژەدا، کاریگەری ڕووداوەکانی پێشوو بەجوانی لە خواستی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ ئاوڕدانەوەی جدی پرسی مافەکانی مرۆڤ دەردەکەون. گرنگترین و یەکەمین بوویەری مافی مرۆیی ئەو سەردەمە پەسند کردنی "ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ"ـە؛ ئەم بەڵگەیە بریتییە لە سەرەتایەک و سی بڕگە کە لە ١٠ دێسامبری ١٩٤٨ بە ٤٨ دەنگی ئەرێ لەکۆی گشتی ٥٦ دەنگی وڵاتانی ئەندام لەلایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. ئەو داخوێانینامەیە کە وەدیهاتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە مەزنترین ئاواتی مرۆڤایەتی دەزانێ، ئەمڕۆکە وەک گرنگترین سەرچاوەی مافی مرۆڤ لە جیهان، بناخەی سەرجەم پەیماننامە و بەڵێنییەکانی مافەکانی مرۆڤ پێک دێنێ.

دوای واژۆ کردنی ئەو ڕاگەیەندراوە دیرۆکییەی هەتا ساڵی ١٩٩٦ سێ بەڵگەی مافی مرۆڤی دیکە بەناوەکانی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پرۆتۆکۆلی دڵخوازی پەیوەندی کۆنڤانسیۆنی نێودەوڵەتی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانیش پەسند کران کە بە تەواوکەری جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دەژمێردرێن.

لە نێوەڕاستی ئەم چاخە و بە دارمینی سیستەمی دوو جەمسەری لە ساڵەکانی ١٩٨٩، کەشی لەبار بۆ گەشەی ئامانجەکانی مافی مرۆڤ کراوەتر بوو و سەربەخۆیی دوابەدوای یەکی وڵاتانی بلوکی ڕۆژهەڵاتی و سەربەست بوونیان لەژێر ئالای یەکیەتیی سۆڤییەت، ئەکتەرانی گۆڕەپانی خوازیار بۆ پرسەکانی مافی مرۆڤ زیاتر بوون. دوای ئەمە لە کۆنفرانسی ١٩٩٣ی ڤییەن بە پێداگری لەسەر جیهانداگری و ڕۆڵی سەرەکیی مافەکانی مرۆڤ، زیان وێکەوتنی چینی تایبەت وەک ژنان، منداڵان، کەمینەکان، خۆوڵاتییەکان، کەمئەندامان و کرێکارانی کۆچەر، دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، بەستێنێک بۆ دامەزراندنی کۆمیسارییای بەرزی مافەکانی مرۆڤ خۆش کرا کە وڵاتانی جیهانیش پێشوازییان لێ کرد. کۆنفرانسی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ١٩٩٤ کە لە ڤییەن بەڕێوە چوو و ١٧١ وڵات دانیان پێدانا، بڕگەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی زیاتر بایەخی پێ درا و بە ئاماژە بە پێوەندیی نێوان جیلە جۆربەجۆرەکانی مافی مرۆڤ، ئەوانی وەک پرسێکی جیهانداگر و سەربەیەک زانی و ناساند. (ڕیپۆرتەری تایبەتی شوڕای مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران، یەکێک لە هەواڵدەرانی تایبەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەرکدارە بۆ چاوەدێری و هەڵسەنگاندنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران. ساڵی



سەرچاوە Serchawe

١٩٨٤ کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاندرێس ئاگوئیلاری ویَنزۆئێلایی وەک یەکەم ڕێپۆرتەری تایبەت بە ئێران دەستنیشان کرد و لە ساڵی ٢٠١٨ـشەوە شوڕای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان جاوید ڕەحمانی وەک نوێترین ڕیپۆرتەر ناساند کە بووە جێگرەوەی خاتوو عاسیمە جەهانگیر.(

بەدەستپێکی هەزارەی سێهەم، وەرزێکی نوێ لە هاوکارییە جیهانییەکان وەک لە ماناسازی نوێی مافەکانی مرۆڤ دەستی پێ کرد بەجۆرێک کە لە زۆربەی هەرەزۆری بەڵگە جیهانییەکان باسی مرۆڤتەوەری و مافەکانی بەرچاو دەکەون. بەرز بوونەوەی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ شوڕای مافەکانی مرۆڤ لە ١٥ی مارسی ٢٠٠٦ نیشانەی گرنگیی ئەو پرسەیە کە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی هەیەتی. جیلی سێهەمی مافەیلی بنیام ژی لەم سەردەمە بە پیداگری کردن بۆ مافەکانی وەک دێموکراسی، پەرەسەندن، ئازادییە بنەڕێتییەکان، هەبوونی ژینگەیەکی پاک و ساغ، گەشەی بەردەوام و ڕاوەستاو، مافی ئاشتی و بەرابەری ڕەگەزی زیاتر خۆ دەنوێنن.

بە چاوخشاندنێکی ئاڵوگۆڕەکانی مافی مرۆڤی لەم سەردەمە مێژووییە وا خۆیا دەبێ کە زۆرترین هەوڵەکان بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگە مافە مرۆڤییەکان لەم دەورانەدا ڕووی داوە و بەگشتی وەک سەردەمێکی پڕچالاک دێتە ئەژمار. هەروەها ئەو بەڵگانەی سەرەوە ئاماژەیەکە بۆ ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ پەرەپێدان و ڕاوەستاو کردنی مافەکانی مرۆڤ لە وێژەی حقوقی بەتایبەت ئەو بەڵگە پابەندهێنەرانە، لە ڕەوتی جێگیربوونی باوەڕی کۆمەڵ بە مافەکانی مرۆڤ و لەهەمان کاتدا بەربڵاویی چەمکی بۆ ماکی نوێتر و پوختەتر.

دەقی تەواوی ئەو ڕاگەیەندراوە کە بریتییە لە سەرەتایەک و ٣٠ برگە، لە ژێرەوە باسی دەکەین:

## سەرەتایەک بۆ دەستپێکی مافەکانی مرۆڤ

شوناسایی و کەرامەت و گەورەیی سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتی و مافی وەک یەک و بەرابەر و ڕەوای ئەوان بناغەی ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا پێک دێنێ.

بەو هۆیەوە کە وەبەرچاو نەگرتن و سووکایەتی کردن بە مافەیلی مرۆڤ، کردەوەی دڕندانەی ئەوتۆیان بەدواوە بووە کە ویژدانی مرۆڤایەتییان وروژاندووە، پێکهێنانی جیهانێک کە لەودا مرۆڤەکان لە بیروڕا دەربڕین سەربەست و لە ترس و هەژاری بەدوور بن وەک مەزنترین ئارەزووی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە.

بەوهۆیەوە کە پێویستیی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن دەستەڵاتدارەتیی یاساییەوە پشتیوانیان لێ بکرێ هەتا مرۆڤ ناچار نەبێ لە دژی ستەم و بێدادی وەک دواچارە پەنا بۆ ڕاپەڕین ببا. بەو هۆیەوە کە پەرەگرتنی پێوەندیی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێ پشتی بگیری. بەوهۆیەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە بڕوا هەبوونی خۆیان بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئابڕوو و کەرامەت و بایەخی تاکەکانی مرۆڤ و بەرابەری مافەکانی ژنان و پیاوان لە بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕاگەیاندۆتەوە و لێبڕاون کە یارمەتیی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکەن و لەبەر ڕوناکایی ئازای ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتردا باشترین هەلومەرج بۆ ژیان پێک بێنن. بەو هۆیەوە کە تێگەیشتنی هاوبەش لەبارەی ئەم ماف و ئازادییانە بۆ ئەوەی بە تەواوی بەڕێوە بچن، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. کۆڕی گشتی ئەم بانگەوازە جیهانییەی مافی مرۆڤ وەک ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵکان و نەتەوەکان ڕادەگەیەنێ هەتا هەموو تاکەکان و سەرجەمی بنیات و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە هەمووکات ئەم جاڕنامەیەیان لەبەرچاو بێ و هەوڵ بدەن بەهۆی فێرکردن و ڕاهێنانەوە ڕەچاوکردن و بەڕێوەبردنی ئەم ماف و ئازادییانە پەرە پێ بدەن و بە دیاری کردنی ڕێوشوێنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕێگا بۆ بەفەرمی ناسین و باشتر بەڕێوەچوونیان چ لە نێو خەڵکی وڵاتانی ئەندام و چ لە نێو خەڵکی ئەو سەرزەویانەدا کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەواندان، دابین بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

# کۆبەندی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران

دوای ئەوەی لە نۆزدە بەشدا باسمان لە ڕوانینە یاسایی و حقوقی و هەروەها ڕەوتی مێژوویی و چۆنیەتیی گووران و نووسینەوەی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کرد، لە دوابەشی ئەم زنجیرە نووسینەدا کۆبەندێکی باسەکەمان دەکەین.

بە گشتی سەرجەم بڕگە و ماددەکانی داخۆیانی نامەی مافەکانی مرۆڤ بەرهەمی وەرددانەوەی دەیان بیرمەند و کەسایەتی مێژوویی جیهانە کە لە سەدان و هەزاران ساڵ پێشتر لە ئاکام ئەزموون و هەڵسەنگاندن، توێژینەوە و لەبەریەک گرتنی یاسا جۆراوجۆرەکان نووسرایەوە و دواترش دوای پەسند کردنی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە لە خۆگری مافە مەدەنی و سیاسی هەروەها ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوون شرۆڤە و ئامادە کرد کە ئەمەیان تەواوکەری مافەکانی مرۆڤ بوو .چەمکی مافی مرۆڤ (human rights) پرسێکی هەتا ڕادەیەک نوێیە و دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و دامەزرانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتۆتە نێو وێژمانی ڕۆژانە. ئەم تێرمە بۆتە جێگرەوەی دەستەواژە و چەمکی "مافی سرووشتی" و "مافی ئینسانی" کە ڕابردوویەکی زۆر کۆنتریان هەیە. بەڵام دەگەڵ نوێبوونەوەی ئەم کانسێپتە، پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئاستی جیهاندا بەرز بۆتەوە و حکومەتەکان، ڕێکخراوە دەوڵەتی و ناحکومییەکانی بە خۆوە سەرقاڵ کردووە؛ بە جۆرێک ئێستا مرۆڤەکان بەو باوەڕە گەیشتوون کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و حکومەتەکانیش دەبێ پارێزەری ئەو مافانە بن و هاوکار و یارمەتیدەریان بن بۆ وەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانیان. کەوابوو ئەمڕۆکە بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سنووری پێوەندیی نێوان دەسەڵاتداران و شارۆمەندان تێپەڕیوە و، بۆتە بابەتێکی نێودەوڵەتی. لە ڕاستیدا نیزامی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ، دەسەڵاتی دەوڵەتانی بە کۆمەڵێک پەیماننامەی چەند لایەنە، لە بواری سیاسی و حقوقییەوە بەرتەسک کردۆتەوە و بۆتە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کاریگەر لەسەر ئاشتی و تەناهی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی لە سەرەتاوە چەمکی مافیلی مرۆڤ بە بەشێک لە دێموکراسی نەدەژمێردرا، لێبەڵێ دواتر وەک یەکەم هەنگاو بۆ پێکهاتنی سیستەمی دێموکراسی وەک شێوازێکی سیاسی بوو بە کۆڵەکە.

گرنگترین تایبەتمەندیی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ، زەوینی بوون و ئینسانی بوونیەتی، بەو مانایە کە ئەم بەڵگەنامەیە بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ جۆرە ئایدۆلۆژی ئۆلی یان سیاسی تەنیا بە تەکز کردن بە ویستی سەرەکی و پێویستیی مرۆڤەکان لەوانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی نووسراوە.

دوای نزیک بە ٤٢ ساڵ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوە جیهانییەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ (لێبوردنی نێونەتەوەیی، کومیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ، چاودێری مافی مرۆڤ و...)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران کارەساتبارە و هەتا تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەڵدەکشێ زیاتر پەرە بە دژایەتیی چەمکی مافەکانی مرۆڤ دەدا! ڕادەی زۆری سێدارە، دەسبەسەرکردنەکان، ڕەوشی نالەبار و ئاڵۆزی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بایەخ نەدانی حکومەت بە دۆخی خەڵکی هەژار، خۆکوژی، نەبوونی ئازادیی بەیان، پەراوێز خستنی مافی منداڵان، سەرکوت و پێشێلکردنی مافی ژنان، کرێکاران، ماموستایان، خوێندکاران و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی و... هەر هەمووی دەتوانین بە دەیان میناک لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بێ کە بەردەوام و بێ پسانەوە درێژەی هەیە.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر پێڕی حکومەتێکی ئۆلی ڕاخراوە، بەپێی بنەمای ١٢ یاسای بنەڕەتی "دینی فەرمیی ئێران، ئیسلام و ئایینی جەعفەری ئەسناعەشەرییە و ئەم بنەمایە هەتاهەتایی و نەگۆڕە". ئامانج لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی "گەڵاڵەی حکومەتی ئیسلامی لەسەر بناخەی ویلایەتی فەقیهە"، هەر ڕێک ئەو بنەمایە لە یاسای بنەڕەتی ئێران، بەردی بناغەی بێ بایەخی و گوێ نەدانی حکومەت بە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤە و یەکبەخۆی دژایەتیی ئەو چەمک و دەستەواژە جیهانداگرانە دەکا.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیی ئێران، کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە دووساڵ نەبێ، ئەم ڕێژیمەی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کردوە و بەشێکی زۆر لەو گەمارۆیانەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و لاوازی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانی وڵاتان دەگەڵ ئێران بۆ ئەو پرسە دەگەڕێتەوە.

بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بەشە لە کوردستان کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە داگیرکراوە و خەڵکەکەی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆی بێ بەشە، دەکرێ بڵێین بەپێی جوگرافیا و ڕادەی حەشیمەتەوە بەقەرا هەموو نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لە ئێران و بەتایبەت ناوەند پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤی تێدا ڕوو دەدا. بە ئاماژەکردن بە بەشێک لە ئاماری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان کۆتایی بە باسەکەمان دێنین.

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)، لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٣٦٧ هەتا ١٣٩٦ زیاتر لە ٣٥٩ کەس لە ئەندامانی حیزبە کوردییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی ئێران لەلایەن تیرۆریستانی سەربە ڕێژیمەوە تیرۆر کراون .٤٤٤ کەس ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە ناویان لای چاونیوز تۆمارکراوە لە

سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵی ١٣٩٧ بەتاوانی کورد بوون لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەسێدارە دراون.

لەساڵی ١٣٩٠ هەتا سێپتامبری ٢٠٢٠ (١٣٩٩) ناوەندە مافی مرۆڤییەکانی کورد توانیویانە هەوێتیی ٥١٤ کەسی مەدەنی کورد بە ناو و نیشانەوە تۆمار بکەن کە بەهۆکاری جۆراوجۆر لەسێدارە دروان. هەر لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ٦٩٦٦ کەس لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەک چالاکی ژینگەیی، ئەدەبی، سیاسی، مەدەنی، مەزهەبی، ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری نیزام و... دەسبەسەر کراون. لە کۆی گشتی ئەمانە ١٣٣٧ کەسیان زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ زین دانیان بەسەردا سەپاوە.

هەر لەو دە ساڵەدا ٣٧٦ کەس بە هۆکاری تەقینەوەی مین بریندار یان کوژراون،

١٣٨٤ کۆڵبەر لەو دە ساڵەدا کوژراون یان بریندار بوون (٤٨٥ کۆڵبەر کوژراون و ٨٩٩ کەسیشیان بریندار بوون) کە ٢٢ کەس لەو کۆڵبەرانە تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە.

ئەم ئامارانە بەشێکێ ئاشکران کە ناوەندەکانی داکۆکاری لە مافی مرۆڤی کوردستان توانیویانە تۆماریان بکەن، چەندی دیکەش بە نهێنی و دیزەبەدەرخونە کراوە، نازانرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# بەبەتەکانی: ساڵی ٢٠٢١

## کۆمەڵگە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

تێرمی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی جۆراوجۆریی بزووتنەوەکان جیاوازە و بە ئاسانی ناتوانرێ سنوورێک بۆ جیاکردنەوەی دەرکەوتە پێوەندیدارەکان بدۆزێتەوە. ئەم ئاڵۆزییانە بوونە هۆی ئەوەی کەڵک لە تێگەیشتنی دیکە لە جیاتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەبگیرێ و لە ئاکامدا جووڵانەوەی جڤاکی بە بابەتەکانی دیکەوەی وەک گۆڕان و شۆڕش لێک درانەوە، یان لە بابەتە تایبەتییەکانی دیکەی وەک ئاکاری کۆمەڵ کورت کراوەتەوە. لە تێگەیشتن و پێناسە نەریتییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانین ئاماژە بە ئاکاری گشتی، کاری گشتی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، جیاوازیی کۆمەڵایەتی، بەرەنگاری کۆمەڵایەتی و هەڵوێست وەرگرتنی ڕاستەوخۆ بکەین. لە ڕاستیدا ئەم تێگەیشتنانە تەنیا بەشێک لە فامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێک دێنێ و ئاماژە بە پێناسەی سەربەخۆی ئەو ناکەن.

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ ئادگاری نوێی کرداری کۆمەڵایەتی-سیاسی پەیدا بوون و ڕێکخەری گشتگیرترین بزووتنەوەکانی دوای ١٩٣٠ بوون. کاراکتێری ئەم جیاوازییە زۆرتر لاوان و ژنان و کەمەنەتەوەکان بوون، کە ناکرێ ڕەفتاری ئەوان لەسەر بنەمای کەلێنە سیاسی-کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان لێکبدرێتەوە. لە ئاکامدا بابەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەستووری کاری ئەو کەسانەی لێ هات کە هاوبیری ئەم بوارە بوون، یان بەشێوەیەکی چالاک لەم بەشەدا توێژینەوەیان کردووە. لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیەکی زۆر بیرۆکەی نوێ لەم بوارەدا وێنا کران.

بە پێی پۆلێنبەندییەک ئەم تیۆرییانە بە سەر دوو گرووپی، ئەمریکایی و ئورووپایی دابەش کران. تەوفیر لە نەریتی بیرکردنەوەی ئەمریکایی و ئورووپایی و جیاوازیی ئەو بزووتنەوانە لەم دوو قوڕنە (قارە)یە سەریانهەڵداوە و بەستێنسازی ئەم جۆرە ڕێکخستنەیە. بە ڕوانینێکی خێرا، لێڕوانینە ئەمریکاییەکان لە بارەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر لەژێر کاریگەریی سوننەتی کارکردندان، لەکاتێکدا کە تیۆرییە ئورووپاییەکان زیاتر بە تێڕوانینێکی نیومارکسیستی دەرکەوتەکان ڕاڤە دەکەن. ئەم بابەتە بە ڕێژەیەک لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چوونکە لە ئەمریکا

ئەو ڕێکخراوانەی لە ئاکامی ناڕەزایەتییەکانەوە درووست بوون، خێرا بەرەو کارخوازی دەچن و زۆرتر وەک گرووپی خاوەن بەرژەوەندی ڕێ کەوتن، بەڵام لە بەرامبەردا لە ئورووپا ئەم بزووتنەوانە زیاتر دژی سیستەم بوون و زۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، لەوانە جەختکردنەوەیان لەسەر ئیدۆلۆژی لە چەپەکان وەرگرتبوو.(١)

جیاکاری تیۆرییە نوێیەکانی بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی لە ئێستادا کەمتر باوە و ناتوانێ بە شێوەیەکی تەواو سەرجەم تیۆرییەکان بگرێتەوە. بەتایبەت ئەو تێڕوانینە ئاڵۆزانەی کە ناکرێ بە سانایی لە یەکێک لەو دوو بەشەدا جێ بکرێنەوە.

هەڵاواردن لەسەر بنەمای "کلاسیک" و "نوێ" مۆدێلی دیکە لە ڕێکخستنی تیۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. ژمارەیەک خاوەن ڕا لە بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە جیاکاری ئەم پێواژۆیانە بۆ کلاسیک و نوێ لەسەر بنەمای قۆناغی مێژوویی تیۆرییەکان ڕێکدەخەن. لەم ڕێکخستنەدا، ئەو تیۆریانەی کە پێوەندییان بە ساڵانی بەر لە ١٩٦٠ هەیە کلاسیکن و ئەوانەی دوای ئەمساڵەش بە نوێ دەخەملێندرێن. بنەمای ئەم ڕێکخستنە لەسەر نوێبوون پێداگری دەکا (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان) و بۆ پێناسەکردنی ئەم جۆرە جووڵانەوانە بەکار دێ کە لە ١٩٦٠وە لە بواری کۆمەڵایەتیدا گرینگییان پێدراوە. لە ئاکامی دەرکەوتنی لەپڕ و بەرفرەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، شەپۆلێکی نوێی تیۆرییەکان دەرکەوتن. زۆربەی ئەم تیۆریانە پێیان‌وابوو کە ئەم بزووتنەوە نوێیانە بە پێچەوانەی کلاسیکەکان لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی و دێموکراسیدا گووراون. لە لایەکیتر ئەندامانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوانە تەنیا کرێکاران و تەردکراوانی کۆمەڵگە نەبوون، بەڵکوو ژنان، خوێندکاران و لاوان ڕۆڵیان لەم جۆرە بزووتنەوانەدا هەبووە.

## تیۆری بزووتنە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی چوار تێڕوانین شرۆڤە دەکرێ:

### ١- تێڕوانینی ئاکاری بەکۆمەڵ (کلاسیک)

کۆمەڵە تیۆری دەروونناسانە، ڕەوشتمەندانە و ڕایەڵەکەی کۆمەڵگە لەم دەستەیەدا جێ دەگرن. دەگەڵ بوونی ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕێزبەندیی تێگەیشتنەکان و قالبی تیۆری ئەم سێ دەروازەیە هەیە، خاڵی هاوبەشی ئەم سێ تیۆرییە تایبەتمەندی هەستیاریی کردارە و کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تاک وێنا دەکا. سەرکەوتنی ڕەوشتمەندانە بەسەر زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمریکا دەرفەتێکی گونجاوی بۆ خستنەڕووی تیۆرییەکانی دەروونناسی ئامادە کرد. هەتا ئەو جێگای کە خوڵقێنەرانی تیۆری کە کاریگەریی بەرهەمی کارکردنیان لەسەر بوو لە ڕاڤەی جووڵانەوەکان پەرژانە سەر "ڕەوشت-ئاکار" وەک تێگەیشتنێکی سەرەکی و بنچینەیی. تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەش دەگەڵ ئەوەیکە زیاتر پشتیان بە لایەنی

کـۆمەڵایەتیی ئورووپـا دەبەسـت، لە هەمـان کـاتدا تایبەتمەنـدیی تاکیـان لەبەرچـاو دەگـرت. بەگشـتی لە کـۆمەڵگەشدا سەرنجیان دەدا سەر هەستی غەوارەیی و نیگەرانی و سەرکوتکردن، هەروەها بێبەشبوونی ڕێژەیی و، جەخت لەسەر ڕەوشی دەروونیی تاکەکان دەکاتەوە.

## ٢- تیۆرینی ڕێکخراوەیی

ئەو کـۆمەڵە تیۆرییـانەی لەژێر نـاوی (ئامـادەیی سـەرچاوەکان)ن، بـێجگە لە تیۆرییەکـانی (خوڵقانـدنی دەرفەتـی سیاسـی) و "قۆناغەکانی ڕەخنە" لێرەدا دەبینرێنەوە. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرینەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی ناسراوی کـاری سیاسـین، بە شـێوازێکی دیـکە ئەو لایەنـانەی ڕۆڵیـان هەیە بە شـێوەیەکی ئاوەزمەنـدانە چـالاکی دەکەن و هەوڵـی بەدەسـتهێنانی بەرژەوەنـدییەکانیان دەدەن. ڕێکخراوەکـان ڕۆڵـی سـەرەکی لە ئامـادەکردنی سـەرچاوەی پێویسـت بـۆ کـاری بەکۆمەڵ دەگێـڕن، چوونکە بزووتنەوەکان بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسیی ئاسایی هەژمار دەکرێن، جیـا لە پێداگریی لەسەر چوارچێوەی سیاسی تیۆرییەکان، دوو خاڵی هاوبەشی دیکەشیان هەیە:

**یەک**: چالاکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ناتەکوزمەند نازانن.

**دوو**: بەشدارانی ئەم جووڵانەوانە بە بێئاوەز ناناسن.

## ٣- تیۆرینی کۆمەڵگەی مەدەنی

بە پـێچەوانەی بـاوەڕی لیبرالیسـتییەکانی پێشـوو بیروهزریـان بـۆ بیـرۆکەی نیومارکسیسـتی دەگەڕێـتەوە، چـوونکە ئـافرێنەرانی ئەم تیـۆرییە کە لێرەدا ڕێکخراون (تـۆرین، هابێرمـاس و ملووچی) لەسـەر لایەنـی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەکـان پـێ دادەگرن و بە پـێچەوانەی دەرهاویشـتەی تیـۆرییە کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکـان، ئامـانجی بـزووتنەوەی جڤـاکی بە کـاریگەری خستنەسـەر پرۆسـەی سیاسـی دانـانێن، بەڵکـوو تێکـدانی سـنووری شـێوازی کـۆمەڵایەتی و ئـاڵۆزکردنی دەکەنە ئامـانج. بە پـێچەوانەی تیۆروانینـی ڕێکخراوەیـی کە سـەرنج دەداتە عەقڵانییەتـی ئـامرازی، لە ڕوانینـی کـۆمەڵگەی سـڤیلمەندا جەخـت لەسـەر عەقڵانییەتـی پێوەنـدی دەکەنەوە و لەسـەر ئەم بنەمـایە هەرچییەک لە بیـری تیۆروانینـی ڕێکخراوەیـی لایەنـی ئـامرازی هەیە (ئایدۆلۆژی، ناسنامەی بەکۆمەڵ، جۆری پێوەندییەکان، ڕێکخستن و...).

بـابەتی سـەرەکیی ئەم تیۆروانینە دۆزینـەوەی سـەرچاوەی سەرەکیی کەلێـنە کۆمەڵایەتییەکـانە کە بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان لەسـەری هەڵدەچنـرێن. بەشـێوەیەکی گشـتی ئەم ڕوانیـنە لە ڕیـزی کـۆمەڵگەی سـڤیلدان و جەخـت لەسـەر تایبەتمەنـدیی

کـۆمەڵایەتی بـزووتنەوە جڤاکییەکـان دەکەنەوە و گرینگیـی پێواژۆیەکـان لە بەسـتێنی جیـاواز لە چـالاکی سیاسـیدا هەڵدەسـەنگێنن. بە واتـایەکی دیـکە، بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان هەوڵـی گـۆڕینی دەسـەڵاتی سیاسـی نـادەن، بەڵکـوو پێوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان و جڤـاکی سـڤیل وەک ئامـانجی کارەکـانی خۆیـان دادەنـێن. هەرچەنـد دەکرێ هەنـدێک لایەنـی سیاسییش بەخۆوە بگرێ یـان لە ئـامرازی سیاسی کەڵـک وەربگرن بەڵام ئامـانجی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان لە کۆمەڵگەی مەدەنی‌دایە. بە بۆچـوونی هابرمـاس، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان کەڵـک لە ژینـگەی جیهـان (جڤاکی مەدەنـی) وەردەگرن نەک مەنتقی سیستەم (کۆمەڵگەی سیاسی).

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێباوەکان

ئـاڵۆزییە ئـابووری و کۆمەڵایەتییەکـان کە دوای شـەڕی جیهـانیی دووهەم لە ئورووپـا سـەریان هەڵدا، دەرخەری ئەو ڕاستییە بـوون کە ململانێی کـار و سەرمایە، تەوەر و بـایەخی خۆیـان لەدەست داوە. زۆربەی خەڵکی کـۆمەڵگە ئورووپاییەکان توانییـان بگەنە خوێنـدنی بەرز و لەم نێـوەدا ژنـان ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە. ڕایەڵـکە زانیارییەکـان و پێوەنـدییەکان ڕۆڵـی تازەیـان هێنـا ئـاراوە و سـەرمایە لە چوارچێـوەی بـازاڕە نـاوچەیی و نەتەوەییەکـان تـێ‌پەڕی و دەگەڵ سـەرهەڵدانی سـەندیکا مەزنە ئابوورییەکـان هەوڵـی دروسـتکردنی بـواری نوێیـان دا. بـزووتنەوە کۆنەکـان لە چوارچێـوەی ڕێکخراوە کرێکـاری یـان جوتیـاری لەسـەر بنەمـای پێوەنـدی بە حکومەتەکـانەوە پێناسـە کـراون. بەم ڕوانیـنە حکومەت و دامەزراوەکـان وەک نەیـاری سـەرەکی دەناسـرێن. ئەم بـزووتنەوانە کە وەک شـتێکی دایـنـامیکیی بەرهەمهـاتووی کـۆمەڵگەی مەدەنـی باسـیان کـراوە، بەرگـری لە بەرژەوەندیی گرووپە تایبەتییەکانیان لە ئەستۆیە.

### ئالان تۆرین کۆمەڵناسی فەرانسەیی سێ بنەمای بۆ هەبوونی بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکان داناوە:

١- بنەمـای ناسـنامە (شـونـاس): پێویسـتە بزووتنەوەیەکـی کـۆمەڵایەتی ناسـنامەیەکی دیـاریکرای هەبـێ (لە چ کەسـانێک پێـک هاتووە، بەردەنگەکانی کێن و بەرگریکاری کام بەرژەوەندییە؟)

٢- بنەمـای دژایەتـی: بـزووتنەوەی کـۆمەڵایەتی بەردەوام دژی جۆرێـک لەمـپەڕ یـان هێزێـک دەوەسـتێتەوە و بەردەوام هەوڵـی شکسـتدانی دوژمنـانی هەیە و بێ بـوونی بنەمـای دژایەتـی، بـزووتنەوەی کـۆمەڵایەتی نـاتوانێ بـوونی هەبـێ. زۆربەی بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام دژی ئەم ڕەوشەن کە تێی‌دان و ئامانجەکانی خۆیان هاوتەریب دەگەڵ بارودۆخەکە نابینن.

٣- بنەمای گشتگیری: بزووتنەوەیەکـی جڤـاکی بە نـاوی بـایەخی زۆر دەگەڵ ئایـدیای مەزن، فەلسـەفە یـان ئایـدیای ئـۆلی دەست پێ دەکـا و چالاکییەکـانی لە بیـر و بـڕوایەکەوە شـەقڵ دەگرێ، کە هەوڵـی بەرفرەوانبـوون و پێشکەوتن دەدا. ئەم هۆکـارانە دەبنە هـۆی چالاکیی بزووتنەوەیەکـی کۆمەڵایەتی لەوانەیە بە شێوەی بەرژەوەنـدیی نەتـەوەیی و ئـازادیی مرۆڤـایەتی، ئاسایش



سەرچاوە Serchawe

و مافی مرۆڤ، سەلامەتیی گشتی و خواستی خواوەند بێت، ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەن کە ئالان تورێن بە بنەمای گشتگیری ناویان دەبا.
ئەم بنەمایەش وەک بنەمای ناسنامە و دژایەتی بۆ ناسینی زات و لایەنگیریی پێواژۆیەکی کۆمەلایەتی دەگەڵ گۆڕانی بنەمای گشتگیریدایە.

## پێناسەی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان بریتین لە ڕێکخراوێکی بەتەواو تۆکمە و دیاریکراو، کە بە مەبەستی داکۆکی یان پەرەپێدان یان دەستڕاگەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت ئەندامانی ڕێک دەخا. ئەوەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی دیاری دەکا، داواکاربوون و بانگەشەکەر بوونیەتی کە هەوڵی ناساندن و سەرخستنی ئایدیا قازانج و بایەخەکان دەدا. لەم پێناوەشدا بەردەوام هەوڵی زیاترکردنی ئەندامان و تێکۆشان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، هەروەها بژاردەکانی کۆمەڵگەدایە. ئامانجی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان جۆربەجۆرن، لە گۆڕین یان ڕووخانی سیستەمەکان هەتا قەدەغەی ئێعدام، یان چەکە ئەتۆمییەکان و بەفەرمی ناسینی مافە یاسایی و سیاسییەکانی ژنان و ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان، ژینگە و... . ئەو کەرەسانەی کە لە بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ جیاوازن، بەجۆرێک کە لە پڕۆپاگەندەی سادە بگرە هەتا توندوتیژی لەخۆ دەگرن. بەهەرحاڵ بەدووور لە ئامانجەکان و کەرەسە بەکارهاتووەکان، پێواژۆ کۆمەلایەتییەکان هەمووکات وەک بنەمایەکی هزری نوێ پێناسەی بۆ دەکرێ.

نیل سمێلسێر (Neil Smelser)و بەتایبەتی "ئالین تورێن" کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرانسەیی خوێندنەوەیەکی وردیان بۆ بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان کردووە. تورێن لە خوێندنەوەی خۆیدا بۆ ڕاڤەکردنی کردەوەکان و بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان هەروەها پێکهێنانی ئەوان، بۆچوونێکی نوێ بە زاراوەیەکی باس دەکا، کە ناوی ڕاڤەی "ئاکسیونالیستی" بۆ داناوە، ئەم زاراوەیە (ئاکسیۆناسیون) بە ڕوانینی کۆمەڵناسانە باس لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی نێو کۆمەڵگە دەکا، تێرمی ئاکسیونالیزم قۆناغی چالاکی، نارەزایەتی و میتینگەکان تێدەپەڕێنێ و وەک کاراکتێر یان ئەکتەرە کۆمەلایەتییە چالاکەکان دەست بە گۆڕانی مەزن دەکا، ئەم جووڵانەوەیە جیا لە بزووتنەوەی چینایەتی دەتوانێ گشتگیر بێ و تەنانەت لەسەر پرسی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیش کاریگەریی دەبێ. ئەم ڕاڤەیە پشت ئەستوورە بە ناسین و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بایەخ و هۆکارەکان و هەروەها چۆنیەتیی کاریگەرییان لە پێکهاتنی کردەوەی جڤاکیی کۆمەڵگەکان. تورێن بە هێنانارای ئەم زاراوەیە، ئەم بابەتەش بیردەخاتەوە کە ئەو هەوڵ نادا بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێبازە هاوشێوەکاندا بکا و نایهەوێ کە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستی خۆی لە بەرامبەر لێکدانەوەی کارکردگەرایانە و پێکهاتەگەرایی دابنێ، چوونکە شێوازی خوێندنەوەی هەرکام لەم ڕێبازانە جیاوازە. ئەگەر لە) Functionalism کارکردگەرایی)و structuralism پێکهاتەگەرایی)،



سەرچاوە Serchawe

زانیـاریی پێوەندیـدار بە بەهـا ئاراییەکـان خوێنـدنەوەیان بـۆ دەکرێ، ئاکسیۆنالیست بە چـاوگە و بـنەڕەت و سـەرچاوەی ئەم بەهایـانەوە سـەرقاڵە. بەم پێیە تـۆرین لە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیدا بـۆ بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان، گرنگییەکـی بەرچـاو و تـایبەت دادەنـێ بەشـێوەیەک کە ئەم بـزووتنەوانە وەک پێگەیەک تێدەگـا، کە دەبـنە هـۆی ئافرانـدن و پاسـاودانی بـایەخە نوێیەکـان و بەم پێـیە بزووتنەوەکـان لە لێکـدانەوەی کـارکردی مێژوویـی و گۆڕانکـاریی کـۆمەڵایەتیدا بـابەتی سـەرەکی و ناوەنـدی ئەم خوێنـدنەوانە پێک دێن و لە بـنەڕەتدا لەم بـزووتنەوانە و بەهـۆی ئەم جـووڵانەوەیە کە ئەکتەرانـی داهێـنەر، کردەوەی خۆیان ڕێک دەخەن و بە گۆڕین و خستنە ژێر باندۆڕی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگەی خۆیان هەوڵ دەدەن.(٢)

***

١- ئاشنا بوون بە ئالێن تۆرین (کۆمەڵێک نووسەر) دەزگای ئایدیا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی

٢- گی روشه (تغییرات اجتماعی) منصور وثوقی انتشارات نی تهران صص ١٢٩،١٣٥ چاپ نوزدهم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢١

## سامانی نەتەوەیی، هەویێتی و نەخۆشیی وەندالیزم

"وەندالْ (Vandal)"ناوی قەومێک لە ڕەگەزی "جێرمەن-سلاو" بوون کە لە سەدەی ٥ی زایین لە ئورووپا دەژیان، ئەوان هێرشیان کردبا هەر شوێنێک هەرچی دەستیان کەوتبا وێرانیان دەکرد و دەیانشێواند، بەتایبەت دژی هەموو شوێنەوار و زانست و هونەر و کەسایەتییە جێ ڕێزەکان بوون. ئەگەرچی ئەو قەومە سەدان ساڵە تۆوی نەماوە بەڵام زاراوەی "وەندالیزم" وەک دیاردەیەکی دزێو هاتۆتە نێو وێژمانی کۆمەڵایەتیی هەموو جیهان. دەروونناسەکان پێیانوایە وەندالیزم دژکردەوەیەکی مەبەستدار، دوژمنکارانە و هەڵوێستێکی قین لەدڵانەیە لە بەرامبەر دۆڕان و شکان و ئەو گوشارانەی کە کەس یان کەسەکان (حکومەت) لە بەرامبەر ئەوەی بۆخۆیان بە دژبەر پێناسەی دەکەن.

کەسێک کە لەسەر شوێنەوارێکی مێژوویی ناوی خۆی و ڕێکەوتێک دەنووسێ، یان لە سۆشیال میدیا هێرش دەکاتە سەر کەسایەتییەکان و بە نەشیاوی ناویان دەبا و هێمای سامانە نەتەوەییەکان بریندار دەکا، یان وێنە و کۆتەڵ و گۆڕیان دەشێوێنێ و بێڕێزییان پێ دەکا بە دڵنیاییەوە نەخۆشە، ئەگەرچی ڕەنگبێ لەو نەخۆشییەدا سووچباریش نەبێ. چوونکە دەرەتانی کۆمەڵگە و دۆخی گشتی هیچ کات ئەو ئیزنەی پێ نەداوە کە ئەوکەسە کوڵی دڵی خۆی هەڵڕێژێ، خۆی بنوێنێ و پێشان بدا، هەربۆیە هێرش دەکاتە سەر ئەو شوێنەوارانە و بە بەهای شێواندنی ئاسەوارێکی کولتووری یان مێژوویی بێڕێزی بە کەسایەتییەکی خۆی دەکا و بەم جۆرە خۆی دەردەخا.

لە هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیەدا، "وەندالیزمی کولتووری" لەلایەن حکومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە زیاتر کاری پێ دەکرێ، هەڵبەت لەم مۆدێلەدا تەنیا شێواندنی ئاسەواری مێژوویی و کاری لەم چەشنە نییە بەڵکوو لەخۆنامۆیی بوون و خۆشخزمەتیکردن بە دوژمن بە دژی نەتەوە و شوناسی گەل دەکەوێتە خانەی وەندالیزمی کولتووری. هێرشبردنە سەر ئێلێمان و هێما نەتەوەییەکان، بێڕێزی بە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، زمانی و.... بە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە جۆرێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتییە کە حکوومەتەکان بەستێنیان بۆ خۆش دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن.

دۆخ و ژینگەی سیاسی-کۆمەڵایەتیی تاک لە شەقڵ گرتنی کەسایەتیی وەندالێزمەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە کە ڕەگی لەنێو سیستەمی حکومەت و بنەماڵەدا هەیە. وەندالێزم بە زۆری لەو حکوومەت و بنەماڵانە وەک دیاردەیەکیان لێ دێ و هەڵدەتۆقن کە بەرپرسە یەکەمەکان (لە بنەماڵەدا دایکوباوک و لە حکوومەتدا سەرۆکی وڵات) سەرلێشێواو، نادڵنیا بۆ

بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و بە ڕوانگەیەکی دوور لە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی پەروەردە دەبن و بەردەوام هەست بە کڵۆڵی، داماوی، ترس و پیلان دەکەن، بە شێوەیەکی پڕ لە توندوتیژی لە بەرامبەر دیتران دەوەستن و بە هەوڵدان بۆ ئاژاوە و فیتنە و خۆڕانان گێرەشێوێنی دەکەن. لەم بەینەدا حکومەتەکان زۆرتر لە جۆری وەنداڵیزمی کولتووری ڕێکخراو کەڵک وەردەگرن. لە سیستەمی سیاسیی ئێران نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دیاردەیە لەهەمبەر پرسی کورد لە هێرش بۆ سەر زمان، کولتوور، مێژوو، جوغرافیا و کەسایەتییەکان کەڵک وەرگیراوە.

وەک چۆن دەبینین لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەویدا بە قەڵەمی کەسانی وەک ڕەشید یاسەمی و لەسەردەی ڕێژیمی ئیسلامییشدا شەفیعی کەدکەنی زمانی کوردی وەک دەستەخوشک و زاراوەی "گەڕەک" (محلی) ناو دێنن و هەوێتیی کورد بە مێژووی پڕ لە قۆپی و تەزویری و چەواشەکراوی خۆیان دەبەستنەوە. یان کاتێک هونەرمەندی ڕەسەنی کورد، نەمر حەسەن زیرەک دەگەڵ گۆرانیبێژۆکەیەکی سەبکی پاپی تارانی پێک دەگرن و کێبڕکێی لەسەر دادەنێن! یان کەسانێک فێر دەکەن کە بەردەنووسی کانی ئەژدیها (عەینەڕۆم) و ستێلی ماوانێ (تەرگەوەڕ) و... بشێوێنن یان بێڕێزی بە زمان، کولتوور و جلوبەرگی کوردی بکەن، ئێستاش لە نوێترین کردەوەی نەشیاویان گۆڕی نەمر محەممەدی ماملێ بە سپرای ڕەش دەکەن و وێنەی تابلۆی مەولەوی کورد لە سەقز دەشکێنن و لەسەر دەنگوڕەنگی میللی! سووکایەتی بە فەرەنجی و جلوبەرگی کوردی دەکەن.

ئێمیل دوورکیم یەکەم بیرمەند بوو کە چەمکی"ئانۆمی (Anomie)"و ئاکارچەوتیی لە کۆمەڵگەدا هێنایە سەر زاران کە دواتر کەسانی وەک "مێرتێن" پەرەیان پێ دا. ناوبراو بەشێوەیەکی گشتی باس لە پرسە بێ یاساییەکانی نێو کۆمەڵگە و یەکێک لەوان وەنداڵیزم دەکا. دورکیم ئانۆمی و کردەوەی بێسەرەوبەرەی بەشێک لە کۆمەڵگە کە فێر دەکرێن لە دوو ئاستی "تاک" و "کۆمەڵایەتی"دا پێناسە دەکا. لە ئاستی تاک، جۆرێک ئاڵۆزی و ناتەکووزیی تاکی کە بۆ پووچی، دۆڕان و شکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە وەک هۆکار لەقەڵەم دەدا و لە ئانۆمیی ئاستی کۆمەڵگەشدا نیشاندەری جۆرێک شپرێوی، شێواوی لە نیزامی بەکۆمەڵ دەناسێ کە لەوێدا هەستی تاک بە سەرنجدان بە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێندرێ. بۆیە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە ئاکامی ڕاستەخۆی پەروەردەی دامەزراوە حکومەتییەکانن کە بە هۆکاری ئابووری کۆمەڵایەتی و لەلایەکی دیکەشەوە لەخۆنامۆیی و نائاگایی بەشێک لە بنەماڵەکان بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاوە.

کاتێک باس لە "ئێمە" و "کۆمەڵگە" دەکرێ پرسی "هەوێتی" (شوناس، پێناسە) دێتە گۆڕ. سنووری نێوان "ئێمە" و "دیتران" بە هێڵی هەوێتی خۆیا دەبێ. توێژینەوەی شوناسی نەتەوەیی یەکێک لەو مژارانەیە کە گرنگیی دیرۆکی و کۆمەڵناسانەی هەیە. گرنگی دیرۆکی بەو ئاقارەدایە کە، ئەم دیاردەیە لەئاکام تێپەڕینی زەمەن لەنێو کۆمەڵگەدا شەقڵی

گرتـووە و لە یـاریی نێوان ڕووداوەکـان و ئـاڵوگۆڕە مێژووییەکـاندا گـووراوە. هەر شوناسێک کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگە و لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنا دەبێ لە ڕەوتە مێژووییەکانی سەردەمە جۆراوجۆرەکان وەرگیراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە شوناسی نەتەوەیـی بـۆیە بـایەخ و گرنگـایەتیی هەیە کە یەکێـک لە هۆکـارە هەرە بەرچاوەکـانی بایەخـدان بە سـامانە نەتەوایەتییەکـان، یەکیەتیی کـۆمەڵگە و یەکگرتـوویی نەتەوەیی لە هەر کـۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ. هەر نەتەوەیەک بەو ڕادەیە لە شوناسـێکی پـتەو و ڕاوەسـتاوتر گەیشـتبن بەو ڕادەیە یەکیەتـی و کۆڵەکەکـانی یەکگرتـوویی و هاوپەیمـانی کۆمەڵایەتییان سەرکەوتووتر دەبێ.

درێژبـوونەوەی داگیرکـاریی کوردسـتان و سیاسـەتە جۆراوجۆرەکـانی ڕێـژیمە دیکتاتـۆرەکـان بەتـایبەت لە ئێرانی ئیسلامی بەرەو ڕووی چاند و وێـژە و زمـانی کـوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی بەستێنی ئـابووری، سیاسی و فەرهەنگـی دێـتە ئەژمـار و پشـکی سـەرەکی لە گرفـت و کێشـەی ئەم بابەتـانە بـۆ لایەنـی هەوێتـی دەگەڕێـتەوە. "هویـت" وشـەیەکی عـارەبییە، ئەم وشـەیە لە "هـو" بەمانـای "ئەو" کە جێنـاوی نادیـاری تـاکی نێـرینەیە وەرگیـراوە. هەوێتـی پرۆسـەیەکی وڵامـدەری ئاگاهـانەی هەمـوو تـاکێکە بە کۆمەڵێـک پرسـیار لەهەمبەر ڕابـردووی خـود (کـێم ئەز؟ لەکـوێ ڕا هـاتووم؟ سـەربە چ تـایفە، قەوم و نەتەوەیەکم؟ سـەرچاوە و ڕەسـەنایەتیم بـۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ لە ژێـار وشارسـتانییەتی جیهانیدا چ دەورێکم هەیە؟...)

کەسـانێک کە خۆیـان ناناسـن نـازانن کێن، باوەڕیـان بە خۆیـان نییە و بـایەخ بـۆ بەهاکـانی نەتەوەیـی دانـانێن، تووشـی "قەیرانـی هەوێتـی" دەبـن. ئەو کەسـانە چـوونکە لە خۆیـان نـامۆن نـاتوانن بڕیارێـک بـدەن، ئەوان لە تـرس و دڵەکـوتەدا دەژیـن. زۆرێک لەو کەسانە ئەگە دەرمان نەکرێن بەرەو خەمۆکی و وەنداڵیزمێکی تـۆخ هەڵـدەدێرێن. ئەو جـۆرە مرۆڤـانە ورەی داڕووخـاو و کەسـایەتییەکەی لەرزۆکیـان هەیە، هەسـتی پشـت بەخۆبەسـتنیان نـییە و هێـزی لێکـدانەوە و هەڵسـەنگاندنیان نـامێنێ و لەو کەشـەدایە کە دامەزراوە هەلپەرەسـتەکانی حکـومەتی بەرەو ئاراسـتەی تێکـدان و وێـران کـردن لەسـەر بنـاخەی فرۆشتنی ئاوەز و جەستەی خۆیان، کەڵکی نابەجێیان لێ وەردەگرن.

فەرهەنگ (کولتـوور) هۆکـاری سـەرەکی بـۆ چێکردنـی شوناسـی تـاکی و کـۆمەڵایەتیی کـۆمەڵگە و بە سـەرینچاوەی ڕێوشـوێنی گونجاو و سـامانە مادی و مەعنوییەکـانی یەک نەتەوە لە ڕەوتـی گەشـەی مێژوویـی دێتە ئەژمـار. دوژمن بە ناسین و کـارکردی فەرهەنگ و بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەسـەی جۆراوجـۆر و نـوێی پێوەنـدییەکان هەروەهـا بە تـوێژینەوە و ناسینی کۆمەڵناسیی کۆمەڵگە بە ڕوانینی ئایدۆلۆژی، بۆ بریندار کردنی هەستی پاقژ و ڕاوەستاویان لە ڕەگ و ڕەچەڵەکی ئەو گەلە دەدا.

هەوێتی نەتەوەیی یەکێک لە جۆرەکانی ناسینی شوناسە. شوناسی نەتەوەیی چۆنیەتیی وڵامدانەوەی نەتەوەیەک بەو پرسیارانەی دەوروپشتی، ڕابردوو، چەندایەتی، زەمەن، ئاخێزی سەرەکی، بواری ژیار و شارستانییەت، پێگەی سیاسی، ئابووری، کولتووری و مێژووی خۆیەتی. بەجۆرێکی دیکە گشتگیرترین هەوێتیی کۆمەڵ لای خەڵک، بە شوناسی نەتەوەیی پێناسە دەکرێ و جۆرێک هەستی دەروستی و پێبەندی، هاودڵی بە کۆمەڵەی گشتی (نەتەوەیی)یبە و بەشێک لە شوناسی تاکە.

ئەگە شوناسی نەتەوەیی بە جۆرێک ناسیونالیزم دابنێین، پێناسەکەی دەبێتە ئەوە کە، هەبوونی هەستێکی هاوبەش یان ویژدان و وشیاریی بەکۆمەڵ لەنێو بەشێک لە مرۆڤەکان کە یەکەیەکی سیاسی یان نەتەوە پێک دەهێنن. ئەمە ویژدانی بەکۆمەڵە کە لەناخی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە و لەنێوان ئەوان و ڕابردووەکان پێوەندی و هاوبەشی دروست دەکا و پێوەندی و ئامانجەکانیان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە. خاوەنڕایانی وەک "مۆنتێسکیۆ" و "کۆنت" چەمکگەلی وەک "هێزی سەروو"، "یەکیەتی و یەکگرتوویی"، "هەستی سۆزداری" و "خاڵی هاوبەش" بۆ مانای هەوێتی نەتەوەیی بەکار هێناوە بەجۆرێک کە مۆنتێسکیۆ بە ئاماژەدان بە "ڕوحی گشتی" پێیوایە کە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی قەت ناتوانێ پایەداربێ هەتا ئەوکاتەی هەستی سۆزدارانەی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا پەنگ نەداتەوە.

هەوێتیی نەتەوەیی لایەنی جۆربەجۆری وەک کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جوغرافیایی، سیاسی، ئۆلی، کولتووری یان میراتی کولتووری و زمانی و وێژەیی هەیە و لە ڕاستیدا ئەمانە لایەنی پێوەندیدەر و بیچمگرتنی شوناسی نەتەوەیی و بە شەقڵگرتنی هاوبەشییەکانی یەک نەتەوە دادەنرێ.

لێرەدا دوو خاڵی، نەخۆشیی وەنداڵیزم و هەوێتی (شوناس - نەتەوەیی) زیاتر باسیان کراوە و مەبەست لێیان ئەوەیە کە، ئەگە تاکێکی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەلات خۆی بناسێ (خاوەن شوناسی نەتەوەیی بێ) بەهیچ شێوەیەک تووشی نەخۆشیی وەنداڵیزم نابێ و هیچکات هێرش ناکاتە سەر بەها نەتەوەییەکان و سامانە پڕبایەخەکانی کەسایەتی و شوێنەوارەکان.

خاڵی دووهەم کە دەکرێ سەرنجی زیاتری بدرێتە، سیاسەتە جۆراوجۆر و پڕ لە فرتوفێڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە کە لەماوەی ئەو چەند دەیەدا چەندین جار لەو مۆدێلە و بۆ مەبەستی جۆراوجۆر کەڵکیان وەرگرتووە. ئەمجارەیان کاتێک ناوەندە ئیتلاعاتییەکان بەتەما بوون کۆمەڵێکی دی چالاکانی مەدەنیی کورد ڕەشبگیر بکەن و ترسی ئەوەیان هەبوو کە لەوانەیە خەڵک یان کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوێستی هەبێ هەربۆیە بەو دوو کارە (ڕەش کردنی گۆڕی نەمران مامۆ و شکاندنی شووشەی وێنەی مەولەوی شاعیر) ویستی فکری کۆمەڵگەی چالاکی مەدەنی و ڕاگەیاندنەکان بەلاڕێدا بەری و وزەی نووستوویان بە خاوێنکردنەوەی ئەو دوو شێواندنکارییە بسووتێنێ، لەو کارەشیدا سەرکەوت*.

* هەتـا ئێسـتا ٢٥ی بەفرانبـار ٣٢ کەس لەلایەن هێزەکـانی ئیتلاعـات لە چەنـد شـاری ڕۆژهەڵات دەسبەسـەر کـران، بـۆ ئەوەیکە هیچ کەس بتوانێ هەڵوێستێکی هەبێ).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی جانیۆیری ٢٠٢١

# ئایا مێژوو ڕێسامەندە؟

## ئاماندا ریس / و: شاڕوخ حەسەنزادە

لە فێورییەی ٢٠١٠ ژینگەناسێک لە زانکۆی "کۆنیکتیکێت (University of Connecticut)" بەناوی "پیتر توورچین (Peter Turchin)" پێشبینیی ئەوەی کرد کە لە ساڵی ٢٠٢٠ شاهیدی پەرەسەندنی ئاڵۆزیی سیاسی و ئابووری لە دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاوایی دەبین. ناوبراو ئەو قسانەی لە دژی شیمانەی خۆشبینانە؛ لەهەمبەر پێشکەوتنی زانست لە گۆڤاری "نیچر"دا بڵاو کردەوە و تێیدا دەڵێ، ئەمریکا دەگاتە خاڵی ئەوپەڕ ئاڵۆزییەکیتر لە مێژووی خۆیدا (لێنزیک بە شێوەی بەردەوام ئەم ئاڵۆزییانە هەر پەنجا ساڵ جارێک ڕوو دەدا)، شەپۆلی مەزنی گەشەی ئابووری دەکەوێتە لێژی و ئەم ڕەوشە لە پەنا هەندێک بژاردەی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە کێشە و گرفتەکە خەریکە سەر هەڵبدا. کێشەی قووڵ و زۆرتر بەدخیم و بێ چارەسەری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە لەم دە ساڵە لە ئەمریکای باکووری و ئورووپا سەریان هەڵداوە. ئەمانە شرۆڤەی توورچینیان بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە و مەزەندەیی هێنایە دی!

دوو ساڵ پێش ئەو قسانەش، لە ژوئیەی ٢٠٠٨، توورچین داخوێانی سەرنجراکێشی لەهەمبەر بوون و دواڕۆژی مێژوو هێنابووە بەر باس. ئەو بە هەڵسەنگاندنی دووسەد شرۆڤە؛ بۆ چۆنیەتیی دارمانی ئیمپراتۆریی ڕۆمی کەون، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیبوو کە چۆنە توێژەرانی مێژوو نەیانتوانیوە بە ڕێکەوتنێک بگەن کە "کامە شرۆڤە ماقووڵە و کامە نا"! ئەو دەیگوت، ئەم پرسە ئەوەندە گەوجانەیە کە لە فیزیا، بۆچوونی "فلووجیستۆن" و تێرمۆدینامیک لە ڕەوشی یەکسان پێکەوە بوونیان هەبێ". توورچین دەیەویست بڵێ کە، وەک هەوڵەکانی کە لە پزشکی و زانستەکانی ژینگە بۆ چێکردنی لەش و ژینگە ساغتر بووە، دەکرێ هێندێک هەوڵ بدرێ هەتا بتوانین کۆمەڵگەی ڕاوەستاو دابمەزرێنین؟ بێگومان کاتی ئەوە هاتبوو کە "مێژوو وەک زانستێکی شیکاری و تەنانەت کاڤشکییانەی لێ بێ". ئەو کە دەیزانی وێناچێ مێژووزانان بۆخۆیان وەها شێوازێکی شیکارانە لەمەڕ ڕابردوو بسەلمێنن، بەشێکی نوێی لە زانستی مێژوو پێشنیار کرد بەناوی "زانستی شیکارانەی مێژووی کۆمەڵ" یان "کێلیۆدینامیک."

نەریتی بەشێوازکردنی مێژووی زانستی و خوێندنەوەی ڕابردوو بە مەبەستی شکڵدان بە دواڕۆژ ڕابردوویەکی درێژی هەیە، پوسیتیوستی فەرانسەوی، ئاگۆست کۆنت "یاسای سێ قۆناخ"ی پێشنیار دەدا کە دەیگوت، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دوای تێپەڕینی قۆناخی "ئایینی" و "بانخۆزاو(مێتافیزیکی)" گەیشتووەتە خۆئاگایی زانستی هەتا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگەیەکی

باشتر دابمەزرێنن. ئەمە هەندێک هەڵوێستی بەدوای خۆیدا هێنا لەوانە داروینیسمی کۆمەڵایەتی هێربێرت سپێنسێر، کە ڕاڤەی "مانەوەی باشترینەکان" (بقای اصلح)ی جێ خست. سپێنسێر زۆر کەمتر لە کۆنت بە داوارۆژی مرۆڤایەتی خۆشبین بوو و پێی‌وابوو کە مرۆڤ لەخۆیدا بوونەوەرێکی خۆخوازە. کاری پڕکاریگەر و زۆر ناسراوی سپێنسێر بۆ هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی نێوان گەشەی بایۆلۆژی (ژیانی) و کۆمەڵایەتی هەڵچنرابوو کە بووە هەوێنی لێکۆلەرانی چاخی ویکتۆریایی و سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا، زۆرتر بەو شێوازەی کە ئەمڕۆ بە ئاشکرا یان نهێنی ڕەگەزپەرەستانە دەژمێردرێ. هەموو ئەو شێوازانە لە بۆچوونی "پێشکەوتن" هاوبەش بوون؛ ئەو بۆچوونەی کە دەیگوت مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئینسانی بە تێکچنداوتر بوون، باشتر-ئاوەزمەندتر، لیبراڵتر، مۆدێرنتر و بەتواناتر لە هەوسار کردنی سرووشت- دابوونە. هەروەها هەر هەموویان ئەو بۆچوونەشیان هەبووە کە دوارۆژێکی باشتریش چاوەڕوان دەکرێ، چ بە شێوازی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی کارڵ مارکس، چ شایستەسالاری لەسەر بنەمای چاکسازی ڕەگەزی فرانسیس گاڵتۆن و چ ئارمان شاری سوسیالیستی ئێدوارد بلۆمی.

ئەم بۆچوونە کە پێشکەوتن ناگوزیرە، بە ژینۆساید و توتالیتاریسمی نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم خەتی خوار کرد و بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت، بەڵام وێنای یاسای گشتی گەشەی کۆمەڵایەتی لە نووسراوەکانی توێژەرانی مۆدێرن زۆر پرسیبەر بوو. لە ساڵی ١٩٢٥ ئابووریناسێکی سۆڤییەت بە ناوی "نیکۆلای کۆندراتیێف" داوای ئەوەی کرد کە شەپۆڵگەلێکی لە ئابووری جیهان دۆزیوەتەوە کە هەر ٤٠ یان ٦٠ ساڵ دووپاتە دەبێتەوە و، ئێرنێست مێندێل لە وتارێکدا لەسەر ئابووریی نێئوکاپیتالیستی ئەم بۆچوونەی بە تەواوی پشتڕاست کردەوە. بەڵام بە ڕوانگەی بەشی هەرە زۆری توێژەرانی دیرۆک "ڕاستییەکانی مێژوویی" شتگەلی جیا نین کە سەربەخۆ بوونیان هەبێ و چاوەڕێ بکەن توێژەرێک بێ و ڕاویان بکا و کۆیان بکاتەوە و بە شێوەیەکی ساغ و خاوێن ڕێکوپێکیان بکا.

بەڵگەی مێژوویی سنوورێکی بێدەرەتانی هەیە، چوونکە دەستوێڕاگەیشتن بە ئەزموونی هەندێک لە گرووپەکان هاسانتر لەوانی دیکەیە. کێلیۆمێتریک-شیوازێک بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوو کە وێکچوونی دەگەڵ کیلیۆدینامیکی توورچێن هەیە- ئەم سنووربەندییە بە جوانی خۆیا دەکا. کێلیۆمێتریک کە لەژێر کاریگەری کارداگلاس، نۆرس و ڕۆبێرت فۆگێل (ئەو زانایانەی کە لە ساڵی ١٩٩٣ پێکەوە خەلاتی نۆبێلی مێژووی ئابووریان وەرگرت)، بۆچوونی ئابووری و شێوازی هەژماری لە مێژوو بەکار دەهێنن. ئەم بەشە بە کردنی مێژووی ئابووری لە کارێکی ڕیوایەتتەوەر ڕا دەکاتە چالاکییەک لەسەر بنەمای بیرکاری و ئەو متمانەیەی پێ دەبەخشێ، بەڵام بۆتە جێگەی مشتومڕ و ئاڵۆزییەکەی زۆریش، هەروەک لە بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم بینیمان. لێرەشدا ڕەگەز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، فۆگڵ لە نووسینە گرینگەکەی خۆی بەناوی "کات لەسەر خاچ"(١٩٧٤) کە توێژینەوەیەکی چەندایەتی لەسەر کۆیلەداری لە ئەمەریکایە، لە بەڵگەی وەک چاندن و کار، کەلکی وەرگرتووە هەتا پێشان بدا کە کۆیلەداری لە بواری ئابووری کەرەسەیەکی بەرهەمهێنەری باش بووە و کۆیلەکانی باشوور زۆر

باشتر لە بەشی هەرەزۆری مزبەرانی باکووری بوونە. هەڵوێستێکی توندی پێشبێنیکراو کە ئەم بۆچوونە هەڵایساند هەتا ڕادەیەکی زۆر لەسەر خاڵێک تەکووزی دەکرد(ئەوان باسیان کردبوو بەڵام سەرنجیان نەدابوویێ)، ئەوەیکە بەڵگەی چاندن و کاری سرووشتی کۆیلەدارییان بە تەواوەتی تۆمار نەکردبوو جا چۆن دەیانتوانی شتێکی وەها بکەن، کاتێک گروپێک لە مرۆڤەکان بە چەوساندنەوە و لێکێشانی گروپێکی دیکە ئەوان پێک بێنن؟ زمانی پۆزیتویسمی زانست-زمانی هەڵسەنگاندنی شیمانەکان بە پێدراوەکان- بە چەتوونی دەگەڵ ڕێگای مێژوو دەبێتە هاودەم. کیلیۆمێتریک مێژوو وەک تاقیکارییەک دەبینێ کە کۆمەڵێک پێدراوی(دادە) بەردەوامی هەیە کە دەکرێ بۆچوونی ئابووری جۆربەجۆری تێدا تاقی بکەیتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی "ئێمیل دۆرکیم" هیچ کات نابێ دەگەڵ ڕاستییە مێژوویەکان وەک شتومەک بنوارێ، جا ئەمە ڕێک ئەو کارەیە کە توورچین لە ساڵی ٢٠٠٣ کردی. ئەو کە لە بنەڕەتەوە ژێنگەناسێکی حەشیمەتی بوو، کاتێک بەو ئاکامە گەیشت کە هەموو پرسگەلێکی جێ سەرنجی ئەم بەشە پێشتر چارسەر کراون، وازی لێ هێنا، توورچین بە ئیلهاموەرگرتن لە کاری کۆمەڵناسی ئەمریکایی "جەک گۆڵدێستۆن" کە لە دەیەی ١٩٩٠ هەوڵی دا فەلسەفەی "ئالێکسی دۆتۆکوێل" بکاتەوە هاوکێشەکانی بیرکاری، دەستی کرد بە پیوەندیدانی ڕادەی حەشیمەت بە دەرکەوتنی ئابووری (بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، بە ئاستی نابەرانبەری ئابووری) هەروەها ناجێگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی. توورچین بە دەرخستنی زانیاری وەک قەبارەی خانووبەرە ڕادەی پاشەکەوتی پووڵ و شتگەلی تر، گوتی کە دەتوانێ شوێن پێی ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری و حەشیمەتی لە ماوەی هەزاران ساڵ بدۆزێتەوە. بەتایبەت ئەو دوو پارادایمی دووپاتەکەرەوەی دیتەوە کە لە دەرک پێکردنی مێژووی سیاسی گرینگیەکی زۆریان هەبوو. خولی درێژماوەی کۆمەڵایەتی - حەشیمەتی و سووڕی باوک - کوڕ.

یەکەمیان ئاماژە بۆ دەورانی زەمەنی سەدە دەکا کە لەوێدا شەپۆلی ئاڵۆزی و قەیرانی کۆمەڵایەتی سیاسی بە گەشەی حەشیمەت هەڵدەکشێ و دادەکشێ، کاتێک حەشیمەت دەگاتە دێرانە(ظرفیت)ی بەرگەی زەوی، ستانداردەکانی ژیان دادەبەزێ و ئەو گرووپانەی پێشتر سەردەست بوون، لێ دەکەون و شۆڕشێک بە دژی سیستەمی سیاسی بەرپا دەبێ. لە بگرە و بەردەی ئەو شەڕ و شووڕانەدا حەشیمەت دادەبەزێ و هەتا ئەو دەمیش تێکنۆلۆژێ زیاتر پێش دەکەوێ و دۆخێکی تازە بۆ ژیان سەر هەڵدەدا. ماوەی ئەم خولە زیاتر لە سەدەیەکە. خولی باوک . کوڕ: ئەمە سووڕێکە کە ماوەکەی نزیک پەنجا ساڵە. بەگوێرەی بۆچوونی توورچین بۆ نموونە کاتێک بەرەیەک (بەرەی باوک) شەڕ و توندوتیژی ئەزموون دەکا، بەرەی دواتر(بەرەی کوڕ) نەفرەت لە شەڕ دەکا و ژیانێکی ئارام تاقی دەکاتەوە، بەڵام بەرەی سێیەم (بەرەی نەوە) کە ڕاستەوخۆ توندوتیژی ئەزموون نەکردووە، دیسان حەزی بۆ شەڕ و پێکدادان دەبێتەوە. بنەمای سەرەکیی پێشبینییەکانی توورچین ئەم خولە بوو کە تێیدا باسی ئاڵۆزییەکانی ٢٠١٠ی کردووە.

لە ٢٠١٠ بڵاڤۆکی "کێلیۆدینامیکیس" کە ئاڵاهەڵگری ئەو بەشە نوێیە بوو دەستی بە کار و چالاکی کرد و توورچینیش بەو

ئاراستەیەدا و دەگەڵ باسەکانی پێشووی ئاگۆست کۆنت لە هەمبەر قۆناخی بەردەوامیی تێکچڕژاوی زانستی (لە فیزیکەوە هەتا شیمی و ژینگەناسی هەتا کۆمەڵناسی) لێبڕاوانە ئەم وێنایەی ڕەد کردەوە کە تێکچڕژاوی دەبێتە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەتوانی بە شێوەی چۆنیەتی ڕاڤە بکەی و ئەزقەزا هەر ئەو ئاڵۆزی و تێکچندراوییەیە کە کەلکوەرگرتن لە زانستی بیرکاری بە پێویست دەزانێ. هاوکات دەگەڵ پەرەسەندنی دیجیتاڵیی زانیارییەکان و هێزی دەیتا کە ئیمکانی ڕاڤەی بیرکاری زیاتر دەکا، کێلیۆدینامیستەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی. لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەیان، چوار ساڵ دوای دامەزراندن، بڵاوکراوەی دیرۆکی تیۆری و بیرکاری بوو بە "مێژووی چۆنیەتی و گەشەی فەرهەنگی". توورچین لە سەروتارەکەیدا نووسی، ئامانج لەم هەوڵە دانانی کلیۆدینامیک لە پانتاییەکی بەربڵاوتری شیکاریی گەشە بووە. ئەم سووڕانەی بەئاشکرا بەرەو ڕوانگەی گەشە و فراژ وەرسووڕانێکی مەزنی لێ کەوتەوە کە لەودا بەشێک لە زانستی ئینسانی ڕوویان لە زانستی سرووشتی هێنا. شێوازی هزری نوێ بەناوی "مێژووی قووڵ" یان "دیرۆکی فرە"(تاریخ کلان) گوورا. کە تایبەتمەندییەکەیان کەلکوەرگرتن لە لێڕوانینی فراژی چەند بەشیی بە شێوازی چۆنایەتی و چەندایەتی بوو. ئەم بەشە نوێیانە، بە تێکەڵ بوونی زانستە سرووشتیەکان و زانستە مرۆییەکان بە مەبەسی خوڵقاندنی ڕیوایەتێک لە سەربوردەی مرۆڤ کە لە سەرەتاوە دەست پێ دەکا و هەتا دەگاتە قۆناخی پاش مرۆڤی(پسا انسانی)، پسپۆڕی گونجاو و باوی مرۆڤناسانە و جوگرافیایی لە بەستێنی مێژووی کلاسیک و نەریتی بەرهەڵستی بۆوە. بەتایبەت ئەوان بە تاقیکاری ئەزموونی و چوارچێوەی تیۆری کە لە شیکاری قۆناخە جیاوازەکان و سەردەمە زەمەنییەکان هەرچەند درێژتر یارمەتی دەکردن و ئەوەندی کە دەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا پیوەندیان دەگرت ڕێک بەو ڕادەیەش کەسانی ناشارەزاش ئۆگری دەقەکانیان دەبوو. لە "سێهەمین شامپانزە"(١٩٩١) جێرد دایمۆند هەتا "مرۆڤی ئاوەزمەند"(٢٠١١)ی هێراری، ئەو نووسەرانەی کە لەم نەریتە خامە دەجووڵێنن، شرۆڤەیەکی ڕوون و هاسان دەخەنە بەرچاو کە مرۆڤ لەکوێوە هاتووە و ڕەنگبێ، دەچێتە کوێ؟ کە ئەمە بەڕوونی لەسەر بناخەی گێڕانەوەی چالاکییەکانی فراژ و گەشە دەچێتە پێش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## پێویستی بەردەوام بوونی ڕێپۆرتێری تایبەتیی مافی مرۆڤ بۆ ئێران

لە مانگی ڕەزبەری ١٣٦٣ی هەتاوی بۆ یەکەم جار ڕێپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران بەپێی بڕیارنامەی ١٩٨٤-٥٤ لەلایەن بەرپرسی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیار کرا و بە فەرمی ناسرا، وەک یەکەم کەسیش "ئاندرێس ئاگۆئیلار"ی وێنزۆئێلایی ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا. کار و چالاکیی ڕێپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران ئەوەیە کە چاوەدێری و لێکۆڵینەوە لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا و ڕاپۆرتەکەی بداتەوە بە کۆمیسیۆن -شوڕا-ی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەموو ساڵێ لە شاری ژێنێڤی سویس بەڕێوەدەچێ.

ئێستا دوای ٤٦ دەمین دانیشتنی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانی ئەوە هەیە کە ماوەی مەئمووریيەتی ڕیپۆرتێری تایبەتی بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران درێژ نەکرێتەوە و ببێتە ئاوردووی ساتوسەودای وڵاتانی ڕۆژئاوایی (وەک ئەوەی کە لە ساڵانی (١٣٨١-١٣٨٩) سەردەمی دەستەڵاتی خاتەمی و سەرەتای دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد ڕووی دا و کۆمیسیۆن خۆی لە درێژکردنەوەی چالاکییەکانی ڕیپۆرتێر دزیەوە و بۆ ماوەی نزیک بە دە ساڵ ئەم پۆستە بە چۆڵی مایەوە). لەو ماوەیەدا بوو کە یەکێک لە پڕکارەساتبارترین ساڵەکانی مافی مرۆڤ لە هەموو بەشەکانی و بەتایبەتی ناوەندی ئێران ڕووی دا کە ڕێژیم توانی بەبێ هیچ کێشەیەک بزووتنەوەی سەوز و ناڕەزایەتییەکانی هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرکۆماری ئێران بە توندترین شێوە سەرکوت بکا، ناڕەزایەتییەک کە ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی پشتیوانیی لێ کردبا و پێشی بەو هەمووە پێشێلکارییانەی ڕێژیم گرتبا ڕەنگبێ ئازادی و دێموکراسی لەم وڵاتە دیکتاتۆر لێدراوە وەدی هاتبا.

هەوڵی کۆتایی‌هێنان بە کێشە و ئاڵۆزیی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر کێشەی ئەتۆمیی ئەم وڵاتە و "بەرجام" ئەو نیگەرانییەی لای دامەزراوە و چالاکانی مافی مرۆڤی زیاتر کردووە کە، وڵاتانی خۆرئاوا بۆ هاندانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ هاتنە سەر مێزی گوتوبێژ و دانوستان، پرسی مافەکانی مرۆڤ پەراوێز بخەن و بێدەنگی و چاوپۆشی لە هەموو ئەو بارستاییە زۆرەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی بکەن.

یەکێک لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی ڕیپۆرتەر ئەوەیەکە کە هەموو ساڵێک لە دانیشتنە تایبەتییەکانی ئەنجومەنی مافی



سەرچاوە Serchawe

مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای هەڵسەنگاندن و تاوتوێ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە نێوان دوو دانیشتنەکاندا، بە وردی باسی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بکا، کە ئەمە ڕای ولاتانی جیهانی بۆسەر ئەم کێشەیە زیاتر ڕادەکێشێ بەجۆرێک کە هەتا ئێستا (لە ماوەی تەمەنی ٤٢ ساڵەی کۆماری ئیسلامی ئێران) تەنیا دووجار نەبێ ئەگینا هەموو ساڵێک بە بڕیارنامەیەک ڕەوشی خراپی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران مەحکووم کراوە. لە دوایەمین دانیشتنی ئەم ئەنجوومەنەدا (چلوشەشەمین دانیشتن) جارێکی دیکە "جاوید ڕەحمان"، ڕیپۆرتێری تایبەتی بۆ مافی مرۆڤی ئێران بە شێوازێکی ورد باسی لە پێشێلکارییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرد، دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، ٣٩ ڕێکخراو و داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش لەبەر پێویستی و گرنگی ئەرکەکە داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە ماوەی ڕیپۆرتێریی تایبەت بۆ ئێران درێژ بکرێتەوە. لەو بەیاننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئێران بە لەسێدارەدانی ٢٤٠ کەس لە ساڵی ڕابردوودا دوای ولاتی چین لە پلەی دووهەم دایە. لەو سزا نارەوایەدا گیراوانی پێوەندیدار بە ماددەهۆشبەرەکان و باقی ئەو کردەوانەی کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان وەک "جینایەتی جددی" پێناسە نەکراوە، لەسێدارە دراون. زۆرێک لەو کەسانە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتری بنەماڵەکانیان و پارێزەرەکانیان بەشێوەیەکی نهێنی لەسێدارە دروان، لەم نێوەدا ئاماژە بە ئێعدامی ڕوحوڵڵازم ئەو هەواڵنێرەی کە بە تاوانی! وەڕێخستنی کاناڵی تێلگرامی "ئامەدنیوز" حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا و حوکمەکەش جێبەجێ کرا، کراوە، هەروەها باس لەوە دەکەن کە لەو ماوەیەدا سێ منداڵ-تاوانبار لەسێدارە دروان کە ئەمە پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی یاسا نێونەتیەوەییەکانە و بەپێچەوانەی داواکاری بەردەوامی دامەزراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاتانی ئەندام لە ئێرانە. هەروەها ئەم ڕاپۆرتە هەرچەند زۆر بە پارێز و کورتی، باسی شەپۆلی زۆری دەسبەسەرکراوانی کورد لە مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندان لە کوردستاندا دەکا.

بەردەوامی و سیستماتیکبوونی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران وای کردووە کە ڕێکخراوە مافی مرۆڤییەکان لە ولاتانی ئەندام لە شورای مافی مرۆڤ بخوازن هەتا گوشار بخەنە سەر ئێران بۆ ئەوەیکە ڕیپۆرتێری تایبەت بتوانێ سەردانی ئەم ولاتە بکا و لە نزیکەوە هەموو ئەو پێشێلکارییە بەردەوامانە ببینێ. ئەوان داوایان کردووە کە ولاتانی ئەندام لەهەمبەر ڕەوشی نالەبار و دژواری مافی مرۆڤ هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن و پەیامێکی روون و ئاشکرا بۆ ئێران بنێرن. ئەوان پێیان وایە بە نەمانی ڕیپۆرتێری تایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر هاسانتر دەتوانی خەڵک سەرکوت بکا و هەموو ڕەهەندەکانی مافی مرۆڤی خێراتر پێشێل بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## دوکتورینی کۆماری ئیسلامی، مکانیزمی "مەیدان - شەڕ" و "دیپلۆماسی - فریو"

ڕەشەممەی ١٣٩٩ "سەعید لەیلاز"، ماموستای زانکۆی "بهێشتی"ـی تاران و بەرپرسی "ئێران خۆدرۆ دیزێل"! چاوپێکەوتنێکی سێ کاتژمێر و ١١ خولەکی دەگەڵ وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، "محەممەد جەواد زەریف" کردووە کە لە ٥ـی بانەمەڕی ئەمساڵ بەشێوەیەکی گوماناوی کەوتە دەست کاناڵێکی مێدیایی دەرەوە و بڵاو کراوە. ئەو چاوپێکەوتنە دوورودرێژە کە بە قسەی خۆیان ئامانجیان ئەوە بووە وەک مێژووی زارەکیی دەوڵەتی ١٢ـهەمی ئەو ڕێژیمە تۆمار بکرێ و لە شوێنی خۆ هەڵبگیرێ و لەکاتی خۆیدا بڵاو بکرێتەوە، هەڵای زۆری لە ئاستی نێوخۆیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی ساز کردووە بە جۆرێک وەک باسی ڕۆژەڤی میدیا جیهانییەکانی لێ هاتووە. لێرەدا و لە چەند ئێپیزۆددا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

### وتوویژ

لەم فایلە دەنگییەدا، "زەریف" زۆر بە وردی باس لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەزگای دیپلۆماسیی ئێران دەکا، بەشی هەرە زۆری قسەکانی لە دەوری دانوستانەکانی "بەرجام" خول دەخوا و وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە چالاکیی کۆمەڵەی ژێر دەسەڵاتی میناکی لێ دێنێتەوە. کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەو، گوتوبێژەکان لەهەمبەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دەگەڵ وڵاتانی ٥+١، کێشە و ناکۆکییەکان، چۆنیەتیی واژۆکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەمپەڕ و ئاستەنگەکانی نێوخۆیی و هەروەها زۆر لایەنی شاراوە و نادیار چەقی باسەکەی زەریف پێک دێنن. بەڵام خاڵی جێی سەرنجی قسەکانی کە ئەزقەزا بۆخۆیشی زۆری حەز لێیە ئەم بەشە مەبەستدار زەق بکاتەوە زاڵبوونی ڕۆڵی "مەیدان" (وەک هێمای سیاسەتەکانی سپای پاسداران و حزووری مەیدانی و شەڕەکانی لە ناوچەکە) بە سەر "دیپلۆماسی"دایە. بەڵگە و شاهیدی زۆریش بۆ ڕاستیی بۆچوونەکانی دێنیتەوە، وەک ئەوەی کە لە زاری "جان کێری" (وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی وڵاتی ئەمریکا) زانیویەتی کە ئیسرائیل ٢٠٠ جار لە سووریە هێرشی کردۆتە سەر هێزەکانی ئێران، یان هەر لە "کێری"ی بیستووە کە فڕینەکانی "ئێران ئایر" بە جێگای کۆمپانیای "ماهان" بۆ سووریە شەش قات زیادیان کردووە و داوای لە قاسم سولێمانی کردووە ئەو کارە نەکا، بەڵام ئەو وڵامی داوەتە کە: تەنانەت ئەگە دیپلۆماسی ٢٠٠٪یش خەساری وێ کەوێ ئەو لە پرۆژەکانی خۆی هەر بەردەوام دەبێ.
وەزیری دەرەوە ئێران لەم وتوویژەدا لەهەمبەر ئەمنییەتیبوونی پرسە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە پێوەندیی نێودەوڵەتیدا تووشی دژوازی دەبێ و دەڵێ: گرووپێک لە وڵات بەرژەوەندییان لەوەدایە کە هەموو شتێک بە ئەمنییەتی بکرێ، چونکە ڕۆڵی ئەوان بەرچاوتر دەبێ. ئەو دەڵێ: ئەم گرووپە کەمینەیە جگە لەوەیکە هێزی تێکدانی دۆخەکەیان هەیە، توانای

وەڕێ خستنی شەپۆلێکی بەربەرینیشیان هەیە! ئەو پێیوایە، جێگای نیزامییەکان و دیپلۆماتکاران لە ئێران پێچەوانەیە و هیچ بایەخێک بۆ ئەسپاردنی پرسگەلی سیاسی بە دیپلۆماتکاران دانانـدرێ. ئەو دەڵێ دەگەڵ قاسم سولێمانی لە هەموو باسێکدا هاوڕا نەبووین بەڵام هەستمان دەکرد کە دەبێ دەگەڵ یەکتر هاوتەریب کار بکەین! زەریف هەروەها دەڵێ: دەتوانم بە شەهامەتەوە بڵێم کە من زیاتر دیپلۆماسیم خستە خزمەتی "مەیدان"، هەتا ئەوەیکە "مەیدان" لە پێناو "دیپلۆماسی"دا جوولەی هەبێ. ئەو زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: سەفەری سولێمانی بۆ ڕووسیە بەبێ چاودێری و تەنانەت ئاگاداری دەگەڵ وەزارەتی دەرەوە و بە "ئیرادەی ڕووسیە" و بە مەبەستی "لەنێوبردنی دەسکەوتەکانی وەزارەتی دەرەوە" کرا و پێ دادەگری کە، "کاتێک ڕوسیە ئەو دیدارەی قبول کرد کە بەرجام واژۆ کرابوو". لێرەدایە کە دەڵێ: ئەساسەن لە ئێران دەسەڵاتی دووفاقەمان نییە و تەنیا "دەسەڵاتی تاقانە " هەیە، چونکە ئەوە "مەیدان"ە کە بڕیاردەرە.

ناوبراو لە سەر درەنگ زانینی بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە لە ١٨ی بەفرانباری ٩٨ بە مووشەکەکانی سپای پاسداران دەڵێ: ڕۆژی چوارشەممە فڕۆکەکە کەوتبووە خوارێ. ئەمن نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی لە کۆبوونەوەی شورای بەرزی ئەمنییەتدا بەشداریم کرد. لێرەدا زۆر بەشێوەیەکی قیزەونانە دەڵێ: لەو کۆبوونەوەیەدا ڕامگەیاند، ئەگە هەر بەڕاستی دەزانن مووشەکی وێ کەوتووە بڵێن با بزانم چۆن دەتوانین "عیلاج"ی بکەین! بەڵام ئەوان بە تووڕەییەوە لێم وەدەنگ هاتن، دەتگوت کوفری ئیبلیسم کردووە، گوتیان، هەستە بڕۆ تویتێک بنووسە و بڵێ شتی وا نەبووە. گوتم: من وەزیری دەرەوەم، بۆ مەگەر قەرارە من پاساوی بۆ بێنمەوە!!...

وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە توێ‌تویی قسەکانیدا زۆر زیرەکانە باس لە پێوەندییە بەربڵاوەکانی دەگەڵ دیپلۆماتکارانی جیهان دەکا و مانۆڕی ئەوە لێ دەدا کە چەندەی لابی هەیە و چەندە خەڵک دەناسێ. تەنانەت لە نێوخۆش لە ساڵەکانی ١٣٦٧ەوە کەوتووەتە بەر ڕەحمەتی "ئاغا" و لەو دوو شوێنەوە سەنگەر لە دژبەرانی دەگرێ!

زەریف لەسەر پێوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەتایبەت ئەمریکاش قسە دەکا و پێیوایە کە دەکرێ ئێران دەگەڵ هەموو وڵاتێک تەنانەت ئەمریکاش پێوەندییەکی لانیکەمیی هەبێ. لەپێوەندی لەگەڵ ڕووسیەدا ئەو پێی وایە: ئەو قسەیەی کە دەگوترێ "قاسم سولێمانی "پوتین"ی بۆ مەیدانی شەڕ ڕاکێشا دوور لە ڕاستییە، پوتین بۆخۆی بڕیاری دابوو بێتە مەیدانی سووریە، هەربۆیە سەفەری سولێمانیی بۆ ڕووسیەی تەدارەک دی و هاتە نێو شەڕەکە. دواتریش هێزی ویشکانیی ئێرانیشی بۆ شەڕی سووریە ڕاکێشا و بەسەر ئاسمانی ئێراندا هێرشی دەکردە سەر سووریە و هەوڵی دەدا کە ئێران زیاتر لەو شەڕە بگلێنێ هەتا بتوانێ "دەستکەوتەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئێران" واتە "بەرجام" لەنێو بەرێ. ئەو نایشارێتەوە کەسێکی دیکەش لە سەرەوە یزەریف سێبەری دیار بووە، ئەویش قاسم سلێمانی بوو. ئەو دەگەڵ ڕوسەکان دانیشتنی تایبەتیی هەبووە



سەرچاوە Serchawe

و پڕۆژەی هاوبەشی نیزامی و ئەمنییەتییان هەبووە و لەویش بترازێ "عەلی ئەکبەر ولایەتی"، ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی خامنەییش لە مەیداندا بووە. کەوابوو هەم لە بواری نیزامی و هەمژی لە دیپلۆماسیدا دوو کەسی دیکە لە سەرەوەی زەریف ڕۆڵیان بووە، بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەو دیمەنەیە کە زەریف لە قاسم سولێمانی وێنای دەکا. زەریف وا دەنوێنێ کە سولێمانی بەجۆرێک پیاوی ڕووسەکان بووە و تەنانەت ئەوان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران قورساییان هەبووە و خەتیان داوەتێ. ئەو لە قسەکانیدا زۆرجار ئاماژە بەوە دەکا کە، دوای ڕێککەوتنی بەرجام هیچکات نەیتوانیوە سولێمانی وەک فەرماندەی مەیدان لەسەر شەڕە ناوچەییەکان بگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە یارمەتییەک بە دیپلۆماسی بکا و بەتەوسەوە دەڵێ: بەرزترین دامەزراوەی بڕیاردەر لە ئێران شوێنکەوتووی ڕەوتی "مەیدان"ن، چونکە لەم وڵاتە مەیدانە کە دەسەڵاتی تەواوی هەیە و کێشەکان یەکلایی دەکاتەوە. ئەو دەسەڵاتەی کە لە شەڕی یەمەن سەرجەم هێزەکانی سپای قودس و دەوڵەت و دەزگای دیپلۆماسیی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و لە کێشەی سووریەش بەدوای خواست و "ئیرادە"ی ڕووسیەدا چوو. بەوپێیە خواستی ڕووسیە تەنیا دزەکردن لە سیاسەتی ئێران (بەیتی ڕێبەری) نەبووە، بەڵکوو ئەوان کارگێڕ و پیادەنیزامیشیان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانیان لە مەیداندا هەبووە.

لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە دروشمی "نە شرقی نە غربی جمهوری اسلامی" کە ئێستاش بەسەر دەرگای وەزارەتی دەرەوەدا هەڵاوەسراوە، بەرواڵەت سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیم بووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا خامنەیی بە لای "ڕۆژهەڵات- چین و ڕووسیە"دا شکاوەتەوە کە بەرهەمەکەی هاوکاریی ئێران و ڕووسیە لە سووریە یان گرێبەستی هاوکاریی ٢٥ ساڵەی ئێران و چین بەجێگای، "ڕوانینی ڕۆژئاوا" کە بەرهەمەکەی "بەرجام" بوو، ئاقارێکی تازەتری بەخۆوە گرتووە.

## هەڵبژاردن

بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە بڵاوکردنەوەی ئەو فایلە دەنگییە پڕۆژەی خودی نیزام بووە و بە ئانقەست ئەو هاتوهوریایەیان ساز کردووە و ئەمە بە ڕەوتێکی بەلاڕێدابەری خەڵک لە بەربەرە هەڵبژاردنەکانی بەهاری ئەمساڵدا دەزانێ. دوای بەشداریی زۆر لاوازی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ڕەشەمەی ڕابردوو (پارلمان) ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە کۆمەڵگەی ئێران بەشێوەیەکی زۆر تەکووزمەندتر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بایکۆت بکەن و بەمجۆرە شەرعییەتی ڕێژیم جارێکی دیکەش لە نێوخۆ و دنیای دەرەوە بچێتە ژێر پرسیار. ئەو بۆچوونە لەسەر ئەو باوەڕەیە زەریف بە قسەکانی دەیەوێ پەیامێک بداتە خەڵک کە، لەو سیستەمەدا دوو ڕەوتی دژبەیەک بوونی هەیە، ڕەوتێک کە خامنەیی و سپای پاسداران نوێنەرایەتیی دەکەن و هەموو نەهامەتییەکانی وڵات لە سۆنگەی شێوەی ئیدارەکردنی وڵات لەلایەن ئەوانە و، لەبەرامبەردا "ڕیفۆرمخوازەکان"هەن کە بە شێوازێکی نەرم، پێشکەوتوو، نیشتمانی و بە ڕوانینی دیپلۆماسی هەوڵی چارەسەری کێشەکانی وڵات دەدا. ئامانجی سەرەکیش هاندانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.



سەرچاوە Serchawe

بۆچوونێکی دیکەش هەیە کە پێی‌وایە ناکرێ تەواوەتیی نیزام لەگەڵ ئەم سیناریۆیە بووبێ، چونکی بەو لێفە هەڵدانەوەیە و هەموو ئەو شتانەی هاتوونەتە سەر بەرە. زیانباری سەرەکی تەنیا دەتوانی خودی کۆماری ئیسلامی بێ.

## بزووتنەوەی کورد و دوکتورینی کۆماری ئیسلامی

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی باوەڕی بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران بووە. بۆ ئەو مەبەستەش بە کردەوە گەورەترین باجی داوە. ئەگەرچی پێشتریش خوێندنەوەی ئۆپۆزسیۆن هەر ڕێک ئەوە بوو کە زەریف خۆیای دەکا، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی قسەکانی ناوبراو بەتایبەت لەهەمبەر تێرمی، هێزی "مەیدان" و "دیپلۆماسی" جارێکی دیکە بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران سیستەمێکی "مەیدانی"یە و لە "دیپلۆماسی"یش وەک ئامرازی فریو کەڵک وەردەگرێ. ڕێژیمی ئێران وێڕای هەموو ئەو کێشە و ئاڵۆزییانەی نێوخۆ نیزامێکی یەکدەستە و هیچ دەرفەتێک بە "دیپلۆماسی"ی ڕاستەقینە و سیاسەتی "دیالۆگ" بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان کە هیچ باوەڕی پێیان نییە، نادا و لە هەمان کاتدا بۆ مانەوەی ئەم دەستەڵاتە هەموو هەوڵێکی یاسایی و نامرۆڤانە دەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## فڕۆکەکانی "گاگارین" و ژارە شیمیاییەکان کە بەسەر "شنۆ"دا ڕشتیانن

سیوسێ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژەکانی دوای پەسندکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی شوورای ئەمنییەت لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و حکوومەتی نەماوی بەعسەوە، لە ١١ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (٢ی ئووتی ١٩٨٨ی زایینی) چەند گەڕەکێکی ڕۆژئاوای شاری شنۆ (بەردەزەرد، کەچەڵاوا و مام تەمر) لەلایەن فڕۆکەکانی ڕێژیمی عێراقی پێشوو بە گازی "اعصاب" و "خەردەل" هەشت جار هێرشی کرایە سەر و نزیک بە ٢٨٠٠ کەسی خەڵکی ئەو شارە وەبەرکەوتن. هەروەک شایەتحاڵەکانی ئەم ڕووداوە باسی دەکەن، بە هاتنی بای وەرزیی زریان و دواتر بارانێکی بەڕەحمەت، شوێنەواری کوشندەی ئەو بۆمبارانە زۆر کەمتر دەبێتەوە و خەڵکی ئەو سێ گەڕەکە بەتایبەتی کە شیمانە دەکرا نیزیک بە ٥٠٠ بنەماڵە بوون، کەسیان لێ شەهید نەبوو، بەڵام بەشی هەرەزۆریان بە ژن و منداڵ و پیر و لاو وەبەر ئەو جۆرە گازانە کەوتن و تووشی ڕەوشێکی خراپ بوون.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کاتژمێر چارەگ بۆ سێی بەرەبەیانی ١١ی گەلاوێژی ٦٧ کاتێک خەڵکی شار لە غورابی خەودا بوون، بە فڕۆکەی جۆری "گاگارین"ی سەدام خەڵکی چەند گەڕەکێکی شنۆ وەبەر بۆمباران کەوتن. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن میدیا جیهانییەکانەوە چونکە هەردووک وڵات بڕیارنامەی ئاشتیی نێوانیان واژۆ کردبوو، وەهەرجۆرە هێرشێکی نیزامی بەپێچەوانەی گرێبەستی ئاشتی دەنرخێندرا، ئێران بە دەرفەتی زانی و داوای کرد تیمێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی ئەو شوێنە بکەن. ئەو تیمە دوای سەردانیکردنی شاری شنۆ و دەستنیشانکردنی جۆری بۆمبەکان لەم کارەساتە، ڕادەی بەرکەوتوانیان ٢٦٢٠ کەس مەزندە کرد و لە بڕیارنامەی ٦١٢ی شووڕای ئەمنییەتدا بۆ یەکەم جار ڕێژیمی بەعس بەهۆی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی مەحکووم کرا.

هاوکات وێڕای ئەو تیمەی "یووئێن" چەند هەواڵنێر لە هەواڵدەرییەکانی "ڕۆیتێرز"، کەناڵی یەکی ئیتالیا"، "ڕادیۆ فینلاند" و چەندین وێنەگری شارەزا، وێڕای دیتنی کارەساتەکە، وێنە، فیلم و ڕاپۆرتیان لێ ئامادە کرد. لەم سەردانەدا، جێگری سیاسیی پارێزگای ئەوکاتی ورمێ (عەلی سەعادەت) بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاندبوو، هەتا ئێستا بە بۆمبارانکردنی شیمیایی ڕێژیمی بەعس ٢٢٦٥ کەس بریندار و بەرکەوتوو تۆمار کراون کە لە نەخۆشخانەکانی ورمێ، تەورێز و میاندواو خەوێندراون. هەروەها ڕۆژنامەنووسی ئیتالیایی "پائۆلۆ چیاناتینۆ" ڕایگەیاندبوو کە: "ئەوەی کە من بینیومە کارەساتێکی مەترسیدار و ترسێنەرە، ئەوەی بینیومە فیلمم لێ هەڵگرتووە و بە هەموو جیهانی پێشان دەدەم. لێرە هیچ هێزێکی چەکدار

نابینرێ و هەمووی خەڵکی ئاسایین و ژن و منداڵی لێ نیشتەجێیە. بەڵام دەبێ بەرلە هەموو تشتێک پێش بە بۆمبارانکردن بە چەکی شیمیایی بگیرێ و هەرچی زووە مەحکووم بکرێ".

دوای ٣٣ ساڵ لەم کارەساتە و بەپێی هاتنە بەرباس و مەحکوومکردنی لە بڕیارنامەی ٦١٢ی شوڕای ئەمنییەتدا و هەروەها مەحکومکردن ئەو بازرگانانەی هاوکاریی ڕێژیمی عێراقیان کردبوو لە دادگایەکی فینلانددا، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کۆماری ئیسلامی بێجگە لە هەڵڕشتنی فرمێسکی تیمساح بۆ خەڵکی کورد، خۆمەزڵوومکردنی ڕیاکارانە و پیرۆز نیشاندانی شەڕی ٨ ساڵە و پاکانەکردن بۆ ئەو جینایەتانەی کە لەو ماوەیەدا کردوویەتی، هیچ هەوڵێکی بۆ ئەو هەزاران بریندار و کەمئەندامە شیمیاییکراوانە نەداوە؛ بە جۆرێک لەو ٢٦٢٠ کەسە تەنیا ٤٧ کەس خاوەن پەروەندەی کەمئەندامی لە پێنج هەتا ٧٠ لە سەدن و باقیی خەڵکە بەرکەوتووەکەی دیکە هەروا هەناسەی بۆگەنیوی ژەهری هەڵاواردن و کوردبوون هەڵدەمژن!

ئەگەرچی هۆکار و بڕیاردەران و خوڵقێنەرانی ئەم کارەساتە حکوومەت و حیزبی بەعس بوون کە ئێستا لە دەسەڵاتدا نەماون و فڕێ دراونە زبڵدانی مێژووەوە، بەڵام پێویستە ئەو جینایەتکارانەی کە لە ئێران دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و زۆرجار ڕووی سەدامیان سپی کردووە و، هەموو ڕۆژێ بە لەونێکیتر نەک هەر لە شنۆ بەڵکوو لە سەرتاسەری کوردستان جینایەت دەخوڵقێنن و ڕۆڵە و کەسوکاری هەر ئەم قوربانیانەی بۆمبارانی شیمیایی لە سنوورەکان وەک کۆڵبەر دەکوژرێن، لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە دەدرێن و لەبەر بێکاری، هەژاری و بێهیوایی کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن، ئەوانەش شەریکی تاوانەکانی سەدامن و پێویستە لەسەر کورسیی مەحکوومانی جینایەتی دژبە مرۆڤایەتی دابندرێن و سزا بدرێن.

هەرچەند ڕای جیهانی ئازاد، خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری جیهان، بۆمبارانی شیمیایی شار و ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات (شنۆ، سەردەشت، زەردەی هەورامان) بەناوی جینایەتکارانێکی وەک سەدام و هاودەستەکانییەوە تۆمار کردووە و لە هەمان حاڵێشدا ناوی بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کە ئەوکات تەپڵی "شەڕ، شەڕ، هەتا سەرکەوتنیان" دەکوتا و بەتەما بوون قودس لە ڕێگەی کەربەلاوە فەتح بکەن و بارگەوبنەی ڕێژیمە کۆنەپەرستەکانی هاوشێوەی خۆیان لە هەموو ناوچەکە بڵاو بکەنەوە، دەبێ وەک شەریکی ئەم تاوانە دابندرێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# سێ پاڵنەری سەرەکی بۆ "سەربەخۆییخوازی"

**سێ پاڵنەری سەرەکی بۆ "سەربەخۆییخوازی"**

**(بە بیانووی ناگرتێبەردانی پەیکەری ماموستا هەژار)**

سێ پاڵنەری گرنگ بۆ ویستی سەربەخۆییخوازی بریتین لە: یەکەم: دیاریکردنی مافی سروشتیی چارەنووسی خۆت، دووهەم: هەبوونی دەسەڵاتێکی توتالیتەر و سێهەم: ڕەگەزپەرەستی و سووکایەتیی چینی هەڵبژاردەی باڵادەست.

## مافی دیاریکردنی چارەنووس

مافی دیاریکردنی چارەنووس (The right to self-determination) لەو دەستە مافانەی، مافەیلی مرۆڤە کە بەو پێیە تاک یان نەتەوەکان بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان لە پانتایی جۆراوجۆری وەک سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ... دیاری دەکەن. ئەو مافە وەک ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی دەژمێردرێ کە بەو پێیە سەرجەم تاک و گرووپەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین و... دەتوانن کاروباری خۆیان لە بەستێنە جیاوازەکان بەدەستەوە بگرن. بەگشتی مانای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین هەروەک ئەوەی کە لە بەڵگە نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرەکانی وەک جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەکان، ڕاگەیەندراوی پێوەندیی دۆستانە، بڕیارنامەی ٢٦٢٥، ڕاگەیەندراوی پێدانی سەربەخۆیی بە خەڵکی داگیرکراو و... باسی لێوە کراوە، بە مافی سەرجەم خەڵک و نەتەوەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئازادانەی ڕەوشی سیاسی خۆیان و بەدواداچوونی ئازادانەی دۆخی گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان دەگوترێ.

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەڵێننامەی حقووقی سڤیل و سیاسی و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە چوارچێوەی بڕگەی ١ی هاوبەش، بە پەسندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتووە و پاراستنی وەک دابودەستورێکی تۆکمە و پتەو لە کەشی حقووقی نێودەوڵەتی وەک بنەمایەکی زۆر پێویست سەیری دەکرێ. هەروەها لە بەستێنی جیلی سێهەمی مافەیلی مرۆڤ کە ڕوانینێکی نوێی بۆ ئەو دەستە لە مافانە هەیە، جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە بەجۆرێک کە وەک مافێکی گشتی و تێکڕایی بۆ مرۆڤایەتی لەبەرچاو گیراوە. ئەو مافە، تایبەت بە خەڵکە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە وڵاتانی دژبەری ئەم بۆچوونە، پێناسە و ماناکەیان بە پاساوی "جیایی و جیایی خوازی و

یەکپارچەیی خاک" ئالۆز کردووە و بەرژەوەندیی بەشێکی دیکە لە وڵاتانیش بۆتە هۆکار کە ئێستا وەک باسێکی مەترسیداریان لێ کردووە!

پرۆفیسۆر "مایکێل ئەکهارست" لە کتێبی "سەرجەم حقوقی نێودەوڵەتیی نوێ"، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئاوا پێناسە دەکا: مافێکە کە بەپێی ئەو، خەڵکی نیشتمانێک کاروباری سیاسی و حقووقیی ئەو خاکە دیاری دەکەن هەتا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ یان ئەوەیکە وەک بەشێک لە دەوڵەتێکی دیکەیان لێ بێ". فەرهەنگی "پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان"، مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێک دەزانێ کە هی گرووپێکی دیاریکراو لەو خەڵکەیە کە خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکەنەوە و بەتەواوەتی مافی خۆیانە ئەو نیشتمانەی کە بۆخۆیان دەخوازن و تێیدا دەژین و ئەو حکوومەتەی کە بۆخۆیان دەیانهەوێ دابمەزرێنن."

هەر بەپێی ئەو بەڵگە نێودەوڵەتییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکا هەتا دۆخی سیاسی و مەدەنی خۆی ئازادانە هەڵبژێرێ، هەروەها گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی داوا و دابین بکا. هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە سامان و سەرچاوەکانی سرووشتی خۆی بەبێ هیچ کێشە و گرفتێکی وەک هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی، لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی هاوبەش و حقوقی نێودەوڵەتی ئازادانە پاوان بکا و هیچ کات ناکرێ نەتەوەیەک لە سەرچاوە و یارمەتی و هاوکارییەکانی خۆی بێبەش بکرێ و وڵاتانی تەرەفی بەڵێننامەکانیش ئەرکدارن کە بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان ڕێز لەو مافانە بگرن.

## هەبوونی دەسەڵاتێکی توتالیتەر

توتالیتەر جۆرێک لە ڕێژیمێکی سیاسییە کە لەوێدا، لێنزیک سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کەسی و گشتیی خەڵک لەژێر چاودێریدایە و بەگشتی تایبەتمەندیی ئەم جۆرە حکوومەتانە بریتین لە، ئایدۆلۆژییەکی گشتی، سیستەمێکی تاکحیزبی تایبەت بەو ئایدۆلۆژییە کە لیدەرەکەی تەنیا یەک کەسە، هەبوونی دەزگای سیخوڕ و پۆلیسیی جۆراوجۆر و بەربڵاو، پاوانی کەرەسەی پەیوەندییە گشتییەکان، دەسبەسەرداگرتنی ئابووری، باوەڕنەبوون بەهیچ جۆرە ماف و ئازادییەک بۆ ئەوانی دی، نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، سەرکوتی توندی حیزب و کەسایەتیی سیاسی، ئۆلی، نەتەوەیی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژایەتیی توندی ڕەخنەگران و دژبەرانی حکوومەت و... لەم جۆرە سیستەمانەدا شێوازی جۆراوجۆریان هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە جۆری وەک، زۆرداری، سەرەڕۆیی، حکومەتی موتڵەقە، ئۆل سالاری و. ...

میناکی هەرەبەرچاوی ئەم جۆرە حکوومەتانە مائۆ لە چین، ستالین لە سۆڤییەت، موسولینی لە ئیتالیا، هیتلەر لە ئەلمان، سۆنگ لە کۆرەی باکوور، بەشار ئەسەد لە سووریە، چاوێز لە ڤێنزوئێلا، کاسترۆ لە کوبا و ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامیی ئێران. لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا هیچ جۆرە ئازادییەکی سیاسی، تاک و ڕێکخراوەیی بوونی نییە و خواستی خەڵک بۆ هیچ چەشنە باسێک لەبەرچاو ناگیرێ هیچ، بەڵکوو بەتوندی بەرپەرچ دەدرێتەوە و ڕێز بۆ مرۆڤەکان و بایەخە مافە مرۆڤییەکانیش دیزەبەدەرخونە دەکرێ! لە کەشێکی وەهادا کە مافی نەتەوەکان و ئازادیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری لەبەرچاو ناگیرێ و هیچ ڕۆچنەیەک بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی بەدی ناکرێ، باوەڕمەند بوون بە زمانی دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن هەر بوونی نییە و مەنتقی گوتوبێژ دەست نادا و بێمانایە، ویستی سەربەخۆیی تاکە ڕێگای ئەو گەلانەیە کە لەناو سیستەمێکی توتالیتەردا دەژین.

## ڕەگەزپەرەستی و سووکایەتیی چینی هەڵبژاردەی باڵادەست

ئاپارتاید، هەڵاواردن، سووکایەتی و بێڕێزی جۆرێکی تایبەت لە ڕەگەزپەرەستییە کە بەپێی لۆژیکی هەڵە و گشتیی مرۆڤەکان بەجۆرێکی نەشیاو و بێ نەرمی نواندن شەقڵ دەگرێ. لەم ڕوانینەدا بە لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز، مێژوو، زمان، کولتوور، ئایین و زایەندی لایەنەک، لەلایەن لایەنێکی دیکە (باڵادەست) دەچەوسێتەوە و بێڕیزی پێ دەکرێ. بەتایبەت ئەگە ئەو سووکایەتی و بێڕێزییانە لەلایەن چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵگە ئاگاهانە بکرێ و بە نییەتی شکاندنی نەتەوەیەک بێ، لە ئەستی لایەنی بەرامبەر سەربەخۆیی خوازی وەک تاقە ڕێگای دوور کەوتنەوە لەم کێشانە دەبێتە پرسێکی تایبەت و کار بۆ جودا بوونەوە لەم نەریتە نەشیاوە دەکرێتەوە بۆ بەرگری کردن لە شوناسی خۆی.

هێرش بردنە سەر ئێلێمان و هێما نەتەوەییەکان، بێڕێزی بە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، زمانی و.... بە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە جۆرێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتییە کە حکوومەتەکان بەستێنیان بۆ خۆش دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن. وەک چۆن لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەوی بە قەڵەمی کەسانی وەک ڕەشید یاسەمی و لەسەردەمی ڕێژیمی ئیسلامییش شەفیعی کەدکەنی زمانی کوردی وەک دەستەخوشک و زاراوەی "گەرەک" (محلی) ناو دێنن و هەوێتیی کورد بە مێژووی پڕ لە قۆپی و تەزویری و چەواشەکراوی خۆیان دەبەستنەوە. یان کاتێک کەسانێک فێر دەکەن کە گۆڕی مامڵێ لە مهاباد بشێوێنن، وێنەی تابلۆی مەولەوی لە سەقز ئاگر تێبەردەن، کۆتەڵی ماموستا هەژار بسووتێنن، یان بێڕێزی بە زمان، کولتوور و جلوبەرگی کوردی بکەن؛ ئەمانە بێڕێزی و سووکایەتی شەبەنگێکی باڵادەستە کە بە زانیارییەوە هەوڵی ئەو شکاندنە دەدا.
کاتێک باس لە "ئێمە" و "کۆمەڵگە" دەکرێ پرسی "هەوێتی"(شوناس، پێناسە) دێتە گۆڕ. سنووری نێوان "ئێمە" و "دیتران" بە هێڵی هەوێتی خۆیا دەبێ. توێژینەوەی شوناسی نەتەوەیی یەکێک لەو مژارانەیە کە گرینگی دیرۆکی و کۆمەڵناسانەی هەیە. گرینگیی دیرۆکی بەو ئاقارەدایە کە، ئەم دیاردەیە لە ئاکام تێپەڕینی زەمەن لەنێو کۆمەڵگەدا

شـەقڵی گرتـووە و لە یـاریی نێـوان ڕووداوەکـان و ئـاڵوگۆڕە مێژوویـیەکـان گـووراوە. هەر شوناسـێک کە ئەمـڕۆ لەکـۆمەڵگە و لەنێـوان گـروپە کۆمەڵایەتییەکانـدا وێنـا دەبـێ لە ڕەوتە مێژووییەکـانی سـەردەمە جۆراوجۆرەکـان وەرگیـراوە. لە ڕوانـگەی کۆمەڵناسییەوە شوناسی نەتەوەیـی بـۆیە بـایەخ و گرنگـایەتی هەیە کە یەکێک لە هۆکـارە هەرە بەرچاوەکـانی بایەخـدان بە سـامانە نەتەوایەتییەکـان، یەکێتـی کـۆمەڵگە و یەکگرتـوویی نەتەوەیـی لە هەر کـۆمەڵگەیەک پێناسـە دەکـرێ. هەر نەتەوەیەک بەو ڕادەیە لە شوناسـێکی پـتەو و ڕاوەسـتاوتر گەیشـتبن بەو ڕادەیە یەکیەتیـی و کۆڵەکەکـانی یەکگرتـوویی و هاوپەیمانی کۆمەڵایەتیان سەرکەوتووتر دەبێ.

ئەوە لە حاڵێکـدایە، کوردسـتانی ڕۆژهەڵات دەگەڵ ئەوەیـکە زینـدووترین و مێژوویـتـرین ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی تێـدا هەڵکەتـووە بەڵام هیچکـات ئیزنـی بە ناسـیۆنالیزمێکی دەمـارگرژانەی وێـرانکەر نەداوە ببێـتە وێژمـان، یـان بێڕێزیـی بە کەسـایەتی و زمـان و مێـژوو و کولتـووری هـیچ نەتەوەیەکـی نەکـردووەتە دەسـتووری کـار. کـورد لە ڕۆژهەڵات بەجۆرێـک ناسیۆنالیزمێکی دێموکراتیک و مرۆڤـتەوەری ڕەچاو کردووە.

ئەوەش شـایانی گـوتنە کە "سـەربەخۆیی‌خوازیی" و "جیاییخوازی" دوو چەمکـی لێـک جیـاوازن. سـەربەخۆییخوازیی بە ڕوانینـی سیاسی تێکۆشـانێکە بـۆ دامەزرانـدنی حکـوومەتێکی نەتەوەیی کە لەژێر دەستی داگیرکەردایە و گەلەکەی دەچەوسێتەوە. بەڵام جیـاییخوازی بە ڕوانـگەی فەلسـەفەی سیاسـی بـریتییە لە وازهێنـانی گرووپێـک لە دامەزراوەیەکـی مەزنتـر یـان حیزبێـک یـان حکوومەتێک بە قەولـی "ئـالێن بوچانـان" جۆرێک تەلاقـی سیاسی وەرگـرتنە لە حکـوومەتێکی دیکە کە ئەمە هەوڵـدانە بـۆ جیـاکردنەوە و دابەشکردنـی وڵاتێـک کە داگیـر نەکـراوە و خەڵکەکەشـی ناچەوسـێندرێتەوە. سـەربەخۆیی خـوازی لە ئاسـتی نێودەوڵەتی و بەپێی یاسـا نێونەتەوەییەکـان دەچێتە قەوارەی مـافی دیـاریکردنی چارەنووس و ڕەوایـی پێ بەخشراوە، بەڵام جیایی‌خوازی نەک هەر ڕەوایی پێ نەدراوە بەڵکوو بە دەستتێوەردان لە خاکی وڵاتێک دادەنرێ و سەرکوتیش دەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ئاکاری (Ethicd) کۆمەڵایەتییە کە بەوان هۆکار، دەستەیەکی زۆر لە مرۆڤەکان دژکردەوە و ناڕەزایەتیی خۆیان لە چوارچێوەی، کاری گشتی (collestiv actin) ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی ئارایی دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی، هەڵاواردن و جیاوازی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هەژاری)، کولتووری و...بێ. پاراداێمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە ناڕەزایەتیی ئاشتیانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی تریش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا شەڕ و تێکهەڵچوون بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەک: چاکسازی (لە نزمترین ویستدا) و دوو، گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن.

تێرمی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی جۆراوجۆری بزووتنەوەکان پڕڕەنگە و بە ئاسانی ناتوانرێ سنوورێک بۆ جیاکردنەوەی دەرکەوتە پێوەندیدارەکان بدۆزیتەوە. ئەم ئاڵۆزییانە بوونە هۆی ئەوەی کەڵک لە تێگەیشتنی دیکە لەجیاتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەربگیرێ و لە ئاکامدا جووڵانەوەی جڤاکی بە بابەتەکانی دیکەوەی وەک گۆڕان و شۆڕش لێکدرانەوە، یان لە بابەتە تایبەتییەکانی تری وەک ئاکاری کۆمەڵ کورت کراوەتەوە. لە تێگەیشتن و پێناسە نەریتییەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانین ئاماژە بە ئاکاری گشتی، کاری گشتی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، جیاوازیی کۆمەڵایەتی، بەرەنگاریی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستوەرگرتنی ڕاستەوخۆ بکەین. لە ڕاستیدا ئەم تێگەیشتنانە تەنیا بەشێک لە فامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پێکدێنێ و ئاماژە بە پێناسەی سەربەخۆی ئەو ناکەن.

لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٦٠ ئادگاری نوێی کرداری کۆمەڵایەتی - سیاسی خۆیا بوون و دروستکەری گشتگیرترین بزووتنەوەکانی دوای ١٩٣٠ بوون. کاراکتێری ئەم جیاوازییە زۆرتر لاوان و ژنان و کەمنەتەوەکان بوون، کە ناکرێ ڕەفتاری ئەوان لەسەر بنەمای کەلێنە سیاسی-کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان لێکبدرێتەوە. لە ئاکامدا بابەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک دەستوری کاری ئەو کەسانەی لێ هات کە هاوبیری ئەم بوارە بوون یان بەشێوەیەکی چالاک لەم بەشەدا توێژینەوەیان کردووە. لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٧٠ ژمارەیەکی زۆر بیرۆکەی نوێ لەم بوارەدا وێنا کران.

بەپێی پۆلێنبەندییەک ئەم تیۆرییانە بەسەر دوو گرووپی، ئەمریکایی و ئورووپایی دابەش کران. تەوفیر لە نەریتی



سەرچاوە Serchawe

بیرکردنەوەی ئەمریکایی و ئوروپایی و جیاوازی ئەو بزووتنەوانە لەم دوو قۆرنەیە سەریان هەڵداوە و بەستێنسازی ئەم جۆرە ڕێکخستنەیە. بە ڕوانینێکی خێرا، لێڕوانینە ئەمریکاییەکان لەبارەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر لەژێر کاریگەریی سوننەتی کارکردندان، لەکاتێکدا کە تیۆرییە ئوروپاییەکان زیاتر بە لێڕوانینێکی نیۆمارکسیستیی دەرکەوتەکان ڕاڤە دەکرێن. ئەم بابەتە بە ڕێژەیەک لە ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، چوونکە لە ئەمریکا ئەو ڕێکخراوانەی لە ئاکامی نارەزایەتییەکانەوە درووست بوون خێرا بەرەو کارخوازی دەچن و زۆرتر وەک گرووپی خاوەن بەرژەوەندی ڕێککەوتن، بەڵام لە بەرامبەردا لە ئوروپا ئەم بزووتنەوانە زیاتر دژی سیستەم بوون و زۆربەی تایبەتمەندییەکانی خۆیان لەوانە جەخت کردنەوەیان لەسەر ئیدۆلۆژی لە چەپەکان وەرگرتبوو.

جیاکاریی تیۆرییە نوێیەکانی بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای شوێنی جوگرافی لە ئێستادا کەمتر باوە و ناتوانێت بە شێوەیەکی تەواو سەرجەم تیۆرییەکان بگرێتەوە. بەتایبەت ئەو تێڕوانینە ئاڵۆزانەی کە ناکرێ بە سانایی لە یەکێک لەو دوو بەشەدا جێ بکرێنەوە.

هەڵاواردن لەسەر بنەمای "کلاسیک" و "نوێ" مۆدێلێکی تر لە ڕێکخستنی تیۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. هەندێک خاوەنڕا لە بواری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە جیاکاری ئەم پێوازۆیانە بۆ کلاسیک و نوێ لەسەر بنەمای قۆناغی مێژوویی تیۆرییەکان ڕێکدەخەن. لەم ڕێکخستنەدا، ئەو تیۆرییانەی کە پێوەندییان بە ساڵانی بەر لە ١٩٦٠ هەیە کلاسیکن و ئەوانەی دوای ئەمساڵەش بە نوێ دەخەملێندرێن. بنەمای ئەم ڕێکخستنە پێداگری لەسەر نوێبوون دەکا (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان) و بۆ پێناسەکردنی ئەم جۆرە جووڵانەوانە بەکار دێ کە لە ١٩٦٠ەوە لە بواری کۆمەڵایەتیدا گرنگیان پێدراوە. لە ئاکامی دەرکەوتنی لەپڕ و بەرفرەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شەپۆلێکی نوێی تیۆرییەکان دەرکەوتن. زۆربەی ئەم تیۆرییانە پێیان وابوو کە ئەم بزووتنەوە نوێیانە بە پێچەوانەی کلاسیکەکان لە هەلومەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسیدا گووراون. لە ئالییەکی تر ئەندامانی سەرەکیی ئەم بزووتنەوانە تەنیا کرێکاران و تەردکراوانی کۆمەڵگە نەبوون، بەڵکوو ژنان، خوێندکاران و لاوان ڕۆڵیان لەم جۆرە بزووتنەوانەدا هەبووە.

## تیۆری بزووتنە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی چوار تێڕوانیندا شرۆڤە دەکرێ:

### ١- تێڕوانینی ئاکاری بەکۆمەڵ (کلاسیک)

کۆمەڵە تیۆریی دەروونناسانە، ڕەوشتمەندانە و ڕایەڵەکەی کۆمەڵگە لەم دەستەیەدا هەڵدەکەون. دەگەڵ بوونی ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕیزبەندیی تێگەیشتنەکان و قاڵبی تیۆری ئەم سێ دەروازەیە هەیە، خاڵی هاوبەشی ئەم سێ تیۆرییە



سەرچاوە Serchawe

تایبەتمەندیی هەستیاری کرداره و کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تاک وێنا دەکا. سەرکەوتنی ڕەوشتمەندانە بەسەر زانستی کۆمەڵایەتیی ئەمریکا دەرفەتێکی گونجاو بۆ خستنەڕووی تیۆرییەکانی دەروونناسیی ئامادە کرد. هەتا ئەو جێگای کە خولقێنەرانی تیۆری کە کاریگەریی بەرهەمی کارکردنیان لەسەر بوو لە ڕاڤەی جووڵانەوەکان پرژانە سەر "ڕەوشت، ئاکار" وەک تێگەیشتنێکی سەرەکی و بنچینەیی. تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەش دەگەڵ ئەوەیکە زیاتر پشتیان بە لایەنی کۆمەڵایەتیی ئورووپا دەبەست، لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی تاکیان لەبەرچاو دەگرت. بەگشتی لە کۆمەڵگەشدا سەرنجیان دەدا سەر هەستی غەوارەیی و نیگەرانی و سەرکوتکردن هەروەها بێبەشبوونی ڕێژەیی، لەسەر ڕەوشی دەروونی تاکەکان جەخت دەکاتەوە.

## ٢- تێڕوانینی ڕێکخراوەیی

ئەو کۆمەڵە تیۆرییانەی لەژێر ناوی (ئامادەیی سەرچاوەکان)ن، بێجگە لە تیۆرییەکانی خوڵقاندنی دەرفەتی سیاسی و قۆناغەکانی ڕەخنە لێرەدا دەبینرێنەوە. لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان شێوازی ناسراوی کاری سیاسین، بەشێوازێکی دیکە ئەو لایەنانەی ڕۆڵیان هەیە بە شێوەیەکی ئاوەزمەندانە چالاکی دەکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن ڕێکخراوەکان ڕۆڵی سەرەکی لە ئامادەکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ کاری بەکۆمەڵ دەگێڕن چونکە بزووتنەوەکان بە بەشێک لە پرۆسەی سیاسی ئاسایی هەژمار دەکرێن، جیا لەسەر پێداگری لەسەر چوارچێوەی سیاسی تیۆرییەکان، دوو خاڵی هاوبەشی دیکەیان هەیە:

**یەک**: چالاکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ناتەکوزمەند نازانن.
**دوو**: بەشدارانی ئەم جووڵانەوانە بەبێ ئاوەز ناناسن.

## ٣- تێڕوانینی کۆمەڵگەی مەدەنی

بەپێچەوانەی باوەڕی لیبرالیستییەکانی پێشوو بیروهزریان بۆ بیرۆکەی نیومارکسیستی دەگەڕێتەوە، چوونکە ئافرێنەرانی ئەم تیۆرییە کە لێرەدا ڕێکخراون (تورین، هابێرماس و ملووچی) لەسەر لایەنی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەکان پێ دادەگرن و بەپێچەوانەی دەرهاویشتەی تیۆرییە کلاسیکی و ڕێکخراوەییەکان، ئامانجی بزووتنەوەی جڤاکی بە کاریگەری خستنە سەر پرۆسەی سیاسی دانانێن بەڵکوو تێکدانی سنوری شێوازی کۆمەڵایەتی و ئاڵۆزکردنی دەکەنە ئامانج. بەپێوانەی تێڕوانینی ڕێکخراوەیی کە سەرنج دەداتە عەقڵانییەتی ئامرازی، لە ڕوانینی کۆمەڵگەی سڤیلمەندا جەخت لەسەر عەقلانیەتی پێوەندی دەکەنەوە و لەسەر ئەم بنەمایە هەرچییەک لە بیری تێڕوانینی ڕێکخراوەیی لایەنی ئامرازی هەیە (ئایدۆلۆژی،

ناسنامەی بەکۆمەڵ، جۆری پێوەندییەکان، ڕێکخستن و...).

بابەتی سەرەکیی ئەم تێڕوانینە دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرەکیی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکانە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەسەری هەڵدەچنرێن. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕوانینە لە ڕیزی کۆمەڵگەی سڤیلدان و جەخت لەسەر تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوە جڤاکییەکان دەکەنەوە و گرنگی پێوازۆیەکان لە بەستێنی جیاواز لە چالاکی سیاسیدا هەڵدەسەنگێنن. بە واتایەکی دیکە، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی نادەن بەڵکوو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جڤاکی سڤیل وەک ئامانجی کارەکانی خۆیان دادەنێن. هەرچەند دەکرێ هەندێک لایەنی سیاسیش بەخۆوە بگرێ یان لە ئامرازی سیاسی کەڵک وەربگرن بەڵام ئامانجی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕان لە کۆمەڵگەی مەدەنیدایە. بە نێرینی هابرماس؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک لە ژینگەی جیهان (جڤاکی مەدەنی) وەردەگرن نەک مەنتقی سیستەم (کۆمەڵگەی سیاسی).

## بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێباوەکان

ئاڵۆزییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم لە ئورووپا سەریان هەڵدا، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە ململانێی کار و سەرمایە، تەوەر و بایەخی خۆیان لەدەست داوە. زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگە ئورووپاییەکان توانیان بگەنە خوێندنی بەرز و لەم نێوەدا ژنان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە. ڕایەڵکە زانیارییەکان و پێوەندییەکان ڕۆڵی تازەیان هێنائارایەوە و سەرمایە لە چوارچێوەی بازاڕە ناوچەیی و نەتەوەییەکان تێپەڕی و دەگەڵ سەرهەڵدانی سەندیکا مەزنە ئابورییەکان هەوڵی دروستکردنی بواری نوێیان دا. بزووتنەوە کۆنەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوە کرێکاری یان جوتیاری لەسەر بنەمای پێوەندی بە حکومەتەکانەوە پێناسە کراون. بەم ڕوانینە حکومەت و دامەزراوەکان وەک نەیاری سەرەکی دەناسرێن. ئەم بزووتنەوانە کە وەک تشتێکی دینامیکی بەرهەمهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی باسیان کراوە بەرگری لە بەرژەوەندیی گرووپە تایبەتییەکانیان لە ئەستۆیە.

### ئالان تۆرین کۆمەڵناسی فەرەنسەیی سێ بنەمای بۆ بوونی بزووتنەوە کۆمەڵاتییەکان داناوە.

١- **بنەمای ناسنامە (شوناس)**: پێویستە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ناسنامەیەکی دیاریکراوی هەبێ (لە چ کەسانێک پێک هاتووە، بەردەنگەکانی کێن و بەرگریکاری کام بەرژەوەندییە؟(

٢- **بنەمای دژایەتی**: بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بەردەوام دژی جۆرێک لەمپەر یان هێزێک دەوەستێتەوە و بەردەوام هەوڵی

شکستدانی دوژمنانی هەیە، بێ بوونی بنەمای دژایەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت بوونی هەبێ. زۆربەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام دژی ئەم ڕەوشەن کە تێیدان و ئامانجەکانی خۆیان هاوتەریب دەگەڵ بارودۆخەکە نابینن.

**٣- بنەمای گشتگیری**: بزووتنەوەیەکی جڤاکی بەناوی بایەخی زۆر دەگەڵ ئایدیای مەزن، فەلسەفە یان ئایدیای ئۆلی دەست پێدەکات و چالاکییەکانی لە بیر و بڕوایەکەوە شەقڵ دەگرێ، کە هەوڵی بەرفرەوان بوون و پێشکەوتن دەدات. ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی چالاکیی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەوانەیە بە شێوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئازادی مرۆڤایەتی، ئاسایش و مافی مرۆڤ، سەلامەتی گشتی و خواستی خواوەند بێت، ئەمانە ئەو تایبەتمەندییانەن کە ئالین تۆرین بە بنەمای گشتگیری ناویان دەبات. ئەم بنەمایەش وەک بنەمای ناسنامە و دژایەتی بۆ ناسینی زات و لایەنگیری پێواژۆیەکی کۆمەڵایەتی دەگەڵ گۆڕانی بنەمای گشتگیریدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ڕێکخراوێکی بەتەواو تۆکمە و دیاریکراو، کە بە مەبەستی داکۆکی یان پەرەپێدان یان دەستڕاگەیشتن بە ئامانجێکی تایبەت ئەندامانی ڕێک دەخا. ئەوەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکا، داواکار بوون و بانگەشەکەربوونیەتی کە هەوڵی ناساندن و سەرخستنی ئایدیا و قازانج و بایەخەکان دەدا. لەم پێناوەشدا بەردەوام لە هەوڵی زیاترکردنی ئەندامان و تێکۆشان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، هەروەها بژاردەکانی کۆمەڵگەدایە. ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جۆربەجۆرن، لە گۆڕین یان ڕووخانی سیستەمەکان هەتا قەدەغەی ئێعدام، یان چەکە ئەتۆمییەکان و بەفەرمی ناسینی مافە یاسایی و سیاسییەکانی ژنان، ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان، ژینگە و... . ئەو کەرەسانەش کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ جیاوازن، بەجۆرێک کە لە پرۆپاگەندەی سادەوە بگرە هەتا توندوتیژی لەخۆ دەگرن. بەهەرحاڵ بەدووور لە ئامانجەکان و کەرەسە بەکارهاتووەکان، پێوازۆ کۆمەڵایەتییەکان هەمووکات وەک بنەمایەکی هزری نوێ پێناسەی بۆ دەکرێ.

نیل سمێڵسێر (Neil Smelser) و بەتایبەتی ئالین تۆرین، کۆمەڵناسی هاوچەرخی فەرانسەیی خوێندنەوەیەکی قوڵیان بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کردووە. تۆرین لە خوێندنەوەی خۆیدا بۆ ڕاڤەکردنی کردەوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەروەها پێکهێنانی ئەوان، بۆچوونێکی نوێ باس دەکا کە ناوی ڕاڤەی "ئاکسیۆنالیستی" لەسەر داناوە. ئەم زاراوەیە (ئاکسیوناسیون) بە ڕوانینی کۆمەڵناسانە باس لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی نێو کۆمەڵگە دەکا، تێرمی ئاکسیونالیزم قۆناغی چالاکی، نارەزایەتی و میتینگەکان تێدەپەڕێنێ و وەک کاریکتێر یان ئەکتەرە کۆمەڵایەتییە چالاکەکان دەتوانێ دەست بە گۆڕانی مەزن بکا. ئەم جووڵانەوەیە جیا لە بزووتنەوەی چینایەتی دەتوانێ گشتگیر بێ و تەنانەت لەسەر پرسی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستیش کاریگەری دەبێ. ئەم ڕاڤەیە پشت ئەستوورە بە ناسین و چۆنیەتیی سەرهەڵدانی بایەخ و هۆکارەکان هەروەها چۆنیەتیی کاریگەرییان لە پێکهاتنی کردەوەی جڤاکیی کۆمەڵگەکەن. تۆرین بە هێنانارای ئەم زاراوەیە، ئەم بابەتەش بیر دەخاتەوە کە ئەو هەوڵ نادا بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێبازە هاوشێوەکاندا بکا و نایهەوێ کە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیی خۆی لە بەرامبەر لێکدانەوەی کارکردگەرایانە و پێکهاتەگەرایی دابنێ، چوونکە شێوازی خوێندنەوەی هەرکام لەم ڕێبازانە جیاوازە. ئەگەر لە (Functionalism کارکردگەرایی) و structuralism (پێکهاتەگەرایی)، زانیارییە پێوەندیدار بە بەها ئاراییەکان خوێندنەوەیان بۆ دەکرێ، ئاکسیۆنالیست بە چاوگە و بنەڕەت و سەرچاوەی ئەم بەهایانەوە خەریکە. بەم پێیە تۆرین لە ڕاڤەی ئاکسیۆنالیستیدا بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان،



سەرچاوە Serchawe

گرنگییەکی بەرچاو و تایبەت دادەنێ بەشێوەیەک کە ئەم بزووتنەوانە وەک پێگەیەک تێدەگا، کە دەبنە هۆی ئافراندن و پاساودانی بایەخە نوێیەکان و بەم پێیە بزووتنەوەکان لە لێکدانەوەی کارکردی مێژوویی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بابەتی سەرەکی و ناوەندی ئەم خوێندنەوانە پێک دێن و لەبنەڕەتدا لەم بزووتنەوانە و بەهۆی ئەم جووڵانەوەیە کە ئەکتەرانی داهێنەر، کردەوەی خۆیان ڕێک دەخەن و بە گۆڕین و خستنە ژێر باندۆڕی ڕەوتی مێژووی کۆمەڵگەی خۆیان هەوڵ دەدەن.(١)

بە بەراورد دەگەڵ کۆمەڵگە نەریتییەکاندا جۆربەجۆریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا یەکجار زۆرە و ئەم جۆراوجۆرییەی بزووتنەوەکان لە کۆمەڵگەکاندا، پێوەندی بە ژمارەی بژاردەکانەوە هەیە. لە کۆمەڵگە کەوناراکاندا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کەم و زۆر بوونیان نەبووە یان دەگمەن بوون، لەکاتێکدا لە کۆمەڵگە وەرزێڕییەکاندا زیاتر دەبینرێن، کە لە ڕاستیدا لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانە جووتیارییەکانەوە سەرچاوە دەگرن؛ بەڵام لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەشدا ئەم بزووتنەوانە کورتخایەن و زووتێپەڕن، بەتایبەت بەم هۆیەوە کە ئەم بزووتنەوانە بە پێچەوانەی کۆمەڵگە شارییەکان، بە بەشێکی بەردەوام لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جوتیارییەکان ناژمێردرێن.

**لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەتوانن ئەم سێ کردەوەیەی بەرەوە ببینن:**

**١- کرداری پێوەندیدەر یان نێوبژێوان.**
**٢- کرداری پێکهێنان و بردنە سەرەوەی زانیاریی کۆمەڵ.**
**٣- کرداری پێکهێنانی گوشار.(٢)**

بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین: ئەم شێوە بزووتنەوەیە ڕایەڵەیەکە لە پێوەندییە نافەرمییەکان لەنێوان هەنێ لە مرۆڤەکان، ڕێکخراو و حیزبەکانە. سنوورەکانی بەهۆی هەوێتیی تایبەت دیاری دەکرێن کە هاوپشکە دەگەڵ ئەکتەرانی تێکگیراو لە کایەکە و لە بەرەورووبوونەوەی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە مەبەستی گۆڕانخوازیدا هاوبەشن. ئەم ڕەوتە لە ئاکام پەیابوونی قەڵشتێکی کۆمەڵایەتی ساز دەبێ، هۆکاری ڕابوون و هەستانەوەی خەڵک دەبێ لە ڕوانگەی مێژوویی و جوغرافی سەیر بکرێ، جا هەر بەو جۆراوجۆری و شێوازە دەتوانین کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر دوو لکی چالاک و ناچالاک دابەش بکەین، دابڕانی کۆمەڵایەتی (بۆ قۆناخی چالاک) کاتێ سەر هەڵدەدا کە فام و زانیاریی سیاسی بەرز ببێتەوە. لەبەرامبەردا (ناچالاک)، یان لە ڕابردوودا چالاک بووە و ئێستا خەریکە دەخەوێ کە ئەمە لە ئاکامی نەقۆستنەوەی ڕەوتی سەرکردایەتی، چالاکان و ڕووناکبیرانی سیاسییە.



سەرچاوە Serchawe

بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان دەکەونەی خـانەی ئەو دیـاردە کـۆمەڵایەتییە پڕکاریگەرییـانەی جیهـانی پێشـکەوتوو، کە کۆمەڵناسان بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان وەک هۆکـارێکی گەلێک گرنـگ بـۆ گۆڕانکارییەکـانی کـۆمەڵایەتی دەژمێـردرێ (وەک پێشـو باسـمان کـرد)، کە ئەمە لای تـوێژەرانی کۆمەڵناسـی بـایەخێکی زۆری هەیە. دەتـوانین بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان بەپێـی بیروبۆچـوون، شـێوازی کـاریگەری، ڕادە و ئاسـتی بەشـداربووان، پاڵپشـتیی چینـایەتی و سـەردەمە مێژووییەکـان پۆلێنبەندی بکەین.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هاتە مەیدانی چالاکییە گشتگیرەکان، ساماندارێ پیشەیی و چەوساندنەوەی هێـزی کـار، هیـوای چینـی ژێـرەوەی کـۆمەڵگەی ورووژانـد، لە ڕەوشێکی وەهـادا بـوو کە بـزووتنەوە کرێکارییەکـان سەریان هەڵدا، دواتر جـووڵانەوەی ئەتنیکی و ئـایینی بە ئامـانج و شێوازی جۆربەجـۆر دەستیان بە چالاکی و خۆنواندن کرد.

لە پانتـایی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان کۆمەڵێک پێناسەیان هەیە. لە سەرجەم ئەو پێناسـانەی کە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کراوە، دەکرێ ماکەی هاوبەشی لێ هەڵێنجین، ئەو ماکانە بریتین لە:

گروپێکـی ڕێکخـراو لە چالاکـانی کـاریگەر، بـوونی ئایـدیاییەکی تـایبەت، هەوڵـدان بـۆ گۆڕانکـاری یـان پاراسـتنی بەشێک لە ماکەی کۆمەڵگە. بەو پێیە، دەکرێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان بەم جۆرە پێناسە بکەیـن: گروپێک لە چالاکـانی کـاریگەر، تەواو ڕێکخراو کە بە هاوکـاری و یـارمەتیی شێوازی جۆراوجـۆری گشـتگیر بە دوای ئامانجێکەوەن یـان کـاریگەری لەسەر ڕەوتـی کۆمەڵگە دادەنێن. (٣)

کەوابـوو دەبینـین بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـان ڕێـک وەک گڕکـانێکن بە هۆکـارگەلی باسکراو سـەرهەڵدەدەن و دەتەقـنەوە و بەردەوام چالاکن هەتـا بە ئـارەزووی خۆیـان دەگەن؛ یـا ئـائەکتیڤن و جاربەجارە بە هۆکـاری جیـاواز دەڕژێـنە شەقام و کـوڵی دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن. بە جۆرێکی تر ئەگەر ئاکـامی کردەوەکە بـۆ کۆمەڵگە بایەخمەنـد بـێ و شـتێکی لـێ هەڵبکرێنن شیمانە دەکـرێ دووپـات ببێـتەوە. ئەم ڕەوتە لەلایەن پلانـداڕێژەران و لیدەرەکانییـەوە دەبـێ بەباشـی خوێنـدنەوەی بـۆ بکـرێ و "پۆزیتڤ"یزمانە بەردەوام ئەزموون بکرێ و "هابێرماس"انە کەرەسە و مکانیزمی بۆ دابین بکرێ.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

**هۆکاری سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان جۆراوجۆرن، بەڵام بە ڕوانگەی "نیل سمێلسێر" خاوەنی شەش مەرجن:**

١- بەستێنی پێکهێنان: هۆکارگەلی جۆراوجۆر بۆ پێکهاتنی کەشێکی تایبەت لەنێو کۆمەڵگە.

٢- زەختی پێکهێنان: دۆخێکی تایبەت کە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لەنێو کۆمەڵگە (مەترسی لە داهاتوو، گومان، ترس و دڵەڕاوکە و زوڵم و..) بۆ دیاریکردنی ئامانجێکی دیاریکراو.

٣- بڵاوبوونەوەی باوەڕە پەنگخواردووەکان: زۆربەی پێواژۆ کۆمەڵایەتییەکان لەژێر کاریگەریی ئیدۆلۆژییەکی تایبەت و دیاریکراون کە ناڕەزایەتییەکان پەرە پێ دەدا و ڕێکاریان بۆ دیاری دەکا.

٤- هۆکاری خێراکردن: ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی خێراترکردن و پەیوەستبوونی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک کە ڕاستەوخۆ بەشداری ڕەوتەکە بن.

٥- بوونی (ڕێکخراوێک) بۆ هاوئاهەنگی: سەرۆکایەتیکردن و پشتیوانیکردنی بزووتنەوەکە بە کەرەسە و ئامێری جۆراوجۆر.

٦- کارکردی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی: بەدەستەوەگرتنی دۆخەکە (چۆنیەتیی سەرهەڵدان، بەرەوپێشچوون و بڵاوبوونەوەی لەنێو سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بەتوندی لەژێر کاریگەریی کارکردی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییە. کاربەدەستان لەوەها دۆخێکدا هەڵوێست نیشان دەدەن(٤).

***

**سەرچاوەکان:**

١- گی ڕوشە (تغییرات اجتماعی) منصور وثوقی انتشارات نی تهران صص ١٢٩،١٣٥ چاپ نوزدهم

٢- حمزە، محمدی، گۆڤاری زرێبار سال دهم ژمارە ٦٠ ساڵی ١٣٨٥

٣- حمزە محمدی، درآمدی بر جنبشهای اجتماعی، گۆڤاری زرێبار ژمارە ٦٠

٤- گیدنز، آنتونی، جامعە شناسی، ترجمە منوچهر صبوری، تهران: نشر نی، چاپ بیست و هفتم ١٣٩١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## جۆری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەچۆکداهێنانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەدژی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکان بە گشتی لە دوو فۆڕمی ئاشتییانە و توندوتیژدا جێ دەگرن:

ئاشتیانە: نافەرمانیی مەدەنی (بەرگریی مەدەنی یان شۆڕشی ئارام)، جۆرێک نارەزایەتییە کە حکوومەت پێی خۆشە بیکەی بەڵام توێژێک لە کۆمەڵگە نایکا. کۆمەڵگەی فەرمی پێی خۆشە قوتابی، مامۆستا، کرێکار و... بچنە سەر کار بەڵام ئەوان ناچن، یان ئەوەی کە حکوومەت کردوویەکی پێی ناخۆشە بەڵام چینەکانی کۆمەڵگە دەیکەن وەک مانگرتن (ڕۆژووگرتن، دەمدوورینەوە، داخستنی دووکان و بازار، نەچوونە سەر کار و...)، ڕێپێوان (ڕێپێوانی بێدەنگ و بێ درووشم یا بە پێچەوانە بە هەڵلا و پڕ توندوتیژی) و...

### توندوتیژ:

**یەک**. کۆمەڵانی وەزاڵەهاتوو بەشێوەی خۆڕسک بێنە سەر شەقام و بە توندترین جۆر بەرپەرچی حکومەت بدەنەوە و لە هەموو شێوازەکان کەڵک وەرگرن.

**دوو**. ڕەوتە سیاسییەکان (حیزب) و خەباتی چەکداری، کە بەپێی پەسەندکراوی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە ژمارە ٢٢٢ و ٢٣٥ ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٧٨، دانی بە ڕەوایی خەباتی چەکداری داناوە بۆ گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلان لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی ئامادەی چارەسەری ئاشتییانەی پرسەکان نین.

لێرەدا پێویستە باسی ئەو تێز و تیۆرییانە بکەین کە باس لە وەدەستهێنانی ئازادی بەهۆی خەباتی مەدەنی دەکەن. کۆمەڵێک لەو بیرمەند و فاکتانە دێنینەوە کە پێیانوایە چۆن ئەم شێوازە لە خەبات توانیویەتی بە ڕادەیەکی باشتر بەبەراورد دەگەڵ شێوازەکانی تری خەبات سەرکەوتوو بێ.

"لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دێموکراسی، چوارچێوەی هزری بۆ گەیشتن بە ئازادی"، ناوی ئەو کتێبەیە کە جین شارپ (١٩٢٨ - ٢٠١٨ ) مامۆستای زانکۆی ماساچۆسێت نووسیویەتی. ناوبراو دوای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٨٨ لە ئێران ناوی هاتە سەر زاران و لایەنی ئەمنییەتی بە پاساوی پێوەندی بە ڕێکخراوەکانی هەواڵگری



سەرچاوە Serchawe

لەوانە CIA ی ئەمریکا خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانی پێ سزا دا. یا جۆرج سۆرۆس ئەو کەسەی هەموو سامانی خۆی تەرخانی ڕێگای مەدەنییەت و ئازادی کردووە و لێئۆ کەیسی وەک ماموستایەک، شار و گوندان دەکا و لەبواری کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ڕوونکردنەوە دەدا و. ...

## ئازادی بە شێوازی خەباتی پڕ لە توندوتیژی

لە یەکەم بیرکردنەوەدا بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی دیکتاتۆران، دوای سەلمانی ئەو ڕاستییە کە ئەو حکوومەتانە نە بەپێی یاسا، نە بە یاسای دادوەری و نە بە باوەڕی گشت، ناکرێ بەرەورووویان ببینەوە، بە شێوەیەکی تەواو لۆژیکی بە بینینی گرتن، ئەشکەنجە، بێ سەروشوێنکردن، سێدارە، کوشتن و... بەو ئاکامە دەگەین کە جوابی تەحەی پەحەیە! جێی شەق پێلاقەیە! ئەو خەڵکانە بەوپەڕی سەداقەت و لەخۆبوردوویی، شەهامەت و غیرەت دەگژ دەستەڵاتدارانی زاڵم ڕۆ دێن و تێچووی مادی و گیانی زۆریشی بۆ دەدەن، ئەو هەمووە داستان و قارەمانیەتیە بێوێنەیە بەڵام لێ نزیک هیچ کات ناگاتە ئازادیی یەکجارەکی. ئەم ڕابوونانە تەنیا زاڵمان هان دەدا ناوچەکە زیاتر ئەمنیەتی بکا و دەستی بۆ ئازار و ئەزیەتی خەڵک پتر ئاوەڵا دەبێتەوە و بە توندترین جۆری مومکین بەرەورووی ئازادیخوازان دەبێتەوە کە دەتوانین بڵێین هەمووکات کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە (کوردستان، گەلی زیلان، شیمیایی هەڵەبجە، بۆسنی، بێرمە، سوودانی پێش لەتبوون، تەبەتیەکانی چین و...).

دیکتاتۆرەکان هەمیشە بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕێگاچارەی پڕ لە توندوتیژی ئامادەترن و پاساوی بەهێزیشیان بەدەستەوە هەیە و ئازادیخوازانیش هەرچەندە بە ئیمانەوە سەنگەر دەگرن و شەرافەتمەندانە دەجەنگن، لێ مەخابن شانسی سەرکەوتنی یەکجارەکیان زۆر کەمە. دەکرێ بڵێین کە شەڕی چەکداری قازانجی بۆ گەلانی ئازادیخواز نەبووە و زیاترین سەدەمە لەو شێوازە لە خەباتە دەبینن. شەڕە پارتیزانییەکان زۆربەی جاران درێژماوەن و لە زۆربەیان خەڵکی سڤیل تووشی خەساری وەک خەمۆکی، تێکچوونی ڕەوان و دەروون تێداچوون، گرفتی کۆمەڵایەتی و تەنانەت کۆچی زۆرەملی دەبن. ئەگەر ئەو ڕەوتە توندئاژۆیانە کە بە شێوازی خەباتی چەکداری سەرکەوتوو بن و دەستەڵات بگرنە دەست بە هۆی مێژوو و چۆنیەتیی سەرکەوتنیان تەواویەتخوازتر و ڕەنگبێ دیکتاتۆرتر بن لە حکوومەتەکەی پێشوویان کە بۆخۆیان ڕووخاندوویانە(١)"! تەنانەت ئەگە چاوێک لە مێژووی پەنجا ساڵی ڕابردوو بکەین دەبینین بەشی هەرەزۆری ئەو شۆڕشانە سەرکەوتوو بوون کە شێوەی خەباتی مەدەنیان گرتووەتە بەر (وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵاتی، بلۆکی ڕۆژهەڵات (یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو) ئەم دواییانە لە میسر، تونس، دوێنێ و پێرێ لە ئەلجەزایر، سوودان. بەڵام بڕوانە یەمەن، سووریە؟!

## کودتا، هەڵبژاردن، پشتیوانی دەرەکی؟

بە یەکەم ڕوانین، کودتای نیزامی ڕەنگبێ بەڕواڵەت شێوازێکی هاسان و خێرا بێ بۆ ڕووخانی ڕێژیمێکی چەپەڵ و زاڵم. بەڵام بەکردەوە ئاکامەکەی کێشە و گرفتی زۆری لێ دەکەوێتەوە، لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە لە دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز و دەستەڵات لە نێوان خەڵک و ئێلیتی کۆمەڵگە و هێزە نیزامییەکان هیچ دەستکەوتێکی لێ شین نابێ. وەدەرنانی کەسانی دیکتاتۆر و توێژێکی تایبەت، تەنیا جێگا بۆ کەسانی بەرژەوەندیخواز چۆڵ دەکا و ئەمانە لە درێژەدا بەداخەوە ڕەنگبێ زۆر لە ڕێژیمی پێش خۆیان چەقبەستووتر بن و ڕۆژێک دادێ کە دەبێ جارێکی تر خەڵک بیر لە شۆڕشێکی تر بکاتەوە بە دژی دەستەڵاتدارانی کودتای نیزامی! (تورکیە، عێراق، ئێران و شیلی، هێندوراس و سودان عومەر بەشیر ١٩٨٩ لەم دوایانە میسر بە سەرۆکایەتیی موبارەک و سیسی.)

دەنگدان یا ڕیفراندۆم-یش لە حکوومەتە دیکتاتۆرەکان چارەسەری دێموکراسی نییە و هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە شێوازی دەوڵەتەکان پێک ناهێنێ. (وڵاتانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو یا بلۆکی ڕۆژهەڵات، بێرمە ١٩٩٠ و ١٩٩٣ز ی نیجیریە و ئێران ١٣٨٨هەتاوی و...) دیکتاتۆرەکان هیچ کات وا بەهاسانی بە دەنگدانێک کە ئەو لەسەر تەختی خونکاری بێنێتە خوار ڕازی نابێ.

زۆرجار ئەو کەسانەی لەبەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان شاربەدەر کراون یا کۆچی زۆرەملێیان کردووە و لە نێوخۆ بۆ دەرکەوتن لەژێر دەستی زاڵمان هیچیان بۆ ناکرێ و دەستەوەستان ماوینەوە وا بیر دەکەنەوە ئیدی خەڵک هیچی پێ ناکرێ، هیوا لەسەر پشتیوانیی دەرەکی هەڵدەچنن. هیندێک پێیان وایە تەنیا هێزێکی بیانی دەتوانێ ئەو خەڵکە ڕزگار بکا. لەو قوناخەدا خەڵک بێهیوا بوون و گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە ئیتر پشووی کۆتاییانە و دەستەڵاتداران زۆر بەهێزن و ئەگە وڵاتێکی لەو بەهێزتر نەیەتە مەیدان ئەوان پێی ناوەستن و دەبێ زلهێزێک ئەو حاکمانە لەنێو بەرن. ئەم سێناریۆیەش بەڕواڵەت شیرینە و خۆشە بەڵام هیچ پشتیوانێکی دەرەکی کە ڕاستەوخۆ دەستێوەردان بکا بوونی نییە و ئەگەر وڵاتێکی وەهاش هەبوو نابێ متمانەی پێبکرێ لەبەر چوار هۆکار:

١- ئەو وڵاتانەی ڕاستەوخۆ دەستتێوەردان دەکەن ئامانجیان ڕەوشی ئابووری و سیاسیی وڵاتی خۆیان و بەدوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن، زۆر جار بووە گوشارەکان بوونەتە هۆی پێکهاتن دەگەڵ دیکتاتۆرەکان و ئەمجارە پشتیوانییان لەو حکوومەتە کردووە کە هەتا دوێنێ قەرار بوو بیڕووخێنێ (وڵاتانی عارەبی، ئێراقی سەردەمی سەدام حوسێن و...).

٢- وڵاتانی بێگانە ڕەنگبێ بە جێگای ڕاگرتن و هاوکاری کۆچبەرانێک کە بۆ ئازادیی وڵاتی خۆیان تێدەکۆشن، خەڵکەلی وەزاڵەهاتووی مەزڵووم بکەنە قوربانی بەرژەوەندییەکانیان.

٣- زۆرێک لە ستراتێژیی وڵاتانی زلهێز تەنیا بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتنی وڵاتانە بە مەبەستی ئابووری و بەرینکردنەوەی دەستەڵاتەکانیانە نەک هێنانی دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلانی ژێردستە.

٤- هێزە بیانییەکان تەنیا کاتێک بە شێوەی چالاک دێنە مەیدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەکان کە بەرگری و شۆڕش و ڕابوون لە نێوخۆی وڵات دەستی پێکردووە و بەم شێوەیە دەخوازن خۆیان لەبەر چاوی مافی مرۆڤ شیرن بکەن زوڵمی ئەو وڵاتە بە نیسبەت شارومەندانی پێشان بدەن.

لە هەمووی ئەمانە تێپەڕین ڕەنگبێ دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر ماوەیەکیش بە هۆی بوونی هێز و پارە و پشتیوانی نێوخۆیی و... خۆڕاگرن بەڵام لە کۆتاییدا هۆکاری نێوخۆیی باشترین ڕێگەچارەیە بۆ نەمانی حاکمانی توتالیتەر. بەڵام ئەمەش نکوڵی لێ ناکرێ پشتیوانیی وڵاتانی زلهێز بە شێوازی گەمارۆی ئابووری و نێودەوڵەتی، پچڕانی پێوەندییە دیپلۆماتیکەکان، وەدەرنان لە ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی، مەحکومکردنی ئۆرگانە جیاوازەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وێنە لەسەر ئازادییەکانی ڕادەبڕین، ئایینی، ئەتنیکی، مافی مرۆڤ، ژنان و ... لە نارەزایەتییەکانی نێوخۆ یارمەتییەکی فرە مەزنە بۆ وەدیهاتنی ئاواتی خەڵک (کۆمەڵگەی مەدەنی).

بۆ بەچۆکداهێنانی دەستەڵاتدارانی دیکتاتۆر بە کەمترین تێچوو و مۆدێلی خەباتی مەدەنی (بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان) چوار هەنگاوی سەرەکی دەبێ بهاوێژرێ.

١- دەبێ ئیرادە، باوەڕی پشتبەخۆبەستن و شارەزایی بۆ بەرگری لە مافی خەڵکی چەوساوە بەهێز بکرێ.

٢- پێویستە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەربەخۆ و دامەزراوەی تایبەت بە خەباتی مەدەنی دابمەزرێ.

٣- پێویستە هێزێکی تۆکمە لە خەڵکی نێوخۆ پێک بهێنرێ.

٤- دەبێ و پێویستە پلانێکی ستراتژیکێکی ئاوەزمەندانە و ژیرانە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بەوپەڕی شارەزایی دارێژرێ.

لە هەموو بۆچوون و ئەندێشەکانی جین شارپ و هەموو ڕێبوارانی هەر لە کۆنەوە (مهاتما گاندی، نێلسۆن ماندلا، مارتین لۆتێر و هەتا جین شارپ و...) هەتا ئەمڕۆ دەتوانین سێ ئامانجی سەرەکی هەڵێنجین.

١- دەکرێ بگەین بە ئازادی و لە چەنگ دیکتاتۆرەکان ڕزگاریمان بێ.

٢- بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەستە دەبێ بەرنامەدارێژیمان هەبێ و ستراتێژییەکی ڕێک و ڕوون دەست نیشان بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

٣- بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکیمان دەبێ هەوڵ بدەین، تێبکۆشین و ئاگادار بین، ڕەنگبێ پێویستیمان بە تێچووی زۆریش هەبێ.

ڕۆژئاواییەکان دەڵێن) "Freedom is not free" "ئازادی، بەخۆڕایی وەدەست نایێ)(٢). خەڵک دەبێ هەوڵ بدەن و بۆخۆیان فێر بن چۆن دەتوانن بە ئازادی بگەن و ئەمەش بەهاسانی وەدەست نایێ. ئەرەستوو دەڵێ: حکوماتە دیکتاتۆرەکان و زاڵمان کەمترین تەمەنیان لە نێوان هەموو جۆرە سیستمێکی حکوماتی هەیە، بە درێژایی مێژوو دەوڵەتە توتالیتەرەکان هیچ کات تەمەندرێژ نەبوون.

***

**پەراوێز:**

١- شارپ، جین، لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی، ١٩٩٣ وەرگێڕاوی ئەنجومەنی بێسنوور.

٢- قسەیەکی د. قاسملوو هەیە کە دەڵێ: "گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەم ئازادییەش بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## چاشۆڕش (چاکسازی - شۆڕش)!

دوای دارمانی بەرەی ڕۆژهەڵات "تیمووتی گارتێن ئەش (Timothy Garton Ash)" توێژەر و نووسەری بەناوبانگی بریتانیایی کە لە زانکۆی ئاکسفۆرد وانەکانی مێژووی هاوچەرخ دەڵێتەوە، بە ڕوانینێکی نوێ ئاڵوگۆڕەکانی چارەگە سەدەی دوایی گەنگەشە دەکرد. تیموتی باس لە کودتاکانی مەخمەری ئورووپای ڕۆژهەڵات دەکا و پێیوایە ئەم شێوازە شتێکە لە نێوان "چاکسازی" و "شۆڕش". ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە، ئەوەی لە وڵاتانی لەهێستان و مەجارستان ڕووی داوە زۆر بە دژواری دەکرێ ناوی "شۆڕش"ی لەسەر دابنێین، لە ڕاستیدا ئەمە تێکەڵاوێکە لە چاکسازی و شۆڕش (چاشۆڕش)[*].

لەم دیاردەیەدا تۆخمێکی بەهێز و سەرەکیی "گۆڕان لەسەرەوە" بوونی هەبووە کە لەژێر سەرکردایەتیی "کەمینەیەکی ڕووناکبیر" لە ناخی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا چالاکیی دەکرد؛ بەڵام تۆخمێکی زیندوو "گوشاری جەماوەر لەژێرەوە"ش بوونی هەبووە، پێوەندیی نێوان ئەم دوو دیاردەیە بەگشتی بە نێوبژێوانی نێوان چینی هەڵبژاردە و ئێلیتی دەسەڵاتدار و دژبەران شەقڵی دەگرت. هەتا دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات، دوانەی - چاکساز شۆڕش- بە سەر وێژەی سیاسی کە دەیویست ڕەوتی "گۆڕان" لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان شرۆڤە بکا، زاڵ بوو. بەڵام وردەوردە و بەتایبەت پشتی ڕەوتە فرەچەشنەکان گۆڕان لە حکوومەتەکانی سەر بە بەرەی ڕۆژهەڵات ئەدەبیاتێکی نوێی گووراند کە خۆی لە چەمکی "چاشۆڕش" (ئەم چەمکە لەلایەن تیوموتی گارتێن ئەش داهێنرا) بەشێوەیەکی قووڵتر و بەربڵاوتر لە مانای "تێپەڕین"(بەرەو دێموکراسی) نیشان دراوە.

لێڕوانینی شۆڕشگێڕانە لە دەستەواژەکانی باوی دەیەکانی ئەم دواییە واتە "وەرگەڕاندن" و "ڕووخاندن خوازی" لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران سێبەری بەسەر زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن داکێشاوە. هەروەها چەند ساڵێکیشە کە چەمکی گۆڕان و "گۆڕانخوازی"یش هاتووە ناو کایەی ئەدەبیاتی سیاسی کە زۆرێک لە خەباتکاران هەرسێک ئەو مۆدێلانەیان دیوە و تاقی کردووتەوە و هەرکامیان بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆریان لەسەر ئەو شێوازانە هەیە.

بەشێک پێیانوایە کە سەردەمی چاکسازیی خاتەمی بەسەر چووە و ئیتر ئەم تێرمە باوی نەماوە، هەڵبەت ئەوان پێیانوایە کە قۆناغی شۆڕشیش وێ ڕانەگەیشتووە، چوونکە شۆڕش کاتێک دەکرێ کە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ خەڵک نەمابێ. ئەوەی کە ئێستا ئێمە تێیداین سەردەمی ڕیفۆرم و گۆڕانکارییەکانە، سەردەمی - چاشۆڕشە -. بەو واتایە کە ئامانجەکانی ئێمە

شۆڕشگێڕانەن بەڵام بە شێوازی چاکسازیی ئامانجی ئێمە گۆڕانی یاسای بنەڕەتییە، بەڵام ڕێبازەکەمان چاکسازانەیە.

بە گشتی دەتوانین لەم دوو چەمکە - چاکسازی و شۆڕش- لە بواری شێواز و ئامانج جیا بکەینەوە و زیاتر شی بکەینەوە کە تێدا چوار ڕەوش دێنە ئاراوە:

ڕەنگبێ ئێوە هەم لە ئامانجەکەتان و هەمڕی لە شێوازەکەتان شۆڕشگێڕ بن، ڕەنگبێ لەهەردووک جۆردا چاکسازیخواز بن، یان دەکرێ لە شێوازدا چاکساز و لە ئامانجدا شۆڕشگێڕ بن و دەنا لە شێوازدا شۆڕشگێر و لە ئامانجدا چاکسازیخواز.

بەشێکی دیکەش پێیان وایە کە، چاکسازی لە ئێران تاقی کرایەوە جا ڕەنگبێ یان ئیمکانات هزری تەواوی تێدا نەبوو یان ئەوەی کە سەرکردایەتییەکەی تووشی کێشە بوون و یان خرِ ئەمە پیلانێک لەلایەن خودی حکومەتەوە بووە، ئەو بیرۆکەیە بە هەرحاڵ نەیتوانیوە خەڵک بە ئامانجە دڵخوازەکانی خۆی بگەیەنێ.

دوای ئەمە خەڵک تووشی بنبەست نابن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ڕێگای خۆیان بەردەوام دەپێون و بەرەو پێش دەچن.

ئەم دەستەیە پێیان وایە، وا بە هاسانی ناکرێ پێمان وابێ ئەم ڕێژیمە ئامادەی چاکسازی نییە، چوونکە گەلێک سیستەم هەن کە ئامادەی چاکسازی نین، چاکسازی دەبێ لەلایەن چاکسازیخوازانەوە پێیان بقەبڵێندرێ و بەسەریاندا بسەپێنرێ. یەکێک لە ئامرازەکانی چاکسازیخوازان گوتوبێژ و دیالۆگە، هەمیشە خۆ هەر ئاوا نییە کە ئێوە بە زمانی خۆش و کەنینەوە دەگەڵ یەکتر بدوێن، دیالۆگ لە شێوازی چاکسازیخوازان نەک تەنیا بۆ پێملکردنی لایەنی بەرامبەرە بەڵکوو بۆ سەپاندن و بە قەناعەت گەیاندنیەتی، واتە ئێوە دەبێ بە لایەنی بەرامبەرتان بقەبڵێنن و ڕازی بکەن. ئەوەش لەکاتێک دایە کە ئێوە هێزی سیاسی و ئامادەتان لە مەیداندا هەبێ و بە پشتیوانیی ئەو بتوانن ڕەکەبەرەکەتان لە گوتوبێژدا ناچار بە پاشەکشە بکەن و پێی بسەلمێنن.

هەموو شتێکیش هەر ئەوە نییە کە بگەین بە دوو ڕێیانێک بەناوی چاشۆڕش یان سێ ڕێیانێک بەناوی - شۆڕش، چاکسازی و شەڕ- لە باسە هزرییەکانی پێوەندیدار بە بابەتی دێموکراتیزاسیۆن جۆری فرە ڕەهەند و شێوازگەلێکی دیکەش هەن کە بە دێموکراسی دەگەن. "دۆناڵد شێر" چوار جۆر دێمۆکراتیزاسیۆن لە ڕێژیمە دەستەڵاتخوازەکان ئاماژە پێ دەکا: سەرەتا، دێموکراتیزاسیۆنی پەرەسەندوو یان تێپەڕینی ئارام بەرەو دێموکراسی بە ڕەزامەندی و بەشداریی ڕێبەرانی ڕێژیم. (ئەم

جۆرە لە تێپەڕین بریتییە لە جۆرێک دان و ستان، ئەو چاکسازیخوازانەی دەچنە نێو دەسەلات و دەتوانن لە گۆڕینی هێور ڕۆڵیان هەبێ و لەو هەمووە دەستەلاتخوازییەی ڕێژیم دابەزێنن و بخوازن بەرەو وەدیهاتنی دێموکراسی هەنگاو بنێن). بە باوەڕی "ساموێل هانتینگتۆن" زۆربەی حالەتەکانی دێموکراتیکسازی لە "شەپۆلی سێهەمی" بەرەو دێموکراسی (لە نیوەی دەیەی ١٩٧٠ بە ولاتی پورتەغالَ) بەم شیوەیە ڕوویان داوە و ئیسپانیا و برێزیلیش بەلگەیەکی زیندوون.

**دووهەم**. تێپەڕین بەرەو دێموکراسی بە شێوازی دیالۆگ و ئاشتی و سازان و پێکهاتن، کە بە جۆرێک تێپەڕینی خێرا بە ڕەزامەندیی ڕێبەرانی ڕێژیم دەژمێردرێ. ئەم جۆرە لە تێپەڕین لە دۆخێکدا ڕوو دەدا کە بەرەی دژبەران و نارازییان بەهێز بووە و بزووتنەوە جڤاکییەکانی پشتیوانی دێمۆکراتیزاسیۆن سەریان گرتووە و حکومەت یەکپارچەیی خۆی لەدەست داوە توانایی پێویستی بۆ سەرکوت و کۆنترۆلکردنی ڕەوشەکەی لەدەستدا نەماوە. بەپێی توێژینەوەی هانتینگتۆن، نزیک سێ لە یەکی ئەو ڕەوتانەی تێپەڕین لە "شەپۆلی سێهەم" (بەتایبەت میناکی ئەفریقای باشوور) ئەزموونێکی ئاوایان هەیە.

**سێهەم**. تێپەڕین بە شێوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی درێژماوە یان تێپەڕینی دوورمەودا، بەبێ ڕەزایەتی دەستەلاتدارانی ڕێژیم، تێپەڕینێک کە بە خەباتی توندوتیژ بەستراوێتەوە و دەخوازێ حکومەت بڕوخێنی و ئالوگۆڕی بنەڕەتی بەسەردا بێنی.

ئەوەی دوایەمینیش: تێپەڕین بە شێوەی لێکترازان، تێپەڕینێک کە بە شێوەی خێرا و بە دژی ڕێبەرانی ڕێژیم و حکومەت ڕوو دەدا و بە شۆڕش (شۆڕشی گەلانی ئێران)، کودەتا (نیجێرییە)، ڕووخان یان سپاردنی دەستەلاتی سیاسی- بە هێرشی دەرەکی (عێراق) بەئاکام دەگا.

ئەم شێوازناسییە لە باسگەلی بەرەو دێموکراسی زۆرن، هەروەک هانتینگتۆنیش ئاماژە بە چوار جۆر تێپەڕین دەکا (لێنزیک وەک ئەوەی شێر):

١- بەڕێگای دان و ستان لە قەوارەی سیاسی دەستەلات.
٢- بە ڕێگای دیالۆگ و لە یەکتێگەیشتن.
٣- جێگۆڕکێ (دەستاودەست کردنی دەستەلات).
٤- بە شێوازی نیزامی(جا چ لە نێوخۆ چ بە هاوکاریی دەرەکی.(

***

- چاشۆڕش: لە وێژەی سیاسیی فارسیدا چەمکی "اصقلاب" هاتووە.

- بەشێک لە گوتوبێژەکان و بۆچوونەکانم لە وتاری "دوگانه اصلاحات یا انقلاب؛ اشتباه رایج"، "مهرداد قاسمفر، رادیو فردا" وەرگرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# بەبەتەکانی: ساڵی ٢٠٢٢

## دوای کۆمارەکەمان

سەدەی نۆزدەی زایینی کە دەکرێ بە سەدەی ڕابوونی کورد پێناسە بکرێ بە سەرهەڵدانی زیاتر لە پەنجا شۆڕش و بەرخودان دوای دەسەڵاتی میرنشینەکانی کورد هێدی هێدی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی بە وێرژنێکی نوێ دەگووڕێ کە ئاکامەکەی دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە (١٨٩٨) بوو. بە تایبەت ئەو کلوپانەی لە باکوور و لە شارەکانی دیاربەکر، مەلاتییە، ماردین، خارپۆت و... وەک شوێنێک بۆ چالاکیی مەدەنی و بەرەودان بە هەستی ناسیۆنالیزمی کورد دادەمەزرێن و بە شێوەیەکی سڤیلمەند پەرەیان پێ دەدرێ، دواتر ئەو پێواژۆیانە لە سەدەی بیستەم لەونێکی مۆدێرنتر بەخۆوە دەگرن.

دەگەڵ هەموو ئەو گوشار و خەفەقانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوەند لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا هەبووە، چینی هەڵبژاردەی کورد بێوچان هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئاشتییانە و مەدەنی ویست و داخوازییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە، جارێکی تریش دوای سێ پەیماننامەی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی (سایکس پیکۆ، سێڤەر و لۆزان) کوردستان بە دامەزراندنی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکان دەکەوێتە بەر شالاوی ژینۆساید، ئاسیمیلەبوون و قڕکردن و، بزاڤی حەقخوازانەی کورد لەسەدەی بیستەم بە شێوازی جۆربەجۆر و بە فۆرمێکی مەدەنی-نیزامی درێژەی پێدەدرێ.

لە جەرگەی شەڕی دووهەمی جیهانی یەکەم کۆمەڵەی ژیارمەندی ئەو سەردەم "ژێکاف" (١٣٢١ک) بە ئایدۆلۆژیایەکی ڕوون و ناسیونالیزمێکی دیار کە هەتا ئەوکات چ لە رووی فۆرمەوە چ لە نێوەڕۆک تەنانەت پێکهاتەکان و بەشداربووان ئاوارتە بوو، لە شاری مهاباد دادەمەزرێ و بە وێژمانێکی نوێ و پراکتیکی، واتە گەیشتن بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی کوردستانێکی گەورە دەست بە خەبات و تێکۆشان دەکا. لە مەرامنانەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورددا هاتووە: "کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر چوار کۆڵەکەی ئیسلامەتی، کوردایەتی، مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازی دانراوە."

دواتر لە یەکی خەزەڵوەری ١٣٢٤* ڕێکخراوێکی سیاسیی نوێ بە ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" لەسەر بناغەی

کۆمەڵەی "ژێکاف" دامەزرا و بە هێندێک گۆڕان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان فەلسەفەی وجوودیی خۆی لەو کۆمەڵەیە وەرگرت و دوای چەند مانگێک لەسەر خوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی دادەمەزرێ.

کۆماری کوردستان لە پرۆسەی هێنانەئارای چەمکیی نیشتمانپەروەری و "نەتەوەسازی"یدا هەم ئاوات و ئارەزوەکانی خەڵکی کوردستانی وەدی هێنا، هەم توانی ئەو هەستە هاوبەشە لەنێو خەڵکی کوردستاندا دروست بکات کە خۆیان بە خاوەنی ئەم دەسکەوتە بزانن. کۆماری کوردستان لە ڕەوتی دەسەڵاتداریی خۆی لەم ١١ مانگەدا بە کۆمەڵێک داهێنان و دەسکەوتی وەک: بەشداریی چالاکانەی ژنان و لاوان لە چوارچێوەی ڕێکخراوگەلی مەدەنی، خوێندن بە زمانی کوردی، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار تەنانەت بۆ منداڵان (گڕوگاڵ)، پەیوەندیی سیاسی و بازرگانیی کۆماری کوردستان لەگەڵ کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ بووژانەوە و گەشەی ئابووری و بازرگانی، ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بۆ چارەسەرکردنی هێمنانەی کێشەی سنوور، هەروەها پرسی هاونیشتمانیانی دوولایەن کە لە خاکی یەکتردا دەژیان، بەشداری نوێنەران و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان کە وەک یەکەمین کۆماری نەتەوەیی و دیموکراتیک لە مێژووی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانرێ پێناسەی بۆ بکرێ کە پێشەوا و هەیئەتی وەزیران هەستیان پێ کردبوو و کردیانن، دەستی بە کار و چالاکی کرد. بەڵام سێ هێما و ئێلێمان کە وەک ڕەمزێک دوای ٧٦ ساڵ نەک هەر لەبیر نەکراون بەڵکوو ناسیونالیزمی کوردی و نەتەوەی کورد بەجۆرێک شوناسی خۆی لێ وەرگرتووە و بووەتە سێ کوچکەی بیری نیشتمانپەروەری و دەکرێ بڵێم سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد دوای نەمانی کۆمار، هەویتیی خۆیان هەرنەبێ لە بواری مێژووییەوە لەوە وەرگرتووە بریتین لە: "ئاڵای کوردستان"، "سروودی نەتەوایەتی"، "هێزی پێشمەرگە."

ئەگە لە هەموو وڵاتێکی سەربەخۆ و سەربەست ڕۆژی نەتەوەیی بەم سێ هێمایە دەناسرێ، بەرێوە دەچێ و تاکی ڕەسەن شانازیی پێوە دەکا، لە کوردستان بزووتنەوەی کورد لە نەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ دەیکاتە هەوێنی ڕەوتێکی هزری بۆ گەیشتن بەم ئاواتە.

لە دوای نەمانی کۆمار، بەرنامەی سیاسیی کۆمار و کەسیی پێشەوا وەک مانیفێستێکی ناسیۆنالیستی پەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک کە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین لە ئامانجە بەرزەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بێ و چەمکی "نەتەوە سازی"ـی پێ بهۆننەوە! بەشی هەرە زۆری ئەو هێز و حیزبانەی لە چواربەشی کوردستان دامەزران و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلی کوردیان دەست پێ کرد، خۆیان بە پاشماوەی فکریی کۆمار دەزانن و بەمەبەستی پاتەبوونەوەی سیستەمی کۆمارێکی دێموکراتیک یان ئایدیای نزیک لەمە تێکۆشاون.

لەلایەکی دیکەشەوە جڤاکی سڤیل و شەقامی کوردی بەدوای ئەو دیسکۆرسە پێشکەوتووەدا ڕۆیوە و بە ئێستاشەوە وەک باشترین مۆدێل و میناک بۆ دواڕۆژی کوردستان بۆ پتەو بوونی ڕێزەکانی و نۆستالۆژیاییەکی بەهێزی مێژوویی سەیری دەکا.
لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورددا کۆماری کوردستان چ وەک دەسکەوتێکی بەرهەست کە بریتی بوو لە دەسەڵاتێکی سیاسی بە هەموو تایبەتمەندییەکی دامەزراوەیی و دەوڵەتی کە توانی بۆ ماوەی ١١ مانگ ئیرادەیەکی پڕ لە شانازی و دەسکەوتی نەتەوەیی پێشکەش بکا، چ وەک هێما و سیمبولێکی دەرهەست کە هەتا ئێستاش مرۆڤیی کورد لەوپەڕی ماناکانی "کوردایەتی و نەتەوە" سەرچاوەی ئیلهام بۆ بنیاتنانی داهاتووی خۆی وەک پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەزانێ بە ڕووداوێکی گرینگ دادەنرێ. ئەم ڕووداوە لە دروستکردنی هەستێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆڵێکی ئەرێنی و کارتێکەری هەبووە. ئەم هەستە هاوبەشە کە لە پرۆسەی "نەتەوەسازی"دا بنیات و بنەمایەکی پتەوی زانستییە و وای کرد کە هەموو تاکێکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، کۆماری کوردستان بە هی خۆی بزانێ و بە هەر شێوەیەک کە بۆی دەگونجێ لە چەسپاندن و پاراستنیدا بەشدار بێت .کەوابوو کۆماری کوردستان ئەو سەرەتا هاوبەشە مانادارە نەتەوەییە بوو کە کورد بە گشتی خاوەنداریتیی لێ بکا و ببێتە قەوارەیەک بۆ کۆکردنەوەی هەستێکی هاوبەش لەنێو پێکهاتەیەکی تایبەتدا بە ناوی نەتەوەی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

پرۆسەی گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی داخراو بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کراوەی پێشکەوتووخواز بە هەموو پێوەر و تایبەتمەندییەکانی، لە چەندین بواردا پێویستیی بە گۆڕانکاری و هەوڵی جددی هەیە کە ئێمە دەتوانین ئاماژە بەو چەند خاڵە بکەین:

١- هەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی: بۆ ئەم مەبەستە دەبێ چەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر لە کاری بەردەوام و جدیدا بن بۆ دەست پێکردن بە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگە و کاری ئەم ڕێکخراوانەش بریتی دەبێ لە وشیارکردنەوەی هاووڵاتییان لەسەر ئەو بابەتانەی کە پێویستیی بە گۆڕان هەیە، وەک گۆڕان لە بەشە کۆن و چەقبەستووەکانی داب و نەریتی کۆمەڵگە. هەروەها دەبێ ئەم ڕێکخراوانە کارێک بکەن کە لە ڕووی هزرییەوە هەتا ڕادەیەک نەوەکانی پێشوو ئامادە بکەن بۆ گۆڕینێکی مەبەستدار بۆ ئەوەی کاتی دەست پێکردن بە پرۆسەی گۆڕان گرفتی چاوەڕواننەکراو نەیەتە بەردەم پرۆسەکە.

٢- بواری سیستەمی سیاسی: لە بواری سیستەمی سیاسیدا دەبێ وڵات لە سیستەمێکی دیکتاتۆریی بەرژەوەندیخوازەوە بگۆڕدرێ بۆ دەسەڵاتێکی دێموکراتیی هەڵبژێردراو کە بەرژەوەندیی وڵات لە سەرووی هەموو جۆرە بەرژەوەندییەک دابنێ و گۆڕان لە ڕادەستکردنی دەسەڵاتەکان بە شێوەیەکی دێموکراتیکی بێت بەدور لە هەر کارێکی پڕ لە توندوتیژی.

٣- جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی: بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی و ئازادیی کۆمەڵایەتی کاری سیستەمی سیاسی و سەربازی لە سەرکوتکردن و پەراوێزخستنی دەنگە ئازادیخوازەکان دەگۆڕدرێ بۆ دابینکردنی ئازادی و دادپەروەری و سەربەخۆیی دادگاکان و پاراستنی وڵات لە دەستدرێژیی دەرەکی. واتە هێزی سەربازی تەنیا بۆ بەرگری و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیی دەرەکی بەکار دێ، نەک لە دژی هاووڵاتییانی نێوخۆ و، هێز لەژێر دەستی یاسادایە و ملکەچیی بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی نییە.

٤- بواری ئابووری و پیشەسازی: دەبێ سیستەمی سیاسی گەشە بە ئابووریی وڵات و گرنگی بە بازرگانی نێوخۆ و هەوڵی دروستکردنی بازرگانیی دەرەکی بدا و تەنیا بازرگانیی نێوخۆیی بوونی نەبێت. هەروەها دەبێ لایەنی پیشەسازی بەرەو پێشەوە بەرێ و گرینگیی تەواوی پێ بدا و هەروەها دابینکردنی بازاڕی ئازاد بەشێوەیەک کە چاودێری تەواو بکرێ لەسەر ئەم بازاڕە.

٥- گۆڕان لە ڕۆڵی ئاییندا: ئایین وەک ئەوەی سەرچاوەی سەرەکیی دانانی یاسا و ڕێساکان و نەخشەی سیاسیی وڵات بێت و ئەو بەرژەوەندییەکانی وڵات دیاری بکا؛ دەگۆڕێ بۆ سیستەمێکی خواپەرستی و دوور دەکەوێتەوە لە گەمەی سیاسەت و سیاسەتمەداران. کەواتە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا ئایین ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە ئەگەر بەراورد بکرێ بە کۆمەڵگەیەکی داخراو.

٦- گۆڕان لە بیرکردنەوە و ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگە: تاک لە تاکێکی کۆنەپەرستی نەریتی باوەڕدار بە ئەفسانە و بیرە کۆنەکانەوە دەگۆڕێ بۆ کەسی نوێخوازی لێهاتووی ئەوتۆ کە بتوانێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی بگونجێ. بۆ ئەوەی تووشی دابڕان نەبێ لە ڕەوڕەوەی سەردەمەکەی و تاک لە کەسێکی پشتبەستوو بە قەزا و قەدەرەوە دەگۆڕێ بۆ کەسێک کە پلانی هەبێ بۆ داهاتووی خۆی و ئەرک و مافەکانی خۆیشی دەزانێت.

٧- گۆڕان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا: لە کۆمەڵگەی داخراودا هەستی ناوچەگەریتی و خزمایەتی زۆر بەهێزترە لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی. بۆیە دەبێ ئەم هەستە بگۆڕدرێ بۆ دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان و مرۆڤایەتی و، دەبێ کار بکرێ بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی دەمارگرژیی ئایینی، چینایەتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی(١).

## ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام):

مرۆڤ بوونەوەرەکی کۆمەڵایەتییە و بەشی هەرەزۆری ژیانی مرۆڤ بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تەرخان دەکرێ، لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بەشی هەرەزۆری خەڵک سەر بە ڕێکخراوێک، ڕەوتێک یان بیرۆکەیەکی دیاریکراون.

لە پێناسەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام) دەگوترێ کە ئەم دامەزراوانە ڕاستەوخۆ بەشێک نین لە چوارچێوەی سیستمی دەوڵەت بەڵام ڕۆڵێکی گرینگیان هەیە لەنێوان کۆمەڵگە و دەستەڵاتداران. وەک چۆن "هێگڵ" دەڵێ پردی پێوەندیی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگەی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنییە، لێرەشدا پردی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێکخراوە مەدەنیەکانن. بناخەی سەرەکیی چالاکی و کارکردن لە ڕێکخراوەکاندا ئەوەیە کە دەبێ سەربەخۆ بن و سەر بە دەوڵەتەکان نەبن، چوونکە ئەگەر سەر بە حکوماتەکان بن ئەوە ئیتر ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆ نین و دەبنە (GONGO) ڕێکخراوگەلی دەوڵەتی، لە بەرامبەر NGO یا "governmental Organization Non" کە لە ئەدەبیاتی ئێران پێی دەگوترێ "سمن" یا "سازمانهای مردم نهاد". لە کوردیدا وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکام) یا ڕێکخراوی ناحکومی باسی دەکرێ.

پشتیوانی و هاوکاریی حکومات لەو ڕێکخراوانە ئەرکێکی ئەخلاقییە، بەڵام دەبێ ڕێکخراوەکان زۆر وشیار بن لە چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان دەگەڵ لایەنی پەیوەندیداری حکومەتی، مەبادا بکەونە ژێر چەتری دەوڵەت و سەربەخۆیی خۆیان لە دەست



سەرچاوە Serchawe

بـدەن؛ چـونکە بەمجـۆرە نـابنە ڕێکخراوێکـی سـەربەخۆی مەدەنـی و سـڤیل. هەڵـبەت لەنێـو وڵاتـان بەتـایبەتی لە وڵاتـانی دیکتـاتۆردا کە ڕێکخـراوی جۆربەجـۆر بەڕواڵەت سـەربەخۆ دروسـت دەکەن و لە ژێـرەوە خەت و بەرنامەیـان دەدەنـێ یـا دەنـا ڕێکخراو بە دانـی ئیمتیـازی جۆراوجـۆر دەکڕینەوە! کە ئەمـانە نـاکەونە خـانەی ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنیی سـەربەخۆ. هەربۆیە هەموو ئەو ئاریشە و گرفتـانەی بەردەم کـۆمەڵگە بـۆتە هۆکاری ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ڕێکـام) ڕۆژبەڕۆژ پەرەیان پێ بدرێ و گەشەی بەربڵاوی چالاکییەکانیان زیاتر هەست پێ بکردرێ یان پڕبایەختر بن.

بۆچـوونی د. ئـازاد گـەلێک سـەرنجڕاکێش و وردە. ئـەو پێـی وایـە، هەریەک لە کـۆمەڵ و ڕێکخـراوە خۆبەخشە ئازادەکـان واتـا ئەوانەی لە لایەن سیستەمی سیاسی هەر دەسەڵاتێکەوە هان نـادرێن تـا دەست بخەنە نێـو کاروبـاری هاووڵاتیـانەوە و هەوڵـی پێشخستنی سەرجەم بوارەکـانی ژیـانی خەڵـک و کۆمەڵگەکەیـان دەدەن. بەمەبەسـتی کـۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی هـاوچەرخ، کە ڕێـز لە سـەرجەم تـاکەکـان و توێژەکـانی کـۆمەڵ بگـرێ، ئەرکەکانیـان بـۆ دیـاری بکـا و مافەکانیـان بپـارێزێ. بە واتـایەکی‌تر سـەرجەم ئەو کۆمەڵـە هەرەوەزی، پیشـەیی، سیاسـی، ڕێکخراویـی، زانسـتی، وێژەیـی، یـانە وەرزشـی و کـۆمەڵایەتی ڕۆشـنبیریانەی لەهەر یەکێـک لە کۆمەڵگەکانـدا بـوونی هەیە و ئاگـادار و شـارەزای ئەرک و مـاف و توانـا و کـار و ئامانجەکانیـانن. هەروەهـا لە شوێن خۆیـانەوە هەوڵـی چەسپاندنی یاسا و بەدیهێنـانی ئامانجەکانیـان دەدەن. ئەو بۆشـاییەش پـڕ دەکەنەوە کە لەنێـوان خێـزان و دەوڵەتـدا دروسـت بـووە، بەڵام ئەمـانە جیـاوازتر لە ئەنـدامەکانی هەر خێزانێـک، کە وابەستەی داب و نەریت و کولتـوور و ڕێسـای خۆیـانن و ڕابردوویـانن، یـان سیستەمی سیاسیی دەوڵەت یان وابەستەی کۆمەڵێک بەرنـامە و یاسـای تـایبەت بە خـۆیەتی و خـۆی لـێ لانـادات، کـار و هەوڵەکانیـان دەخەنە گەڕ بەڕادەیەک لە پێنـاو بەرژەوەنـدیی هەمـوو توێژەکـانی کۆمەڵـدا، ئامـادەن زۆر سـنوور ببەزێـنن و تـازەگەری بهێنـنە ئـاراوە. بەمەش کـۆمەڵگەیەک دادەمەزرێ کە ئازادی و بەختەوەری و ڕێزگرتن لە یەکتری و دابینکردنی ماف بۆ هەمووانی تێدا بەرجەستە دەبێ.

### ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە، کە دەکرێ لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ بکەین:

١- **ئیـرادەی تاکەکـانی کـۆمەڵگە:** مەبەسـت لەو ئیـرادەیەیە کە هەر یەک لە تاکەکـانی کـۆمەڵگە لە بەرەوپێشـچوونی ڕەوتـی کـۆمەڵگەکە بڕیـاری لەسـەر ئەدەن و کـاری بـۆ ئەکەن. ئەم ئیـرادەیە لای هەر تـاکێکی کـۆمەڵگە جیـاوازە لە خزمـایەتی و کەسایەتی و هۆزایەتی لە لایەک و ڕەگەزنامەی خۆیی لە لایەکی تر، چونکە هەر تاکێک لە کۆمەڵگە بە هۆی لەدایکبوونی لە خێزانێکدا بۆتە ئەندامی ئەو خێزانە و بنەماڵە و هۆزەکەی. لە کاتێکیشدا بووەتە ئەو ئەندامە کە نە پرسی پێ کراوە و نە توانـای بـووە خـۆی لـێ لابـدا. هەروەهـا وەک خەڵکـی نـاوچە یـان وڵاتێـک ئەنـدامیەتی بەسـەردا بـڕاوە بە ویسـتی خـۆی نەبـووە، بە ڵکـو بەپێـی لەدایکبـوون و پەروەردەبـوون و گەورەبـوونی لەو وڵاتەدا ئەو ڕەگەزنـامەیەی پێـدراوە و وەک خەڵکـی ئەو نـاوچەیە یـان ئەو هەرێمە نـاسراوە یـان ئەو وڵاتە نـاسراوە. بـۆ نمـونە لەوانەیە زۆربەمـان بە ویسـتی خۆمـان نەبـووین بە



سەرچاوە
Serchawe

ئێرانی و حەزمان پێ نەکردبێ، بەڵام بارودۆخی پەروەردەبوون و ژیانی ئێمە لە ئێران ئەو بڕیارەی بەسەر دابین. لە کاتێکدا خۆمان کورد بووین، بەڵام وەک ئێرانی ناسراوین.

٢- ڕێکخستن و کاری هاوبەش: مەبەست لە کاری ڕێکخستنی ڕێکوپێک و شیاوی هەر کۆمەڵە و یانە و ڕێکخراو و پارتێکە، کە لەلایەن ئەندامەکانیەوە بە گیانی لێپرسینەوە و دڵسۆزی بۆ بەهێزبوون و گەشەکردنی ڕێکخراوەکەیان هاوکاری و یارمەتیی یەکتر بدەن. دوای ئەوەش گیانی هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵ و یانە و پارتەکانی تردا دەگۆڕنەوە و بە هەموویان بە گیانێکی هاوبەش خەبات دەکەن، کە بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە هەر یەکێک لە ئەندامانی هەر ڕێکخراوێک بە ویستی خۆیان بوونە ئەندام و بڕیاری ئەوەیان داوە هەموو تواناکانیان بۆ گەشەکردن و خزمەتی ڕێکخراوەکەیان بخەنە کار. بۆیە چاوەڕوانی گەشە و پێشکەوتنی لەو جۆرەیان لێ دەکرێ. هەروەها لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەندە ڕێکخراو و یانە و پارت و کۆمەڵەکان زیاتر و چوست و چالاک بن ئەوەندە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز و کاریگەرە.

٣- یەکتر قبوڵکردنی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە: مەبەست لەوەیە کە هیچ کۆمەڵگەیەک نابێتە مەدەنی هەتا ئەوەی ڕێکخراوی بەرانبەری قبوڵ نەکات و هاوکاری نەکا و ڕێزی لێ نەگرێ. دیارە ئەگەر هەموو ئەندامانی هەر ڕێکخراوە و کۆمەڵێک یەکتریان قبوڵ کرد و هاوکاریی یەکتریان کرد؛ پاشان کاری ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردن و پێشکەوتنی ڕێکخراوەکانی تر بوو، ئەوا بناغەی بەدیهاتنی کۆمەڵی مەدەنی بەهێز و پتەو و ئایندەیەکی گەش و درێژخایەنی دەبێ. بەکورتی کۆمەڵی مەدەنی لە ئەنجامی چەندین کادری کارای جۆراوجۆر لە توانا و بەرنامە و بیرکردنەوەی هاوچەرخ و ڕەگەزی جیاواز دادەمەزرێت. ئەوەش دوای ئەوەی هەستی خێزان و تایەفەگەری و هۆزایەتی و ناوچەیی و ئایینی بۆ هەستی خزمەتکردن و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی فرەیی ئەگۆڕێت. باشتریشە هەوڵەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە ڕێکخراوانە بە قەناعەت و باوەڕی خۆیان بێت. نەوەک لە بەرانبەر مادده و خزمایەتی و تێرکردنی ئارەزووەکانی خودی و ئەندامەکان بێت یان لاسایی و چاولێکەری کۆمەڵگەکانی دەوروبەر و جیهان بێت"(٢).

سەرچاوەکان:

١- ئازاد ئەنوەر، د. کەیوان، کورد و کۆمەڵی مەدەنی، چاپی دووەم سلێمانی خانەی چاپ و بڵاو کردنەوەی چوارچرا ٢٠٠٤.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## کوێستانی ئاواجیغ

لە نێوەڕاستەکانی مانگی ئەم مانگەدا قاچاغچییەکانی مرۆڤ کە زیاتر خەڵکی ئەفغانی ئاودیوی تورکیە دەکەن، لە ئاکام گرتنی دەستەیەک لە ئەفغانەنییەکان لەلایەن ژاندارمی تورکەوە بەو ڕێگایەی پێیدا هاتبوون سنووورداش دەکرێنەوە. دواتر لەسەر ئەم کێشەیە دەبێتە شەڕ و گرووپی تورکەکان بە قەمە و دار و بەرد هەڵدەکوتنە سەر ڕەشماڵی ماڵە کوردەکانی ناوچەی کوێستانی "ئاواجیغ" (ئاواجیق)(دوو هەوار بەناوەکانی "نادۆ" و "سپی سەنگ" کە زیاتر لە ١٥٠ خێزانی لێیە و بیست هەزار سەر مەڕوماڵاتی لێ دەڵەوەڕێندرێ و سەرەتای دەستپێکی کاروچالاکیی مەڕدارانە) و کوردەکانیش بەناچاری دەست دەکەنەوە؛ کە لە ئاکام چەند کەس لە هەردووک لا دەکوژرێن و بریندار دەبن.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو شەڕە دەکرا بە ڕێگای یاساییەوە چارەسەر بکرێ و هیچ پێویستیی بە لەشکرکێشان و خۆپێشاندان نەبێت، هەر زۆر خێرا خەڵکی تورکی ناوچەکە بە فیتی سپای پاسداران و پشتیوانیی نوێنەری بەناو مەجلیس کۆ دەبنەوە و داوا لە بەرپرسانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ناوچەکە دەکەن کە دەبێ ئەو کوردە مەڕدارانە سەدان ساڵە لەو کوێستانانە گەرمێن و کوێستان دەکەن کۆچ بدرێن و بەزۆری دەستبەرداری هەوار و زۆزانی خۆیان بن.

لەم نێوەدا ژنێک لە فیلمێکدا دەردەکەوێ کە چەند دە کەسێک دەوریان داوە و گۆیا مامۆستای قوتابخانەیە و داوا لە نوێنەری ئەو شارە (ماکۆ، بەخشعەلی ڕەحیمی باغچە جوقی)و هێزە ئەمنییەتییەکان دەکا کە ئەو خەڵکە کوردە دژی شۆڕشن و یان دەبێ ئێوە بێن ئەو خەڵکە دەر بکەن، یان خۆمان کفن دەبەر دەکەین و لێرەیان وەدەردەنێین! بەناو نوێنەریش کە خۆی یەکێک لە مۆرەکانی ڕێژیمە، ئەم هەلە وەک باشترین دەرفەت دەبینێ و دەیقۆزێتەوە و بە پەلە بڕیار دەدەن دەبێ کوردەکان ئەو مەڵبەندە بەجێ بێڵن و لە چادر و چیغ و ڕەشماڵیان دەکەن. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەودەمەی ساڵ کاتی زۆزان و کوێستانچییەکانە و بە وەرزی کار و تێکۆشانی مەڕداران دادەنرێ.

هەر ئەمە وای کرد ئەو ڕووداوە ئاساییەی شەڕی دوو بنەماڵە ببێتە هەوێنی کۆچی زۆرەملێی بەشێک لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە و هەڵوێستی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیاندنە کوردییەکانی بەدوادا هات. لێ مەخابن لە نێوخۆی ماکۆدا نەیانهێشت دەنگی کاناڵە کوردەکان بێتە دەر و وێڕای هەڕەشە و گوڕەشە پێیان ڕاگەیاندبوون هەر هەواڵێک لەسەر ئەو بابەتە دەچێتە چوارچێوەی ئەمنییەتی نەتەوەیی و نابێ بڵاو بکرێتەوە؛ لەبەرامبەردا کاناڵە تورکەکان بە دڵی



سەرچاوە
Serchawe

خۆیان ڕووداوەکەیان چەواشە دەکرد و ئەسپی خۆیان لە مەیدانی سپادا تاو دەدا!

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا پان‌تورکەکان بە پشتیوانیی هێزە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکان بەتایبەت سپای پاسداران کە لەم ناوچانەی کورد و تورک پێکەوە دەژین، دەسەڵاتدارن و بەهەر شێوەیەک بۆیان لوابێت دژایەتیی کوردەکانیان کردووە و بەجۆرێک دیمۆگرافیای کوردستانیان شێواندوە و بە قازانجی تورکەکان و لە بێدەنگیی ناوەندا چالاکیی بەردەوام دەکەن. هەر لەم ڕووداوەی دواییدا کەسێک بەناوی "ئەلیار ماکۆیی"، جێگری حیزبی پان‌تورکی "گاموح" دەستخۆشیی لە قسەکانی ئەو ژنە کرد و هێزەکانی ڕێژیمی هان دەدا بۆ ئەوەیکە دەبێ بەزۆرەملێ کۆچ بەو کوردانە بکرێ.

ناوچەی ئاواجیخ (ئاواجیق) دەکەوێتە باکووریترین خاڵی سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوامین ئاواییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو مەڵبەندەیە کە بەپێی سەرژمێرییەکانی ئێستای ئێران سەر بە شاری "چاردێرانە"(چالدران)ە و بەدرێژایی مێژوو وەک ڕێڕەوێکی ستراتێژیی تورکەکان بۆ هاتوچۆ کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە مێژووی ئەو دەڤەردا سەلجوقییەکان، مەغۆلەکان، سەفەوییەکان، تورکەکانی بەیات، ئەفشار، قاجار، شاملوو و ئیستجالوو و ... بەم دەربەندەدا بۆ کوردستان دەگوازرانەوە یان بەم ڕێڕەوەدا هێرشیان دەکرد و هەڵدەهاتن. لە سەردەمی سەفەوییەکاندا هەزاران بنەماڵەی ئەم سنوورە بەرەو خۆراسان گوازرانەوە، بەجۆرێک کە لە سەردەمی شاعەبباسی سەفەویدا قەڵای "قابان"ـی ماکۆ کە بە ناوەندی دەسەڵاتی کوردەکانی "مەحموودی" دەناسرا، دەستی بەسەردا گیرا و دوای وێرانکردنی قەڵاکە، ٣٠٠ بنەماڵەی تورکی بەیاتیان بۆ ئەو ناوچەیە گواستەوە، و بەمجۆرە حاکمییەتی سەڵماس و ورمێش هەر لەو سەردەمدا دران بە دەستەڵاتدارانی تورک. دوای گەڕی دووهەمی شەڕەکانی ئێران و ڕووس و شکانی ئێرانییەکان، تورکە قەرەپاپاقەکانیان هێنایە ئەو ناوچە سنوورییانە و پاش ماوەیەک بەشی هەرەزۆرییان بردنە دەشتی سندووس و دەوێیان خزاندن، بەجۆرێکی دیکە ئەو تورکانەی ئاواجیخ و قەرەپاپاقی نەغەدە لە یەک تایفە و بەرەبابن.

وێڕای هەموو ئەو ئاڵوگۆڕە ئەتنیکییە و شێواندنی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە و هێنانی دوامین دەستە لە تورکەکان لە ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێ کوێستان و زۆزانەکان و هەروەها ئاواییەکان هەر لەدەست کوردەکاندا ماوەتەوە و جەلالییەکان و میلانییەکان بەردەوام دەسەڵاتداری ڕەسەنی ناوچەکانیان بوون. دوای نسکۆی شۆڕشی ئاگری بە سەرکردایەتیی ژێنراڵ ئێحسان نووری پاشا بەهۆی ئەوەیکە کوردەکانی ئەم بەشە هاوکار و یارمەتیدەری شۆڕشی ئارارات بوون، نزیک پێنج هەزار بنەماڵەی جەلالییان وەک تووی زەوی بەسەر ئەردەبێل، قەزوین، ئەهەر و خۆراسان وەرکرد و لەژێر ناوی "تختە قاپو"کردنی کۆچەرەکان ڕێژیمی شا جارێکی دیکە هەوڵی سڕینەوەی کوردەکانی ئەو ناوچەیەی دا.

ئەو هەمووە هەوڵە لانیکەم ئاکامەکەی لەو ماوە زەمەنییە دوورودرێژە ئەوە بوو کە، بەشێکی زۆر لە کوردەکان ئاسمیلە بوون کە لەوان دەتوانین ئاماژە بە کوردەکانی دونبولی کە هەم زمانیان بۆتە تورک و هەمژی دینیشییان بۆتە شیعە! یان تایفەی کوردی ڕەسەنی مافی کە لە ورمێ نیشتەجێ دەبن، ئەو حاڵەتەیان بەسەردا هاتوە. یان سیاسەتی ئابووریی ناوەند وای کردوە زۆربەی کوردەکانی ئەو ناوچانە لەبەر ئەوەیکە هیچ هیوایەکیان بە دامەزراندن و هاوکاری و یارمەتییەکانی حکومەت نییە بەناچار یان دەبێ کۆڵبەری بکەن و بکوژرێن، یان دەبێ بۆخۆیان ئەو ناوچانە جێ بێڵن و ڕوو لە شارە گەورەکانی وەک تاران و ئیسفەهان بکەن و بەمجۆرە بۆ پەیدا کردنی بژیوی ژیانیان و کوردستان و خاکی خۆیان بەجێ بێڵن و حکومەت و لایەنی پانتورک بە هاوکاریی دەزگا ئەمنییەتییەکان هەموو ئیمکانات و دەرفەتێک بۆ تورکە هاوردەکان دەرەخسێنن و دایاندەمەزرێنن بۆ ئەوەیکە لەو ناوچانەدا بمێننەوە و خاکی کوردان بە شێوەیەکی نەرم و لەسەرخۆ داگیر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢٢

## ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان (لە دەسەڵاتی میرنشینەکانەوە هەتا ژێکاف)

[ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات، سەرەتا بە بزووتنەوەی شێخەکان لە کۆتاییهاتن بە دەستەڵاتی میرنشینە کوردەکان و بۆشایی نێوان کۆمەڵگە و درێژەی ڕەوتی سیاسیی کورد دەست پێ دەکا و دواتر بە دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی کوردی پەنگێکی بەڕۆژ دەداتەوە و لە دامەزرانی دووهەم ڕێکخراودا دەگاتە سەرچڵەپۆپەی داخوازییە شۆرشگێرییەکانی خۆی. حیزبی دێموکراتی کورستان وەک یەکەم حیزبی مۆدێرن، ڕەوتی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات دەگرێتە دەست و ڕیالیستییانە درێژە بە خەبات دەدا.]

ڕەوت بریتییە لە دامەزراوە، کۆمەڵە و گرووپێکی دیار کە بێجگە لە بناخەی هزری، جۆرێک ڕەوشتی کۆمەڵایەتیشی هەیە. (خسروپناە، ١٣٨٨) ڕەوتەکان سێ تایبەتمەندیی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

١- کۆمەڵایەتیبوون و هەبوونی جۆرێک لە ڕەوشتی تایبەتیی کۆمەڵایەتی.
٢- بوونی دامەزراوە و کۆمەڵە.
٣- هەبوونی بیرۆکە، هزرێکی بەرچاو و دیار و هەڵسوکەوتی تایبەت بە ئەو.

کە وابوو ڕەوتناسی بریتییە لە ناسینی ویژمان، چلۆنایەتیی بیچمگرتن، ناساندنی دامەزرێنەران و کەسایەتییە ناسراوەکان، هەروەها کاریگەرییان لەسەر دامەزراوە، گرووپی هزری، کولتووری، سیاسی و ئابووری هەیە. ڕەوتێکی سیاسی بە مانای شەبەنگێکی بەربڵاوی هزری، ئایدئۆلۆژی، سیاسی و بڕواییە. ڕەوتێکی سیاسی مێژوویەکی دیاری هەیە و لایەنەکانی گووران هەتا گەشە و ئامانج و شێوازی خەباتی سیاسیی خۆی دەناسێنێ.

به شێوەیەکی گشتی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر چوار لێڕوانین دابەش دەبن:

١- ڕەوتی هزری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیین کە لەسەر بناخەی هزر و ڕوانینی زانستی هەڵچنراوە و زیاتر لە بەستێنی بیر و ئەندیشەدا چالاکن.

٢- ڕەوتگەلی کولتووری؛ دامەزراوە و کۆمەڵەیەک کە بەر لەوەی باس لەسەر پرسگەلی فەلسەفی و کەلامی بکەن، چالاکی کولتووری و پڕۆپاگەندایییان هەیە و زۆرتر لەسەر فەرهەنگ و کولتوور کار دەکەن.

٣- ڕەوتی سیاسی؛ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە کە ئاراستە و چالاکییەکانی سیاسییە و زۆرتر لە بەستێنی سیاسیدا کاریگەریی هەیە.

٤- ڕەوتی ئابووری؛ ئەو دامەزراوانەی ڕوانینیان ئابوورییە و لەم بوارەدا چالاکن.

یەکێک لە کارکردەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیی ڕەوتی سیاسی، شکڵدان بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی سەقامگیرە کە گۆڕانی لەنێو کێشمەکێشی سیاسی بە ڕوانگەی"گرامێشی" مەمنوونی "هەژموونییە"، کەوابوو ئەمرێکی سیاسییە (خرم شاد، سادات، ١٣٩٢).

ڕەوشی جۆراوجۆر بەستێنی دامەزراندنی ڕەوتەکان وێنا دەکەن، ناسین و شرۆڤەی دۆخی بەر لە هەبوونی ڕەوت بنەمای ناسینی لایەنی هزری و مێژوویی پێک دێنێ. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هاتنی زاراوەکانی سیاسی و خۆختستنە سەر مێشک و زاران (سوسیالیزم، کۆمۆنیزم، ناسیۆنالیزم، دێموکراسی و...)، شەڕە مەزنەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و مەودای نێوانیان، ڕەوشی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسی، دۆخی کۆمەڵگە بەستێن بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی پڕکاریگەر خۆش دەکا. ڕەوتناسیی سیاسیی دەرکەوتنی بیری نەتەوەیی بەشێکی بۆ هاتنی چەمکگەلی وەک ناسیۆنالیزم، دێموکراسی، کۆمۆنیزم، سۆسیالیزم و... لە ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێشەوە کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە فەڕانسە "مۆنتێسکیۆ"، "ژان ژاک ڕۆسۆ" ئاوانگاردی هزری سیاسیی سەردەمی خۆیان بوون، "جێفرسۆن" و "توماس پین" لە ئەمەریکا و "جێرمی بێنتام" و "گلادستۆن" لە ئینگلیس، "گاریبالێدی"، "مێزینی" لە ئیتالیا لە مەزنترین تیۆریسیەنەکانی ناسیۆنالیستی و پێکهاتنی جۆرێک لە نۆرمی نوێی سیاسی و ڕوانینی تایبەت بە جیهانبینی ئیتالیایی بوون و، "بیسمارک" لە ئاڵمان ئاڵاهەڵگری نەتەوەگەرایی بووە. ئەگەر لەسۆنگەی لەمێژەبوونی، باسی ئەحمەدی خانی و میرشەرەفخانی بدلیسی لە کوردستان و نەبوونی نەزمێکی سیاسیی بەرچاو لە میرنشینەکانی نەکەم، ناکرێ ماڵباتی بەدرخان، بزووتنەوەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا، سمایل ئاغا و... نەهێنینە بەرباس کە ئاڵوگۆڕێکی گەورەی فکریی لە دەزگای بیرکردنەوە و ئاستی وشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵات کردووە.

کاتێک دەسەڵاتی میرنشینەکان نامێنن، بۆشایەکی سیاسی ئەمنی بوروکراتیک ڕوو دەدا، شێخەکان بە تەکیە و دامەزراندنی خانەقاکان دێنە مەیدان و تەنانەت جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی و بزووتنەوەکانیش دەگرنە بەدەست. دوو تەریقەتی گرنگی کوردستان "قادری" و "نەقشبەندی"، لە شکڵگرتنی نوێی ڕەوتی سیاسیی کورددا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە کە پشکی تەریقەتی نەقشبەندی لەم ئاستەدا زۆرترە. مەودای نێوان شەڕی یەکەمی و دووهەمی جیهانی، ئەو ڕێککەوتننامانەی

"سایکس پیکۆ"(١٩١٦ز)، "سێڤەر"(١٩٢٠ز) و "لۆزان"(١٩٢٣ز)، شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست هەموویان سەرەتا بە دەستپێکی ڕوانینێکی "نەتەوەیی-ئایینی" دواتر ڕەوتی چەپ(سۆسیالیزم-کۆمۆنیزم) و (ناسیونالیزم-نەتەوەیی) کاریگەریان لەسەر بیچمگرتنی سێ ڕێکخراوی "ح. ا. ک "(حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨)، "ک. ژ. ک" (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد ١٩٤٢) و "ح. د. ک"(حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٩٤٥) هەبووە.

هەر کردەوەیەک دژکردەوەیەکی هەیە، هەموو ئەو نەهامەتی و کردەوە دژە کوردانەی، دەورانی بیست ساڵەی دەسەڵاتی پڕ لە زوڵم و خەفەقانی ڕەزاشا، پرۆژەی قاڵکردنەوەی کورد و شوڤینیزمی فارس (گۆڕینی ناوی شار و ئاواییەکان، بەراوەژووکردنی مێژوو و چەواشەکاری، دژایەتی لەگەڵ کولتووری ڕەسەن و خۆماڵیی گەلی کورد و پێداگری لەسەر زوڵم و ستەمی نەتەوەیی، سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد، (سمکۆ لە ورمێ و شنۆ، جافرسوڵتان لە هەورامان، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەحموودخانی کانی سانان لە مەریوان، مەلا خەلیل گۆڕئومەری (١٣٠٧ - ١٣٠٨)، بیرهۆ و فەرزەندە لە ناوچەی ماکۆ) هاوکات دەگەڵ گۆڕینی بیروهزری کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسی نیشتمان و نەتەوە بوونە دنەدەری ڕەوتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

## حیزبی ئازادیی کوردستان ١٩٣٨

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨ز) سپای ڕووسیە خۆی دەخزێنێتە ئێران و تەنانەت لە بەشێکی خاکی ئێراندا دەگەڵ عوسمانلییەکان دەکەوێتە شەڕ و پێکدادان. لە ناوچەی موکریان و بەتایبەت لە شاری مەهاباد کەسانێک دەکەونە ژێر کاریگەریی بانگەشە و بیروبۆچوونی ئەو ئەفسەرانەی کە لایەنگری حیزبی سۆسیال دێموکراتی (کۆمۆنیست)ی ڕووسیە بوون و لە سپای ئەو وڵاتەدا بوون. سەرۆکی ئەمانە کەسێک بوو بە ناوی "حەمە هەتیو". ئەوانە بە بەڵشەڤییەکانی مەهاباد ناوبانگیان دەرکرد و دروشمەکەیان ئەوە بوو کە دەبێ، فەقیر و هەژار سەرکەوێ و دەوڵەمەند نەمێنێ (بازیار، ٢٠١٩). دواتر کرماشان وەک شوێنی دەرکەوتنی سۆسیال دێموکراسیێ لێ دێ و "ئەبولقاسم لاهووتی" ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جووڵە سیاسییەکانی سۆسیالیستە چەپەکان و لەلایەکی تریش چالاکییەکانی حیزبی توودە لە کوردستان و خۆ بەخاوەنکردنی پرسی کورد ڕەوتی چەپی بەسەر فەزای کوردستاندا زاڵ کرد و ئیدی هێدی هێدی ڕەنگی ئایین و سەرکردایەتیی شێخ و ئاغا کە پێشتر جڵەوی بزووتنەوەکانی کوردیان لەدەستدا بوو، کاڵ دەبێتەوە.

یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات لە هەلومەرجێکدا دامەزرا کە سیاسەتی نەتەوەسازی و یەکڕەنگکردنی کولتووری، ئاسیمیلەکردنی نەتەوەکانی غەیرە فارسی ڕەزاشا لە ئێران، تێکشکانی بزووتنەوە خێڵەکی و چەکدارییەکانی کورد، بوونە هۆکاری دامەزراندنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە ناوی "حیزبی ئازادیی کوردستان" کە لە پووشپەڕی ١٣١٧ لەنێو

ئەو هۆکارانەی باسمان کرد هەڵقولا. لەبەر نهێنی بوونی کار و چالاکییەکانیان هەروەها ڕەوشی پۆلیسی و پڕمەترسیی ئەو قۆناغە ناوی دامەزرێنەرانی بەتەواوی ڕوون نییە، بەڵام ناوی بەشێکیان بۆ ئێمە ئاشکران کە بریتین لە "حوسێن فروهەر (زێرینگەران)، کەریم یاهوو، مەحموود ڕابتی، حوسێن میکائیلی، محەمەد نانەوازادە، بە سەرۆکایەتیی ڕووناکبیری مهابادی عەزیز مەلا زەندی کە دوکتور عەزیز زەندی و عەزیز ئەڵمانییش بەناوبانگ بوو (سەردەشتی، ٢٠١١).

هەر زۆر زوو ناکۆکیی فکری لەنێو ئەو حیزبە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی و دابەشبوونی بەسەر دوو بەرە. عەزیز ئەڵمانی کە سەردانی ئەڵمانی کردبوو و لە نزیکەوە شاهیدی پێشکەوتنەکانی ئە وڵاتە بوو، لەلایەک و لەلایەکی تر عەبدوڵڕەحمان زەبیحی و حوسێن فروهەر بوون کە بەلای سۆڤیەتدا شکانەوە (باباخانی ١٣٧٨). بەرنامەی ئەم حیزبە لە ٢٨ خاڵدا گەڵاڵە کراوە و لایەنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لەخۆ دەگرێ (بازیار، ٢٠١٩). شکڵگرتنی یەکەم ڕەوتی ڕێکخراو بە تەکووزییەکی نیوەدیار دەگاتە حیزبێکی دێموکراسی‌خوازی ئانتی فاشیزمی پێشکەوتنخوازی کوردستانی. ئەوان بڕوایان بە کوردستانێکی ئازاد، فرە نەتەوە، فرەزمان و کولتووره کە تەواوی نەتەوەکانی کورد و ئاسووری و ئەرمەن لە سایەی کۆمارێکی عەلمانی و سێکۆلاردا ئازاد بن.

بە ورد بوونەوە لە مەرامنامەی ئەو ڕەوتە دەردەکەوێ کە لایەنگری لە "چینێکی" (زاراوەیەکی سیاسییە کە مارکس دایهێناوە) ڕەنجبەران و کرێکاران دەکا، دامەزراندنی مەجلیس و ئەنجوومەنی ڕەنجبەران و کرێکاران لە هەموو شوێنێک بە مەبەستی ئازادی و دژ بە دیکتاتۆری و دامەزراندنی هەرەوەزییەکان و هەلوەشاندنەوەی هەموو کۆت و بەند و ئیمتیازێک کە ژیانی جووتیاران نائاسوودە دەکا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێکی چەپ بووە (بازیار، ٢٠١٩).

**سەرچاوەکان:**

١- خسروپناه، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم: موسسه حکمت ١٣٨٨
٢- خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی بەمثابه روش، فصلنامه علمی پژوهشی، دوره ٥ شماره ٢
٣- بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٩١ - ١٩٤٥)، هەولێر ٢٠٢١
٤- سەردەشتی، د. یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩ - ١٩٧٩)، سلێمانی ٢٠١١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

## ڕەوتناسیی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

### کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد

دوای دەستپێکردنی شەڕی جیهانیی دووهەم ۹ی خەرمانانی ۱۳۱۸، یەکی سێپتامبری ۱۹۳۹ وڵاتی ئێران بێلایەنیی خۆی لەو شەڕەدا ڕاگەیاند، بەڵام بە دوو هۆکاری بەربڵاویی سنوورەکانی ئێران دەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و دەرگیربوونی شووڕەوی دەگەڵ ئاڵمان ئەم بێلایەنییە سست بوو. سپای "هاوپەیمانان" بە پاساوی بوونی سیخوڕانی نیزامیی ئاڵمانی لە ئێران ئەو وڵاتەیان داگیر کرد. دوابەدوای یەکگرتنی ئینگلیس و شووروەوی لەپاش هێرشی ئاڵمانی نازی بۆسەر سۆڤیەت و پێویستی ئەم وڵاتە بە یارمەتییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس بۆ بەرەکانی شەڕ لە شوورەوی، هاوپەیمانان بڕیاریان دا لە کۆلیدۆڕی ئێران کەڵک وەرگرن، هەربۆیە ئەو هێزانە لە ۲۵ی ئوتی ۱۹٤٥ هێرشیان کردە سەر ئێران و ئەم وڵاتەیان گرت. لە ڕۆژی ۳ی خەرمانانی۱۳۲۰، سەرەتا هێزەکانی شوورەوی لە باکوور و ڕۆژهەڵات بە ئاسمان و زەوییدا هێرشیان کردە سەر ئێران، دواتر هێزەکانی بریتانیا لە باشوور و ڕۆژئاوا داگەڕان و هەموو شارەکانی ئێرانیان بەهاسانی دەستبەسەر دادەگرت و هەردووک وڵات بەرەو تاران ملی ڕێگایان گرتەبەر. ئەرتەشی ئێران خێرا دارما. ڕەزاخان بە زەختی وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەت بریتانیا وازی لە دەسەڵات هێنا و دوای گرژی و چەقەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشتن کوڕەکەی ڕەزاخان واتە حەمەڕەزا کە جێگرەوەی پێشووشی بوو، بکەنە خونکاری ئێران.

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لە ساڵی ۱۹٤٥دا سپای بریتانیا بەپێی ڕێکەوتنێک دەگەڵ ئێران، ئەو وڵاتەی چۆڵ کرد، بەڵام هێزەکانی سپای سووری شووڕەوی ئەو ڕێکەوتنەیان لا پەسەند نەبوو و لەو وڵاتە مانەوە هەتا دوو ناوچەی جوغرافیای ئازەربایجان و کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لێ ڕاگەیاند. لە ساڵی ۱۹۲۱دا پاش کودتایەکی نیزامی کە بە یارمەتیی ئینگلیس هاتە دی، ڕەزاخان هاتە سەر کار و ساڵی ۱۹۲۳ لە تاران تانجی خونکاری لەسەر نا و زنجیرەی پاڵەوی ڕاگەیاند.

ڕووکاری ئاوەڵایی سیاسی لە تەواوی وڵاتی ئێراندا کاتی بەسەر چوو. دەسەڵاتی ناوەندی ئێران لە تاران هێزی گرت و پشووی لە هەمووان بڕی. لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی و شۆڤێنیزمی فارسی ئێرانی و "یەک وڵات" – "یەک نەتەوە" بوو بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی و گەلانی غەیرە

فارسی نیشتەجێ لە بانووی ئێران  ئەو ناوە دەستکردەی تازە داتاشرابوو، خرانە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی.

سرووشتیە لەهەمبەر ئەو هەمووە زوڵم و غەدرە دژکردەوە هەبێ، ڕەخسانی هەلی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لە نەبوونی دەسەڵاتی پتەوی شا لە ناوچەکە بەتایبەت ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان  ئینگلیس لە باشوورەوە هەتا لای لۆرستان و ئیلامی گرتبوو و لە باکووریشەوە هەتا نزیک ورمێ دەدەست هێزەکانی شوورەوی دابوو بزاڤی مافخوازانەی کورد  سەرهەڵدەنەوە.

"دەوڵەتی ئێران بەرنامەی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان لە ناوچەی ورمێ چەک بکا، زەختێکی زۆریان بۆ دێنێ، ئینجا ژاندارمی ئازەری شیعەمەزەب بە کرێ دەگرێ، لە ئاوریلی ١٩٤٢ ڕەوشی ئەو ناوچانە زۆر ئاڵۆز دەبێ و سەرهەڵدان و پشێوی درووست دەبێ. لەو نێوەدا بەرەنگاری و تێکهەڵچوون ڕوو دەدا، لە ڕۆژی ٢٨ی ئاوریلی ١٩٤٢دا (هەشتی بانەمەڕی ١٣٢١) عێل و عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی دەڤەر و ناوشاری ورمێ خۆپێشاندانێک لە شەقامەکانی ورمێ بەڕێوە دەبەن  کۆچیرا، ١٣٦٩ کوردەکانی باژێری ورمێ چەند داخوازییەکی تەواو مەدەنیانەیان لە کاربەدەستان و کونسولی شووڕەوی لەو ناوچەیە هەیە کە بریتین لە:

١- زمانی کوردی لە مەدرەسەکاندا بخوێندرێ.
٢- تەواوی ژاندارمی بەینی شارەکانی خۆیە و مهاباد دەبێ لەو ناوچەیە بچنە دەرێ.
٣- کوردەکان دەبێ لە کاروباری نەتەوایەتیدا ئازاد بن.
٤- دەبێ نوێنەری کوردان لە هەموو ئیدارە و ئۆرگانەکانی  دەوڵەتیدا هەبن و لە مەدرەسەکانیش  جێگیر بن.
٥- کوردەکان دەبێ لە هەڵگرتنی چەک ئازاد بن.
٦- هەروەها داوای ئازادکردنی ٢٠ کەس لە گیراوانی خۆیان دەکەن کە لە بەندیخانە دان.

دوای ئەو داواکاریانەی کوردانی ورمێ لە هێزی شوورەوی، لە سێپتامبری ١٩٤٢ واتە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ کۆنفرانسێک لە شاری شنۆ بە بەشداریی ئاغا و سەرۆکە کوردەکانی لای خوارووی ڕۆژئاوای ورمێ و باکووری کوردستانی ئێران بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بەڕێوە دەچێ، لەم کۆبوونەوەیەدا کە دوور لە چاوی ئینگلیسەکان و بە پاساوی زەماوەندی کوڕی قەرەنی ئاغای مامەش گیرابوو، بەرپرسە کوردەکان بە هیچ ئاکامێک و یەکیەتییەکی ئەوتۆ ناگەن.

"سەرلەشکر ئەحمەد زەنگەنە، یەکێ لە ئەفسەرانی باڵای لەشکری ٤ی ڕەزائییە لە ژێر سەردێری  "لەهەمبەر بارودۆخی

ڕەزائییە لە ساڵی ١٣٢٠ دا" نووسیویەتی: دوای هەڵوەشانی لەشکر لە شەهریوەری ١٣٢٠، ڕەزائییەش وەکوو زۆر ناوچەی تری وڵات ئارامی و ئاسایشی بیست ساڵە بۆ نائەمنی و شێوان گۆڕا، بەشێک لە ئاژاوەخوازانی ناوچەی ڕەزائییە وەکوو، عومەر شەریفی عومەرخانی شکاک لە ناوچەی سۆما و برادۆست سەرووی ڕەزائییە، ڕەشید بەگی جەهانگیری لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لە مەڵبەندی ڕۆژئاوای ڕەزائییە، زێرۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی بالانیش و ناوچەکانی خوارووی ڕەزائییە، تەها هەرکی لەناوچەی دۆڵی خوارووی ڕزائییە" کەوتبوونە ژێر کاریگەریی بێگانە و ئەفسەرانی یەکیەتییی سوڤیەت"(مستەفا ئەمین، ١٩٩٣). ئەم بارودۆخە وا ڕێکەوت بۆ ئەوەی یەکەم ڕێکخراوی تۆکمە، مۆدێرن و نەتەوەیی بەتەواو مانا بە ناوی "کومەڵەی ژیانەوەی کورد" ک.ژ.ک لەسەر داروو پەردووی حیزبی ئازادی کوردستان پێک بێت. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەکە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١دا (بەرامبەر بە ١٦ی ئوتی ١٩٤٢) لە مەهاباد کۆبوونەوە و کۆمەڵەی ژێکافیان دامەزراند. ئەو یازدە کەسە بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدوڵڕەحمان زەبیحی، عەبدوڵڕەحمان ئیمامی، عەبدولقادر مودەڕسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحموودی، محەمەد ئەسحابی، عەبدوڵڕەحمان کیانی، سەدیق حەیدەری و قاسمی قادری(قاسملوو، ١٩٨٨). ئەم دامەزراوەیە وەک ڕیخراویەکی نهێنی چالاکیی دەکرد و هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە کوردانی باشوریش تێیدا بەشدار بوون".

ساڵی ١٩٤٢حیزبی هیوا کە ئەوسا بەهێزترین ڕێکخراوی چەپی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا بوو؛ دوو کەس لە ئەندامە شارەزاکانی خۆی؛ واتە "میرحاج ئەحمەد و مستەفا خۆشناو"، کە هەردووکیان ئەفسەر بوون بۆ درووستکردنی پێوەندی و هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ کوردەکانی خۆرهەڵات نارده کوردستانی ئێران. دوای پێوەندیکردن دەگەڵ چەندین کەس لە ڕۆژی ٢٥ی شەهریوەر خەرمانانی ١٣٢١ دەستەیەک لاوی سابلاغی لە باخی حاجی داود لە نزیک چۆمی سابلاغ بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبی هیوا، میرحاج و مستەفا خۆشناو بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی کورد کۆبوونەوە.

لە مانگی بانەرمەڕی ١٣٢٢ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک وەک کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵە پێکهات. لەم کۆنگرەیەدا کە لە چیای "خوداپەرەست" گیرابوو ، نزیکەی سەد کەس بەشدار بوون؛ بڕیار درا کۆمەڵە بیروڕای خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاو بکاتەوە. کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەر بوو و خواستی سەرجەم چین و توێژەکانی کوردی وەک بەیداخێک بەرز کردبۆوە بەڵام لەبەر نهێنیبوونی، نەیدەتوانی بەئاشکرا ئەوە ڕابگەیەنێت. هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاوەکانیدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان" کرد(قاسملوو، ١٣٦٧)

ئەو ئایدئۆلۆژییەی کە سەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بینای کارەکەیان لەسەر دامەزراندبوو، لە کۆنگرەی دووهەمیدا دانی پێدانرابوو. لە بەندێکی مەرامنامەی کۆمەڵەکەدا دەڵێ: کۆمەڵەی ژی- کاف لە سەر چوار کۆڵەکەی ئیسلام، کوردایەتی،

مەدەنییەت، سوڵح و ئاشتیخوازیدا ڕۆنراوە.

یەکێک لە ئەسڵ و ئەستوونە بەهێزەکانی دامەزراندن و فەلسەفەی وجودیی ژێکاف، باوەڕ بە ئاشتی و مەدەنییەت بووە، ڕەنگبێ دامەزرێنەرانی بەشێوەی ئاکادێمی و هەنووکە؛ زانیارییان لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و شێوازەکانی کاری سڤیلی نەبووبێ کە زۆر سرووشتییە، بەڵام باوەڕی قووڵی بەرپرسان و خەباتکارانی کورد بە چەمکی مەدەنییەت لە مێشک و نەستیاندا هێلانەی چنیبوو!

ئەوەی کە ڕوونە پێگەی چینایەتیی دامەزرێنەرانی (ک.ژ.ک)ە کە سەر بە کوردی شارنشینی وردە بورژوازی بوون(وەلی، ١٩٩٥). ئەوە یەکەم کۆمەڵەی نەتەوایەتیی کورد بوو کە دامەزرێنەرەکانی شێخ و ئاغاکان نەبوون، بەڵکوو زۆربەیان لە چینی ڕووناکبیر و بازرگان و زانایان بوون. ئەمانە چینی تێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردین کە تەنیا بۆ مافەکانی خۆیان هەوڵیان نەدەدا بەڵکوو لەگەڵ مافی گشتیی نەتەوەکەیان بوون(مەکداول، ٢٠٠٣)

کۆمەڵەی ژێکاف لە یەکەم ژمارەی "نیشتمان" بڵاوکراوەی بیری ئەم ڕێکخراوەدا سەبارەت بە ئامانجی ئەم ڕێکخراوەیە دەنووسێ: "ئەی برای کوردی خۆشەویست: کۆمەڵەی ژێکاف بە پێچەوانەی هەموو بەرهەڵست و قۆرت و چەڵەمێکی وەکوو دوژمنایەتی خۆبەخۆ، دووبەرەکی و خۆخۆری، پووڵپەرەستی و بێگانەدۆستی کە لە ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتنی کورددا هەیە، بە هەموو هێز و توانای خۆی تێدەکۆشێ تا زنجیر و کەڵەپچەی دیلی و ژێردەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد داماڵێ و لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستادا کوردستانێکی گەورە و ڕێکوپێک بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێک بە سەربەستی تیا بژی(نیشتمان، ١٣٢٢).

هێمنی موکریانی کە خۆی ئەندامی چالاکی ژ-ک بووە و لە نووسەرانی نیشتمان بووە، دەڵێ: ئەندامانی کۆمەڵە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری پێکهاتبوون و جیاوازیی بیروڕای سیاسی و فەلسەفییان هەبوو، ئەگەر چاوێک بە ئۆرگانی کۆمەڵەدا بخشێنین ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ. بەڵام، بیروباوەڕی کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزرانییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەممەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازی ڕاستڕەوانە بوو بە درێژایی ماوەی هەڵسووڕانی وەک ڕێکخراوێکی ڕیفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندوە(ئەسەسەرد، ٢٠١٢). نێوەرۆکی ئایدئۆلۆژیی کۆمەڵەی ژێکاف زۆرتر دەربڕی بابەتی کۆمەڵایەتی - ئابووری پەیوەندیدار بە ستراکچەری چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان بوو.

گۆڕانکارییەکان یەکجار زۆر خێرا بوون. جیهان بەرەو ئاڵووگۆڕێکی مەزن هەنگاوی دەنا، شۆڕشی گەلانی دونیا دژ بە



سەرچاوە
Serchawe

فاشیزم و دیکتاتۆری پەرەی سەندبوو، "کۆمەڵەی دەوڵەتەکان" هەم ژمارەیان زیاتر دەبوو هەمیش بەرەو ڕێکخراوێکی مەزنتر و ڕێکوپێکتر دەچوو کە دوایی بوو بە "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی". وڵاتی ئێران گۆڕانێکی نێوخۆیی بەسەردا هات و لەلایەکی دیکەوە لەو بارودۆخە گرینگەدا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرینتر ببوونەوە. بەڕێوەبەرانی دەبوو بەڕێکوپێکی چالاکییەکان بەرنە پێش و پێویستیان بە سیاسەتێکی دیاریکراوتر و لاستیکی هەبوو. هەروەها دەبوو ڕێکخراو مەندتر، یەکگرتووتر، خاوەن پلان بۆ بەرەوپێش ڕۆشتنی ڕوونتر، سیاسەت و دوورەدیمەنی ستراتیژی خۆیان داڕێژنەوە. سەرکردایەتیی کۆمەڵە باش لەو ڕەوشە ئاگادار بوون، هەربۆیە هەوڵێکی نوێیان دا بۆ دامەزراندنی هێزێکی سیاسیی مۆدێرن و بەرفرەوان. دوای سێ ساڵ لە پێکهێنانی ڕێکخراوی ژێکاف، لە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا.

ئەگەرچی یەکەمین بەیاننامەی خۆناساندنی حیزب بە خەڵک و دانانی یەکەمین مەرامنامەی و هەوڵی کۆنگرە لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، کەچی حیزبی دێموکرات هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ جێژنی دامەزراندنی خۆی دەگێڕێ! هۆکارەکەشی ئەمەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە درێژەی ک.ژ.ک دەزانێ. بە قەولی هەژاری موکریانی حیزبی دێموکرات لەسەر داروپەردووی ژ.ک دادەمەزرێ (بازیار، ٢٠١٩). ئەگەرچی ئەو حیزبە نوێیە لە ئەزموونەکانی کۆمەڵە سوودی وەردەگرت، بەڵام لە سیاسەت، ڕوانین و چالاکییەکانیدا زیاتر خۆی دەگەڵ ڕەوشی مەوجود هاوئاهەنگ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاوی خۆیدا بەیاننامەیەکی بە زمانی کوردی و فارسی لە هەشت بەنددا گەڵاڵە کرد و بڵاوی کردەوە کە زیاتر لایەنی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی لەنێو سنوورەکانی ئێرانی پێوەدیارە. دەگەڵ ئەوەیکە "حدک" لەسەر بناخەکانی "ک.ژ.ک" دامەزرابوو بەڵام بەرنامە هەشت خاڵییەکەی لەچەند لایەنەوە جیاوازیان دەگەڵ بەرنامەی "ک.ژک" هەبوو. ژێکاف باسی لە وەسەریەکخستنەوەی کوردستانی گەورە کردبوو، بەڵام "حدک" لە چوارچێوەی سنووری ئێراندا خودموختارییەکی نیمچە سەربەخۆی لە خاکی ئێراندا دەویست. سەرکردەکانی "حدک" باش لە واقعی ڕەوشەکە تێگەیشتبوون و دەیانهەویست سەرەتا بناخەیەکی تۆکمە بۆ گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانی ژێکاف دابمەزرێنن بۆیە خۆیان لە درووشمی قەبە و بریقەدار دەپاراست. بۆ وێنە حیزب لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە ژیانی جووتیارانی کوردستانیشدا هەوڵ دەدا بۆ ڕۆژگاری ئەوسای کوردستان ڕێگەچارەسەرییەکی مامناوەندی بدۆزێتەوە، واتە نە لە ئاست ژیان و بەڕیوەچوونیان بێدەنگ بێ و نە خۆ لە خانەی درووشمێکی ڕادیکاڵی وادا دەبینێتەوە، هەربۆیە لە مادەی پێنج دا دەنووسێ: دەبێ لەسەر ئەساسی قانوونێکی گشتی لە نێوان لادێی و خاوەن موڵکدا ڕێکەوتنێک پێک بهێندرێ و دواڕۆژی هەردوولا دابین بکرێ (ئەیووب زادە، ٢٠٠٨).

ئەو ڕووداوە خێرایانە بە جۆرێک بوون دوای پێنج مانگ لە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەوڵەتی کوردی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ ڕاگەیەندرا و قازی محەممەد کە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بوو بە یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان. لە ماوەی یازدە مانگ تەمەنی کۆماردا زۆرێک لە داخوازییەکانی کورد لە ڕۆژهەلات وەدی هاتن؛ لەوانە خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزراندنی سپای نەتەوەیی پێشمەرگە، سروودی نەتەوەیی، ئالای نەتەوەیی، دامودەزگای حکومەتی کوردی، هاتنی ژنان و لاوان بۆ نێو ژیانی سیاسی دامەزراندنی یەکیەتییەکان ژنان و لاوان، پەروەردەی مۆدێرنی کوردی، بونیادنانی دامەزراوە کولتوورییەکان سینەما، شانۆ، ڕادیۆ، کتێبخانە.

خاڵی جێگای سەرنج لەم قۆناخەدا ئەوەیە لەنێوخۆی حیزبدا باڵی چەپ پەراوێز دەخرێ، بەڵام لە هەمبەر دەرەوەدا حیزبی دێموکرات لە حیزبە چەپ و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران نزیک دەبێتەوە، لە ئاکامدا دەگەڵ ئەو حیزبانە حکوومەتی نەتەوەیی ئازەربایجان و توودە بۆ هەڵبژاردنی خولی پازدەهەمی پەرلەمان دەچێتە یەک بەرە( بازیار، ٢٠١٩).

بە گشتی پێکهاتەی خێڵەکی و سیاسی-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەی کوردەواری و نفووزی شێخ و مەلاکان و بوونی کەسایەتییەکانی سەر بەم چین و توێژانە بەشێوەیەکی بەرچاو و شوێندانەر لە ڕێکخراوی سیاسی و نیزامی ڕەوتی کوردی و کۆماری کوردستان لەبەر ئەوەیکە بەرنامەیەکی رادیکاڵی کۆمەڵایەتی لێ نەکەوێتەوە سرووشتی بوو. سەرکردایەتیی حیزب لە شێوازێک گەڕاون بۆ پێکەوە گونجاندن و ڕاگرتنی بالانس لە نێوان چینە جۆربەجۆرەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئەویکە بتوانێ هەموو لایەک لەژێر چەتری دەسەڵاتێکی نەتەوەییدا کۆ بکاتەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- خسروپناه، عبدالحسین، جریان شناسی فکری ایران معاصر، قم: موسسه حکمت ١٣٨٨

٢- خرم شاد، محمدباقر، سادات، سید ابراهیم، جریان شناسی به مثابه روش، فصلنامه علمی پژوهشی، دوره ٥ شماره ٢

٣- بازیار، سمایل، کاریگەری بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نمونە ١٩٩١ - ١٩٤٥ تێزی دوکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ٢٠١٩

٤- سەردەشتی، د.یاسین، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگاری خوازیی نەتەوەیی گەلی کورد ١٩٣٩ - ١٩٧٩سلێمانی ٢٠١١

٥- باباخانی. ناصر، عبدالرحمن زیبحی کاریزمایی ناتمام، انتشارات سیدیان مهاباد ١٣٧٨

٦- حەسەنزادە، شاروخ، کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان بە تەکز کردن بە ڕۆژهەلاتی کوردستان هێشتا چاپ نەکراوە.

٧- کۆچیرا، کریس وەرگێرانی ڕەیانی، محەمەد، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا چاپخانەی کارون چاپی یەکەم




سەرچاوە Serchawe

٨- مستەفا ئەمین، نەوشیروان، حکومەتی کوردستان...چاپی دووهەم ١٩٩٣، وزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان

٩- د.قاسملوو، عەبدوڵرەحمان، چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی چاپی دووهەم ١٩٨٨

١٠- وەلی، عەباس. پەیدابوون و بناغەی ناسیونالیزمی کوردی لە ئێران، و. حەسەن قازی، سوید ١٩٩٥

١١- مەکداول، دیڤید، مێژووی هاوچەرخی کوردی، ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی ٢٠٠٣

١٢- نیشتمان، گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە ژ١، ساڵی یەکەم ١٣٢٢

١٣- ئەسەسەرد، فەرید، ڕەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووهەمی جیهانی ئاکادێمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١٢

١٤- ئەیووب زادە، ئەیووب، لە ژ - ک وە بۆ کۆمار هەولێر ٢٠٠٨

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ژن، ژیان، ئازادی(لە هەناوی وێژە و فۆلکلۆری کوردییەوە)

لە وێژەی کوردیدا، ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر لەو چەمکە هەرە پڕبایەخ و گرنگانەن کە بۆشایی نەبوونی ئەدەبیاتی نڤیسیارییان پڕ کردۆتەوە و وەک بەڵگە بۆمان ماونەتەوە.

بێفیز، ڕەوان و خۆماڵیبوون، دوورەپەرێزی لە بگرە و بەردەی یاسا و ڕێسای وێژەیی و زانستی، فولکلۆر؛ وەک هەموو دابونەریت و شێوازی کاروچالاکی و ژیان و ژینی نەتەوەکان پێناسە دەکا.

لە بنەڕەتدا ئەم دەقانەی بە دەم دەگوترێنەوە و دەبنە ئەدەبی زارەکی کە، ئاکامی خۆڵقانی کاتییە. لەم بارەیەوە "ئاندرە یۆلیس" دەڵێ: ڕواڵەتی ئەدەبییاتی زارەکی بەرهەمی ساکاری و کاتێکە نەخوازراو لە زمانی چڕین بەو پەڕی خۆی دەگا، لە لایەکی دیکە دەق و نێوەڕۆکی وێژەی کتێبی یان نڤیسیاری، بەو ڕێسایانەی هەیەتی ئاکامی خوڵقانی ئاگاهانەیە. "واسیلی نیکیتین" بە دابەشکردنی دیرۆکی هەر گەلێک بە دووبەشی دەرهەست و بەرهەست دەنووسێ: لە پەنا مێژووی زەینی کۆمەڵێک لە ڕاستییەکانیش بوونیان هەیە کە چۆنیەتیی زاتی و کەسایەتیی ئەو گەلە لە باوەڕە ئایینییەکان و ئەدەبیاتی دردەکەوێ، ئەمە هەر ئەو مێژوو دەرهەستەیە". ماکسیم گورکی لەسەر ئەو باوەڕەیە: بناخە و ڕەگی وێژە و ئەدەب لەسەر فولکلۆر هەڵچنراوە. مرۆڤی کورد بۆ وەدەستهێنانی هزر و ئاواتەکانی، کەموکوڕی، شادی و شاییەکانی و بایەخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان پەنای بردۆتە بەر جۆرێک هونەری زارەکی کە کوڵی دڵی خۆی پێ هەڵڕشتووە، زۆر جار ئەو خەیاڵ و چیرۆکانە وەک ئەفسانەیان لێ هاتووە یا کردوویاننە چیرۆکی خەیاڵی و لە چوارچێوەی بەیتدا گوتویانەتەوە.

ئەو کەس یا کەسانەی کە وا پارێزەرانی فولکلوری نەتەوەی خۆیان بەتایبەت لە بواری ئەدەبییاتی زارەکی کە چیرۆک، پەند، بەیت و شێعر، لایەنێک لەو بەشەیە زۆر لە کۆنەوە (پێش دیرۆک)فرە بە لێزانی و شارەزایانە هێزی لەبەرکردنیان هەبووە و بە بەشداریی خولی ڕاهێنانی تایبەت توانیویانە ببنە مامۆستا و سینگیان بۆتە هەوری و ئەو بەیت و باوانەیان هەڵمژیوە. بۆ وێنە ئەو سەدان بەیت و لاوک و هۆرە و چەمەری و حەیرانانەی دوای چەندین سەدە سینگ بە سینگ لە هەناوی ڕاستەقینەی بیروبۆچوون و هەست و نەستی کۆمەڵگەی کوردییەوە هاتووە نیشاندەری چۆنیەتیی ڕوانینی ئەوان بۆ ژیان و دیاردەکانی کۆمەڵگە بووە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر بەیت وەک ڕێوایەتێک یان جۆرێ حیکایەت لە زاری خۆشخانی کورد چاو لێ بکەین لەگەڵ گۆشەنیگایەک ڕووبەڕووین کە بەیتبێژ ڕووداوێکی ناوەوەی زەمان و شوێنی ڕەچاو کردووە ڕاگواستنی ماکە ئەفسانەییەکان لە ئەدەبی زارەکیی بەیتدا، یان بڵێین پەلکێشکردنی پچڕ پچڕی نەریتە فۆلکلۆرە کوردییەکان بۆ ڕۆخ سەرچاوەیەکی پیرۆز یان مۆرکردنی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵ بەرەنگی دیاردەیەکی پیرۆز لە بێچمێکی ڕەمزاویی بەدەر هەستی بۆ زەمان ومەکانێکی نەناسراو، جیهانێکی مانا دەئافرێنی کە لەم جیهانە ماناییەدا ڕوخساری ڕاستیی خۆیان دەردەخەن. وەک لە بەیتی مەم و زین، لاس و خەزاڵ، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، ژنانی قەڵای دمدم و... بەرچاو دەکەوێ.

ئەگە زۆر بەکورتی هەڵوێستەیەک لەسەر بەیتی مێژوویی مەم و زین بکەم و شرۆڤەیەکی کورت لە پێگەی ژن لەم دەقەدا بکەم دەبێ ڕوانینی واقعگەرایی بگرینە بەر. ڕیالیزمی گێڕانەوەیی بەیتی مەم و زین هەر لە سەرەتاوە و چەند بەشێکی لە ڕاوێژ و زمانی بەیت بێژەوە تووشی دەرهەست بوونەوەیەکی نائاسایی دەبێتەوە بە تایبەت لەو جێگەیەدا کە ژنەپەری بە پەیژەی ئاهەنگ ڕیوایەت دەکرێ؛ لێرەدایە کە زەینی مرۆڤی کورد سەر قاڵی خەیاڵێکی گوماناوی و دوو جۆرەکی و دوالیزم دەبێ. واتا زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بۆ هێمایەکی دەرهەستی دەچی کە ئەمەش خۆی لە ژندا دەبینێتەوە کە ئاخۆ ئەمە ژنە یان پەری حاسمانی:!

"خوشکی گەورە دووبارە گوتی بە خوشکانە:

خوشکی ئەزت بیم بە قوربانە!
ئەمن جارێکی دەگەڵ پەریان چومە ڕاوێ چل شەووچل ڕۆژانە،
لە پەریان هەڵدەبڕام لە منی کردەوە کڕێوەوبۆرانە،
ڕێم سەرەودەر نەدەکرد کەوتمە شاری جزیری و بۆتانە،
لەسەر کۆشکی بابەزینێ دەبووم میوانە،
دەبووم بە کۆترێکی شین دەکونی پەنجەراندا هەڵدەنیشتم لەسەر دەلاقانە"...

سێ نیشانەی گرینگ لەم بەیتەدا دەکەونە بەر تیشکی ئاوەز: یەکەم نیشانەی مرۆڤێکی ئاسایی کە بە وشەی "خوشک" پێناسە دەکرێ. دووهەم نیشانە "پەری"یە کە زەین لە مرۆڤێکی ئاسایی بەرەوژوورتر دەبات، یانی سەرنجی زەین لە زەوییەوە بۆ ئاسمان ڕادەکێشرێ. سێهەم نیشانە کە خێرا گۆڕانی بەسەر دادێ پەرییە دەبێتە کۆتر و ئەم گۆڕانە پڕتاوە کە لە نێوان دوو جیهانی ئاسایی و باڵادەست بۆ دیاردەکان ڕیوایەت دەکرێ شێوە ڕەوتێکی نەحجماو و بازنەیی بۆ زەین دەستەبەر دەکات. هەڵبەت لێرەشدا دەلاقە و پەنجەرە وەک هێمایەک بۆ ماڵ و ژیان پێناسەی بۆ دەکرێ کە لە کۆتاییدا ژن و ژیان پێک دەگەن و ئازادانە دەگەڕێنەوە باوەشی یەکتر.



سەرچاوە
Serchawe

یایەزین وەکو ژن بە ڕووداوگەلێکی خەیاڵی وێنا دەکرێ دواتر سیمای ژن لە درێژەی بەیتدا بەرەوڕووی ڕاستی هێورتر دەبێتەوە، هەرچەند لە چەند شوێنێکدا خەیاڵێکی ناسک دێتە بەرچاو بۆ وێنە لەم شوێنە کە یایەزین بە کەزییەکانی مەم لە چاڵ یان زیندان هەڵدەکێشی کە ئەمەش هێمای هاوکاری و پشتیوانیی ژن و ڕزگاریدەریەتی، لە بەرامبەریشدا لە بەیتی لاس و خەزاڵ، لاس بۆ هێنانی گوڵی شۆڕان دەچێتە چل پلەی عومانێ؛ ئەمە هێمای خۆشەویستی و پێکەوە بوونی فیداکارانەی ژن و پیاو بۆ ژیان لە کولتوور و فۆلکلۆری کوردیدایە کە بەردەوام ژیان و ئازادیی ژن و داخوازییەکانی پاتە دەبنەوە و دانی پێدانراوە.

ژن، لە فولکلۆر و دابونەریتی کوردی و گەلانی دەوروپشتی مێزۆپۆتامیا و زۆر دواتر لە یونانیدا بە درێژای مێژووی هەزاران ساڵە هەردەم وەک فاکتێک لە مەزنایەتی، ئازادی، سەرچاوەی ژین، دایک، خوشک و هاوژین بووە. گەورەیی ژن هەر لە قسەی ڕۆژانەشدا خۆی دەردەخا کاتێک ڕەگەزی ژن هەمیشە بەر لە مێر ناوی دێت (ژن و پیاو، کچ و کوڕ، بووک و زاوا، دایک و باوک، خوشک و برا) ئەمە بۆ سەردەمی ژنخوایی و دایکسالاری دەگەڕێتەوە کە ئێستاش وەک زۆر دیاردەی دیکەی تابوو لە ژیانماندا بە پیرۆزی ماوەتەوە (پیرۆزیی ئاگر و دیاردەکانی ئاسمان). هەڵبەت لە قۆناغەکانی مێژوویدا و لەسەردەمی بەرلە مەدەنییەت و پۆرتۆ سڤیل هەتا کشتوکاڵ و چاخی بەردینی نوێ، تا دەگاتە ژیاری شاردەوڵەتەکان و جۆرێک سیستەمی سیاسی حکوومەتی و ژیانی شارنشینی ژن مەزن و جێگای ڕێز بووە (تاتوخیپا - دادەخیپای "میتانی" هەتا ماه شەرەف خانی ئەردەلان - مەستوورە، مینا خانمی قازی، حەپسەخانی نەقیب، عادلەخان، دایکە فەیزوڵڵا بەگییان و...) کە ئەمە ئێستاش لەنێو زۆربەی کورداندا دەبینرێ بەتایبەت ئەو ژنانەی هاوژین یان کوڕ یان لە بنەماڵەیەکی ناسراو بوونە یان خەباتکاری گەلەکەیان بوون، تەنانەت ئاشتی و مەسڵەتیان کردووە و نازناوی وەک شێرەژن، گەورەژن بۆ ئەو ژنانە دانراوە کە کۆمەڵگە ڕێزی لێ گرتوون. جا ماڵیش کە هێمای ژیانە هەر بۆ ژن بەکار هاتووە، واتە ئەگەر ماڵێک مەزن بووە و بە گەورە ماڵ ناوبانگی دەرکردبێ هی ژنەکە بووە یان لە پەندی کوردیدا دەگوترێ: ژن وەستایە و پیاویش کرێکار، ئەگە ژن بکەن بە کوێخا و سالار مەڕ ئەبڕێتەوە ساڵێ شەش حەوت جار، یان ژن وەک قەڵایە یان وەک کۆڵەکەی ماڵ پێناسە کراوە، بۆ بەرامبەری ژن و پیاویش گوتراوە ژن و پیاو جلوبەرگی یەکترن. هەموو ئەو باسە دەرخەری ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەن پلە و قۆناغێکی بەرز و ڕێزدارانە بووە هەڵبەت جگە لەو سەردەمانەی ئایدۆلۆژی و ئۆل و ئایین بە خەستی بەسەر کۆمەڵگەی بەتایبەت نەریتیدا باریوە و بۆتە کۆسپ و مەتاڵ و زی لە هەمبەر پێشکەوتن یان وەدەست هێنانەوەی پلەی پێشووی خۆی وەک ژن کە ئەمە حاشا هەڵنەگرە. هەربۆیە زۆرێک لە شاعیران و هۆنەرانی کورد بەشێک لە هۆنراوەکانییان لە وەسفی مەقامی ژن دابووە(هێمن، هەژار، جەلیزادە، بێکەس و...) هێمنی نەمر بۆ وەدەست هێنانەوەی پلە و پۆستی ژن بۆ جێگای ڕاستەقینەی خۆی لە شێعری "یادگاری شیرین" لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستاندا شێعرێک دەهۆنێتەوە و لە چەند بەیتدا دەڵێ:

با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێنی) ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە

کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست!
ڕاپەڕە، هەستە لە خەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە؟

**ئەمە میناکێکی بۆ دەستپێکی ژن، ژیان و ئازادی.**

بە چەشنەک ڕوانینی نەریتی بەڵام ڕێزدارانە بەبێ ژن، ژیان مانای نییە و ژنیش لانیکەم لە چەند چاخ و سەردەمدا نەک هەر ئازاد بووە بەڵکوو بڕیاربەدەست و دەسەڵاتدار بووە.

بەڵام بە ڕووانی درووشمی ئەمڕۆی، ژن، ژیان، ئازادی، ژن وەک هێمای ژیانێک کە ئیتر لێرەدا ژیان لەژێر سێبەری ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە بە قەیرانی ئاڵۆزاویی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی گلاوە و هیچ مانایەکی نەماوە دەبێتە درووشمێکی ساکار لە ئاخاوتن بەڵام پڕنێوەڕۆک لە مانا، واتە گەل هاوار و ڕابوونی ژیانێک دەکات پڕ بە باڵای مەقامی مرۆڤایەتی و شیاوی تاکی کورد و هەموو گەلانی چەوساوەی ئێران، ئازادیش هەمەن ئەو ویست و داخوازییەیە کە سەدان ساڵە کورد لە پێناویدا تێکۆشاوە و باجی قورسی بۆ داوە. ئەگە ئەم هۆتاڤە پێشتریش پاتە بووبێتەوە و هەر کەس و لایەنێک باسی کردبێ ژیرانە و ئاوارتە بووە و هەنووکە گەلانی چەوساوە ئێران لە کولتوور و کەلەپووری کەونی قۆجی و لە هۆنراوە و ئاخاوتنی زارەکی کورد بە وامی وەرگرتووە وەک زۆر وشە و وێژە و دیاردەیەکی دیکە کە زمانەکان و کولتوورەکان لە یەکتری وەردەگرن و کاری پێ دەکەن بووەتە وێژمانێکی ئازادیخوازانە و تەنانەت لە ڕۆژئاواش دوای بۆچوونەکانی سیمۆن دۆبوار کە هەموو کەڵکەڵەی ئاوەزی ئەوەبوو کە بڵێ "من ژنم" و "مرۆڤ وەک ژن لەدایک نابێ بەڵکوو دەبێتە ژن"، وەک فاکتەری سەرەکیی ئەم سەرهەڵدان و ڕابوونە پێناسەی بۆ دەکرێ.

لە ژمارەی ٨٣٣ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ = ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵوێستی ماموستایانی ئایینی

ماموستایانی ئـایینی کـورد وەک بەشێک لە چین و تـوێژی جۆراوجـۆری کۆمەڵگـای کـوردی، لەسـەردەمی جۆراوجـۆری خەبـاتی نەتەوایەتـی هەمیشـە دەگەڵ خەڵـک دابـوونە(زۆر کەمـن ئەو مامۆسـتایانەی پشـتییان دەخەڵـک کـردووە و چـوونەتە بەرە دوژمنـانی گەل). حـوجرە ئەو مەکـتەب و قوتابخـانەیە بـووە کە کەسـایەتییە نیشـتمانی، شـاعیر، نووسـەران و مامۆسـتایانی ئـایینی دەروەسـتی پەروەردە کـرد و لە کۆمەڵگـادا خزمەتییـان بە چانـد و بـزووتنەوەی سیاسـی و ئـۆل و باوەڕەکـانی خەڵـک کردووە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە جورئەتەوە دەڵێم بەشی هەرە زۆری مامۆستایانی ئـایینی لە کەسانی نیشـتمان پەروەر و دڵسـۆز و دەروەسـت پێـک دێـن. دوای سـەرهەڵدان و ڕابـوونی ئەم جـارەی گەلانـی ئێـران بە پێشـەنگیەتی نەتەوەی کـورد مامۆستایانی کـوردیش لەسـەر مینـبەر و میحرابـی مزگەوتەکـان، لە شـایی و شـین و کـۆڕ و دانیشـتنەکان بە دزی و بە ئاشکرا پشتیوانییان لە ئەم ڕاپەڕینە نەتەوەییە کردووە. نـاچمەوە سەر پرسی ئـایینی و شیعە و سوننی و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئەم دوو مەزهەبە(چوونکە بەشێکی زۆری خەڵکی کورد شیعە مەسەبە)بەڵام مەلای کورد لە ناوەنـدی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهـۆی بـارودۆخی سیاسـی و بزاڤەکـان لەم جوگرافییـایە دووجـار بەربەرەکانییـان کـردووە جارێـک بـۆ پاراسـتنی باوەڕەکانییـان و جارێکیش بۆ بەرژەوەنـدی نەتەوایەتـی کە تەنـانەت لە ئێران و کوردستاندا چەمکێک بەنـاوی "ملی-مذهبی"یشی لـێ کەوتەوە واتە ئەوانەی بەرگری لە ئایین و نەتەوەی خۆیان دەکەن.

ئێسـتا کە ڕاپەڕینـی گەلانـی ئێـران خەریـکە دەگـاتە بەر و شـیمانەی ئەوە دەکـرێ بەبەردەوام بـوون لە سـەر شـەقام و مانگرتنەکـان، یەکگرتـوویەکی باشـی هێزەکـانی کـوردی ڕۆژهەڵات، هەڵویسـتی کەسـایەتیی و سـێلەبریتییەکان، هەڵویسـتی وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی و... ئێـران بە گشـتی و کوردسـتان بەتـایبەت لە مـاف و ئاواتەکـانی خـۆی نزیـک دەبێـتەوە. بەردەوام هەڵویسـتی ئازایـانەی مامۆسـتایان لە شـارە جۆربەجۆرەکـانی کوردسـتان دەبینـرێ و دەدیتـرێ. ئەم رۆژانە "چـاونیوز" وەک سەرچاوەیەکی مافی مرۆڤیی جێ متمانە هەواڵی دەست لەکارکێشـانەوە مامۆستا مەلا سەید مستەفا خاتەمی ئیمامی جومعەی شاری شنۆی بە فـایلی دەنگیی خـۆیەوە بـڵاو کردەوە(ئەگەرچی زۆر محافزەکـارانە دەدوێ بەڵام پەیـامەکەی دەگەهێنیـت و زۆر سرووشتییە وەک ئیمەمانـان هەڵوێسـت نەگریت). ئەوەیکە نـاوبراو پێشتر چـۆن بـووە و چـی کـردووە و چەنـدەی خزمەت بە ڕێژیمی ئیسلامی کردووە، کورد بـووە یـان نـا مەبەستی من نییە(چوونکە بـاش دەینـاسم)بەڵام مامۆستا یـان خراپ بـووە و یـان بـاش لەهەردووک حاڵەتـدا واز هێنـانی لە پۆستێکی ئـاوا هەستیار کە دەبێ ڕێبەری ڕێژیم دایبنێ بەکـارێکی ئەرێنی دەزانم. ئەگە خـراپ بـووە، کەواتە هەسـتی بە پەشـیمانی کـردووە و گەڕایـوەتەوە بەرەی خەڵـک کە ئەمە دەبـێ بە تشـتێکی باشـی

بزانین، ئەگە باشیش بووە هەمیسان کارەکەی لە جێگای خۆیدا بووە و ئەوە فرە خاستر! یان ئەگە نا، لێرەدا دەیهەوێ یارییەک بکا و مەبەستی لە پشت بێ بۆ بەرژەوەندی خۆی لای حکومەت، ئەوە لەدوارۆژدا سزای خۆی لای یاسا قورستر دەکا.

لە کۆتاییدا دەمهەوێ بڵێم، ئەمڕۆ ئێمە لەهەمووو شتێک زیاتر پێویستیمان بە یەکگرتوویی و هاودەنگی هەیە، پێویستیمان بەوە هەیە زیاترین خەڵکی ناو حکومەت بگەڕێنەوە و پێشوازیان لێ بکرێ با ببێتە نەریت و پارادایمەک بۆ خەڵکی دیکەش، با دواتر هەڵە و سووچییان بخەینە بەردەم دادگای یاسایی، کاتی ئەوەنییە هەر لە ئێستاوە حوکم بدەین و خەڵک تاوانبار بکەین بە بێ ڕێزی و ناوناتۆرە و قسەی نەشیاو، ئەوانیش دەبێ مافی بەرگری لە خۆیان هەبێ لەم کاتەی ئێستادا کە ڕێژیم وەک ورچی بریندار لێهاتووە دەبێ ڕەوش و دۆخی ناوخۆ لەبەرچاو بگرین چاوەڕوانیەکانمان لەجێی خۆیدا بێ. با هەمووومان تەکوسیمان لەسەر خەبات و ڕووخانی ئەو ڕێژیمەدا بێ دڵنیابن لە کاتی ئازادیدا خائینانی واقعی بە گەل و نیشتمان بە سزای خۆیان دەگەن.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢

## شاڕوخ حەسەن‌زادە: ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ

### هەڤپەیڤین: کوردستان

**ئاماژە**: زۆرترین سەرکوت و زەبروزەنگەکان بۆ دامرکاندنی "شۆڕشی ژینا" لە ئێران لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان کرا. بەنیسبەت حەشیمەت، ئاماری کوژراو و بریندارەکان، گیراوان و دەسبەسەرکراوان و هەروەها توندوتیژییەکان لە کوردستان زۆر زیاتر بوون و میلیتاریزەکردنی کوردستانیش دۆخێکی تایبەتیی دروست کردوە.

ئامارەکان و جۆرەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بڕیاری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانانی کۆمیتەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و دوورەدیمەنی ڕاپەڕینی ژینا تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی "کوردستان" لەگەڵ شاڕوخ حەسەن‌زادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان (چاونیوز)ن.

**کوردستان**: کاک شاڕوخ با باسەکەمان بە تازەترین ئامارەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە نزیک ٨٠ ڕۆژ ڕاپەڕینی کوردستان دەست پێ بکەین، لە کوردستان چ باسە؟

**شاڕوخ حەسەن‌زادە**: بەڵێ، لە ماوەی ئەو ٨٠ ڕۆژەدا هەتا ئەمڕۆ (١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١) ١١٤ هاونیشتمانی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە ١٤ کەس لەوان تەمەنیان ژێر ١٨ساڵ بووە، ٥ کەسیان ژن و کەسێکیش تەمەنی ٧٠ ساڵەیە، هەروەها لەو ئامارەی باسم کرد چوار کەسیان بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان و کوتان گیانیان لەدەست داوە و ٤ کەسیشیان دوای ئەوەی بە برینداری گیرابوون، لە نەخۆشخانەکان کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. شیمانەی ئەوەش دەکرێ لەبەر زۆربوونی ڕادەی بریندارەکان کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس لە کوردستان بە تەقەی چەکی جۆراوجۆر وەک چەکی ساچمەیی، دەمانچە، کەلاشینکۆف، قنناسە پێکراون، ژمارەی کوژراوەکان زیاتریش بن.

بەپێی زانیارییەکان بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی بریندار بوون لە ترسی ئەوەیکە نەناسرێنەوە و نەگیرێن، خۆیان لە چوون بۆ نەخۆشخانەکان بواردووە و لە ماڵەکان دەرمان دەکرێن کە ئەمەش ئاستەنگی جددی بۆ ڕەوشی تەندرووستیی ئەوان درووست کردووە لە بواری داودەرمان و پێڕاگەیشتن و بابەتی پزشکی و... . هەروەها مەزندە دەکەین هەتا ئێستا ٥٠٠٠

کەس دەسبەسەر کرابن کە ئێمە لە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"چاونیوز" توانیومانە هەتا ئێستا ناوی زیاتر لە ١٣٥٠ کەس لەوان لای خۆمان تۆمار بکەین، لەو ئامارەش زیاتر لە ٢٠٠ کەسییان ژنن، نزیک ٢٥٠ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و قوتابین؛ هەروەها ٣٠ کەسییان مامۆستای قوتابخانەن و بەشێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوان بریتین لە لە چالاکانی مەدەنی، کولتووری، زمانی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، هونەرمەند، وەرزشڤان و. ...

**کوردستان**: زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤی لە ئاستی ئێران و کوردستان ئاماری جۆراوجۆریان هەیە و لێنزیک هاوشێوەن بەتایبەت لە کوردستان، ئایا هەر ئەوەندە پێشێلکارییانە کراون و ئێوە هەر لەو سێ بوارەدا ئامارگیری دەکەن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: ئەم سێ بوارە واتە کوشتن، برینداركردن و گرتن لە بەشە زۆربەرچاو و ئاشکراکانی پێشێلکارییەکانە. کە دەڵێم پێشێلکاری ڕێک بەپێی ئەو برگە و ماددانە دەدوێم کە لە جارنامە و کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکانی جیهانیی مافی مرۆڤدا باسیان کراوە. واتە حکوومەتەکان نابێ لە کەرەسەیەک یان چەکێک کەڵک وەربگرن کە گیانی نارازییان و خۆپیشاندەران بخاتە مەترسییەوە، یان دەبێ حکوومەتەکان ڕێگا بە ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانەکان بدەن و نابێ کەسێک لەسۆنگەی بیروڕای جیاوازیەوە دەسبەسەر بکرێ و بگیرێ، کەواتە ئەمە لایەنی هەرە زۆر و دیاری ئەو پێشێلکارییانەیە، بەڵام لەم نێوەدا لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە کوردستان کارەسات بەدژی مرۆڤایەتی خوڵقاوە. بەتایبەت لە مانگی ڕەزبەر و سەرەتای مانگی سەرماوەز لە شارەکانی وەک پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، جوانرۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە شێوازی یەکجار زۆر بێبەزەییانە و نامرۆڤانە کە پێچەوانەی هەموو یاسا و پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتین هێرشیان کردووەتە سەر ماڵ و حاڵی خەڵک، دەرگا و پەنجەرەیان شکاندووە و بەبێ ئیزن چوونەتە سەر ماڵان و وێڕای سووکایەتی و بێڕێزی بە ژن و پیاو و منداڵ، خەڵکیان دەسبەسەر کردووە، کوڕ و باوک و دایکیان گرتووە و بردووە، تاڵان و دزییان کردووە و ژیانی خەڵکیان تێک داوە. یان بەشێک لەو لاوانەی کچ و کوڕ لە گرتنگەکان ئەشکەنجە کراون و سووکایەتییان پێ کراوە. ئەمانە هەمووی پێشێلکاریی بەرچاو و ئاشکرای مافی مرۆڤە و ئێمە لە ناوەندەکەی خۆمان بەردەوام لە پێوەندیندایین کە هەموو ئەو بابەتانە بەڵگەمەند بکەین و بڵاویان بکەینەوە.

**کوردستان**: حەوتووی ڕابردوو لە شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک بەدژی ئێران دەرچوو، هەروەها بڕیاری ئەوەش درا کە کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دابمەزرێ و بە زۆرینەی دەنگ، پەسند کرا. ئەم کۆمیتەیە دەتوانێ چ بکا و ڕێکارەکانی چۆنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا دووجار نەبێ ئەگینا هەموو ساڵێک کۆمیسیۆن و

شوراکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک پیشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیی لە ئێران مەحکوم کردووە، بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بوو ٢٥ وڵاتی جیهان دەنگ بەو بڕیارنامەیە بدەن و هەروەها کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەم ڕاپەڕینە دابمەزرێنن. کاری سەرەکیی ئەم کۆمیتەیەش ئەوەیە کە بەبێ هاوکاری ڕێژیمیش کە چاوەڕوان دەکرا و هەرواش دەرچوو کە بڵێ هیچ هاوکارییەکی ئەو کۆمیتە جیهانیە ناکات، ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی لەلایەن ڕێژیمەوە کوژراون، بریندار کراون، گیراون یان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکم دەدرێن و بە هەر شێوازێکی توندوتیژی و نایاسایی بە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بەرەورووییان دەبنەوە تۆمار بکرێن و بناسێندرێن. دەتوانم بڵێم سەرەکیترین کاری ئەو کۆمیتەیە ئەوەیە بە ناساندنی ئەو هەمووە باڕستاییەی سەرکوت و توندووتیژی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی، ڕێژیم ڕیسوا بکرێ و هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەڵگەمەند و حقوقی بۆ لێپرسینەوە و دادگایی کردنی بەرپرسانی یەکەمی کۆماری ئیسلامی.

**کوردستان**: لەو ماوەیەدا باس لەوە دەکرێ ئەوەی لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک بەلووچستان کراوە جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی بووە؟ ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بەپێی پێناسە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان کردەوەی دیار و ئاشکرا کە لەلایەن وڵاتێک بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو بەڕێوە بچێ کە زۆرتر بەدژی خەڵکی ئاسایی و لە سەردەمی شەڕ یان ئاشتی ڕووی دابێ؛ وەک کوشتن، کۆمەڵکوژی، ژینۆساید، پاکتاوی ڕەگەزی، کۆچی زۆرەملێ، کەڵکوەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراو، تێرۆریزمی دەوڵەتی یان پشتیوانی لە تیرۆریزم، بێسەروشوێن کردنی بەزۆری، زیندانیکردنی نادادپەروەرانە، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی، سەرکوتی سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئازاری ئۆلی و ئایینی و...، هەموو ئەوانەی باسم کرد بەشێ هەرە زۆری لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدژی نەتەوەکانی ئێران کراوە و بەتایبەت لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر کورد هاتووە. هەر لەم دواییانەدا دادگای خەڵکیی "آبان" ناوی ١٦٠ تاوانبار کە بریتی بوون لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لەوانە خامنەیی و وەزیری نێوخۆ و زۆرێک لە فەرماندەرانی سپای بە جینایەتکاران بەدژی مرۆڤایەتی ناساند. کاتێک هەموو ئەو بەڵگانە و دادگاییانە کەڵەکە دەبنە سەر یەک و بەردەوام بەڵگە و شاهید و تاوانەکانی ئێران زیاد دەبن، باوەڕم وایە ڕۆژێک کە ڕەنگبێ زۆر نزیک بێ نەک هەر لێپرسینەوەی جددی بەڵکوو بەگژ هەموو بێ پرەنسیپییانەیدا بێن و تەمەنی ئەو ڕێژیمە کە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە کۆتایی پێ بێ. چوونکە هەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان حکومەتێک خەڵکی وڵاتی خۆی بکوژێ یان ئەوەی پێی دەگوترێ جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بکات، ئەرکی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت شورای ئەمنییەت کە ئەو حکوومەتە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک گەمارۆدان یان گۆڕین، جا چ بە خۆشی چ بە ناخۆشی لابەرن.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان:** بگەڕێینەوە سەر خۆپیشاندانەکان، جەنابت وەک کەسێک کە جیا لە چالاکی مافی مرۆڤی لەهەمبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارت کردووە و چەندین توێژینەوە و نووسراوەت هەیە، ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە:** سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی کورت لە بزاڤە سڤیلەکان بکەین. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتییە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەشێک یان بەشی هەرەزۆری جڤاک دژکردەوە و ناڕەزایەتی خۆیان لە چوارچێوەی هەوڵی بەکۆمەڵcollestiv actin ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی ئارایی دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئایینی، ئەتنیکی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هەژاری)، کولتووری و... بێ. کە باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین پاڕادایمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە ناڕەزایەتی ئاشتییانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی تریش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا تێکهەڵچوونی سەر شەقام و کۆڵان بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەک: چاکسازی (لە نزمترین ویستدا) و دوو، گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا لە ئێران و بەتایبەت ئاخێزگەکەی واتە کوردستان ڕووی داوە، بزووتنەوەیەکی بێ میناکی جیهانییە. چوونکە بۆ یەکەم جارە بەو شێوازە بەربڵاوە و لەو ئاستەدا درووشمی: ژن، ژیان، ئازادی" لە ناوچەیەک بە تایبەتمەندی ئۆلیی وەک ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە ڕەمز، هەروەها یەکەم جارە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرجەم نەتەوەکانی ئەو جوغرافیایە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یەکیان گرتووە بەدژی ئەو حکوومەتە و ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاوە و ئامانجی گشتی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە نەمانی ڕێژیمە واتە بزووتنەوە یان شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی لەبواری پێوەرەکانی بەشداری، جۆری خواستەکان، ڕادەی بەشداربوان و درووشمەکان هەروەها هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی جیاوازە و دەتوانێ بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەرکەوتن وەدەست بێنیت.

**کوردستان:** لە یەکێک لە توێژینەوەکانتدا کە پارەکە بڵاو بۆوە باست لەوە کردووە کە لە بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت چەند نموونە لە ڕۆژئاواش، خەڵک لە وەرزی پاییز ڕاپەڕینییان دەست پێ کردووە بەتایبەت لە ئەوەی بە بەهاری عەرەبی ناسراوە. ئێستا ئەو ڕاپەڕینەش لە کۆتاییەکانی وەرزی هاوین و بە شێوەیەکی پڕ گڕوتین لە سەرەتای وەرزی پاییز وەک ئەوەی ئێوە باست کردووە دەستی پێ کردووە، ئایا بەڕای ئێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە چ دایە؟

**شاڕوخ حەسەنزادە:** هۆکاری ئەوەیکە وەرزی پاییز وەک وەرزی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی بزووتنەوەکان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیانی لێ هاتووە زۆرتر بۆ لایەنی ئابووری و ڕەوشی کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەو هەلانەی لەو مەودایەدا دێتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە. ڕاستە ژینا ئەمینی لە کۆتایی مانگی خەرمانان بە دەستی هێزە تەناهییەکان کوژراو، بەڵام بەدەر لە

هەست و سۆز و ڕقی کۆمەڵگە لەو شێوازە قیزەونەی ڕێژیم بەناوی حیجاب ڕەچاوی کردووە هەر خێرا خواستی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەو کوشتنە حکومەتییە بۆ خواستی گۆڕانی ڕێژیم چوو. هەرچەند حکوومەتیش وەک کولتووری باوی نەک هەر بکەرانی نەناساند و سزای نەدان بەڵکوو حاشای لێ کرد و وەک هەمیشە بە توندوتیژی هێرشی کردە سەر خەڵک، هەربۆیە درووشمەکان خێرا بوونە "مەرگ بەر خامنەیی" یان هەر خودی درووشمی ژن ژیان ئازادی کە فەلسەفەیەکی زۆر جوانی لە پشتی و ڕێک پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی ئێران بوو. بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەرهەڵدانە چەند خاڵێکن کە هەر ئەمانە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو بزاڤە سەرکەوتوو دەبێ. یەکەم، بەشداریی سەرجەم نەتەوە و ئۆل و ئایینزاکانی ئێران بە کورد، فارس، بەلووچ، تورک، عەرەب، سووننی و شیعە لە ڕاپەڕینەکەدا. دووهەم، بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان لە خۆپێشاندانەکان تەنانەت کە چاو لە ئاماری گیراوەکانیش دەکەین ڕادەیەکی زۆر لەوانەی دەسبەسەر کراون و لانیکەم ٥ کەس لەوانەی گیانیان لەدەست داوە ژنن. سێهەم، بەشداریی خوێندکاران، یان باشترە بڵێم گەڕانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆسەر شانۆی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکان بەجۆرێک هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ زانکۆ تەڤلی ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنە بوون. ئێمە دەزانین لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بۆ یەکەمجار دوای ڕەوگیرکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چالاکیی بەربڵاویان دەست پێ کرد و دواتریش لە بزووتنەوەی سەوز و خەرمانان و سەرماوەزی ٩٦ و ٩٨ ئەگەرچی جموجۆڵێک هاتە ئاراوە، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکان نەیانهێشت خوێندکاران پەل ببزێون. چوارەم فاکتەر، بەشداری قوتابییانی قوتابخانەکان. ئەمە یەکەمجارە بەو شێوە بەربڵاو و لەو ئاستەدا قوتابییان بەشداری بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بن، لە ئاستی ئێران هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠ منداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کوژراون و لە کوردستان ١١ هاونیشتمانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کە قوتابی بوون لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لەدەست داوە، جێگای سەرنجە ئەگە بگوترێ بە پێی بەڵگەی بەرپرسانی ڕێژیم کە ئاشکرا بووە لە ١٤ هەزار قوتابخانەی ئێران نزیک ٢٠٠٠ قوتابخانە ڕاستەوخۆ بەشدارییان لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان کردووە هەروەها لە کۆی گشتی ٢٥هەزار قوتابی پارێزگای سنە ١٧هەزار قوتابی تەنای لەم پارێزگایە بەشداری نارەزایەتییەکانییان کردووە. پێنجەم فاکتەریش بەشداریی بەرچاوی شەبەنگی مامۆستایانی ئایینی و فەرهەنگییانە کە لەهەر دوو لەو چینانە دەسبەسەرکراویان هەیە.

هەروەها کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاگاهانە و ڕێکخراو ئەگەرچی ڕێبەرییەکەی دیاری نییە و جگە لە کوردستان نەبێ ئاڵتێرناتیڤ بوونی نییە؛ وەک مانگرتن (لە کوردستان و لەلایەن حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا ٩ جار داوا کراوە دووکان و بازار دابخرێن و مانگرتنی گشتی بکرێ کە هەر ٩ جار لە ئاستی کوردستاندا خەڵک وەڵامی دایەوە و شارەکان داخران)، هەروەها شێوازی وەک گەڕەکتەوەر بوون بۆ بەربڵاوبوونی خۆپێشاندانەکان لەبەر کۆنترۆڵنەکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، مانگرتنی قوتابییان و خوێندکاران،

مانگرتنی شۆفیران و... . کەواتە ئەگەر پیشتر هەرکام لەو توێژانە بە جیا چالاکییان دەکرد ئێستا پێکەوە و بۆ یەک ئامانج هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن. کە ئەمە لە تایبەتمەندیی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانەیە کە هیوای ئەوە دەبەخشێت خەڵک بە ئامانج و خواستی خۆیان بگەن.

**کوردستان**: زۆر سپاس کاک شاڕوخ بۆ کات دانانت بۆ ئەو هەڤپەیڤینە

**شاڕوخ حەسەنزادە**: سپاس بۆ ئێوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

## پێویستیی چالاککردنی دادگای کەیفەری و دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە لەلایەن شوڕای ئەمنییەتەوە

دوای دەستپێکی شۆڕشی فەرانسە (١٧٨٩) و شەڕ و ئاڵۆزیی نێوان زلهێزان و ئیمپراتورییەتەکانی ئەوکاتی ڕۆژئاوا هەرکام لە بیرمەندان و فەیلەسووفان هەوڵی ئەوەیان دەدا وەک نەریتی بەر لە خۆیان، ڕوانینێکی نوێ بۆ چەمکی کۆمەڵگە، مرۆڤ و وڵاتان بئافرێنن هەتا جیهان ئاسایش و تەناهیی زیاتر بەخۆوە ببینێت. یەکێک لەو کەسایەتییە کاریگەرانە لە بواری ئاوەز و فەلسەفە "ئیمانوێل کانت" بوو کە هزر و بۆچوونەکانی خۆی زۆرتر لە بیرمەندانی وەک "هیوم"، "ڕۆسۆ" و "لایبنیتس" وەرگرتبوو و هەوڵی دەدا وێڕای پوختکردنی ڕوانینی ئەو کەسایەتییانە بەرهەمی ئاوەزی ڕەخنەگرانەی خۆیشی پێوە زیاد بکا. ناوابرو لەسەر خوانی بەتایبەت چەمکگەلی وەک ئەزموونتەوەری و ئاوەزتەوەری بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەهەمبەر مەدەنییەت و هێمنی بۆ هەموو جیهان "ئاشتیی سەقامگیر"ی داهێنا و لەو نووسراوەیەدا پێشنیار بە وڵاتان دەکا بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە و شەڕ و ئاڵۆزییەکان، فێدراسیۆنێک لە وڵاتان پێک بهێنرێت هەتا لەوێدا بتوانن کێشەکانیان بە دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکەن بۆ ئەوەیکە هەموو جیهان بەرەو ئاشتییەکی جێگیر و ڕاوەستاو بچێ نەک هەر بە پەیماننامە و بەڵێنی بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕەکان ڕابوەستن. کانت لەلایەک لە مرۆڤناسیی پراگماتیک، ڕوانینێکی کردەیی و کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ وێنا دەکا کە ئەمە دەبێتە بەستێنێک بۆ شەقڵگرتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە لە ئاستێکی نەتەوەیی بۆ دامەزراندنی ئەو شێوەی حکوومەتە ناوازەیەی ئەو بە کۆماری دەیناسێت. هەر ئەمەش دەبێتە دەستپێکێک بۆ بەرەوپێشچوونی هەنگاو بە هەنگاو بۆ گەیشتن بە ئاشتیی سەقامگیر کە لە چەمکە هەرە بەهێزەکانی مافی مرۆڤە. کانت هەوڵ دەدات سەرنجی مرۆڤەکان لە تاکێتی بۆ "مرۆڤ جیهانی" ڕابکێشێت، هەر ئەو یاسا جیهانداگرەی کە ببێتە پاڕادایمێک بۆ هەموو گەردوون، بەو شێوازە کە مرۆڤەکان خۆیان وەک هەموو جیهان لەبەرچاو نەگرن، بەڵکوو وەک ئەندامێکی لەو جیهانە دابنێن کە ئەمە دەبێتە پێشگرتن بە ڕەوشی سرووشتی لە مرۆڤەکان کە هابز پێشتر باسی کردبوو، ئەوەیکە جێگا بۆ ئەوەیتر نەکەنەوە و هەر خۆیان بن، بە واتایەکی دیکە مرۆڤ دەبێ بگاتە ئەو باوەڕەی مافی ئەوانی دیکەش بەفەرمی بناسێت و لەو تاکتەوەرییە و خۆخوازییە بێتە دەر، هاتنە دەر لە ئێگۆئیزم و گەیشتن بە پلۆرالیزم. هەروەها مەرجی گەیشتن بەو کۆمارە جیهانییە بۆ پێناسەی مافی سرووشتیی ئازادی دەگەڕێتەوە، لێرەدایە کانت بۆ پاراستنی مافە سرووشتییەکانی ئازادی یاسایەک بە پێویست دەزانێت.

دوای ئەوەیکە شەڕی جیهانیی یەکەم کۆتایی پێ هات، گرێبەستێک لە پاریس کرا کە بە گرێبەستی ئاشتی ناسرا (دیارە زۆ

پێش لەمە و لەسەردەمی چاخی ڕەوشەنگەری، شەڕەکانی بریتانیا و فەرانسە، دامەزرانی ئەمریکا و داخۆیانینامەی ژێنێڤ و... بەجۆرێک باسی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی سەرەتایی کراوە)، و وڵاتانی بەشداربوو لە شەڕ بڕیاری دامەزراندنی "کۆمەڵەی نەتەوەکان"یان دا کە ئیلهامدەر و بیرۆکەکەی بۆ باوەڕەکانی کانت دەگەڕایەوە و هەوڵەکە ئەوە بوو لەوێدا بتوانن گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. دواتر لە شەڕی جیهانیی دووهەم وڵاتانی جیهان بڕیاریان دا ئەو ڕێکخراوە جیهانییە بەرفرەوانتر بکەنەوە و ئەو وڵاتانەی تازە دامەزراندرابوون لە ئاکام ئەو دوو شەڕە، بێنە نێو بازنەیەکی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٤٥ بە ٥٠ وڵات و پەسندکردنی ئەساسنامەی ئەو ڕێکخراوە لەسەر داروپەردووی کۆمەڵەی نەتەوەکان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەرزا کە گرنگترین ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە مەزنە جیهانییە، ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکانە. سێ ساڵ دواتر لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ بە کۆی دەنگی ٤٨ وڵات و بەبێ دەنگی نەرێنی(٨ وڵات دەنگی سپی و بێلایەنییان دا) جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بە پێشەکییەک و ٣٠ مادده پەسند کرا هەتا جیا لە گەیشتن بە ئاشتیی سەقامگیر و جێگیری کانت، ئازادی و دادپەروەری هەروەها سەرجەم مافە سرووشتی و ناسرووشتییەکانی لەلایەن دەوڵەتانەوە ڕێزیان لێ بگیرێ و دانیان پێدا بنرێ. مەبەست لەو جاڕنامە جیهانییە دابینکردنی ماف و ئازادییەکان بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم گەردوونەیە و لە دوای پەسندکردنی بەشی هەرەزۆری وڵاتان بەتایبەت دوای پەسندکردنی پەیماننامەی دیکەی هاوتەریب لە ساڵی ١٩٦٦ هەتا ١٩٨٩ (دوو کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری هاوتەریب دەگەڵ جاڕنامە پەسند کراون و دوو پەیماننامەی دڵخواز کە یەکیان تایبەت بە لابردنی سزای سێدارەیە پەسند کراون) تەنانەت وەک مافێکی نێونەتەوەیی لێ هاتووە و دەبێ هەموو وڵاتان ڕێز لەو یاسا سرووشتی و ناسرووشتییانە بگرن.

جیا لەمە بەپێی گەنگەشەی جۆراوجۆر و ئەو گۆڕانکارییە جیهانییانەی لە ئاستی دنیادا ڕوویان داوە، شارەزایانی ئەو بوارە هەوڵیان داوە پۆلێنبەندییەک لەنێوان جۆری مادە و خاڵەکانی جاڕنامە و بە گشتی پرسی مافی جیهانیی مرۆڤ بکەن و بەوجۆرە کە ئەوان پێنج جیلیان دەست نیشان کردووە کە جیلەکانی یەکەم و دووهەم و سێهەم لە درووشمی شۆڕشی فەرانسەوە وەرگیردراوە (ئازادی، بەرابەری و برایەتی) واتە پێوەندییان بەو سێ لایەنە گرنگەی ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگەکانەوە هەیە، بەڵام جیلەکانی چوار و پێنجیش بەپێی تێپەڕینی قۆناغەکان و گۆڕانی ژیان و سیستەمە جیهانییەکان دیاردەی دیکەی وەک پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە باسی جیهانی ئینتەرنێت و ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان و پرسی ژینگە (کە ئێستا وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی مافی مرۆڤی لێ هاتووە) هەروەها ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی سەریان هەڵداوە، پێویستیی بە پێناسە و مانابەخشینێکی دیکە لە سەر مافەکانی مرۆڤ هەیە.

## مکانیزمی کردەکی

ڕاستە ڕەخنەی زۆر لە پرسی مافی مرۆڤ و بێدەسەڵاتیی ئەو ڕێکخراوانە دەگیرێ، بەڵام ئەگە جوان سەرنج بدەین بەتایبەت دوای شەڕی سارد، زۆرێک لەو وڵاتانەی مافی مرۆڤیان پێشێل کردووە یان بەدژی خەڵک جینایەتیان کردووە نەک هەر لێپرسینەوەیان لێ کراوە، بەڵکوو سزاش دراون. بۆ وێنە لە یوگسلاویی پێشوو، لە وڵاتی ڕواندا، سوودان، دارفوور، لە عێراق (دانانی ناوچەی دژە فڕین بۆ پێشگرتن بە کوشتنی کوردەکانی باشوور)، لە کۆزۆڤۆ و زۆر شوێنی دیکە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مکانیزمی یاسایی کە پێناسەی بۆ کراوە و بە ئۆرگانی پڕکاریگەری خۆی واتە ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانەی کردووە، واتە نەتەوە یەکگرتووەکان بەو ڕاپۆرتانەی لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی ئەو بەستێنە بۆی هاتبوو و بە ئاشکرا و بە زەقی ئەو وڵاتانە سەرقاڵی کوشتن و گرتن و جینایەت بوون، سەرەتا بە کاراکردنی دادگای کەیفەریی نێونەتەوەیی کە بە دادگای لاهە ناسراوە و لە تاوانەکانی وەک ژێنۆساید، جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی، جینایەتی شەڕ و دەستدرێژی دەکۆڵێتەوە و بە یاساییکردن و پەسندکردنی هەموو وڵاتان بەتایبەت ئەو ٥ وڵاتەی مافی ڤێتۆیان هەیە دەتوانێ دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە بکا، تەنانەت ساڵی ٢٠١١ لە وڵاتی لیبی دوای ئەوەیکە سەرۆک و کاربەدەستانی ئەو وڵاتە بەدژی خەڵکی ڕاپەڕیو و وەزاڵەهاتوو بە شێوەیەکی هۆڤانە جووڵانەوە و زیاتر لە ٦٠ هەزار کەسیان دەسبەسەر کرد و بە تانک و تۆپ و چەکی قورس داوای ڕەوای خەڵکیان سەرکوت دەکرد، ئەو دادگایە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی تەناهیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتە مەیدان و دوای لێکۆڵینەوە، ڕاپۆرتی خۆی دایەوە بە وڵاتان کە ئەمە بووە هۆی ئەوەیکە هیچ وڵاتێک نەتوانی چیدیکە پشتیوانیی لێ بکا و حوکمی گرتنی قەزافی و سەرکردە باڵاکانی ئەو وڵاتە بدرێت. کەواتە هەر وڵاتێک کاری بگاتە ئەو جێگایەی ئاوا بە جددی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بکا و دەرحەق بە خەڵک جینایەت بکا، بەدڵنیاییەوە لێپرسینەوەی جیهانیی لێ دەکرێت و بڕیاری قورسی بەسەردا دەسەپێنن لە پێناو پاراستنی بەها مافەمرۆڤییەکان و خەڵکی ئازادیخواز. هەڵبەت ئەوەندەش بگوترێ کە، لایەنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وڵاتان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەو بڕیاراتانە هەیە و زۆرجار ئەو بەرژەوەندییانە مافی مرۆڤ دەکاتە قوربانی.

بەنیسبەت دۆخی ئێستای ئێران بەتایبەت کوردستان یەکجار زۆر ئاڵۆز و ناجێگیرە، بە جۆرێک ڕۆژانە خەڵک دەگیرێن، دەکوژرێن و بریندار دەکرێن. ڕێژیم بە هەموو شێوازێک خەڵک دەچەوسێنێتەوە و ئەشکەنجەیان دەکا و تەنانەت باس لەوە دەکرێ لە بەندیخانەکاندا دەستدرێژی دەکرێتە سەر دەسبەسەرکراوان. چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شارەکانی بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، جوانڕۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە چەکی قورس هێرشیان کردە سەر خەڵک و دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی ناڕەوا، نەشیاو و نامرۆڤانە نەپاراست و ئەو هێزانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زایەند و تەمەن و نەخۆش و ... خەڵکیان



سەرچاوە Serchawe

گرتـووە و ئەشکەنجەیان داون. ئەوەی لە کوردستان کرا دەکرێ وەک جینـایەت بەدژی مرۆڤـایەتی سـەیر بکرێ یـان ئەوەی لە بەلووچستان کرا کۆمەڵکوژی و جینایەت بوو. هەڵبەت لە زۆر نـاوچەی دیکەی وەک بـاکووری ئێران ڕێـژیم بە هەموو شێویەک هەوڵـی سـەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیـو دەدا کە بە هێمنـانەترین شێواز داخوازییەکـانی خۆیـان دەردەبـڕن. بـۆیە دەبـێ جیهـان لە حانـد ئەو هەمـووە چەختیگەرییەی ڕژێـم بێتە گـۆ و حکوومەت ناچـار بە وەڵامدانەوە بکەن و پێش بەو هەمـووە جینایەتـانە بگـرن، ڕەنگبـێ ئەو کـۆمیتەیەی دۆزیـنەوەی ڕاسـتییەکان کە ئەنجـوومەنی مـافی مرۆڤـی نەتەوە یەکگرتووەکـان بڕیـاری لەسـەر داوە، دەستپێکێکی بـاش بـێ بـۆ گەیشـتن بەو قـۆنـاغەی هەموومـان چـاوەڕوانی دەکەیـن، ئەویش پشـتتێکردنی هەمـوو وڵاتـانی کاریگەری جیهان لەم ڕێـژیمە و هەرچی زیـاتر گەمارۆدانـان و شێوازی دیکە بـۆ بەچۆکداهێنـانی و گەیشتنی خەڵک بە هەموو هیوا و ئاواتەکانیان کە هاوتەریبە دەگەڵ بایەخەکانی جیهانیی مافی مرۆڤ، بێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٧ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ١ی بەفرانباری ٢٧٢٢ = ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

# بابەتەکانی: ساڵی ٢٠٢٣

## لە سەربەخۆییخوازانی بازنەی ئیستانبووڵ هەتا شۆرشی "ژینا"

بزووتنەوەی گۆڕانخوازیی ژینا بە درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، هەرجارێ بە شێوەیەک و بە فۆرمێک خۆی نوێ دەکاتەوە و لە خەبات و دژایەتی دەگەڵ دەسەڵاتیی ئۆلیی ئێران بەردەوامە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی وەک "شەڕێکی تێوەر" (جنگ ترکیبی) ناساندووە کە بە هەموو شێوازێک هەوڵی نەمانیان دەدات. کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە شێوازی ڕوانین و بیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەجۆرێک ڕەوتە ناسراوەکانی نێو حکوومەتیش خەریکە لەم دەسەڵاتە بێهیوا دەبن و بە شێوازی خۆیان ڕای دژ دەردەبڕن.

حکوومەتی تێئۆکراسی_دیکتاتۆریی ئێران کە لە دوای سەدەکانی نێوەڕاستەوە گەردوون دەسەڵاتی وای بەخۆوە نەدیوە، لە بوارگەلی جۆراوجۆری وەک کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و... هەروەها بێمتمانەیی خەڵک وەک گرنگترین فاکتەری مانەوەی دەسەڵاتەکان تووشی تەنگژە و قەیرانی جددی مەشرووعییەت بۆتەوە. لێبەڵێ لە بەختە هەرە بەهێزەکانی هەتا ئێستا، مانەوەی خۆی لە پەرتەوازەیی دژبەرانی و لاوازیی ئۆپۆزسیۆندا دەبینێتەوە. هەرکام لەو دەنگە جیاوازانە بەتایبەت شەبەنگی پاشاخوازەکان هەر لە ئێستاوە سنووری دەسەڵات بۆخۆیان دەستنیشان دەکەن و هەموو هەوڵێکی دێموکراتیکی دەسەڵاتدارییان بۆ دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هێشتووتەوە هەتا وەک سەردەمی ٥٧ یان وەک سپای میسر (بزووتنەوەکانیی بەهاری عەرەبی) بە دژەشۆڕشێک هەموو خەباتی خەڵکی شۆڕشگێڕ ڕەوگیر بکەن و جارێکی دیکەش سەری نەتەوە زوڵملێکراوەکان لە ئێران بێکڵاو بمێنێتەوە. هەموو ئەو ئاڵۆزی و ئالنگاری و ئاژاوانە دەکرێ بە جۆرێک دەگەڵ سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانلییەکان پێک بگرین بەتایبەت جۆری سیاسەت و ڕوانینی هێزە جۆربەجۆرەکان جێیسەرنجە.

کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و نێوخۆیی بۆ ڕووخانی حکومەتی عوسمانلی هەبوون؛ دۆڕان لە شەڕی کریمە، کەوتنە بن قەرزی دەرەکی، بەجێگای وەبەرهێنان درووستکردنی شەڕ و ئاژاوە و هێرش و گەندەڵیی سیستماتیک هەروەها دوای داگیرکردنی قوستەنتەنییە لەلایەن وڵاتانی بریتانیا، فەرانسە و ئیتالیا لە ئاکامی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) و خۆدەباوەش

هاوپشتنی عوسمانلییەکان بۆ ئامێزی ئاڵمان لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە بەپێچەوانەی جیهانی ڕۆژئاوا عوسمانلییەکان هیچ بایەخێکیان بۆ زانستە مرۆییەکان و سرووشتییەکان نەبوو. ئەوان بەڕواڵەت بەردەوام پێبەند و گیرۆدەی نەریتی ئۆلی و پەروەردەی دینی بوون، سیستەمی پەروەردە و بارهێنانی عوسمانلی بەجێگای دابینکردنی ڕەوشێکی لەبار بۆ منداڵان و لاوان کە بتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دوارۆژی مەملەکەت قازانج و دەوریان هەبێ، بەگشتی لەسەر خوانی پەروەردەی ئۆلی ڕادەهێنران و بە مەبەستی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرتن. ئەو دۆخە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وەپاش دابوو و خەڵک لێی وەزاڵە هاتبوون. هەروەها جیهانی ڕۆژئاوا کە لە سەردەمێکدا تەنانەت بەهۆی لەشکرکێشییەکانییەوە هاوکەوشەنی عوسمانلییەکان بووە بە ڕێنسانس و مرۆڤتەوەری، تاک و داهێنان وەک هەوڵە گرنگەکانی خۆیان لەو بازنە تەسکە دەرهاویشت کە دواتر بە شۆڕشی زانستی و ڕووناکبیری گۆڕانکارییەکی مەزن لە ئاوەز و هزر و فەرهەنگیان هێنایە ئاراوە و دواتریش بە ژیاری کەرەسەگەلی ئابووری پیشەیی خۆی لە ئاوەزی ئایینی بەیەکجاری ڕزگار کرد، هەمیسان هەموو بەرهەمی خۆشیان بۆ ئەو وڵاتە بەرخۆرانە هەناردە دەکرد کە لەم گۆڕانکارییە مەزنە وەپاش کەوتبوون.

لەم دۆخە دواکەوتوویەدا بوو کە عوسمانلییەکان بەرەو ڕووخانی هەنگاو بە هەنگاو دەچوون. جا چوونکە وڵاتێکی پان و بەرین و بەپیت و پڕ بەهرە بوو کێشە و ناخۆشی لەسەر چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەم گوێچە مەزنە هاتبوو ئاراوە بە جۆرێک چەندین جار کۆبوونەوەی مەزنیی جیهانیی لەسەر گیرا (کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس، سایکس و پیکۆ، سێڤەر، لۆزان و ...) و چەندین وڵاتی لێ لەدایک بواند!

لە ئاکام گرفتە مەزنەکانی دەرەکی و خوڵقانی کەشێکیی سیاسیی نێوخۆ، هاتنە ئارای چەمکی ناسیۆنالیزم و پەرەگرتنی هەستی نەتەوایەتیی گەلانی ژێردەست و چەوساوەی حکوومەتی عوسمانلی و ناوچەکەش کە لەئاکام نزیکایەتیی و پێشڤەچوونی ڕۆژئاوا شەقڵی گرتبوو؛ وردەوردە بە هێرش و گزیی میرنشینە کوردەکان کە سەدان ساڵ بوو بە شێوەیەکی نیوەسەربەخۆ و خوموختار بەڕێوەدەچوون لەنێو بردبوو، بەڵام ئەوە کۆتایی بە خەبات و ڕۆڵی کوردان نەهێنا و دوای ئەمە ناوەندی سیاسیی کوردان لە میرنشینە کوردەکانەوە بۆ تەکیە و خانەقاکان (تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی) گوازرایەوە و هەتا ساڵانێکی زۆر بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتیی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد کەوتە دەست شێخەکان.

یەکەم بزووتنەوەی سیاسی - نیزامی بە سەرۆکایەتیی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری (١٨٨٠) لەژێر دەستەڵاتی تورکە ئیماندارەکان دەستی پێ کرد؛ دوای ئەمە و لە گەرمەی ئاڵۆزییەکانی نێوخۆی ئیمپراتۆریی عوسمانی، کوردە ڕووناکبیرەکان کە بەشی هەرەزۆریان لە ئیستانبول خوێندبوویان و یەکەم کەسیش دەتوانین ئاماژە بە شاعیری نەتەوەیی "حاجی قادر

کۆیی" بکەین، کە دەکرێ وەک بازنەی ئیستانبول ناویان بێ. وەک "ژێنراڵ شەریف پاشای خەندان، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، ئیسحاق سکوتی، عەبدولڕەحمان بەدرخان، ئەمین عالی بەدرخان، تۆفیق وەهبی" و ... وێڕای دامەزراندنی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و دواتر بڵاو کردنەوەی بیری کوردایەتی لە ڕۆژنامەگەلی تر لە ناوەندەکانی داگیرکاریی سەردەم (پاریس، لەندەن و ژنێڤ) خزمەتێکی زۆریان بە ناساندنی دۆزی کورد کردبوو. ئەم کەسایەتییە کوردانە زۆربەیان سەر بە یەکەم ڕێکخراوی هاوبەشی کورد و تورکەکان (ئیتحاد و تەرەقی) و تەنانەت لە دامەزرێنەرانیان بوون. ئەگەرچی هەموو ئەو کەسایەتییانە لە جێی خۆیدا ناسیۆنالیست نەبوون، بەڵام لە ئاکامدا بەسەر باڵی نەتەوەییدا شکانەوە و دەکرێ وەک یەکەم ڕوناکبیرانی ناسیۆنالیستیی کوردی بناسرێن کە یەکەم ڕۆژنامە، حیزب و ڕێکخراوی کوردییان دامەزارند و لە پێناو مافەکانی گەلی کورد دیپلۆماسیی نێونەتەوەییشیان چالاک کردبوو.

**د.فەرهاد پیربال لە کتێبی "ژەنەڕاڵ شەریف پاشا"دا دەڵێ: بەشێوەیەکی گشتی لە بواری بزووتنەوەی سیاسیی ئەو ڕووناکبیرە گەنجە کوردانەدا پێنج ڕەوتی سیاسیی جیاواز لەو سەردەمەدا بەدی دەکرێن:**

١- ڕەوتی عەلمانی و فیدراڵی کە لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی ڕۆژئاوا و بیری ئورووپیدا باوەڕی وا بوو کە نەتەوەی کورد وەک ئەرمەن و عەرەب و تورک و چەرکەس پێکەوە لە چوارچێوەیەکی فێدراڵی عوسمانیدا بەئاسانی دەتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا. ئەمەش پرۆگرامی گشتی "ئیتحاد و تەرەقی" بوو. د.عەبدوڵڵا جەودەت کە دامەزرێنەر و سەرگەڤازی ئەو ڕەوتە بوو، تەنیا لە کۆتایی ژیانیدا لێی پەشیمان بووە. ئەم ڕەوتە بە هیچ شێوەیەک لە ژیان و بەرژەوەندییەکانی کوردەوە نزیک نەبوو، و خزمەتی کوردیشی نەکرد.

٢- ڕەوتی پان ئیسلامی کە باوەڕی وا بوو دین (شەریعەت و یاساکانی ئیسلام) دەتوانێ هەموو ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی هەمان ئیمپراتۆریەتی کۆنی عوسمانیدا دابین بکات. سەعید نەورەسی و عەبدولڕەحیم ڕەحمیی هەکاری نموونەی دیاری ئەم ڕەوتە بوون. دیسان ئەمانیش نەیاندەتوانی لە ژیان و ڕۆحییات و بەرژەوەندییەکانی کورد تێ بگەن.

٣- ڕەوتی ڕێفۆرمیستەکان، کە لەوانەیە ژمارەیان لەچاو ڕەوتەکانی دیکە زۆر کەمتر بوو بێت باوەڕیان وابوو کە دەکرێ بە ئامۆژگاری و پاڕانەوە و ڕێفۆرم هەندێ لە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی کورد لە سولتان عەبدولحەمید وەربگرێت. نمونە و سەرگەڤازی ئەم ڕەوتە، میقدادمەدحەت بەدرخان بوو کە لە یەکەمین پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان (قاهیرە ١٨٩٨) ئەم ڕەوتەی گرتبووە بەر، کە بێگومان سەرنەکەوت تەنانەت بە زیانیشی شکایەوە.

٤- ڕەوتی شۆڕشگێڕە چەکدارەکان کە باوەڕیان وابوو بە ڕاپەڕینی چەکداری و هێزی پەلاماردەر هەموو ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکان وەدەست دەهێنرێن. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و کوڕەکانی نموونەی ئەم ڕەوتەن، دیارترین کەمایەسی و هەڵەی ئەم ڕەوتە ئەوە بوو کە نەیاندەتوانی لە چوارچێوەی جوغرافیی خۆیان بچنە دەرەوە، سرووشتێکی دینی و هۆزگەرییان هەبوو نەک کوردستانی، جگە لەمانەش پەیوەندییەکی توند و نەخشەسازییان لەگەڵ ڕووناکبیرە ناسیونالیستەکان نەبوو.

٥- ڕەوتی ڕووناکبیرە ناسیۆنالیستە جوداخوازەکان کە باوەڕیان وا بوو پێویستە نەتەوەی کورد سەربەخۆ بێت و لەژێر ئاڵای نەتەوەیی خۆیدا بژیت. حاجی قادر کۆیی وەک شاعیرێک دەمێک بوو بە شێعر ئەم ئاڵایەی بەرز کردبۆوە، لەنێو ڕووناکبیرەکانیشدا هەندێ لەوانە کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن، وەک سورەییا و عەبدولڕەحمان بەدرخان، پاشانیش ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ١٩١٩ نمونەی ئەم ڕەوتە بوون.

پرشوبڵاوبوونی ئەم ڕەوتەی دوایی و پێکەوە نەحاوانەوەیان خەسارێکی مەزنی لەم ڕەوتە دابوو و هیچکات نەیانتوانی پێکەوە حیزبێکی مۆدێرن و چالاکی نەتەوەیی دابمەزرێنن بەجۆرێک هەرکام لەو کەسایەتییانە بە شێوەی جیاواز خەباتی خۆیان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بەڕێوە دەبرد کە ئاکامی نەبوو.

پشتیی ئەم بویەرانە مستەفا کەماڵ کە دواتر نازناوی باوکی تورک (ئاتاتورک)ـی پێ بەخشرا لە ماتەوزەی کوردەکان هەم لە ڕەوتی ئۆلی و هەمژی دژە نەتەوەکان کەڵکاژۆی وەرگرت، مستەفا کەماڵ دوای قڕانی ئەرمەنییەکان و شەڕە نێوخۆییەکان بە دژی یونانییەکان، ئاشوور و کورد، وێڕای جینایەتی مەزن و ژینۆساید، بە دامەزراندنی ڕەوتی ناسیۆنالیزم_فاشیزم ـی تورکی توانی دەستەڵاتی تەواو بگرێتە دەست.

لەم نێوەدا ئەوەی بەرچاو بوو ئەوەبوو کە، سەرجەم جووڵە و بزووتنەوەکانی کوردی لە شێخ عوبەیدوڵڵاوە هەتا سمکۆ و شێخ مەحموودی حەفید، هەروەها دیپلۆماسی دەرەوە، چالاکی مەدەنی و سیاسییش نەیتوانی داخوازییە ڕەواکانی کورد وەک ئاوات و ئامانجی نەتەوەیەکی ژێر دەست مسۆگەر بکات و بە دامەزراندنی چەندین وڵاتی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین (عێراق، تورکیە، ئوردۆن، سوریە، ئێران و...) گەلی کورد هەر ژێر دەستە مایەوە و تەنانەت بەسەر چوار دەوڵەت_نەتەوەی فاشیست دابەش کرا. جیا لە هۆکارە نێوخۆییەکانی وەک ناتەبا بوون و پێکەوە نەحاوانەوە و نەبوونی یەک گوتاری یەکەتی نەتەوەیی، ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی هزریی هۆکاری سەرەکی لەو سەردەمدا ئەوە بوو کە، کورد لە ئاوابەندیی جیهانی بە سەرکردایەتی وڵاتانی ئینگلیس و فەرانسەدا هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکرابوو، واتە سیاسەتی ئەو داگیرکارانە شتێکی

بەناوی دەوڵەتیی کوردی نەک هەر تێدا نەبوو بەڵکوو بەتوندترین شێوە بەگژ بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیستی کوردیدا دەهاتن، بۆ میناک لە شۆڕشیی شێخ مەحموودی حەفیددا، دەوڵەتی بریتانیا تەنانەت بە فرۆکەی شەڕکەر پەلامەری سلێمانیی دا و بە زەوی و حاسمان شەڕی دەگەڵ ئەو کوردانە کرد کە وەک ئەو گەلانەی هاوسێیان خوازیاری حکومەتی سەربەستی خۆیان بوون، ئەمە لەجۆری خۆیدا بێ وێنە و ناوازە بووە.

بە خوێندنەوەی ئێستا و ڕوانینیی دەرەوەی بابەتەکانی ئەو سەردەم، ئەوان سەربەرز بوون و مێژووی هاوچەرخی کوردیی بە مەزنیی یادیان دەکاتەوە کە نەتەوەیی بوون و هەوڵی دامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆیان بۆ کورد دەدا، خۆ ڕاستە سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لە ویژدانی گەلی کورددا بە گەورەیی مانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣ = ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠٢٣

## فستیڤاڵی گێلاسی شنۆ لە پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەوە بۆ پرسێکی ئەمنییەتی

یەکەم فستیڤاڵی گێلاس لە شاری شنۆ ساڵی ١٣٩٥ بە پشتیوانی و هاوکاریی ڕێکام (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) و بەشێک لە نیشتمانپەروەرانیی ئەو شارە، هەروەها چەند ئەندامی دڵسۆزیی شوڕای شاری ئەوکات لە باغی میرزا ڕەحیم مەحموودزادە بەڕێوە چوو.

ئامانج لەم فستیڤاڵە ناساندنی ئەو شارە وەک شارێکی پڕباغ و میوە بەتایبەت گێلاسە ناسراوەکەی بوو کە لە پەنا ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئەو شارە کە بەجۆرێک داخراوە و لە پەنا سێ سنوور قەتیس ماویتەوە و ئابوورییەکەی تەنیا باغداری و وەرزێرییە زیاتر بناسرێ، لە ماتەوزەی مەزنی سروشتی جوان و ئاو و سەقای پاک و بێگەردی لە پەنا شوێنەوارە مێژوویی و کوێستانە بڕژێن و ناسراوەکانی لە بواری گەشتیاری و ئابووریی تووریسم زیاتر بایەخی پێ بدرێ هەتا لەو قەتیسمانەوەیە و ئابووریی تاکبەرهەمییە بێتە دەر. جیا لەمەش کۆمەڵگەی مەدەنیی شنۆ بەهۆی بوونی چەندین ڕێکخراوی ئەدەبی، زمانیی، هونەری، شاخەوانی، ژینگەیی سنفیی زیندوو هەوڵی ئەوەی دەدا لە بوارگەلیی جۆراوجۆر ڕەوشەنگەریی بڵاو بکاتەوە تەنانەت وەک پردێکی پێوەندی لە نێوان ئاخێوەرانی کورمانجی سەروو و کورمانجی خواروو دەور بگێڕیت.

بە وەڕمێنکەوتنی ئەو فستیڤاڵە و دەنگدانەوەی، هەروەها کاروچالاکیی بەرچاوی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێر و قازانجی هەستپێکراوی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی نەتەوەیی، لایەنە ئەمنیەتییەکان هەستیان بە گرنگیی ئەو کارە کرد. ئەو چالاکییە ساڵ بە ساڵ گەشەی زیاتری سەند هەتا ئەوەیکە ئەو چالاکییە وەک مەترسییەک بۆ سەر ڕێژیم لەو شارە زاندرا! ساڵی ١٤٠١ دوای ئەوەیکە فستیتڤاڵەکە لەلایەن حکومەتەوە (ناوەندە ئەمنییەتییەکان) دەستی بەسەردا گیرا و سەرجەم کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری لێ دەرهاوێژا، کەوتە بەر بایکۆت کە وەک ڕۆژێکی مێژوویی سەیر دەکرێ، واتە ئەو پەیامە بە ناوەند درا کە، ئەگە خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنیی شار بەڕێوەبەری بەرنامەکانیی خۆیان نەبن، ئەوە هەر ئێوە بەتەنیا دەمێننەوە و کەس پێشوازی و پشتیوانیتان لێ ناکا. ئەو پەیامە ئەوەندە مەزن و یەکپارچە بوو سپای پاسداران و ئیتلاعات و... تووشی شۆک کرد.

فستیڤاڵەکەی ئەمساڵیش (١٤٠٢) وێڕای ئەو خاڵانەی سەرەوە کە بە درووستی لە هەمبەر لایەنی چەقبەستوویی ئابووری شار و ڕەوشی کۆمەڵگەی شنۆی وێنا کردووە، لەکاتێکدا بووە؛ ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینا بەردەوامە و لەو ماوەیەدا زیاتر لە ١٣٠ هاونیشتمانیی کورد بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان، ئەشکەنجە و لێدان شەهید بوونە و هەزاران کەسیش بریندار و دەسبەسەر کراون کە پشکی شاریی شنۆ لەو ڕاپەڕینە وەک هەمیشە شێر بووە. هەربۆیە ئەمجارە جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو، بەو زانیارییانەی ئێمە لە نێو فەرمانداری و ئۆرگانەکانیی دیکەی ئەمنیەتیدا هەمانبوو، بە پێچەوانە حکوومەت خوازیاری ئەوە بوو هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەو فستیواڵە بە شکۆوە بەڕێوە بچێ هەتا دەنگ بداتەوە. (لە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی دا شتێک هەیە دەڵێ؛ هەر شتێک حکومەتە دیکتاتۆرەکان پێیان خۆش بوو تۆ مەیکە، بە پێچەوانەش هەر شتێک حکومەتە دیکتاتۆرەکان پێیان ناخۆشە دەبێ بیکەی). بۆ ئەو مەبەستە هەردووک دەنگ و ڕەنگی مەهاباد و ورمێ، وێڕای چەندین کاناڵی نێوخۆیی(سۆشیاڵ مدیا) لەوێ بوون و ڕاستەوخۆ بەرنامەکەیان دەگوازتەوە. لە یەکێک لە دانیشتنەکانی فەرمانداری بەر لە دەستپێکی فستیواڵەکە کە بە بەشداریی بەرپرسانی پێوەندیدار و سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڕێوە چوو، دوای ئەوەیکە جارێکی دیکە مافی بەڕێوەبەری لەو دڵسۆزانە ستێندرا، وەک هەڕەشەش پێیان گوترا بوو "وا باشە ئێوەش بەشدار بن، ئەگەینا ئێمە خۆمان هەر بەڕێوەی دەبەین". هەروەها ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی بەرنامەکە بۆ ئەوەیکە هیچ کێشەیەکی ئەمنییەتیی بۆ نەیەتە پێش هێزێکی زۆر لە دەورووپشتی باغەکانی گێلاس مۆڵ درابوون و بازگەکانی هاتوچۆش توندوتۆڵتر کرابوون. یان کاتێک لە ڕۆژی یەکەمدا چەند لیباس شەخسیی عەجەم و چەند چەکدارێک دەگەنە نێو بەرنامەکە، لەلایەن یەکێک لە شوراکانی شارەوە پێیان دەگوترێ" قەراری ئێمە چ بوو، ئێوە لێرە چ دەکەن، تکایە بڕۆن با خەڵکمان لێ هان نەدرێ!". هەموو ئەو لەمپەڕ و کۆسپ و کێشانە بوونە هۆی ئەوەیکە هەڵوێستی بەشی هەرە زۆری "ڕێکام"ی بەدوای دا هات و لەلایەن بەشێ هەرە زۆریی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی نیشتمانپەروەری شار ئەمساڵیش بایکۆت کرا کە هۆکارەکەی تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە "چوونکە حکومەت پێی خۆش بوو و دەیهەویست لە ئاوی لێڵ ماسی بگریت، بۆیە ئەوانیش نەیانکرد."

دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ، ڕۆژێک بەر لە دەستپێکی ئەو فستیواڵە کۆمەڵگەی مەدەنیی شنۆ ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە کە لە بەشێکی دا ئاماژە بەوە دەکا:

"نزیک یەکساڵ لە چەخماخەی شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینی ژینا تێدەپەڕێت. شۆڕشێک کە پانتاییەکەی سنوورەکانیشی بەزاند و بوو بە ئاڵتێرناتیوێکی کاریگەر لە سەرتانسەری دنیا. لەو یەکساڵەدا دیمەنگەلێکی لەبیرنەکراو هێلانەی لە مێشکی هەموان کرد و بۆ چرکەساتێکیش ڕشتنی بە ناحەقی خوێنی چوار ڕۆڵەی بەئەمەگی نیشتمان دۆست لە شنۆ و باقی شەهیدانمان لە وڵات لەیادنەچوو، هەڵوێستی مێرانەی خەڵک و ئازادکردنی شنۆمان دیت، مانگرتنی گشتی و بەربەرەکانی

شەرەف و سەرشۆڕی گەییشتە لوتکە."

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو داخۆیانی‌نامەیەدا هاتووە: "سیستەم لە هیچ شتێک خۆی نەبوارد و ئەوەی بۆی کرا کردی. لە دوایین بەرنامەیدا خەریکە لەسەر خوانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی شنۆ فیستڤاڵی گێلاس بەڕێوەببات. ئەم فیستیڤاڵە زۆرتر شانۆی حکوومی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی نێوخۆیی ئێرانە هەتاکوو باسێک بە ناوی فیسیڤاڵی گێلاس. کۆمەڵگەی مەدەنی دەمێکە هەموو سووڕەکانی ئەو سیستەمەی لەقاو دەدات و هێلکەی زۆری لە ددانی داوە. ئێمە باش دەزانین لەهەر فیستیڤاڵێکدا چەند ئامانج هەیە و کاری بۆ دەکرێت بەڵام لەم فیستیڤاڵەدا ئامانج ڕاکێشانی خەڵکی ساویلکەیە بەهەموو ئامرازەکانی ڕاکێشانی بەردەنگ وەکوو سۆشیاڵ مێدیا، بەنێر و تراکێت و هتد" ...

ئەوان بە نیسبەت پرسی ئابووری شاریش باس لەوە دەکەن کە: "لەهەر فیستیڤاڵەکدا ڕەهەندی ئابووری و کولتووری و پیشەیی زەق دەکرێت کەچی لەم قومارۆچکەیە جگە لە بە فیرووودانی سەرمایەی گشتی و ڕاخستنی سفرەی دزی و ڕیا بۆ کاربەدەستانی حکوومی هیچی تر نییە. مەخابن ئەو میراتەش بە تاڵان بردرا و برینی ئەو تاڵانەش هاتە سەر برینی دزی سەرچاوە سروشتێکان و دزی مێژوو و دزی ژیان و دزی وڵاتمان."

لە کۆتاییشدا وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە: بۆ بەرپەرچ و شەرمەزارکردنی ئەو شانۆیە ئێمە وەک کۆمەڵگوی مەدەنی کە پێکهاتووە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا وەکوو ڕێخراوە مەدەنی و سێنفێکان، بازاریان ، مامۆستایان ئایینی و قوتابخانە، چینی کارگەر، سەنعەتکاران و .... بایکۆتی ئەو شانۆیە دەکەین. شۆڕشی ژینا ئەرکداری کردین کە لە ڕاستێکان لانەدەین و بە ڕەمزی ژینا قۆڵی بەرخۆدان هەڵماڵین. ئێستاش خەبات خەریکە خۆی سازمان دەداتەوە و وەک ژیلەمۆ لە زۆرداران دەراسێت و گڕ دەگرێتەوە.

**فیستیڤاڵی ئێمە ڕۆژێکە کە دیلانی ئازادی بگێڕین."**

بەو شێوە دەردەکەوێ کە، ئامانج لەم جۆرە فستیواڵ و کۆنسێرت و بەرنامانە لەکاتێکدا خەڵک بڕیاری شۆڕشی داوە، خزمەت بە خەڵکی شار و دڵخۆشیی گەل نییە بەڵکوو کەڵکاژۆ وەرگرتنی نابەجێ لە خەڵکیی ساویلکە و ئاسەمیلە کراوە کە بە لۆچێک ئاو وە مەلە دەکەون و مەخابن هێشتا فێڵ و گزی و پیلانەکانی دوژمن دەتوانێ کاریگەریان لەسەردابنێ و لایان ئاشکرا نەکراوە(کاتێک ئێمە مەبەستمان بوو حکومەت پشتیوانی بکا بۆ قازانجی شار ئەوان نەیانکرد و دژایەتیان دەکرد، ئێساتش کە ئەوان مەبەستیانە ئێمەش بەشداری ناکەین).

**بەو چەند پرسیارە کۆتایی بە باسەکەم دێنم:**

لەکاتی فستیواڵ و دوای ئەو بەرنامەیە چ قازانجێک بۆ شاری شنۆ دەستەبەر بوو؟ لە کاتێکدا فستیواڵی ئەمساڵ کاتێک بەڕێوە چووە کە هەر گێلاس بەدارانەوە نەمابوو، ئایا جگە لە خۆبادانی تاقمێک کە بە پووڵ و پارە هەڵخەڵەتان و بەرپرسانی نیزامی و ئەمنییەتی حکومەتی، کام لە چین و شەبەنگی خەڵک قازانجی لێ کرد؟ ئەوە لە حاڵێکدایە کە، تەنانەت بەشی هەرە زۆری تێچووی قورسیی ئەو بەرنامەیەش وەک هەمیشە بە فریودان و بەڵێنی بەدرۆ کەوتە سەر شانی خەڵک بەجۆرێک، هەر لە مەیداندارەکانی مەیدانی میوە و تەڕەبار چل ملیۆن تمەن کۆ کرایەوە و پێیان گوتراوە ئەوە قەرزە لەسەرمان و وێتان دەدەینەوە، بەڵام هێشتا یەک تمەنیش نەدراوەتەوە! ئایا هیچ کام لە ڕێکخراوەکانی ئەدەبی، ژینگەیی، زمانیی، شاخەوانی، وەرزشی، سێنفیی شاری شنۆ بەشدارییان کردبوو؟ هێنانی میوان لە شارەکانی دەوروپشت بە بەشداریی سەرجەم ئیدارەکانی شار و تەنانەت خەدەماتی شارەداری و بەشێک لە دووکانداران هەوڵیان "سیالەشکر" کۆ بکەنەوە و بەرنامەکە زەق بکەنەوە هەڵبەت نکۆڵی لەوەش ناکرێ هەبوون خەڵکانێکی باش لەو شانۆیە دەبینەدران کە ڕەنگبێ بەشێکیان ئامانجی تایبەتی خۆیان هەبووە!

سازکردنی هەرجۆرە فستیڤاڵ، کارنەڤاڵ، شانۆ، بەرنامە، کۆنسێرت و ... لە کەشێکی ئازاد و دێموکرات بە مەبەستی دڵخۆش کردنی خەڵک، قازانجی ئابووری، تووریسم، گەشەی بیری نەتەوایەتی، ڕەوشەنگەری و خزمەتی ڕاستەقینە گەلێک باش و بەجێیە، بەڵام ئایا ڕێژیم لەم بەرنامەیەدا کام یەک لەو مەبەستانەی هەبوو جگە لە فریودان و خۆڵ دەچاوی ڕای گشتی کردن کە وا بنوێنیت شاری شنۆ کە، چوار ڕۆڵەی بەووەجی لە خۆپێشاندەکانی ژن، ژیان، ئازادی پێشکەشی بارەگای ئازادیی کوردستان کرد و دەیان بریندار و گیراو و شاربەدەری لێکەوتەوە و ببووە دەروازەی ڕاپەڕین؛ ئارامە و خەڵک وێڕای ژیانی ئاسایی خۆی هیچ باسێک لە شۆڕش و ڕاپەڕینی ژینا نەماوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣ = ڕێکەوتی: ١٠ی جوونی ٢٠٢٣

## قاسملوو؛ ڕینسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

بەخۆشییەوە وتارێکی منیش لە ژێر ناوی "قاسملوو؛ ڕینسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد" لە؛ "لەژێر ساباتی قاسملوو"، نوێترین بەرهەمی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو بۆوە. سپاس بۆ سەرجەم ئەو بەڕێزانەی لە ئامادە کردنی ئەو بەرهەمە بەجێیە ماندوو بوون و هەوڵیان داوە.

---

ڕێنسانس وەک بزووتنەوەیەکی هزری و ئاوەزمەندی لە کۆتاییەکانی سەدەی چاردە لە ئیتالیا سەریهەڵدا، خێرا بەشی هەرە زۆری ئەورووپای تەنی و نەریتە کۆنەکانی کردە بڵقی سەرئاو و چەمکگەلی وەک مرۆڤ تەوەری خولقاند، بایەخی بۆ هونەر و وێژە گەڕاندەوە، پێناسەی نوێی بۆ ئۆل و ئایین دوای وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، دەستەبەر کرد، زانستی جۆراوجۆری داهێنا و بیروبۆچوونی فرەی هێنایە کایەوە.

لەو سەردەمدا کەسایەتیەکی وەک "ماکیاڤێلی (Niccolò di Bernardo dei Machiavelli)"لەناو میرنشینەکانی ئیتالیا(میدیچی) سەریهەڵدا و کتێبێکی لەسەر زانستی سیاسەت بەناوی "شالیار" نووسی. ناوبراو لەو کتێبەدا، سەرجەم میرنشینەکانی هان دا بۆ دەستەبەرکردنی هێزێکی یەکگرتوو و دامەزراندنی نیشتمانێکی یەکپارچەی سەربەخۆ، ئەو پێی وابوو "تەنیا ڕێگای چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە ڕێگاچارەی کۆتایی بۆیان، یەکگرتوویی سەرتاسەری میرنشینەکانیی ئیتالیایە کە تەنیا بە سەرۆکایەتی "شالیار"ـێک بووز دەخوا کە لەم ڕێگەیەدا شێلگیرانە هەوڵ بدا، هیچ جۆرە لەبەرچاو گرتنێکی دۆستانە، ئەخلاقی، ئایینی نەبێ چوونکە ئەمانە دەبنە لەمپەڕ و زیان!"

چەند دەیە دوای ڕێنسانی ڕۆژئاوا، لەبەر نزیکایەتی جوگرافیی لەتەک بەشی باکووری نیشتمانی کوردستان، شنەی فێنکی ئەو گۆڕانکاریی و نوێبوونەوەیە لە کوردستانی ژێر دەستی عوسمانلی هەڵدەکا، کەسایەتییە کوردەکانیش وەخۆدەکەون دەست بە نووسین دەکەن، بەو جیاوازییە کورد بەپێچەوانە؛ گرنگی و بایەخی زیاتر بە وێژە و ئەدەب دەدا و نەهامەتییەکانی وەک قوربانییەکیی مێژوویی لەدەست "دیتران"، دەبینێتەوە. ئەحمەدی خانی وەک کەسایەتییەکی ناوداری کورد لە سەردەمی هەرەتی میرنشینە کوردەکان، هەموو کوڵ و زوخاوی خۆی لە "مەم و زین" وەک یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی وێژەی کلاسیکی زمانی کوردی هەڵدەڕێژێت کە چیرۆکی ژینی کورد بە درێژایی دیرۆک لەو هۆنراوەیەدا بە شێوەی نیشانەناسانە



سەرچاوە Serchawe

دەخوێنییەوە، خانی لە مەم و زین دا ویستی ئەوە بووە کە بیرو ڕای خۆی لەهەمبەر پرسگەلی جۆراوجۆری دۆزی کورد بەو شێوازە هێماییە دەرببڕێت و مەم و زین وەک پاساو و بەهانە بۆی بێنیتەوە:

**شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە**
**زین و مەمێ بکەم بەهانە.**

ئەو چیرۆکە تراژیدیکە کە نووسەرەکەی هەوڵی داوە لە زۆربەی زاراوەکانی کوردی کەڵک وەربگرێ، بە نەورۆز وەک هێمای جێژنێکی نەتەوەیی دەست پێدەکات، ئەویندارى و سرووشتی غەمتاوێنی نیشتمان دوو دیاردەی هەرمانی ژینی کوردانەن، هەروەها نیشانەی "بەکر" وە هێمای شۆفار و گوێبەل لە بەرامبەر "تاژەددین" وەک نیشانەیەک لە مێرخاسی، ئەمەگناس و خەباتکار لە تاکی کورد. خانی لە مەم و زیندا هانی کوردی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بە داگیرکەران ڕاپەڕن و بجووڵێن. لە شێعرێکی ناوازەشدا وەک یەکەم شاعیری نەتەوەپەرەستی کورد باسی یەکێتی و یەکگرتووی و لەهەمان کاتدا زەبوونی گەلانی داگیرکەر دەکا و دەڵێ:

**گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک**
**روم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژ مە را دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحصیل دکر مە عیلم و حیکمەت.**

دوای خانی گەلێک کەسایەتی و مێرخاسی کورد چ وەک تاک و چ وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستیان بە چالاکی کردووە و تێچووەکەشیان بە دانانی گیانی خۆیان داوە. سەدەی بیستەم دەستپێکی شۆڕشە جدییەکانی نەتەوەی کوردە، لەو سەدەیەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی؛ گەلێک شۆڕش و ڕابوون بە شێوازی چەکداری و تەنانەت مەدەنی و سیاسی و کاری دیپلۆماسیش هەوڵ دەدەن لە دامەزراندنی حکومەتە نوێیەکان بە پاڵپشتی ڕۆژئاوا کورد سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە بەڵام هەموو هەوڵەکانییان لەبەر ئەوەیکە "کورد لە ئاوابەندی سیاسیی ڕۆژئاواییەکان هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکرابوو"، لەلایەک دیکەشەوە "پەرتەوازەیی و پێکەوە نەحاوانەوە"، کوردستان تەریک کەوتەوە.

دوای نوشست و شکستەکانی بزووتنەوەی کورد لەهەرکام لە پارچەکانی کوردستان، لە دەیەی ٤٠ی زایینی سەدەی بیستەم بە

دامەزرانی یەکەم حیزبە مۆدێرنەکان لە ڕۆژهەلأت و دیاری کردنی ستراتێژی ڕوون، ئەو بەرنامەیەش وەدیدەهات کە بۆ گەیشتن بە ئامانج کورد دەبێ پێنج خاڵی سەرەکی لەبەرچاو بگرێ: دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی پێشکەوتوو، میدیا و ڕاگەیاندن، ستراتژی دیاریکراو، هەبوونی سەرکردایەتییەکی ژیر و بوونی هێز(پێشمەرگە).

لەبەر ئەوەیکە تەمەنی یەکەم کۆماری کوردستان و سەرۆککۆمارەکەی کورت بوو، بەلأم بناغەی ئەو ئایدیایەی بە میرات بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بەجێ هێشت کە دواتر، کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو توانی لاپەڕەیەکی زێرینی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کوردیی پێ بخەملێنیت. کاک دکتور وەک کەسایەتییەکی سیاسی، زانستی، ئاکادێمیک، دیپلۆمات و پێشکەوتوو لە قۆناغێدا لە مێژووی قەیراناوی کورد و حیزبی دێموکرات هاتە مەیدان کە بزووتنەوەی کورد پێویستی بەو جۆرە لە کەسایەتییە کاریزماتیکە زۆرزانە هەبوو هەتا خۆی لە شێوە ڕوانینی خەباتی کلاسیک و چاولێکەری و پاشماو جیا بکاتەوە و گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ئایدیا و تێڕوانینەکان بۆ دەستەبەر بوونی مافی کورد درووست بکات.

بە نێرینی ماکس ڤێبەری کۆمەڵناس؛ وەک یەکەم کەس کە لە وشەی سەرۆک و ڕێبەری کاریزماتیک لە تیۆری بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەیی کەڵکی وەرگرتووە، کەسایەتی کاریزماتیک وەک کەسێک دەیناسێنێ کە، هێزی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای هەبێ و بە زانایی و تایبەتمەندی بەرزی ئەخلاقی وەدیهێنەری لەخۆبردوویی و هەستی پشت بەخۆبەستن لە نێو ئەو کەسانەی بڕوایان پێکردووە، بەرز بکاتەوە، بە ڕوانینی ڤێبەر، سەرکردەی کاریزماتیک خاوەن توانستی مەزن، لێزانی تایبەت و تەیار بە تایبەتمەندی بەرزی کەسێتییە. دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە، بەشی هەرەزۆری ئەو سەرکردە ناوازانە بەرهەمی قەیرانی ئاراپین و وەک ڕزگاریدەرێکن کە خەڵکەکەیان لەو قەیران و گرفتانە قوتار دەکەن.

قاسملوو بەو تایبەتمەندییانەی هەیبوو وەک ڕێبەرێکی لێوەشاوەی کاریزماتیک لەهەموو دەرفەتەکانی خەبات(وتووێژ، خەباتیی چەکداری، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، میدیایی و...) کەڵکی وەردەگرت بە واتایەکی دیکە هێزی پێشمەرگەی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حیزب لە چوارچێوەی مەیدانیی دیپلۆماسی و بانگەشەی گوڕوتین خستنی کۆمەڵگا بە هەرماوی خەبات ئاراستە دەکرد. قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەری حدکا دا توانی ئەو حیزبە بەشێوەیەکی بانخۆزاو پەرەپێبدا و جگە لە خۆی، حیزبیش لەناو خەڵکدا خۆشەویست و شیاوی متمانە بکا، ئەو جیا لە نووسینەوەی ئەساسنامە و ئامانج و ڕوانینی نوێ حیزب، توانی حیزب لە ژێردەستی "تودە" و "پارتی" بکێشێتە دەر و سەربەخۆیی سیاسی بۆ گەڕاندەوە بەو جۆرە وەک تاکە هێزی ئاوانگارد بە کردەوە مەیدانی خەباتی لەدەست دابوو.

لە دەرەوەی بازنەی خەباتی دەروون تەشکیلاتی حیزبی، بە هێنانە ئارای تێرمی نوێ لە زانستی ئابووری سیاسی، بەرچاوی



سەرچاوە
Serchawe

کۆمەڵگای دەستەبژێری کوردی ڕوونتر کردەوە. لە قوتابخانەی فرانکفۆرت یان "ڕەخنەگرانە"، کە ئامانجی ئەو قوتابخانەیە ئەوە بووە، بە ئاشکرایی ڕەخنە لە پێکهاتە و بنەمای دەستەلات بگرێ چوونکە پێیان وایە، قەیرانی کۆمەلایەتی و ئاریشە و کێشەکانیی، زیاتر بۆ قەوارەی کۆمەلایەتی و بنەماکانی کلتووری دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم هزرە لەسەر بنەمای ئایدیای نوێ مارکسیستی هەڵچندراوە بەلام زۆرجار ڕوانینی ڕەخنەگرانەی پێوەدیارە و تەنانەت خودی مارکس و بیرۆکەکەیشی هەڵدەشێلێ، ئەو بیرمەندانە وێڕای ئەوەیکە سەر بەڕێبازی مارکسن بەلام لە زۆر ڕووە قەدەرگەرێتی یان جبرگرایی(determinism) ئابووری مارکس و سەرنج نەدان بە لایەنەکانی دیکەی کلتوور دەخەنە بەر ڕەخنە، د.قاسملووش وەک کەسێکی ڕەخنەگر لەم بوارە بە نووسینی کورتەباس ئەو باسە دێنێتە گۆڕ و لایەنی جێخستنی سوسیالیزم لەناو کلتوری کوردان بە نێرینی ئاوارتەی خۆی شی دەکاتەوە. ناوبراو ئاوابەندی کۆمەلایەتی هزری مێژوویی مارکس پەسند دەکات بەلام بە شێوازی خۆی بناغەیەکی نوێ بۆ ئیدئالی ڕێکخراوەیی لە دوارۆژی کۆمەلگای کوردی دادەمەزرێنیت کە وەلامدەری هەلومەرجی کۆمەلایەتی و سیاسی نیشتمانەکەیتی و بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ بەرژوەندیی نەتەوەیی دەگونجێ کە زۆر لایەنی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەلایەتی و مێژوویی جیاوازی لە گەڵ ولاتانی دیکە هەیە.

" ئەگەر سوسیالیزمی دیمۆکراتیک بە پێناسەی کورتە باس (١٩٨٣) ڕێگەی سێیەم بوو لە نێوان سوسیال دیمۆکراسی و کۆمۆنیزم (سوسیالیزمی مەوجوود) واتە سنووربەندی هەم لەگەڵ سوسیال دێمۆکراسی هەبوو و هەم لەگەڵ سوسیالیزمی مەوجوودو هەوڵێک بوو بۆ دابین کردنی سوسیالیزمێکی ڕاستەقینە تێکەڵ بە دێمۆکراسییەکی حەقیقی. ئێمە لەم خوێندنەوەیە نوێیەدا لە نێوان سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە لایەک و نیولیبرالیزم و چەپی رادیکاڵ لە لایەکی دیکە سنووربەندی دەکەین. لە ڕاستیدا هەروەک لە نامیلکەی کورتەباسدا بە ڕاشکاوی گوتراوە «سوسیالیزمی دێموکراتیک» لەگەڵ سوسیال دێموکراسی جیاوازی هەیە. بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بەم ئیستدلالانە بکەین:
سوسیالیزمی دێمۆکراتیکی پێناسە کراو لە کورتەباس دا، ئانالیزو لێکدانەوەی مارکسیزمی لەسەر سەرمایەداری پەسەندە.
سیستم (نظام)ی سەرمایەداری رەتدەکاتەوە و دەڵێ سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەلایەتی لە لایەن مێژووەوە مەحکوومە.
بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری .کۆمەلایەتی هەوڵ دەدا کە تێیدا هەر کەس بە پێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و بە پێی کارەکەی حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

## خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی رووسی یان سوسیالیزمی ئارایی

لەگەڵ ئەو پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمەی کە کۆمۆنیزمی رووسی یا سوسیالیزمی ئارایی بەڕێوەیدەبا لەگەڵ سوسیال دیمۆکراسی هاودەنگە، هەر بۆیە جەخت لە سەر دێمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دەکا.

تێروانینی مارکسیستی لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆر بنەمای لێنینیزم وەلانراوەو ستالینیزم بە تەواوی ماڵئاوایی لێکراوە.

ئەم سوسیالیزمی دیمۆکراتیکە شکڵێکە لە ئاکامی دوو خەت یان دوو نەریت، واتە هەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێش کردنی حەرەکەتێکی واقیعی بەرەو سوسیالیزم بە دیمۆکراسییەکی راستەقینە".(بازیار. ٢٠١٩).

کاک دکتۆر، وێڕای ئەوەیکە چەپێکی دێموکرات بوو لەهەمان کاتدا شۆرشگێڕ و نەتەوەیی بوو بەردەوام باسی لە پرسی کورد و چارەسەر کردنی بە شێوازی ئاشتیانە کردووە و بەر لە کوردستان، دێموکراسی بۆ ئێران خواستووە چوونکە پێی وابووە بەبێ دێموکراسی لە ئێرانێکی دیکتاتۆر کە قەت دێموکراسی بەخۆیەوە نەبینیوە مافەکانی گەلی کورد و باقی گەلانی دیکەی نیشتەجێ لەم جوگرافیایە دەستەبەر نابن جا بە پێی ئەزموونی خۆی لە دوو جۆر ڕێژیمی پاشایەتی و ئۆلی زۆر بە ڕاشکاوی ڕای خۆی دەربڕیوە. هەر لەم پێوەندییەدا سنووربەندییەکی دەگەڵ جۆری حکومەتەکان لە ئێران وێنا کردووە کە هەتا ئێستاش دوای چەند دەیە کاری پێدەکرێ؛ قاسملوو لە دوامین گوتوبێژی خۆیدا دەگەڵ بەشی فارسی بی بی سی، وێڕای ئەوەیکە جەخت لە پلۆرالیسم و ئازادی ڕا دەربڕین و بەیان لەتەک ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان دەکاتەوە باس لە نەبوونی هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەک دەکاتەوە و دەڵێ: دیکتاتۆری ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران دابین بکا، جا چ دیکتاتۆری پاشایەتی بێ چ دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی تەنانەت باس لە دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش دەکا کە ئەو سەردەم ئەو چەمک و واژانە زۆر لە برەودابوون و لایەنگری تایبەتیان هەبوو. لە درێژەدا باسی ئەوە دەکات کە: ئێران پێویستی بە سیستەمێکی دێموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە و بە پاراستنی ڕێساکانی دێموکراسی هەروەها جاڕنامەکانی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافەکان مرۆڤ، دەکرێ وڵات بەڕێوەبچێ. هەربۆیە دکتۆر قاسملوو دژایەتی دەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە هەیە کە دەخوازن بەهەرشێوەیەک بۆیان دەکرێ جۆرێک ڕێژیمی نادێموکراتیک دابمەزرێننەوە و پێی وایە: هەر لایەنێک بیهەوێ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر دابمەزرێنێت دژایەتی دەکەین بۆیە دەگەڵ پاشاخوازەکان هەڵناکەین و ئامادەی هاوکاری دەگەڵ ئەو ڕەوتەمان نییە چوونکە بە ڕای ئێمە مێژوو سەلماندوویەتی کە سەڵتەنەت واتە چەوساندنەوە.

ئەو کاروچالاکی و بەرنامانە و شێوازانەی خەبات لە ماوەی ڕێبەری د.قاسملوودا بەڕێوەچوون و هەتا ئێستاش کەموزۆر ماون و حیزبی دێموکراتی وەک کلتورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا جێگیر کردووە، بەرهەمی هزری کراوەی سەرکردەیەکی بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد بوو کە توانی ڕێنسانسێک لە بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات خۆیا بکا، هێنانە ئارای چەمکگەلی مۆدێرن و نوێ، پەرە بە دیپلۆماسی نێونەتەوەیی، شۆناسخوازی نەتەوەیی،

سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی و پلۆڕالیسم، دژایەتی دەگەڵ تیرۆریزم، باوەڕمەند بوون بە پرسی ژنان، باوەڕمەند بوون بە ئەخلاقی سیاسی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، فیداکاری و لەخۆبردوویی، باوەڕ بە ڕیفۆڕم، سەداقەت و دەست پاکی و... بەشێک لەو چەمک و ئەزموونانەن کە لە سیاسەتی حیزب دا کاری پێکرد و وەک بنەما و بناغەی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی بە تۆکمەیی هەتا ئێستاش هێشتووتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٥ی جوولای ٢٠٢٣

## پاییز و زستان وەرزی تێکۆشینی جڤاکی؟

بەپێی مێژووی چەندین پێواژۆی جڤاکی لە دە ساڵی ڕابردوو و لە ١٠ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین (ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا) ئەوە دەسەلمێت کە، ئەگە بەشێوەی نەریتی و کلاسیک وەرزی بەهار و هاوین هەڕەتی چالاکیی نیزامییە، وەرزی پاییز و زستانیش وەرزی تێکۆشانی جووڵانەوەی مەدەنی و خەڵکییەکانە.

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە ٢٠١٠ بەولاوە سەرجەمیان لە لێنزیک سەد ڕۆژ؛ وەرزی پشـوودان دا بوونە (کۆتاییەکانی پاییز، زستان، و سەرەتای بەهار) بۆ میناک ساڵی ٢٠١٠ لە وڵاتی قرقیزستان، قوربان بەیگ باگی ئۆف سەرەتای بەهار - ئاپریل، دەستپێکی ئەوەی بەهەڵە پێی دەگوترێ "بەهاریی عەرەبی" یان "بیداریی ئیسلامی"، بە خۆسووتاندنی کریکارێکی خەڵکی تونێس بەناوی "محمد بوعزیزی" لە ڕێبەندانی ساڵی ٢٠١٠ (دێسامبر) بە دژی زەین ئەلعابدین بن عەلی دەستی پێ کرد، لە میسر بە دژی حوسنی موبارەک لە ٥ی ڕێبەندانی ١٣٨٩(٢٠١١) دەستی پێ کرد. لە لیبی بە دژی مەعمەر قەزافی لە مانگی ڕەشەمەدا دەستی پێ کرد، لە سووریەی ژێر دەستەڵاتی بەشار ئەسەد لە ٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٩ (٢٠١١) دەستی پێ کرد. هەر لەو ساڵ و دەمەدا لە یەمەن بە دژی عەلی عەبدوڵلا سالح لە کۆتاییەکانی ڕێبەندان و سەرەتای ڕەشەمە جووڵانەوەی خەڵکی بەشێوەی مەدەنیانە سەری هەڵدا، لە ئیتیوپی، ٢٠١٩ مانگی خەزەڵوەر خۆپێشاندانەکان دەستیان پێکرا، لە ١٣٩٨ و لە ئێرانیش لەسەر گرانبوونی بەنزین هەر لە پاییز و مانگی خەزەڵوەر (آبان) بوو. لە وڵاتی ئەلجەزایر سەرەتای ڕەشەمەی ٢٠١٩ و لە ٢٠٢٠ی لوبنانیش هەر لە وەرزی پاییز و مانگی خەزەڵوەر و سەرماوەز خەڵک دەستیان بە چالاکی بە دژی دەستەڵاتداران کرد یان لە وڵاتی عومان دوای مردنی سوڵتان قابووس ڕێبەندانیی ٢٠٢٠ دەستی پێکرد!

* (دوای کوشتنی ژینا ئەمینی لەلایەن دەستەڵاتی ئێرانەوە و لەسەرەتای پاییزەوە بە خەستی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی پەرە سەند و هەتا ئێستاش بە شێوازی جۆراوجۆر بەردەوامە)

## سێندرۆمی "قەڵا"

... دوای داگەڕان لە چیاکان و زەمینگیربوونی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ دەشتیی گەرمێن، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی



سەرچاوە Serchawe

کورد لە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بەگشتی تووشی دوو جۆر سێندرۆم بوونە. سێندرۆمی یەکەم کە من بە "سێندرۆمی قەڵا" پێناسەم کردووە و دووهیمیش "سێندرۆمی بەهار."

لە سێندرۆمی قەڵا دا کۆمەڵێک هێمای وەک ماندووبوون، تەریککەوتنەوە، ناچالاکی، بێدەنگی، بێهەڵوێستی، قەیران و کێشە نێوخۆییەکان و چاولەدەست بوون وێڕای "قەڵا" کە هێمای بەرگری و ڕاوەستان و زیاتر خۆی لە کۆکردنەوەی حاڵەتی بەرگری بۆ وێکەوتن پێناسە دەکا نەک هێرش بردن و جووڵە و دوورخستنەوەی مەترسییەکان بۆ دەرەوەی شوورە و دیوارەکان و سیمی ڕاکێشراو، ئاوەزی بزووتنەوەی سیاسیی کوردی تەنیوە.

جووڵەی کاتی و ورد ئاڵوگۆڕ پێک ناهێنن واتە کەڵەکەبوونەوەی گۆڕانکاریی بچووک تەنیا مانەوەی لە مەیدان بە نرخێکی گران درووست دەکا، لێرەدا دەبێ ئێمە ساغ بینەوە کە ئاڵوگۆڕ چۆن پێناسە دەکەین و ستراتێژی سیاسییمان چییە؟ ئەگە ئێمە "ڕووباری بەخوڕ" بکەینە پێوەر و خۆی تێ بهاوێین، چاو چڕ داگرین چاوەڕوان بین هەتا بزانین بە کوێ دەگا تەنیا زەمانەتی مانەوەیەکی لاواز مسۆگەر دەکات و ڕەنگبێ بەهیچ کوێمان نەگەهێنیت. لەهەمان کاتدا ئەم ڕەوتە هەتا کوێ دەڕوا و بەکوێ دەگا؟ لەو ماوەیەدا تووشی گەلێک گرفت و کێشەی نوێ و جدی دەبینەوە کە ئەگە ڕێکار و خوێندنەوەی ڕەخنەیی بە مەبەستی چاکسازی نەک پینەکردنمان بۆ نەبێ قەیرانی ڕێکخراوەیی نەک لاوازبوونی بەدواوەیە بەڵکوو مەترسیی لەنێوچوونیشی هەیە.

"سێندۆرمی بەهار"یش تایبەت بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتە، خەڵک لە نێوخۆ تووشی ئەو هێمایانە بوونە کە بریتین لە "هاتنەوە، گەڕانەوە، ئەوان، بێن، دێن، هاتن، بەهار واتە هەموو چاوێکیان لە چیا و وەرزی بەهارە (وەک وەرزی کاروچالاکیی پێشمەرگانە) بۆ ئەوەیکە پشتیوانیان بن و مافیان بۆ وەدەست بێنن یان تۆڵەیان بۆ بکەنەوە و... . چاو لەدەست بوون و بیرۆکەی هاتنی کەسێکی ڕزگاریدەر و هێزێکی-هەرچەند لەخۆیان-کاریگەر وەک لێمشت بێ و زاڵمان ڕادا(لەهەردووک سێندرۆم دا چاولەدەست بوون و هیوا بە هێزێکی دەرەکی بۆ ڕزگاریی بەهاوبەشی دەبیندرێ). لەلایەکی دیکەشەوە کچان و کوڕانیی ڕۆژهەڵات بە گروتینێکی شۆڕشگێرانە و بێگەرد و خاوێن تەڤلی بزووتنەوە دەبێ بەڵام خێرا هەست دەکات بەسەر هەواری خاڵیدا کەوتووە و ئەوەی ئەوان بیریان لێ دەکردەوە وا نەبووە و هەرزوو ڕیزەکانی بزووتنەوە بەجێ دەهێڵن. (لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە مەبەست ئەو کەسانەن کە ڕێگایان لێ هەتڵە نەبووە و بە هەست و باوەڕەوە دەچنە ڕێزەکانی بزووتنەوە)....

## چاکشۆڕش، لە نێوان چاکسازی و شۆڕش!

دوای دارِمانی بەرەی ڕۆژهەڵات (بلوک شرق) "تیمووتی گارتێن ئەش (Timothy Garton Ash)"توێژەر و نووسەری بەناوبانگی بریتانیایی کە لە زانکۆی ئاکسفۆرد وانەکانی مێژووی هاوچەرخ دەڵێتەوە، بە ڕوانینێکی نوێ ئاڵوگۆڕەکانی چارەگە سەدەی دوایی گەنگەشە کرد. تیموتی باس لە کودتاکانی مەخمەری ئورووپای ڕۆژهەڵات دەکا و پێی وایە ئەم شێوازە تشتێکە لە نێوان "چاکسازی"(اصلاحات) و "شۆڕش" (انقلاب. (Refo-lution) (ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە، ئەوەی لە وڵاتانی لەهێستان و مەجارستان ڕووی داوە زۆر بە دژواری دەکرێ ناوی "شۆڕش"ی لەسەر دابنێین، لە ڕاستیدا ئەمە تێکەڵاوێکە لە چاکسازی و شۆڕش (ڕیڤۆلەیشن، چاک - شۆڕش ).

لەم دیاردەیەدا توخمێکی بەهێز و سەرەکیی "گۆڕان لەسەرەوە" بوونی هەبووە کە لە ژێر سەرکردایەتی "کەمینەیەکی ڕووناکبیر" لەناخی حیزبە کۆمۆنیستەکاندا چالاکی دەکرد؛ بەڵام توخمێکی زیندوو "گوشاری جەماوەر لە ژێرەوە"ش بوونی هەبووە، پێوەندیی نێوان ئەم دوو دیاردەیە بەگشتی بە نێوبژێوانی نێوان چینی هەڵبژاردە و دەستەبژێری دەستەڵاتدار و دژبەران شەقڵی دەگرت. هەتا دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات، دوانەی - چاکسازی شۆڕش - بەسەر وێژەمانی سیاسی کە دەیویست ڕەوتی "گۆڕان" لە کۆمەڵگە جۆربەجۆرەکان شرۆڤە بکا، زاڵ بوو.(اش ١٣٩٣، ١٦) بەڵام وردەوردە و بەتایبەت پشتی ڕەوتە فرەچەشنەکان گۆڕان لە حکومەتەکانی سەر بە بەرەی ڕۆژهەڵات ئەدەبیاتێکی نوێی گووراند کە خۆی لە چەمکی "چاک - شۆڕش"(ئەم چەمکە لەلایەن تیوموتی گارتێن ئەش داهێنرا) بەشێوەیەکی قووڵتر و بەربڵاوتر لە مانای "تێپەڕین" (بەرەو دێموکراسی) نیشان دراوە. چاکشۆڕشەکان بەدوای چاکسازیی مەبەستدارن لە دامەزراوە حکومەتییەکان و سەرجەم سیستەمی حکومەتی کە دژی بەها و پرەنسیپەکانی دێموکراسی ڕاوەستاون بەڵام لەم شێوازەدا، توندوتیژی بوونی نییە، وێرانی و شەڕ و گزی ناکرێ، پێش بە ڕادیکالیزمی شێوازی شۆڕش دەگرێ، دەستەڵاتی ترسهێنەر بوونی نییە، دادگای شۆڕش و سەحرایی و سێدارە و تۆڵەی تێدا ناکرێ و بەم شێوەیە تێچووی گۆڕان زۆر کەم دەکرێتەوە، لێرەدا مانەوە چاکشۆڕش بۆ یەککگرتوویی و وشیاری بەردەوامی دامەزراوە جێ باوەڕەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەگەڕێتەوە، ئەگەینا مەترسیی ئەوە هەیە بە دژەشۆڕشێک لەبەر یەک هەڵوەشێتەوە.

لێروانینی تێپەڕین لە قۆناغی چاکسازیی بۆ شۆڕشگێڕانە لە دەستەواژەکانی باوی دەیەکانی ئەم دواییە واتە "وەرگەڕاندن" و "ڕووخاندن خوازی" لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران سێبەری بەسەر زۆرێک لە ڕێکخراوە

سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن داکێشاوە. هەروەها چەند ساڵێکیشە کە چەمکی گۆڕان و "گۆڕانخوازی"یش هاتووەتە نێو کایەی ئەدەبیاتی سیاسی کە زۆرێک لە خەباتکاران هەرسێک ئەو مۆدێلانەیان دیوە و تاقی کردووتەوە و هەرکامیان بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆریان لەسەر ئەو شێوازانە هەیە.(بیات ١٣٩٢، ٣٤)

لەسەر چەمک و مانای شۆڕش و چاکسازی بەتایبەت دەبێ ئەوەندە ئاماژەم بکەم کە، "شۆڕش یان چاکسازی" جیا لەوەیکە دوو فۆرمی ئارایی لەنێو هزری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن دەکرێ ڕوانینی جۆراوجۆرمان لەسەر هەبن هەتا بە مەبەستی دڵخواز بگەین.

..." بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵگەی ئێران پێیانوایە کە سەردەمی چاکسازیی خاتەمی بەسەرچووە و ئیتر ئەم تێرمە باوی نەماوە، هەڵبەت ئەوان پێیانوایە کە قۆناغی شۆڕشیش نەگەیوەتێ، چوونکە شۆڕش کاتێک دەکرێ کە هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ خەڵک نەمابێ. ئەو قۆناخەی کە ئێستا ئێمە تێیداین سەردەمی ڕیفۆرم و گۆرانکارییەکانە، سەردەمی - چاک شۆڕشە بەو واتایە کە ئامانجەکانی ئێمە شۆڕشگێڕانەن بەڵام بە شێوازی چاکسازیی(ئامانجی ئێمە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی-ییە، بەڵام ڕێبازەکەمان چاکسازانەیە).

بە گشتی دەتوانین لەم دوو چەمکە - چاکسازی و شۆڕش - لە بواری شێواز و ئامانج جیا بکەینەوە و زیاتر شی بکەینەوە کە تێدا چوار ڕەوش دێنە ئاراوە:

ڕەنگبێ ئێوە هەم لە ئامانجەکەتان و هەمڕی لە شێوازەکەتان شۆڕشگێڕ بن.
ڕەنگبێ لەهەردووک جۆردا چاکسازیخواز بن.
یان دەکرێ لە شێوازدا چاکساز و لە ئامانجدا شۆڕشگێڕ بن.
دەنا لە شێوازدا شۆڕشگێڕ و لە ئامانجدا چاکسازیخواز.

بەشێکی دیکەش پێیانوایە کە، چاکسازی لە ئێران تاقی کرایەوە جا ڕەنگبێ یان ئیمکانات هزری تەواوی تێدا نەبوو یان ئەوەیکە سەرکردایەتییەکەی تووشی کێشە بوون و یان نا ئەمە پیلانێک لەلایەن خودی حکومەتەوە بووە، ئەو بیرۆکەیە بە هەرحاڵ نەیتوانیوە خەڵک بە ئامانجە دڵخوازەکانی خۆی بگەهێنێت، دوای ئەمە خەڵک تووشی بنبەست نابن، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت ڕێگای خۆیان بەردەوام دەپێون و بەرەوپێش دەچن.

------

بەشێک لە وتاری "ڕەخنە، بەراورد و شیکاریی بزووتنەوەکانیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و خۆرهەڵاتیی کوردستان" ئەو وتارە زستانی ساڵی ١٤٠٠ لە کۆتایی وەرگێڕانی "چاکسازیی یان شۆڕش؛ گوتوبێژ دەگەڵ "هێربێرت مارکووزە" و "کارێل پوپێر" نووسراوە و چاپ و بڵاو کراویتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## شۆڕشیی هزری - کۆمەڵایەتیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستان و ئێران

بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی پڕکاریگەری چاخی پێشکەوتوون کە بەواندا دەتوانی خواستەکانی کۆمەڵگە یان شەبەنگێک لە کۆمەڵگە بەو داخوازیانەی هەیانە، پێیان بگا. بەجۆرێکی دیکە دەکرێ بڵێین؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هۆکارگەلی گرنگی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتین. "ئانتۆنی گیدێنز" لەم بارەیەوە دەڵێ: لەو ئاکار و هەڵوێستانەی بەکۆمەڵ کە بۆ دەستوێڕاگەیشتن یان گۆڕانکاری لە بەشێک لە لایەنەکانی تەکووزیی ئارایی لە کۆمەڵگەدا هەیە، بە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دێتە ناسین(Giddens, A. 1994)."هەموو نارەزایەتییەک کە داخوازی و ئامانجێکی دیاریکراوی بەکۆمەڵی هەبێ، دەکرێ وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی - نارەزایەتی پێناسەی بکەین.

بەشی هەرەزۆری ئەو نارەزایەتییانەی یەک دەیەی ڕابردووی جوغرافیای ئێران بەتایبەت دوای بزووتنەوەی سەوز(١٣٨٨) کە فۆرم و خواستی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگە بە هۆکاری بەجیهانیبوون، بەردەوامیی کەشی داخراوی سیاسی و قەیرانەکانی یەکلەدوای یەکی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی؛ گۆڕانکاری بەرچاوی بەسەردا هاتووە و لە درووشمی خەڵکانی ناڕازی لەسەر شەقام بە تەواوەتی دەبیسرا و دەبینرا. دوای کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی (٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١) کۆمەڵێک نارەزایەتی بە درووشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کوردستانەوە دەستی پێ کرا و هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتەوە، ئەو نارەزایەتییەی سەرجەم گەلان و چین و شەبەنگی جۆراوجۆری کۆمەڵگە و ئێران تەنیا بە کێشەگەلی وەک بژیوی ژیان یان ئابووری نەبەسترابۆوە، بەڵکوو زۆربەی داواکارییەکان سیاسی و ئازادیخوازانە بوو و تەنانەت ئەوکاتانەی پێداویستییەکانی بنەماڵە، خواردەمنی یان بەنزینیش گران دەبوو، دەبووە بەهانەیک بۆ خەڵکی زوڵملێکراو و ناڕازی هەتا درووشمی نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرەکی وەک دیکتاتۆرێک بڵێنەوە. میناکی ئەو چالاکییانە لە سەرماوەزی ١٣٩٦ و خەزەڵوەری ١٣٩٨دا خۆیان دەرخست، بەڵام لە هەمووی ئەوانەدا بوونی ئەتنیک و نەتەوەی جۆراوجۆر لە جوغرافیایە، داخوازیی ڕەوایان بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤیی نێونەتەوەیی و خەبات و تێکۆشانیان لە زۆربەی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە؛ داخوازیی ئەو حیزبانە کە نوێنەرایەتیی خەڵکی خۆیان دەکەن، سیاسییە و بۆ ماف و حقوقی نەتەوایەتییان دەگەڕێتەوە.

بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی کە زۆر کەسی شارەزای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان وەک شۆڕشێکی پێشکەوتنخواز لە قەڵەمی دەدەن، کەڵەکەبوونەوەی هەموو ئەو زوڵم و نادادپەروەری، هەڵاواردن، سەرکوت، گرتن و ڕفاندن، خوڵقاندنی کەشی

نیزامیی پڕ لە ترس، نەبوونی ئازادیيە کۆمەڵایەتییەکان، دەستتێوەردانی سپا لە هەمووکارێکی مەملەکەت، بایەخنەدان بە بیروڕای گشتی و بێڕێزیکردن بە مافی ژنان، کرێکاران، فەرهەنگیان، نەتەوە جۆراوجۆرەکان و... بووە. گیان لەدەستدانی ژینا سەرەتا بووە هۆی دەستپێکی نارەزایەتییەکانی سەرشەقام، گۆڕانکاری لە جۆری ڕوانین و بیرکردنەوە و لادانی پێش گریمانەی سەقەتی ڕابردوو و دواجار شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەر لە شۆڕشێکی سیاسی. ئەگەر ئاورێکی خێرا بە ئاکار و ڕەوشتیی بەکۆمەڵ و نارەزایەتییەکاندا بخشێنینەوە، دەبینین، لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان لەبەر هەبوونی حیزبگەلی سیاسی و کەسایەتیی نەتەوەیی_ئۆلی خاوەن پێگە، بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە و ڕێکخراو بە بەراورد لەتەک ناوچەکانی دیکەی ئێران چالاکی کراوە و لە شێوازەکانی نافەرمانی مەدەنی و بەدوور لە توندوتیژی و دێموکراتیک، کەڵک وەرگیردراوە. ڕاپەڕینی ئەم دواییە بە دوور لە شەپۆلێکی هەستەکی و بە درووشمی ژن، ژیان، ئازادی وەک فەلسەفەی ئەو بزووتنەوە نوێیە کە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان جۆری ڕوانین و دێموکراسی خوازی مۆدێرنی لەبەردەم دانا، هیوایەکە بۆ وەرزێکی نوێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

دوای ئەم کورتەباسە و بەپێی بنەماکانی شۆڕشێکی ڕاستەقینە بەو هەمووە مانایەی هەیەتی، پرسیارێک دێتە ئاراوە کە، ئایا ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان شۆڕشێک بوو؟ ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەو بزووتنەوەیە بە ئاکامی دڵخوازی خۆی نەگەیوە بەڵام ئایا لە ناوەندیشدا توانی شۆڕشێکی هزری خۆیا بکات؟

شۆڕش(Revolution) لە بواری مانایییەوە بە واتای گۆڕان و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی دێ. بیرمەندانی بەستێنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن؛ شۆڕش بەو مانایەیە کە، خود یان چیەتیی تشتێک، گۆڕانی بنچینەیی بەسەردا بێ لە ڕاستیدا بیرمەندان گۆڕانکاری لە فۆرم و نێوەڕۆک وەک "شۆڕش" پێناسە دەکەن. لە بەستێنی ڕامیارییشدا شۆڕش وەک ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە دامەزراوەی حکوومەت پێناسە دەکرێ. جگە لەو هەمووە ڕوانگە و مانا و واتایەی لەم دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزە هەیە، دەکرێ ئەم چەمکە بە دەربیجەی دیاردەناسییش تەتەڵە بکەین، چوونکە، "دیاردەناسیی شۆڕش، شۆڕش نەک وەک بزووتنەوەیەک، نارەزایەتییەک یان جۆرێک ئاکار لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ پێکهێنان و گۆڕانکاری لە قەوارەی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسەتی کۆمەڵ، بەڵکوو وەک جۆرێک زانیاری، خۆپێچکراندن لە ئەزموونی ناتەواوی پێشوو، فام و تێگەیشتنێک کە لە تێپەڕینی زەمەن تووشی دەبی، هەڵسەنگێنین(حسینی، ١٤٠١). بە دەربڕینێکی دیکە؛ پێشتر شۆڕشەکان گەڵاڵە نەکراون، بەڵکوو خوێندنەوەیەکە کە لە ئاکام وشیاری و خۆدەربازکردن لە پێش گریمانەکان و فامی ڕابردوو بەرەو ئازادی لەو شێوازە تێگەیشتن و بیرکردنەوە کەونەیە کە گووراوە. بە واتایەکی تر هەمان ئەو نوێبوونەوەیە کە بە ڕێنسانس و لەدایکبوونەوەیەکی دیکە لە هزری مرۆڤایەتی شەقڵی گرتووە.

ڕاپەڕینی ئەم دواییە بەر لەوەیکە لەونی شۆڕشێکی سیاسی بەخۆوە بگرێ، شۆڕشێکی هزری و کۆمەڵایەتی بوو. بەڕاشکاوی دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین؛ یەکێک لە پێشکەوتن و دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی تێکشکاندنی ئەو قەوارە هزری و کۆمەڵایەتییە چەقبەستووانە بوو بەتایبەت لەهەمبەر فرەنەتەوە بوونی جوغرافیای ئێران. لە ئاکام شۆڕشی کۆمەڵایەتی کە ئەوژی لەتەک قەیرانگەلی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەست پێ دەکات، کاتێک کە کۆمەڵگە دەورانێکی دووردرێژ لە گەشە و پێشکەوتنی ئابووری کۆمەڵایەتی ئەزموون کردووە، لێبەڵێ هەر بەوان هۆکاری سیاسی و ئابووری تووشی پاشەکشە و داتەپین و هەڵاوسان دەبێ، شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانە دەخولقێت کە، قەڵشتی چینایەتی و کۆمەڵایەتییان فرەیە، یان نەبوونی باڵانس و هاوکێشەی گەشەی ئابووری و سیاسی ڕێک نییە، واتە ئەوکاتەی کە کۆمەڵگە و ئابووری وەک دوو تایبەتمەندی گرنگ هەتا ئاستێکی زاڤ بەرز دەبێتەوە بەڵام لەبەرامبەردا ژینگەی سیاسی هەر پێکۆڵ دەکات، بە ڕوانگەیەکی دیکەشەوە، کاتێک هەرکام لە تێرمەکانی کۆمەڵگە، ئابووری و سیاسەت هاوتەریب دەگەڵ یەکتر نەجووڵێن و گەشە نەکەن دەبێتە هۆی کەلێن و درز هەتا وای لیدێ شۆڕش سەرهەڵ دەدا، جا لێرەدایە بەر لە شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی کراوە، هەروەها وەرناسینی هەوێتیی هزری ڕابردوو و کەون، دابڕان لەو تێفکرینە، دەبێتە شۆڕشی هزری کە ئەمەش پێش شۆڕشی کۆمەڵایتی کراوە بۆ ئەوەیکە بەستێن بۆ شۆڕشەکانی کۆمەڵایەتی و لە ئاکامدا سیاسی خۆش بکرێ.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینا کۆمەڵێک دیاردەی نوێ لە چوارچێوەی جۆرێک شۆڕشی هزری_کۆمەڵایەتی بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی نوێ بە پاشخانی ئایدیای ڕاستیی توندئاژۆ - ئایینی و پارادایمی دەوڵەت - نەتەوە گوورا کە ئەمیان دەگەڵ سەرجەم بزووتنەوەکانی بەرلە خۆی جیاوازیی هەبووە. بەشداریی هەراو و بەردەوامی ژنان، قوتابیان، خوێندکاران و ڕەنگبێ لە هەمووی ئەوانە گرنگتر و پرکاریگەرتر، هەستی پێوەندییەکی لەبار، پشتیوانی و هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوە جۆربەجۆرەکان بە درووشگەلی وەک؛ "کردستان، کردستان، چشم و چراغ ایران، "از بلوچستان تا کردستان جانم فدای ایران" و یا "کورد، بلوچ، آذری، آزادی و برابری" میناکێکن لە گۆڕانکاری لە هزر و ئاڵوگۆڕ لە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی کۆمەڵگەی چەندنەتەوەی ئێران، هەر ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەیکە، لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوو ئەو وێژمان، سیاسەتی ئاژاوەنانەوە و چەندبەرەکی و ترساندنی ناوەند بە قسەی وەک "جیایی‌خواز" و "تەوایەتی ئەرزی"، بۆ پرینگانەوە لە ماف و حقوقی نەتەوەکان، کاڵ کردەوە و دۆخێکی لەبار بۆ بەشداریی چالاکانەی سەرجەم گەلان لە کەشێکی بەرامبەر بەبێ ترس و تۆقاندن لە یەکتر هێنایە ئاراوە. هەروەها پشتیوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و کۆمەڵگەی دیاسپۆڕا لەو بزووتنەوەیە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەو ڕابوونە مۆدێرنە بوو.

بە نیسبەت پرسیاری یەکەم کە ئاخۆ، لە کوردستان شۆڕش کرا یان نا، ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ و بنەڕەتی لەهەمبەر



سەرچاوە
Serchawe

چۆنیەتیی گووران و تایبەتمەندییەکانی شۆڕش دەکەین (بەپێی ڕوانگەی سەرکەوتنی شۆڕشەکان، پێداویستییەکان و کەرەسەکان):

ئا. ڕادەی بەشداربووان لە ناڕەزایەتییەکان بە شێوەی بەردەوام و بەربڵاو.

ب. ڕێبەری و ڕێکخستن.

پ. بەرنامە و ئاڵتێرناتیڤی ڕوون بۆ دوارۆژ و دەورانی تێپەڕین.

ت. پشتیوانیی نێودەوڵەتی.

هەرچەند ناکرێ هەموو ڕابوون و بزووتنەوەیەک وەک شۆڕش پێناسە بکرێ و تەنیا ئەو بەشە لە بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان کە بەردەوام و بەربڵاون و لە ئاکامدا شیمانە دەکرێ بە ئاکامی دڵخواز بگا دەبنە شۆڕش، بەڵام لە کوردستان بەو باسەی کردمان دەکرێ بڵێین، لە کوردستان بە مانای ڕاستەقینە خەڵک شۆڕشی کرد، بەو واتایە جارێکی دیکەش بە کردەوە دوای خاکەلێوەی ١٣٥٨ و لەکاتی ڕیفراندۆم "نا"یەکی دیکەی بە گوێچکە و چاوی ڕێبەرانی ئێران هەموو جیهان سریواند.

دوای ناشتنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، شارەکانی کوردستان یەک بە دوای یەک و بە پشتیوانی یەکتر ڕابوون و دواتر هەموو ئێرانیشی گرتەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی نوێدا درووشم لە ناوەند بۆ پشتیوانی لە کوردستان درا. خاڵی جێی سەرنجی ئەم ڕاپەڕینە بەردەوامبوون و بەربڵاویی خۆپێشاندان و مانگرتنەکان بوو، بەجۆرێک دوای چوار جار داواکردنی حیزبە کوردییەکان (ناوەندی هاوکاری) لە خەڵک بۆ خۆپێشاندان و مانگرتنی دووکان و بازار، هەر چوار جار بە گرتینەوە خەڵک بەپیر ئەو بانگەوازانە هات تەنانەت لە زۆر شار مانگرتنەکان هەتا ٤٥ ڕۆژ بەردەوام بوو. لە زۆربەی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی وەک: سەقز، بۆکان، مەهاباد، شنۆ، سنە، جوانڕۆ، دیواندەرە، خانێ، ئاودانان، مەریوان، ورمێ و... زۆرترین ڕادەی بەشداربووی جەماوەری ناڕازی و مانگرتنەکان بەڕێوەچوون. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەیکە کاریگەری و قورسایی حیزبەکانی کورد جارێکی دیکە دەربکەوێ و ڕێژیم ترسی جددی وێ ڕابگا و، بۆ ڕێگریکردن و پساندنی پردی پێوەندیی نێوان خەڵک و حیزبەکانیان، چوار جار بە درۆن و مووشەک هێرشی کردە سەر کەمپی پەنابەران و ئەندامانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان؛ تەنانەت سپای پاسداران بەڕاشکاوی ڕایگەیاند، ئەو هێرشانە بۆ ئەوە کرانە سەر حیزبەکان چوونکە دەستیان لە خۆپێشاندانەکاندا هەبووە و خەڵکیان هان داوە.

خواست و داواکارییەکانی خەڵکی کورد کە لە دروشم و ڕاگەیەندراوی حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنیدا وێنا کراوە، میناکی تایبەتمەندیی شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو کە خەریک بوو لە نێوخۆی ئێران دەخولْقا، حیزبەکان بەڕوونی خوازیاری سیستەمێکی دێموکراتیک و سکۆلار، ناناوەند بەدان پێدانان بە جۆراوجۆریی ڕەگەزی لە ئێرانن. لەلایەکی دیکەشەوە هەبوونی وشیاریی سیاسی و ئاستی بەرزی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی، خۆبەدوور گرتن لە توندوتیژی و چالاکیی بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی مەدەنی و سیاسی، وایکرد لە چەند شاری کوردستان بینای فەرمانداری وەک هێمای حکوومەتی ناوەندی دەستی بەسەر دابگیرێ.

لەسەر ڕێکخستن و ڕێبەریی نارەزایەتییەکان لە کوردستان دەبێ دان بەوە دابندرێ بەهۆی خەباتی بێوچان و چالاکیی خەڵکی ئازادیخوازی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا و ناسینی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوەند هەروەها وشیاری نەتەوەیی لەهەمبەر مافی خۆیان بەهۆی تێکۆشانی حیزبە ڕەسەنەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، تەشکیلاتی بەرفرە و تەکوزمەند، پلان، ڕاگەیەندراوەکان و بانگەوازی جۆراوجۆر بۆ خۆپێشاندان و نارەزایەتیی مەدەنی لەلایەن حیزبەکانەوە بە شێوەیەکی متمانەپێکراو لەلایەن خەڵک و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە وڵام درایەوە، ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بە کەڵکوەرگرتن لە ماتەوزەی ڕایەڵکە جڤاکییەکان، چالاکییەکانیان لە مێژووی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هەموو ئێران بەتەواوەتی ئاوارتە و ناوازە بووە. خاڵێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕەوتی ڕووداوەکان، هەبوونی بەرنامە و پلانی دیاریکراوە کە بۆ ئەم مەبەستەش حیزبە کوردییەکان بۆ دوارۆژی ئازادی نەخشەی بەڵگەمەندی خۆیان هەبووە و بەشی هەرە زۆری حیزبەکان لەسەر دەستەڵاتێک کە باوەڕی بە دێموکراسی و سێکۆلاریزم هەبێ ڕێککەوتوون، حیزبە کاریگەرەکان بە ڕوونی داخوازی فێدرالیزم لە قەوارەی کۆمارییەکی پارلمانی دەکەن. تەنانەت لە دەرەوەی ئەم بازنە ڕوانینە ئەوان (حیزبەکان) ئامادەیی ئەوەیان نیشان داوە کە دەگەڵ هەموو لایەن و ڕەوتێک کە دان بە مافەکانی نەتەوەیی بنێن حازر بە وتووێژن و دەرگایان کراوەیە. لەم نێوەشدا ڕۆڵی کۆمەڵگەی دوورە وڵات و خەڵکی نیشتەجێی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەبێ بەرز بنرخێنین، ئەوان بە پشتیوانیی خۆیان بە شێوەی خۆپێشاندان، مانگرتن و چالاکی جۆراوجۆر وێرای پشتیوانیی بەشێک لە وڵاتانی دێموکرات، لەونێکی تەواوی بە شۆڕش لە نێوخۆ دابوو.

ئەوەیکە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە بواری هزری لە کۆمەڵگەی ئێران و بەتایبەتی لەنێو چینێکی دیاریی وەک ڕووناکبیران و دەستەبژێری کۆمەڵگە، بەنیسبەت ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکان ئاڵوگۆڕی هزریی تێدا پێکهات و لە کوردستانیش شۆڕشێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی دیکە ڕووی دا، شک و گومان هەڵناگرێ، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو پرسیارەش دێتە گۆڕ، ئەدی ئەگە شۆڕشێکی بەتەواو مانا بوو بۆچی هەتا ئێستا دوای ساڵێک لە سەرتاسەری ئێران بە گشتی سەرنەکەوتووە؟ لە بەرەوەدا بە چەند خاڵ ڕوانگەی خۆم دەردەبڕم:

١- زۆرجار سەرکردایەتیی حیزبەکانی کوردستان دانیان بەو خاڵە ناوە کە، ئێمە بە تەنیایی ئێرانمان بۆ ناڕووخێ، ئەگەر بۆ میناک خەڵکی کورد بتوانێ چەند شارێکیش لەدەست ڕێژێم بهێنیتە دەر، ئایا دەتوانن هەتا ماوەیەک بیپارێزن؟ ئایا هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی بە هەموو هێز و چەک و چۆڵێکەوە هێرشی ناکەنە سەر؟ لە ئاکامدا دەبێ چ کارەساتێکی مرۆیی لە کوردستان ڕوو بدا؟!

٢- فرەنەتەوەیی بوونی ئێران ئەگەرچی دەتوانێ دەرفەت بێ بۆ داهاتووی پێکەوە ژیانی ئازاد و دێموکراتیکانە و ببێتە نمونەیەک بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بەڵام نەبوونی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان ئەو هەمووە دەنگ و نەتەوە جیاوازنە دەتوانێ ببێتە هەڕەشەیەک بۆ ئەوەیکە هیچ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێک پێک نەیەت، نەبوونی جێگرەوە و ئاڵتێرناتیڤ لەسەر بنەمای لانیکەمەکان و دانی ئادرەسێکی هاوبەش بۆ هەموو گەلانی ئێران، لەو خاڵە نەرێنیانەیە کە هەتا ئێستا نەیتوانیوە خواستی بزووتنەوە دابین بکات.

٣- داخوازی و بەرنامەی سیاسی گەلی کورد زۆر ڕوونە و بە پێی بنەماکانی حقوقی نێونەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤی جیهانی باس کراوە و جگە لەمەش هەر بەرنامایەکی دیکە وەک ئەزموونی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان ئەوەی ئێستا لەسەرکارە بە شتێکی نەگونجاو دەنرخێنن، بەڵام ڕەوتێک بە کوتانی دەهۆڵ و دەنگی هەراوهوریا کە تەنیا لە میدیا کڕاوەکان بە پووڵ و پارەی زەبەلاحەوە دەبینرێ و لە شەقامەکاندا خەڵکێکی ئەوتۆ شایەدی بۆ نادا، هاوتەریب دەگەڵ بیرۆکەی پەکخستنی ڕاپەڕین لەلایەن ڕێژیمەوە کاریان بۆ ئەوە کرد کە، خەڵک سارد بکەنەوە و بە خوڵقاندنی کێشە و بێڕێزی بە کەسایەتییەکان و بەلارێدا بردنی ویست و داخوازییەکانی خەڵک هەروەها شەڕی دەستەڵات و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، وەک کۆسپ و ئاستەنگێکی دیکەی نەگەیشتنی بزووتنەوەی بە ئاکامیی شۆڕش دەکرێ پێناسە بکەین.

٤- هەوڵی بێئامان و بەهەموو هێزەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕووخانی وای کردبوو لە فەزای مەجازی و ڕاستەقینە ئەوەی لە توانایدا بێ بۆ ڕێگریکردن لە ویستی خەڵک و تەفرەقە و ئاژاوە کردن لەنێو هێزەکان و گوشار بۆسەر کۆمەڵگەی مەدەنی، هێرشی پەیتاپەیتای بۆسەر بزووتنەوەی سیاسی کورد.
٥- سەرکوتی وەحشیانە و کوشتن و گرتن و لێدان لە خەڵکی ناڕازی بە کەلک وەرگرتن لە هەموو شێوازێکی یاساغی جیهانی.

٦- بەرژەوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و مامەلە دەگەڵ سەرانی ڕێژیم و ئیمتیاز پێدان، هەروەها ترس لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و جیهان، دەکرێ وەک هۆکاری دیکەی هەتا ئێستا سەرنەکوتنی ڕاپەڕین باس بکەین.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەرچی هەتا ئیستا شۆڕش بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتووە بەڵام بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، هەبوونی کێشە و گرفتی نێوخۆیی لە ئاستی ئێران و قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، گەندەڵی سیستماتیک، گرانی و بێڕێزی بە مافی ژنان، کرێکاران، منداڵان و قەڵشتی کۆمەڵایەتی و دژوازی نێوان نەریتی بیرکردنەوەی دەستەڵاتداران و جیلی نوێ و... هەرکام لەوانە دەتوانێ ببێتە هۆکار بۆ شۆڕشی کۆتایی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ١٧ی رەزبەری ٢٧٢٣ = ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

## شەڕی مەزنگوتارەکان

ئەوە بۆ یەک مانگ دەچێ دوای هێرشەکەی حەماس (حرکە المقاومە الاسلامیە- بزووتنەوەی بەرگریی ئیسلامی) بۆ سەر حکوومەتی ئیسرائیل، شەڕێکی خوێناوی لە نێوان بەشێک لە فەلستینییەکان بە سەرکردایەتیی بزووتنەوە ئیسلامییەکانی سەر بە بەرەی ئێران (حەماس، جیهادی ئیسلامی، حیزبوڵڵا، ئەنسارولڵا و...) لە بەرامبەر جوولەکەکانی دەستەڵاتدار دەستی پێ کردووە. ئەو دوو بەرەیە خۆیان لە دوو مەزنگوتاری ئایدۆلۆژیاییدا دەبیننەوە و بەو دەربیجەیە دەڕواننە یەکتر و بەردەوام دەگەڵ یەکتر بۆ لەنێوبردنی ئەوی دی، شەڕ دەکەن. گوتارێک بەناوی زایۆنیزم (Zionism)کە بزووتنەوەیەکی ئۆلی - سیاسیی جوولەکەکانە و پێداگرە لەسەر دامەزراندن، پاراستن و برەودان بە نیشتمانی "یەهوود" بەهەر شێوەیەکی مومکین کە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەرکام بە گوتاری تایبەتیی خۆیان بەتەواوەتی پشتگیری لێ دەکەن و تەنانەت هەر ئەوانیش وڵاتێکیان بە ناوی ئیسرائیل دامەرزاند. لەبەرامبەردا گوتارێک هەر لەژێر باوەڕی بەرامبەرەکەی - سیاسی - ئایینی کە بە چەندین قۆناغ دەرباز بووە و هەوڵی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی جیهان دەدا. ئەم گوتارە پشتی بە ڕیوایەتێکی دیکەش بەستوە کە لەبەرامبەر ئەوپەڕگوتاری پشت مەزنگوتاری زایۆنیسم هەڵکەوتووە کە زیاتر بە دوو بەرەی ڕۆژهەڵات بە ئایدۆلۆژیی چەپ لە بەرامبەر ڕۆژئاوا بە ڕوانینی لیبراڵ ناسراون.

لێرەدا دەمهەوێ بە ڕوانینێکی پەسامۆدێرن گەنگەشەی ئەو باسە بکەم. کۆمەڵێک لە بیرمەندانی وەک پووپێر، میشێل فۆکۆ و لیۆتار باس لەوە دەکەن کە؛ سەردەمی مەزنگوتارەکان (کلان ڕوایتها) بەسەر چووە و لە ئاکام دا ئەو گەورە ڕیوایەتانە ناتوانن دادپەروەری و ئازادی بە مانا ڕاستەقینەکەی دابین بکەن(١)، ئەگەرچی لە قۆناغە مێژووییەکان دا مەزنڕیوایەتی وەک مارکسیزم ڕەنگبێ خزمەتیشی کردبێ بەڵام لەسەردەمی ئێستادا ئەو بایەخەیان نەماوە و بۆ هەموولایەک سەلما ئیتر ناتوانێ دوای ساڵانێک ئەزموون و تەتەڵەکردنی گوتاری خۆی و تەنانەت دەستەڵاتیش بەستێنی دادپەروەری و ئازادی مسۆگەر بکات، یان هەموو ئەو گوتارانەی دیکە بەتایبەت لە بەستێنی ئاییندا بە پێشکەوتنی جیهان و تێکنۆلۆژی و چاوکراوەبوونی خەڵک ئیتر وەک ڕابردوو ناتوانێ خۆی دەگەڵ وردەوێژمانە نوێباوەکان هاوتەریب بکا (پووپێر لە شوێنێکدا لەهەمبەر ئەو گوتارانە قسەیەکی هەیە کە دەڵێ: هەوڵدان بۆ سازکردنی بەهەشت لە سەر زەوی، بەردەوام جەهەنەم دەخوڵقێنێ).

لە "دۆخی پەسامۆدێرن" (لیۆتار ١٩٧٩)، فرانسوا لیۆتار، شک و گومانێکی بەرچاو لەهەمبەر ڕەوشی پەسامۆدێرن بەنیسبەت

چۆنیەتیی ئەوپەڕگوتارەکان و متمانەیان بە جۆرێک "ڕاستیی بەرز و جیهانی" وێنا دەکات. هزرمەندانی وەک فۆکۆ و لیۆتار کە بە پەساپێکهاتەخواز ناسراون، بە هۆکارگەلێک ئەم ڕووداوە وەک پێشکەوتنێکی ئەرێنی دەخەمڵێنن، چوونکە سەرەتا مەیلیان دەگەڵ پێکهاتنی تیۆری مەزن گوتارەکان هەیە کە هەڕەج بەرەج و ئاڵۆزی لە جیهاندا دەسڕێتەوە.

لیۆتار پێشنیاری ئەوەی هەیە ئەوپەڕگوتارەکان دەبێ ڕێگا بۆ وردەگوتارەکان (خۆجێی) لێژ بکەن، پەسامۆدێرنیستەکان هەوڵ دەدەن هەتا تەکوزیی لەسەر بەستێنە خۆجێیە تایبەتەکان هەروەها جۆراوجۆریی ئەزموونی مرۆڤ بە جێگای ئەوپەڕگوتارەکان دابنێن، ئەوان بە جێگای تیۆریی مەزن و هەمەچەشن، لەسەر هەبوونی "زۆریی خاڵە تیۆرییەکان" پێ دادەگرن. ئەو بیرمەندانە کە لە نێو هونەر بەتایبەت وێژە قسەی زیاتریان هەیە، پێیان وایە کاتی ئەوە هاتوە پتر بەها بە وردەگوتارەکان بدرێ و لەم دەرفەتە بۆ بە قەولی ئیمانۆیەل کانت، ئاشتی ڕاوەستاو، یان هەرنەبێ سەرکەوتن و وەدەست هێنانی دادپەروەری و ماف لە گۆشەنیگای جیاوازەوە کەڵک وەربگیردرێ(٢). ئەو گرووپە لە بیرمەندان پێیان وایە بەشی هەرە زۆری کارەساتەکانی مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەم بە شێوەی گشتی و بەتایبەتی کێشە و گرفتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەجۆرێک؛ لە بەرهەمی ئەوپەڕگوتارەکانی ئەو بیرمەندانە شەقڵی گرتوە کە ڕوانینی گشتگیر لەهەمبەر مێژوو و کۆمەڵگەیان داهێناوە.

"ژان فرانسوا لیۆتار" وەک یەکێک لەو بیرمەندانە - ئەگەرچی لە بەستێنی ئەدەبیات ئەو خاڵەی بەکار هێناوە بەڵام هەروەک گوترا دەکرێ لە بەستێنی ڕامیارییشدا بە گێڕانەوەی لایەنی مێژوو وەک فۆرمۆلێک کەڵکی لێ وەربگیردرێ- پەسامۆدێرن وەک بێباوەڕی بە مەزن گوتارەکان پێناسە دەکات و لەبەرامبەردا باوەڕی وایە دەبێ وردەڕیوایەتەکان جێگایان بگرنەوە، واتە مەزن لەبەرامبەر بچووکدا. بە باوەڕی ناوبراو و هەروەها فۆکۆش لە پشت هەموو ڕاستییەک گوتارێک خۆی حەشار داوە کە ئەوە وای لێکردووە لێی تێبگەین. فۆکۆ پێی وایە، ئەوەی پێی دەگوترێ "ڕاستیی مێژوو" ڕەنگبێ لە قۆناغێکی دیکەی زەمەنیدا وا نەبێ و بە جۆرێکی دیکە دەربکەوێ، کەواتە هەموو دەورانێک گوتارێکی تایبەتی گەرەکە کە ڕووداوە مێژووییەکانی پێ هەڵسەنگێنێ و شەن و کەویان بکا.

لێرەدا ئێمە چەند ئەوپەڕگوتار یان مەزنگوتارمان هەن کە کەوتوونەتە بەریەک و جیا لەوەیکە بەپێی باوەڕ و نێوەڕۆکیان دژبەیەکن بەڵام لە پشت ئەمانیش دوو مەزنگوتار بەکاریان دێنن یان هەرنەبێ بوونیان هەیە.

گوتاری ئیسلامی - سوونە - شیعە، یان عەرەبیزم، وەک مەزنگوتارێک کە هەنووکە فەلستینییەکان کاری پێ دەکەن، شێوەی ڕواڵەتی باسەکەیە کە لە پشت ئەوە لە قۆناغی ئیستا دا زۆرتر و بەئاشکرا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی (لەو

چەند ساڵەی دواییشدا تورکیە و قەتەریش) لە پشتە. لە بان ئەو گوتارەش، مەزنگوتارێکی دیکە بوونی هەیە کە دەبێتە ئایدۆلۆژیای بەرەی ڕۆژهەڵاتی و ڕوسیە و چین سەرافەتی دەکەن. بەڵام زایۆنیزم جیا لەوەیکە بە شێوەی سەربەخۆ مەزن گوتارە، ئەوپەڕڕیوایەتیکی سەربەخۆی دیکەشی لە پشتە کە دەبێتە بەرەی ڕۆژئاوا و زیاتر ئەمریکا سەرکردایەتیی دەکات.

لە دوای دامەزراندنی حکومەتی ئیسرائیل (١٩٤٨) و هەموو ئەو گرفت و گرژیانەی پێشتر لە نێوان دوو گەلی عەرەبی فەلستینی و جوولەکە - بەتایبەتی تریش لە نێوان جوولەکە و ڕۆژئاوای کریستیان- هەبووە، دەستەبژێر و چالاکانی سیاسیی فەلستینی بە جێگای دیالۆگ و دانوستان و کەڵکوەرگرتن لە زانستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و یاسا نێونەتەوەییەکان، خۆیان بە چەند مەزنگوتار هەڵاوەسی هەتا مافی خۆیانی پێ وەرگرن. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلستین دوای ئەو هەمووە نەهامەتیانەی لەکاتی دامەزرانی وڵاتیک لە خاکی ئەوان بەسەریان هات، سەرەتا تەقڵی گوتارێکی دیکتاتۆری و بیرۆکەی پان عەرەبیزمیی سوننەی - سوسیالیستیی! جەماڵ عەبدوڵناسر، مەعمەر قەزافی، حافز ئەسەد و سەدام حوسێن بوون کە دەیانەویست بە پشتیوانیی نەتەوەی عەرەب و بە گوتاری پان عەرەبی وێڕای ئەوەیکە حکوومەتی ئیسرائیل لەنێو ببەن، مافی فەلستینییەکانیش بستێنن؛ کە دوای چەندین شەڕ ڕۆژی نەگبەتیان بەسەردا هات و نەک هەر شکان بەڵکوو پاشەکشەیان کرد و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی دەگەڵ ئیسرائیلییەکان ڕێککەوتن و ئەو سەرکردانەش هەروەک ئێستا دەزانین، تەنانەت حکومەتەکانیشیان یان بەرەو نەمان چوون، یان بە تەواوەتی ڕووخاون! دواتر بە هاتنە سەر دەستەڵاتی خومەینی - خامنەیی باوەڕی ئیسلامی - شیعە - ئێرانی جێگای بیرۆکەی پێشووی گرتەوە و ئەمجارە بەهێز و ئاوەزمەندانەتر بە پشتیوانیی مەزنگوتاری ڕۆژهەڵات، هەوڵی ئەوەیان دەدا هەموو جیهانی ئیسلام یەک بخەن و بە ستڵە ئاوێک ئیسرائیل ڕادەن و بیسڕنەوە.

بەڵام بیرۆکەی نێو ئاوەز و هزری ئێرانییەکان سەرەتا بە لۆلقاندنی گوتارێک بەناوی "ام القری" بە جۆرێک دایکی ئیسلام هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بە وێرژێنێکی نوێ دا. لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو تێزە لەلایەن "محەممەد جەوادی لاریجانی" گەڵاڵە کرا کە خۆی لە "هەناردەکردنی شۆڕش"، "وتووێژی شارستانییەتەکان"، "ڕوانگەی بەستێنیی شارستانییەتی ئێرانی" و... فۆرمولە کرا. لاریجانی لە کتێبی "نظم بازیگونە"دا وێڕای دەربڕینی ڕوانگەی خۆی لەسەر چاخی بەرایی، باوەڕی خۆی لەسەر "یاریی جیهانی" بە پێی تەکوزییەکی "یاریی‌ئاسا" باس دەکا و دەڵێ: لە ڕەوشی نێودەوڵەتیدا بێ‌پرەنسیپی و ئاڵۆزییەک ساز بووە کە تێدا لۆژیکی یاری و ستراتێژی ئەکتەرەکانی جیهانی گۆڕانی بەسەردا هاتوە. ئەو بەو ئاکامە دەگا کە دەبێ بەپێی دەفرایەتی ئارایی حکوومەتێک بە ئایدیایەکی تایبەت دابمەزرێت کە خاوەن ستراتێژی نەتەوەیی بێ. لاریجانی وێڕای ئیسلامی نابی محەممەدی باس لە بوونی ڕەگەزێکی



سەرچاوە
Serchawe

ناسیۆنالیستییش دەکا کە ئەو ئایدیایەی پێ تۆکمەتر بکرێ و زیاتر برەوی هەبێ هەتا بیرۆکەی "ئاوەزمەندێتیی ئیسلامی" لە سیاسەتی دەرەکی رێژیم پتر پەرە بستێنێ و دەڵێ: لەسەر خەڵکانی خاوەن بیر و هزری ئومەتە، کە پێکهاتەی تیۆری ئەو بیرۆکەیە بنەخشێنن، بەردەوام پەرەی پێ بدەن و بەربڵاوی بکەنەوە و دەبێ خەڵکی شارەزای پرۆپاگەندەچی و راگەیاندنکاریش شۆڕی بکەنەوە نێو کۆمەڵگە و بەکردەوە کاری پێ بکەن. جا بەم شێوازەیە پێکهاتەی مەدەنی لەسەر بنەمای ئاوەزی ئیسلامی دەرفەتی گەشەکردنی بۆ دەرەخسێ و شارستانیەتی ئیسلامی دەگوورێ.

بیرۆکەی ئومولقەرای، تیۆرییەکە بۆ باسکردن لە ئامانجەکان و هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی و تەتەڵەی سنوورەکانی هێز لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە قورسایی ئەو رێژیمە لەسەر ئاستی جیهان بە تایبەت دنیای ئیسلام زیاتر دەکات. بەپێی ئەو بیرۆکەیە جیهانی ئیسلام یەک ئومەتە و بنەمای یەکگرتوویی ئومەت، سەرکردایەتییەکەیەتی، ئەگە ولاتێک بتوانێت بە دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی ئاستی رێبەرایەتیی خۆی بۆ سەرووی سنوورەکانی بپەڕێنێتەوە، دەتوانێ وەک ئومولقورای جیهانی ئیسلامی لێ بێت. بە باوەڕی داڕێژەرانی ئەو بیرۆکەیە، ئێرانی دوای شۆڕش رێک دەتوانێ ئەو رۆڵەی هەبێ و بە دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی بە پێوانەی ولایەتی فەقی، خومەینی، هەم رێبەری ئەو رێژیمەیە و هەمژی لە ئاستی ئومەتی ئیسلامدا رێبەرە (واتە دووجار رێبەرە)، کەواتە بەو شێوەیە رێژیمی ئیسلامیی ئێران جیا لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێ بیر لە بەرژەوەندی و سەرکەوتنی جیهانی ئیسلامیش بکاتەوە، لە بەرامبەریشدا دەبێ ولاتانی دیکەی ئیسلامی بەرگریی لێ بکەن. هەر بۆیە خومەینی لە سەرەتاوە ئەو درووشمەی هێنایە کایەوە کە، ئازادیی قودس (فەلستین) لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ.

شەڕی ئێران و عێراق، شەڕ و سەرکوتی گەلی کورد وەک تاکە هێزی دژبەری ڕاستەقینە لە بەرامبەر پەرەسەندنی ئەو تیۆرییە، کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی رووخانی عێراق و بەهاری عەرەبی، دامەزرانی هێزگەلێکی جێگرەوە لە ولاتانی سووریە، عێراق، لوبنان، یەمەن بە ئایدۆلۆژیی تایبەت (بە شیعە و سوننییەوە)، بەربەرەکانی دەگەڵ هێزەکانی رۆژئاوا، پشتیوانی لە ڕووسیە لە شەڕی ئوکراین، پێوەندیی ئابووری دەگەڵ چین و... هاوتەیب دەگەڵ سیاسەتەکانی دەرەوەی بە باشترین شێوە بەڕێوەچوون هەتا گەیشتە هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل بە چەندین مەبەستی جۆربەجۆر و بەرپەرچدانەوەی توند و بەدوور لە یاساکانی شەڕ لەلایەن ئیسرائیلەوە.

لەلایەکەی دیکەش، زایۆنیزم وەک هەوێتیی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵەی جوولەکەی ئیسرائیلی ئەمرێکی هەژموونیکە. زایۆنیزم واتە ناسیونالیزمی پێشکەوتووی یەهوودی کە بەرهەمی سەدەی نۆزدەهەمە و وردەوردە بە پشتیوانیی رۆژئاوا (ئەمریکا و ئینگلیس، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناڤین)؛ بە خوڵقاندنی گوتارێکی هاوبەش، سەرنجی

ڕای گشتی جوولەکەکانی بۆلای خاکی فەلستین ڕاکێشا و بە دامەزراندنی حکومەتی یەهوودی، وێرای پێدانی تەناهی بۆ جوولەکە کۆچەرەکان لەو نیشتمانە، ئایدیای ئەوپەڕ نیشتمانی لە نیلەوە هەتا فوراتیشی هێنایە گۆڕێ.

لەبەرداشی نێوان کەلانگوتارەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئەوەی دەبێ بۆی بگەڕێینەوە چارەسەری خۆجێیی و لۆژیکی دامەرزاندنی دوو وڵاتی هاوسێیە بە ناوەکانی فەلستین و ئیسرائیل کە دەبێ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دانیان پێدا بنرێ. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ بۆ پەیماننامەکانی ئۆسلۆ یان گرێبەستی نێوان ئەو دوو مەزنگوتارە لە فەزای وردەگوتاری ئۆسلۆ بگەڕێینەوە کە ئاشتی و تەبایی لە نێوانیان دا ساز کرا و تەنانەت دان بە دامەزراندنی حکومەتی خودگەردانی فلستین نرا و بەستێن بۆ دوو وڵاتی خۆش دەکرا(ساڵەکانی ١٩٩٣ - ١٩٩٥)؛ بەڵام دواتر ئەو ڕێککەوتنە بەهۆی دەستتێوەردانەکانی مەزنگوتاری زایۆنیزم و ئیسلامیی ڕادیکاڵ بە مەبەستی بەکارهێنانیان تێک چوو و دووکەڵەکەشی زیاتر چووە چاوی خەڵکی بێ تاوانی فەلستین. بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کەڵکاژۆی خۆی بۆ بەهێزکردنی وێژمانی ئیسلامی شیعە_ئێرانی لە ناوچەکە زیاتر کرد و لەم پێوەندییەشدا ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی ئیسلامی بەتایبەت "حەماس"، "جیهادی ئیسلامی" و "حیزبوڵڵا" کە لەسەر خوانی خومەینی و ئەندیشەکانی دامەزرابوون، بەهێزتر کرد.

دواجار، ئەوەی بۆ دوارۆژی ئەو پەیوەندیانە دەبێ وێنا بکرێ ئەوەیە، هەردووک مەزنگوتاری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو گوتارەی نێوانیان کە ڕێژیمی ئێران سەرکردایەتیی دەکا و وەک دیوارێک لە نێوانیاندا کەوڵی خۆی ڕاخستووە، دەبێتە قوربانی و مەحکووم بە نەمانە، هەتا ئەوکاتیش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک بە دوای یەک کارتەکانی (ڕەوتە ئیسلامییە توندئاژۆکان کە وەک هێزی جێگرەوەی سپای پاسداران چالاکی دەکەن) بە کار دێنێ کە سەرەتا بە حەماس دەستی پێ کردووە و ڕەنگبێ بگاتە ئەنسارولڵای یەمەن (حوسییەکان)، حیزبوڵڵا و ... و بەم پێوانەیە و بەو دەستوورە، دوو وڵاتی نوێ بەفەرمی ئاڵا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرینەی دەنگ هەڵدەکەن و براوەی سەرەکی وردەگوتاری سازان و پێکهاتن لە دەوری جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەبێ.

* * *

١- لە ئەدەبیاتدا بە ئەوپەڕگێڕانەوە یان مەزنڕیوایەت گوتراوە و لە سیاسەتیش دا دەکرێ وەک مەزنگوتار باسی بکرێ.
٢- میناکی ئەم باسە بە جوانی لە پێدانی خەڵاتەکانی جیهانیی ئاشتی نۆبڵ، ئۆسکار، ساخارۆف و... دەردەکەوێ. یان لە بەستێنی سیاسەتی ڕاستەقینەدا لە کوردستانی مەزن، باس لەوە دەکرێ هەرکام لە پارچەکانی کوردستان، تایبەمەندی و ڕێگەچارەی خۆی هەیە و جیاواز لە بەشەکان دەتوانرێ بەرنامەی تایبەتی خۆی هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣ = ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ شاڕۆخ حەسەنزادە بۆ نووسینی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ۲۷۲۳ی کوردی = نۆڤەمبەری ۲۰۲۳ی زایینی**

